حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان – خوێندنی باڵا

# ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق
# ئاڵنگاری و چارەسەرەکان

نامەیەکە لەلایەن
سەیوان محەمەد ڕەزا

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکاندا.

بە سەرپەرشتی
د. سەروەر محەمەد عەبدوڵا
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان – زانکۆی سلێمانی

٢٧٢٢ کوردی        ١٤٤٤ کۆچی        ٢٠٢٢ زاینی

حكومة إقليم كوردستان
وزارة التعليم العالى والبحث العلمى
جامعة السليمانية
كلية العلوم السياسية – التعليم العالى

# الأمن المائي في إقليم كوردستان-العراق
# التحديات والمعالجات

رسالة تقدم بها

سەیوان محمد رضا

إلى

مجلس كلية العلوم السياسية في جامعة السليمانية، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية.

بإشراف

د. سەروەر محمد عبدالله
كلية العلوم السياسية – الجامعة السليمانية

٢٧٢٢ كوردى ١٤٤٤ هجرى ٢٠٢٢ زاينى

# بەڵێننامە

من (سەیوان محمد رضا) بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانی بریتییە لە (ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق: ئاڵنگاری و چارەسەرەکان) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێداوە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆئەوەی بڕوانامەیەکی پێوەرگرم؛ بەڵێن دەدەم لە هەرجێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژۆ:

ناوی خوێندکار: سەیوان محمد رضا

بەروار:

## ڕاسپاردە و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

دەستنووسی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق: ئاڵنگاری و چارەسەرەکان)، کە لەلایەن خوێندکار (سەیوان محمد رضا) پێشکەشکراوە، بە سەرپەرشتی من لە (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان– زانکۆی سلێمانی) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی مەستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

واژۆ:

ناو: د. سەروەر محمد عبدالله

بەروار:

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

بۆ بەڕێز: لیژنەی خوێندنی باڵا لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان – زانکۆی سلێمانی

من کە ناوم (ئاریان سدیق عەزیز)ە، هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا)م لە پسپۆڕی (زمانی کوردی)، پێداچوونەوەی زمانەوانیم بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامداوە، بە ناونیشانی (ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق: ئاڵنگاری و چارەسەرەکان) کە لەلایەن خوێندکار (سەیوان محمد رضا) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵەکانم بۆ چاککردووەتەوە و لەبەرئەوەش لە خوارەوە واژۆم کردووە.

واژۆ:

ناوی سیانی: د. ئاریان سدیق عەزیز

بەروار:

**پێشنیاری لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا**

بەپێیی ئەو پێشنیار و ڕاسپاردانەی کە کراون لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی زمانەوانی و زانستی و سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیەی خوێندکاری خوێندنی باڵا (سەیوان محمد رضا) کە ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی (ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق: ئاڵنگاری و چارەسەرەکان) و تەواوکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندنەکەی، پێشنیار دەکەین بۆ پێکهێنانی لیژنەی گفتوگۆ و تاوتوێکردنی.

لەگەڵ ڕێزدا

واژۆ:

ناو: د. جلیل عمر علي

ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢٣

**ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێج**

ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی لە دانیشتنی ژمارە (     ) بەستراو لە ڕێکەوتی (     /     /          )هەستا بە ڕاستاندنی بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکار (سەیوان محمد رضا) بە ناونیشانی (ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق: ئاڵنگاری و چارەسەرەکان)، لەبەرئەوە ئەنجومەنی کۆلێج بڕیاریدا بە پێدانی بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.**د. عابد خالد رسول**

ڕاگری کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان-زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ



# سوپاس و پێزانین

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە و میهرەبان، کە ڕێزی ئێمەی داوە بەسەر زۆرێك لە بەندە ئیمندارەکانی و دەرفەتی ئەم خوێندنەی پێداین و ئارامی و ئیرادە و خۆڕاگری پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ماستەرنامەکەم.

هەروەها سوپاس و پێزانینی زۆری هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە هاوکار و یارمەتیدەرم بوون و ماندووبوون لەگەڵم بۆ تەواوکردنی ئەم ماستەرنامەیە، لەسەر فارمایشتی پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (د.خ) لەسەربێت، کە دەفەرموێت (( ئەوەی سوپاسی خەڵك نەکات سوپاسی خواداش ناکات)).

- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێز د. سەروەر محمد عبدالله کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی گرتەئەستۆ.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ خانەوادەکەم کە لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیانمدا هاندەر و پشتیوانم بوون.
- سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلێج و یەکەی خوێندنی باڵا و سەرۆکی بەشی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی دەکەم، کە لەم پرۆسەی خوێندندا هاوکارمان بوون.
- سوپاسی تایبەتیم بۆ سەرجەم دکتۆرە بەڕێزەکانمان کە لە کۆرسی ماستەر ماندووبوون لەگەڵمان، کە لە پێدانی زانست و زانیاری مامۆستا و لە پەیوەندیشدا هاوڕی بوون لە گەڵمان.
- زۆر سوپاسی بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەکەم دەکەم.
- سوپاسی بەڕێزان مامۆستایانی پسپۆڕی کوردی و هەڵسەنگێنەری زانستی ماستەرنامەکەم دەکەم.
- سوپاسی سەرجەم ئەو هاوڕێ و دۆستانە دەکەم کە لەم پرۆسەی خوێندنەدا هاوکارم بوون.

پێشکەشە بە:

- ❖ گیانی پاکی باوکم خوای گەورە ڕەحمی پێبکات و لە باخە فراوانەکانی بەهەشت نیشتەجێی بکات و میهرەبانترین کەس لە ژیانم دایکم خوای گەورە بەرەکەت بخاتە تەمەنی، کە منیان بە خۆشەویستی خوێندن و زانست پێگەیاند و هێز و متمانەیان لە ژیان پێدام.
- ❖ خوشك و براکانم ( سالم، عالم، ئەرخەوان، بەیخان، نەخشەوان)، کە لە ژیانمدا هاندەر و پشتیوانم بوون و ڕێز و خۆشەویستی و کۆڵنەدان و بوێری خۆمیان تێدا دەبینم.
- ❖ هەموو هاوڕێیان و دۆستان و ئازیزانم.
- ❖ ئەو کەسانەی کار بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی بەهێز و ئارام و سەقامگیر دەکەن.
- ❖ ئەو کەسانەی کە هەوڵی پاراستنی ئاو و ژینگەی هەرێمی کوردستان دەدەن.

لیستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم : چوارچێوەیەکی تیۆری دەربارەی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی ئاو | ٩ |
| باسی یەکەم : ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی | ٩ |
| تەوەری یەکەم/ چەمک و پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی | ٩ |
| تەوەری دووەم/ ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی | ١٦ |
| باسی دووەم : ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی | ٢٤ |
| تەوەری یەکەم/ ئاسایشی ئاو و گرنگییەکەی | ٢٤ |
| تەوەری دووەم/ گرفتی کەمئاوی و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو | ٣٤ |
| بەشی دووەم : دەرامەتە ئاوییەکان و دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان | ٥٠ |
| باسی یەکەم : دەرامەتە ئاوییەکان و فاکتەرە سروشتییە کارتێکەرەکانی سەری لە هەرێمی کوردستان | ٥٠ |
| تەوەری یەکەم/ فاکتەرە کارتێکەرەکانی سەر دەرامەتە ئاوییەکان | ٥٠ |
| تەوەری دووەم/ دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان | ٥٥ |
| باسی دووەم : دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| | |
| تەوەری یەکەم/ بەرکەوتەی تاکەکەس و بەکارهێنانی ئاو  لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٣ |
| تەوەری دووەم/ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان | ٨٨ |
| بەشی سێیەم : ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان | ١٠٢ |
| باسی یەکەم : ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان | ١٠٢ |
| تەوەری یەکەم/ ئاڵنگارییە سروشتییەکان(گۆڕانی کەشوهەوا) | ١٠٢ |
| تەوەری دووەم/ ئاڵنگارییە مرۆییەکان | ١٠٨ |
| باسی دووەم : ئاڵنگارییە دەرەکییەکان (سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ) | ١٢٧ |
| تەوەری یەکەم/ سیاسەتی ئاوی وڵاتی تورکیا | ١٢٧ |
| تەوەری دووەم/ سیاسەتی ئاوی وڵاتی ئێران | ١٤٢ |
| بەشی چوارەم : چارەسەری ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان | ١٥٤ |
| باسی یەکەم : چارەسەرەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ | ١٥٤ |
| تەوەری یەکەم/ بەڕێوەبردنی خستنەڕووی ئاو (إدارة عرض المياه) | ١٥٥ |
| تەوەری دووەم/ بەڕیوەبردنی خواست لەسەر ئاو (إدارة طلب على المياه) | ١٦٨ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم : چارەسەرەکان لەسەر ئاستی دەرەوە | ١٨١ |
| تەوەری یەکەم/ ئامرازە سیاسی و دبلۆماسییەکان | ١٨٢ |
| تەوەری دووەم/ ئامرازە یاساییەکان | ١٩٣ |
| کۆتایی | ٢٠٥ |
| دەرئەنجام و پێشنیازەکان | ٢٠٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢١٢ |
| پاشکۆکان | |
| پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی | |


## لیستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشان | پەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بەرکەوتەی تاکەکەس بە (م$^{3}$/ساڵ) لە دەرامەتی ئاوی سازگار بۆ ساڵی (٢٠١٣) | ٣٩ |
| ٢ | تێکڕای جیاوازی پلەکانی گەرما بۆ ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠) | ٥٥ |
| ٣ | تێکڕای باران بارین لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠) | ٥٨ |
| ٤ | داهاتی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی لە ماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١) | ٦٤-٦٥ |
| ٥ | ڕووبەری ئاوزێل و ڕێژەی داهاتی دیجلە و ڕێژگەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان | ٦٥-٦٦ |
| ٦ | بەنداوە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندییەکانیان | ٦٨ |
| ٧ | بەنداوە بچوکە جێبەجێکراوەکانی هەرێمی کوردستان | ٦٩ |
| ٨ | ئەو بەنداوانەی لە بواری جێبەجێکردندان | ٧٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ئەو بەنداوانەی بە شێوازی قیستی درێژخایەن جێبەجێدەکرێن بە شێوازی **(p.p.p)** | **٧١** |
| ١٠ | ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان (دێم و بەراو) | **٨٣** |
| ١١ | تێکڕای پلەی گەرمی و تێکڕای بارانبارین لە ماوەی ساڵانی (١٩٧١-٢٠٢١) | **١٠٣** |
| ١٢ | مەزندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | **١٠٩** |
| ١٣ | قوڵی بیرەکان لە پارێزگاکانی هەرێم لە پێش (٢٠٠٠) تا مانگی (٢٠٢٢/٦) | **١١٢-١١٣** |

**پوختە**

لە ئێستادا زۆرینەی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئەم سەدەیە سەدەی جەنگ و ململانێ دەبێت لەسەر ئاو، ئەوەش بەهۆی گرنگی ئاو لە ژیانی مرۆڤ و زیادبوونی خواست لەسەری و کەمبوونەوەی ڕێژەکەی لە بەرامبەردا بە چەندین هۆکاری سروشتی و مرۆیی، ئەمە جگە لە ناهاوسەنگی دابەشبوونی و سروشتی تایبەتی کە سیفاتی بڕینی سنوری وڵاتانی هەیە و زیاتر لە وڵاتێک بەشدارن لە سەرچاوەکانیدا، کە وایکردووە ببێتە ئامرازێک لە هەر ململانێیەکدا ئامادەبێت بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت پرسی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکات لە ڕێگەی خستنەڕووی واقعی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی ئاڵەنگارییەکانی سەری و خستنەڕووی کاریگەری ئەو ئاڵنگاریانە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، بە سەرنجدان لە گرنگی ئاو بۆ سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش، پاشان دیاریکردنی ڕێگەچارەی پێویست و گونجاو کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر یەک لەو ئاڵنگارییانە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پشتمان بە پێنج میتۆدی سەرەکی بەستووە، لەوانە: میتۆدی مێژوویی، بۆ شیکردنەوەی مێژووی ڕووداوەکانی تایبەت بە ململانێکان سەبارەت بە ئاو لە جیهاندا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بەتایبەت؛ میتۆدی وەسفی، بۆ ناسندن و باسکردنی چەمک و زاراوەکان و خستنەڕووی دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و کێشە و ئاڵنگارییەکانی سەری؛ میتۆدی شیاکاری ناوەڕۆک، بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، هەروەها میتۆدی شیکاری یاسایی و وەزیفیشمان بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بنەما یاساییەکانی کێشەکە و ئەرکی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکانی دیکەی هەرێم لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان؛ ئەمە سەرباری بەکارهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوەی کتێبخانەیی و گۆڤار و ڕاپۆرت و داتای فەرمی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە بۆ دەرخستنی لایەنە جۆراوجۆر و ئاڵۆزەکانی کێشەکە، هەروەها چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی بە کەسانی شارەزا و تایبەندی بوارەکە. لە کۆتایشدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر داهاتی ئاو لە هەرێم و خراپی شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئاو لە ناوخۆدا، مەترسی هەنوکەیی و ڕاستەقینەن بۆ سەر ئاسایشی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، سەرباری کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە هەریەکە لە تورکیا و ئێران پەیڕەویدەکەن لەسەر ئەوسەرچاوانەی کە دەکەوێتە وڵاتەکانیان لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێم، بەوپێیەی نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان لە تورکیا و ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بووە بە کارتێکی سیاسی دەستی ئەو وڵاتانە و دەتوانن دژی هەرێمی کوردستان بەکاریبێنن لەپیناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و نەتەوەییەکانیان، وەک چۆن لە ڕابرووددا بەکاریانهێناوە، هەروەها توێژینەوەکە سەرباری خستنەڕووی ئاڵەنگارییەکان، گرنگترین ئەو ئامراز و ڕێکارانەشی دیاریکردووە، کە دەتوانرێت لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو و بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عراق.

**ملخص**

تشير معظم المؤشرات إلى أن هذا القرن سيكون قرنًا مفعماً بالحروب والصراع على المياه ، نظرًا لأهمية المياه في حياة الإنسان وزيادة الطلب عليه ،وتناقص كميته ؛بسبب عوامل طبيعية وبشرية مختلفة؛ فضلا عن عدم التوازن في توزيعها، وعلى وجه التحديد طبيعتها الخاصة التى تتمتع بخصائص عابرة للحدود وتشترك أكثر من دولة فى مواردها، مما يجعل أداة حاضرة في أي صراع، لاسيما في الشرق الأوسط، والذي يعد إقليم كوردستان جزءًا منه. لذلك تهدف هذه الدراسة إلى بحث موضوع الأمن المائي في إقليم كوردستان ، من خلال عرض واقع الأمن المائي في إقليم كوردستان للوقوف على التحديات التي تواجهه، و إبراز تأثير هذه التحديات على الأمن القومي، ؛ ومن ثم تحديد الحلول الضرورية والمناسبة التي يمكن اتخاذها لمواجهة كل هذه التحديات.

ولتحقيق هدف هذا البحث، أعتمدنا على خمس مناهج الرئيسية، منها: منهج التأريخى، لتحليل تأريخ الأحداث المتعلقة بالصراعات المائية فى العالم وفى منطقة الشرق الأوسط والعراق على وجه الخصوص؛ والمنهج الوصفى، لتقديم ومناقشة المفاهيم والمصطلحات وعرض حالة الأمن المائى فى المنطقة ومشكلاتها وتحدياتها؛ ومنهج التحليل المحتوى لتحليل البيانات والمعلومات؛ لقد استخدمنا أيضا أساليب التحليل القانونى والوظيفى لتحليل الأسس القانونى للمشكلة ودور الحكومة والمؤسسات الرسمية الأخرى فى توفير الأمن المائى لإقليم كوردستان؛ هذا بالإضافة إلى استخدام عدد من مصادر المكتبات والمجلات والتقارير الرسمية المنشورة وغير المنشورة وكذلك المقابلات والمكالمات الهاتفية مع الخبراء في هذا المجال. وأخيراً، توصلت الدراسة إلى أن التغير المناخي وآثاره السلبية على عائدات المياه في المنطقة و سوء الإستخدام المياه وإدارتها في البلاد يشكل تهديدا حقيقيا للأمن المائى فى إقليم كوردستان،على الرغم من التأثير السلبى للسياسات المائية التى تتبعها تركيا وإيران على الموارد الموجودة فى بلديهما على الأمن المائى فى الإقليم، لأن يأتى حوالى (٦٠٪) من عائدات المياه السطحية لإقليم كوردستان من تركيا وإيران، والتى أصبحت ورقة سياسية فى إيدى هذه الدول ويمكن استخدامها ضد إقليم كوردستان، من أجل تحقيق مصالحها السياسية والإقتيصادية والوطنية كما استخدمو فى الماضى، بالإضافة إلى تسليط الضوء على التحديات، حددت الدراسة أيضا أهم الأدوات والإجراءات التى يمكن اتخاذها على المستويين المحلى والدولى لمواجهة تحديات الأمن المائى و تحقيقها فى إقليم كوردستان- العراق.

## Abstract

At the present time, most indicators show that this century will be the century of wars and conflicts over water. This is mainly due to the importance of water in human life, the increased demand for it and its decreasing quantity owing to various natural and human factors. In addition, there is an imbalance in the distribution of water, especially since the rivers pass through more than one country where they flow. This has made water a major factor for conflict, especially in the Middle East where Iraqi Kurdistan Region is situated. This study aims to examine the issue of water security in the Kurdistan Region through studying the problem of water security in the region to find out the challenges it faces, and the impact of these challenges on the national security. Given the importance of water for all the dimensions of security, the current study, then, identifies the necessary and appropriate measures that could be taken to face these challenges.

To achieve the objectives of the research, we relied on five main approaches~~,~~ First is the historical approach that analyzes the history of events related to water conflicts in the world in general as well as in the Middle East and Iraq in particular. Second, the descriptive approach~~,~~ that presents and discusses concepts and terminology together with explaining the state of water security in the region, its problems and challenges. The third approach used was content analysis method for analyzing date and information. In addition, legal and functional analysis methods were used as another approach to analyze the legal basis for the problem and the role of the government and other official institutions in providing water security for the Kurdistan Region. Finally, a number of library resources, journals, and UN published official reports were also used, in addition to interviews and calls with experts in the field. Finally, the study

concluded that several factors contribute to posing a real threat to water security in the Kurdistan Region. Among them are climate change and its negative impact on water revenues, misuse of water and its management, and above all the water policies pursued by Turkey and Iran on the water resources in their countries. The last factor is based on the fact that -about (٦٠٪) of the surface water revenues of the Kurdistan Region come from Turkey and Iran. This has become a leverage these countries could use against the Kurdistan Region in order to achieve their political, economic and national interests as they did in the past. In addition to highlighting the challenges, the study also identified the essential tools and procedures that could be taken at the local and international levels to achieve water security and meet the challenges facing it in the Kurdistan Region-Iraq.

**پێشەکی:**

ئاسایشی ئاو گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەوپێیەی ئاو بنچینەی ژیانە و پێویستییەکی سەرەکییە بۆ هەموو زیندەوەران، بەبێبوونی ناکرێت ژیان بەردەوام بێت، هەر وڵاتێک بیەوێت بمێنێتەوە و پێشبکەوێت، دەبێت ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لە بواری (ناوماڵ، کشتوکاڵ، پیشەسازی...وهتد) دابینبکات، چونکە ئاو یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ و پێشکەوتن و گەشەسەندن لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و کۆی بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤدا، هەر کەمووکورتییەک لە بڕەکەی یان جۆرەکەی کاریگەری لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان دەبێت، دەکرێت ببێتەهۆی دروستبوونی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی نەخۆشی و پەتا و کۆچی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە لە ئێستادا پرسی ئاو و ئاسایشی ئاو وەک یەکێک لە ڕەهەندە بنچینەییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی سەیردەکرێت، هەربۆیە بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان پێویستی ئاو وایکردووە وڵاتان ئامرازی جۆراوجۆر بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی بڕی ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان، کە بەردەوام لە گەشەکردندایە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستییەکانیان لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و زیادبوونی خواست لەسەر خۆراک، چونکە ئاو پێداویستییەکی بنچینەییە لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا و بە بنەمای بنچینەیی ئاسایشی خۆراکیش دادەنرێت.

لەبەرئەوە لە ئێستادا ململانێ و پێشبڕکێیی وڵاتان بۆ بەدەستهێنانی ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان لە زیادبووندایە، بە جۆرێک زۆرێک لە توێژەران پێیانوایە ئەگەر سەدەی ڕابردوو سەدەی ململانێ و جەنگ بووبێت لەسەر نەوت (زێڕی ڕەش)، ئەوا ئەم سەدەیە سەدەی ململانێ و جەنگ دەبێت لەسەر ئاو (زێڕی شین) بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەش لەلایەک بەهۆی گرنگی سامانی ئاو لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بە جۆرێک کە هیچ جێگرەوەیەکی نییە، لەلایەکی دیکە بەهۆی سروشتی تایبەتی، کە سیفاتی بڕینی سنوری وڵاتانی هەیە و زیاتر لە وڵاتێک بەشدارن لە سەرچاوەکانیدا، وەکو ڕووباری نیل و دیجلە و فوڕات...وهتد، ئەمە جگە لە سنوردارێتی و نا هاوسەنگی دابەشبوونی بڕی ئاو و کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر داهاتی ئاو لە ناوچەکە، کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە هەستی پێدەکرێت.

هەرێمی کوردستانیش بەوپێیەی دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسایشی ئاوی بەدەرنەبووە لەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە ئاسایشی ئاوی وڵاتانی ناوچەکە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەتایبەت لەژێر سایەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێی، بەوپێیەی نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی (تورکیا و ئێران) ەوە سەرچاوەدەگرێت، کە وایکردووە ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێدا بێت و بووەتە چەکێک بەدەستیانەوە و دەکرێت دژی هەرێمی کوردستان لە هەر کات و ساتێکدا بەکاریبێنن، هەموو ئەوانەش پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق: ئاڵنگاری و چارەسەرەکان).

**کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە**

لە ئێستادا زۆرینەی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە پرسی ئاو بووە بە بەشێک لە کێشە و ململانێ لە نێوان زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم سەدەیە بە سەدەی جەنگ و ململانێ لەسەر ئاو ناو دەبرێت، بەهۆی زۆربوونی پێداویستییەکانی سەری و کەمبوونەوەی بڕەکەی دەرەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و مرۆیی، کە بووەتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئاو لە ناوچەکەدا، بێگومان ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەو ناوچەیە بەدەرنەبووە لەو هەڕەشە و مەترسیانە بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی خواست لەسەر ئاو و کەمبوونەوەی بڕەکەی بە چەندین هۆکاری سروشتی و مرۆیی، بۆیە توێژینەوەکەمان هەوڵدەدات وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بداتەوە، کە لەگەڵیشیدا دوو پرسیاری لاوەکی خراوەتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئایا گرنگترین ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان چین، ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان کامانەن؟

٢- ئایا ئاسایشی ئاو چ پەیوەندییەکی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە؟

٣- ئایا دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە چیدایە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان دوو گریمانە دەخەینەڕوو:

١) نەبوونی بڕی ئاوی پێویست ئاڵنگاری سەرەکی سەر ئاسایشی ئاوە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢) شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەلایەک، سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) لەلایەکی دیکەوە ئاڵنگاری سەرەکی سەر ئاسایشی ئاوە لە هەرێمی کوردستاندا.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١. تیشک خستنەسەر دۆخی ئێستای ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی نیشاندانی تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکانی هەرێم، بۆ زانینی ئاستی پارێزراوی ئاسایشی ئاو و مەترسییەکانی سەری.

٢- خستنەڕووی گرنگترین ئاڵنگارییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەدا کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە.

٣- دانانی ڕێگەچارەی پیویست کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر و پشتی پێببەسترێت لەلایەن دەستە و دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکانەوە، لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی.

**گرنگیی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕووەیەکەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە:

١. ئەم توێژینەوەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و بەتایبەت دامەزراوە تایبەتمەندەکانی بواری ئاو و ئاسایش گرنگە، لەبەرئەوەی توێژینەوەکە دەتوانێت بەرچاوڕوونی پێویستیان پێببەخشێت دەربارەی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت دواجار ببێتە هەڕیشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

٢. توێژینەوەکە ڕێکار و ئامرازیی گونجاو و پێویستی بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان خستۆتەڕوو، کە دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسیانە.

٣. گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە دەتوانێت هۆشیاری پێویست ببەخشێت بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕۆڵ و گرنگی ئاو لە دابینکردنی ئاسایش و ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها لێکەوتەکانی لەسەر کۆی ڕەهەندەکانی ئاسایش دەخاتەڕوو.

٤. ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی بەسود بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان و توێژەران.

**سنوری توێژینەوەکە**

لە ڕووی بابەتەوە توێژینەوەکە تایبەتە بە ئاڵنگارییە سروشتی و مرۆییەکان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە (سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ) و چۆنێتی چارەسەرکردنیان لەخۆدەگرێت.

لە ڕووی شوێنەوە، سنوری کارگێڕی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەخۆ، کە هەرچوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دەگرێتەوە، لە ڕووی کاتەوە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٢٢) وەرگیراوە، بەوپێیەی لە هەمان ساڵدا (٢٠٠٥) دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ دانرا و تێیدا هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دانپێدنرا و دەسەڵاتەکانی دیاریکرا.

## میتۆد و ئامرازەکانی توێژینەوەکە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە سەرباری کۆمەڵێک سەرچاوەی کتێبخانەیی و گۆڤار و ڕاپۆرت و داتای فەرمی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە بۆ دەرخستنی لایەنە جۆراوجۆر و ئاڵۆزەکانی کێشەکە، پشتمان بە ئامرازەکانی وەک چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کەسانی شارەزا و تایبەندی بوارەکە بەستووە، هەروەها چەند میتۆدێک بەکارهێنراون لە گرنگترین ئەو میتۆدانەش:

١- میتۆدی مێژوویی: بۆ شیکردنەوەی مێژووی ڕووداوەکانی تایبەت بە ململانێکان سەبارەت بە ئاو، لە جیهاندا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەت، تۆمارکردنی بەشێک لەو ڕووداوانە و شیکردنەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی بۆئەوەی ببێتە هاوکارێک بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو ئێستا و پێشبینیکردنی داهاتوو لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە.

٢- میتۆدی وەسفی: بۆ ناسندن و باسکردنی چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکەمان و خستنەڕووی دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و کێشە و ئاڵنگارییەکانی سەری کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٣- میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک: بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و دروست بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی کێشەکە و دیاریکردنی ئەو ئامراز و ڕێکارانەی کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

٤- میتۆدی شیکاری یاسایی: بۆ شیکارکردنی بنەما یاساییەکانی کێشەکە و ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاو لە نێوان وڵاتانی سەرچاوە و ڕێژگە.

٥- میتۆدی شیکاری وەزیفی: بۆ خستنەڕوو و شیکارکردنی ئەرکی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکانی دیکەی هەرێم لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە

ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بۆ دەگمەنی و تازەیی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین؛ ئەو توێژینەوانەی لەم ڕووەوە ئەنجامدراون لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن و زۆرینەی سەرچاوەکان عەرەبی و ئینگلیزی بوو، لەبەرئەوە وەرگێرانی زاراوە و چەمکەکان بۆ زمانی کوردی پێویستی بە کات و ماندوبونێکی زیاتربوو بەوپێیەی توێژینەوەکەمان بە زمانی کوردی بوو، ئەمە جگەلەوەی ئەو توێژینەوانەشی کە ئەنجامدراون زۆرینەی ئەو داتا و ئامارانەی کە تێیدا بەکارهێنراون سەبارەت بە دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان کۆن بوون، هەربۆیە چەند جارێک سەردانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و بەشێکی دیکە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانمان کرد، بۆ بەدەستهێنانی بابەت و زانیاری دروست و فەرمی لەسەر ڕێژەوە ئاوییەکان و زانیارییە پێویستەکانی دیکە، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کە لەم بوارەدا

کاردەکەن و توێژەران و پسپۆڕانی ئاو، کە بێگومان ئەوەش پێویستی بە کات و ماندووبونێکی زیاتربوو، ئەمە جگە لەوەی سەردانی کونسوڵخانەی وڵاتی (ئێران) مانکرد لە سلێمانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە سیاسەتی ئاوی ئێران و چاوپێکەوتنیان سەبارەت بە پرسی ئاوە هاوبەشەکان، بەڵام لایەنی ناوبراو وەڵامیان نەدایەوە و ئامادەنەبوون بۆ قسەکردن لەسەر پرسەکە.

**توێژینەوەکانی پێشوو**

سەبارەت بە توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن، سەرباری ئەوەی بابەتی ئاسایشی ئاو لەم دۆخەی ئێستادا و بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتتر بە یەکێک لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان دادەنرێت، بەوپێیەی زۆرینەی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە جەنگەکانی داهاتوو لەسەر ئاوە، ئەوەش بە هۆکاری سروشتی تایبەتی ئەم دەرامەتە و گرنگی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، هەروەها بەهۆی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە لە ئەنجامی نەبوونی یان کەمبوونی دەکرێت ڕووبدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێرە و لەوێ چەند توێژینەوەیەکی کەم لەم ڕووەوە ئەنجامدراون، لێرەدا دیارترین و گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

١) ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، توێژینەوەیەکی جوگرافی سیاسییە، لەلایەن توێژەر (ڕزگار خضر طه) لە ساڵی (٢٠١٧) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانە، لە ڕێگەی خستنەڕووی توانای دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێم لە ڕێگەی (خستنەڕووی ئاو و خواست لەسەر ئاو) لە هەرێمی کوردستاندا؛ بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی ( وەسفی و شیکاری) بەکارهێناوە، لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە تا دوو دەیەی دیکە هەرێمی کوردستان لە ڕووی بڕەوە لە بارێکی جێگیری ئاسایشی ئاودایە و گرفتی ئاوی نابێت، بەڵام خراپ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە ناوخۆی هەرێمدا بە مەترسی بنچینەیی ئاسایشی ئاو لە قەڵمداوە.

٢) ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ هەموو عێراق، توێژینەوەیەکە لەلایەن توێژەر د. ئازاد نەقشبەندی یەوە ئەنجامدراوە، لە ژمارە (٢٨) گۆڤاری شرۆڤە لە ئەیلولی (٢٠١٨) بڵاوکراوەتەوە، ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان (دیجلە و هەر پێنج ڕێژگە سەرەکییەکەی) لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ هەموو عێراق، توویژەر لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بە بەکارهێنانی هیچ میتۆدێک نەکردووە، لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی، کە ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی تیۆرییەوە هەمیشە دەتوانن ئاوی پێویست بۆ ئاسایشی ئاو لە ئێستا و ئایندەدا بۆ هەرێمی کوردستان دابینبکەن، بەڵام بۆ عێراق لە ساڵە تەڕەکاندا دەتوانن

ئاوی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ ئێستای عێراق دابینبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە دەدات، کە لە پراکتیکدا دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە ئێستا و ئایندەدا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش زۆر ئاڵۆزە، بەهۆی جڵەنەکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە لە ناوخۆدا و سیاسەتی ئاوی وڵاتانی تورکیا و ئێران لەسەر ئەوسەرچاوانەی کە دەکەوێتە وڵاتەکانیان.

٣) پرۆژەی گاپ و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکە لەلایەن توێژەر د. یونس علی، لە ژمارە (٢٠) گۆڤاری ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان لە حوزەیرانی (٢٠١٨) دا بڵاوکراوەتەوە، تێیدا توێژەر دوای ناساندنی چەمکی ئاسایشی ئاو و تایبەتمەندییەکانی، باس لەو سیاسەتە ئاوییە دەکات کە تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە و فورات پەیرەوی دەکات لە ڕێگەی پرۆژەی گاپ، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو کە تورکیا ئاو وەک چەکێکی سیاسی دژی دراوسێکانی و لە ناویشیاندا هەرێمی کوردستان بەکاردێنێت، لە کۆتایشدا چەند ڕاسپاردەیەکی بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا خستۆتەڕوو. لەگەڵ ئەوەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بە بەکارهێنانی هیچ میتۆدێک نەکردووە، بەڵام دەردەکەوێت تەنها پشتی بە میتۆدی وەسفی و مێژوویی بەستووە لە خستنەڕووی زانیارییەکان.

٤) دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکە لەلایەن توێژەر عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەد ئەنجامدراوە، لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٢) لە ژمارە (١١) ی گۆڤاری ئایندەناسی بڵاوکراوەتەوە، تێیدا توێژەر هەوڵیداوە لە ڕووی تیۆرییەوە ئاسایشی ئاو و گرنگی و ئامانجەکانی بخاتەڕوو، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئاسایشی ئاوی هەرێم، لە کۆتاییشدا چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاو لە ناوخۆی هەرێم خستوتەڕوو، لەگەڵ ئەوەی توێژەر ئاماژەی بە بەکارهێنانی هیچ میتۆدێک نەکردووە لە توێژینەوەکەیدا، بەڵام بە سەیرکردنی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە، لە کۆتاییشدا توێژەر گەیشتووە بەو دەرئەنجامە، کە خراپ بەڕێوەبردنی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا مەترسی سەرەکی سەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانە.

٥. بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، کتێبێکە لەلان توێژەر د. ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندییەوە نوسراوە، لە ساڵی (٢٠٢١) لەلایەن سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی لە هەولێر بە چاپ گەیەنراوە، تێیدا نوسەر دوای باسکردن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و ئاوزێڵی ڕووبارەکان، باس لە سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان و پێویستبوون بە پلانەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و میکانیزمی جیبەجێکردنی دەکات لە هەرێمی کوردستان، پاشان تایبەتمەندییەکانی ئاوزێڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو و باس لە بەڕێوەبردنی ئاوزێڵی زێی گەورە دەکات بەنموونە. لە کۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێک سیناریۆی پێشنیازکردووە بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە ئاوزێڵی ڕووباری زێی گەورە، کە دەتوانێت خزمەتێکی زۆر بە ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان بکات.

جیاوازی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەدا، خستنەڕووی پرسی ئاسایشی ئاوە وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها جگە لە کات، لە ڕووی ئامانج و پلانەوە جیاوازن، لەبەرئەوەی ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە بریتییە لە خستنەڕووی گرنگترین ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان و دانانی ڕێگەچارەی پێویست و گونجاو لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لە ڕووی میتۆدەوە توێژینەوەکەی ئێمە پشتی بەستووە بە میتۆدەکانی مێژوویی،وەسفی ،شیکاریی ناوەڕۆک، شیکاریی یاسایی و شیکاریی وەزیفی، ئەمە سەرباری بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک: چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کەسانی شارەزا و تایبەتمەند لە ناو دامەزراوە فەرمییەکان و دەرەوەیدا و سەردانکردنی دامەزراوە فەرمییە تایبەتمەندەکان بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیاری دروست و نوێ لەسەر پرسەکە؛ سەرەڕای ئەو جیاوازیانەش لەبەرئەوەی کێشەی توێژینەوەکە، کە پرسی ئاسایشی ئاوە خاڵی هاوبەشی نێوان توێژینەوەکەی ئێمە و ئەو توێژینەوانەی دیکەیە، ئەوەش وایکردووە کە دەگونجێت لە هەندێک باس و تەوەردا خاڵی لێکچوو لە نێوان توێژینەوەکاندا بوونی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا خۆمان بە دوورگرتووە لە دووبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەوان و خۆمان پەیوەستکردووە بە گرتنەبەری ڕێگا و میتۆدی جیاواز، کە تەواوکەری هەنگاوەکانی ئەوان بووە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ شیکارکردنی کێشەی توێژینەوەکە و سەلماندن یاخود ڕەتکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ چوار بەشی سەرەکی، سەرباری پوختە و پێشەکی و دەرئەنجام:

لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆریمان دەربارەی ئاسایشی ئاو خستۆتەڕوو لە دوو باسدا، لە باسی یەکەمدا، ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی خراوەتەڕوو؛ لە باسی دووەمیشدا ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی و گرنگی و هەڕەشە و مەترسییەکانی سەریمان باسکردووە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمیش لە دوو باس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا، دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان و فاکتەرە سروشتییە کارتێکەرەکانی سەری ڕوونکراوەتەوە؛ لە باسی دووەمیشدا، دۆخی ئاسایشی ئاو خراوەتەڕوو لە ڕێگەی خستنەڕووی بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێم و پێداویستییە ئاوییەکان لە هەرێمدا، لەگەڵ تیشک خستنەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە.

لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا، ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو، لە ڕیگەی دوو باسەوە، لە باسی یەکەمدا، ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان تیشکی خراوەتەسەر کە بەشێکیان سروشتین و بەشێکیان مرۆیین؛ لە باسی دووەمیشدا، ئاڵنگارییە دەرەکییەکان (سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ، تورکیا و ئێران) تیشکی خراوەتەسەر.

بەشی چوارەم، کە کۆتا بەشی توێژینەوەکەیە، بە هەمان شێوە لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا، کۆمەڵێک ئامراز و ڕێکار دەستنیشانکراون، کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان لە ناوخۆدا؛ لە باسی دووەمیشدا، چەند ئامرازێکی سیاسی و ئابووری و یاسایی خراوەتەڕوو، کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکانی سەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان.

لە کۆتاییدا هیواداریین توانیبێتمان بە شێوەیەکی بێلایەن و زانستیانە و واقعی دۆخی ئاسایشی ئاو و ئاڵنگارییەکانی سەری و ئەو چارەسەرانەشی کە پێویستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانمان خستبێتەڕوو.

## بەشی یەکەم : چوارچێوەیەکی تیۆری دەربارەی ئاسایشی ئاو

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی بناسێنین، بەهۆی ئەو ڕۆڵە بنچینەییەی کە دەیگێڕێت لە بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و گەشەپێدان و بەدیهێنانی سەرجەم ڕەهەندەکانیدا، بە جۆرێک هەندێک بە هاوواتای ئاسایشی نەتەوەیی دەزانن؛ لەسەر ئەو بنەمایە بە پێویستی دەزانین بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە دابەشبکەین بەسەر دوو باسدا؛ لە باسی یەکەمدا، ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی دەناسێنین، لە باسی دووەمیشدا، ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### باسی یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی

بەگشتی واتای (ئاسایشی نەتەوەیی) پاراستنی دەوڵەتە لە ناوخۆدا و دوورخستنەوەی مەترسییە دەرەکییەکان و گەرەنتیکردنی ژیانێکی سەقامگیرە بۆ گەل و ڕەخساندنی ئەوپەڕی هەل و بەکارهێنانی تواناکانێتی بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بەرەوپێشبردنی لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆیە وڵاتان بە بەردەوامی هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامیگیری بۆ گەلەکانیان، ئەوەش لە ڕێگەی بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەییانەوە دەبێت، جا لە ڕێگەی توانا ناوخۆییەکانیانەوە بێت یان بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی تردا[1]، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی ئەم باسە دابەشدەکەین بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا چەمک و پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی و لە تەوەری دووەمیشدا ڕەهەندەکانی دەخەینەڕوو.

### تەوەری یەکەم/ چەمک و پیناسەی ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایش بە یەکێک لەو بابەتانە هەژماردەکرێت کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بووە، هەمیشە مرۆڤەکان لەسەر زەوی هەوڵی لەپێشینەیان بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی بووە، بەپێی کات و سەردەمەکانیش تێگەیشتنی جیاواز بۆ چەمکی ئاسایش هەبووە، لەلایەن لێکۆڵەرە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان.. وهتد، گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوە، هەریەکەیان لە دیدگا و تێروانینی تایبەتی خۆیەوە ڕوانیوێتی بۆ چەمکەکە؛ سەرباری تێگەیشتنی جیاواز بۆ ئەم چەمکە، بەڵام سەرجەم توێژەران و بیرمەندان پێیانوایە کلیلی بەدەستهێنانی هەر پێشکەوتن و گەشەکردنێکە، بۆیە ئامانجی لەپێشینەی هەر کیانێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتی بەدیهێنانی ئاسایش وسەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان بووە.[2]

---

١- نوزاد أمين، حماية الأمن القومي للدولة في ظل القاعدة الدولية لحقوق الإنسان، دار دجلة للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١٤، ص٢١.

٢- لواء محمد غالب بكزادة، الأمن وإدارة أمن المؤتمرات، ط٣، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة-٢٠٠٤، ص١٩.

چەمکی ئاسایش پێچەوانەی چەمکی ترسە، هەرکاتێک هەستکرا بە ترس ئەوا واتای وایە ئاسایش لە مەترسیدا، چ لەسەر ئاستی تاک، کۆمەڵ، هەرێم، دەوڵەت، یان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا[١]؛ واتای گشتی ئاسایش لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی ئاماژەیە بە: "ئاشتی و دڵنیایی و بەردەوامی ژیان و بەردەوامی پێکهاتە و مەرجەکانی بەدیهێنانی ئاسایش و دوورخستنەوەی هەر سەرچاوەیەکی مەترسی و هۆکارە هەڕەشە ئامێزەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیەتی"[٢]، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە بە پێویستی دەزانین چەمکەکە بناسێنین:

### لە ڕووی زمانەوانییەوە

ئاسایشی نەتەوەیی لە دوو وشە پێکهاتووە، ڕەگەزی یەکەم (ئاسایش) (الأمن- Security) لە زاراوەی لاتینی (Secures-Securitas) وەرگیراوە، کە بە واتای دڵنیایی، لە ئەستۆگرتن، نەمانی دڵەڕاوکێ و ئاسوودەیی دێت[٣]؛ لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە لە بەرامبەر وشەی فارسی (اسایش) ئاسوودەیی، ئیسراحەت، بێ خەمی بەکارهاتووە[٤]؛ ئەگەر لە واتا کوردییەکەی وردبینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاسایش بە واتای ئاسایی دێت یان بارودۆخێک کە ئارام و بێ کێشە بێت.[٥]

هەروەها ئاسایش لە ڕووی زمانەوانییەوە ئاماژەیە بۆ ئاسایش و دڵنیایی و دژی ترسە[٦]، واتا دڵنیایی خود و نەمانی ترس دەگەیەنێ، ئاسایش باوەڕ و پاریزراوی تێدایە[٧]، لە قورئانی پیرۆزیشدا بە هەمان مەبەست ئاماژەی پێدراوە، خوای گەورە دەفەرموێت {الذی أطعمهم من جوع وآمنهم من خوف} واتا ئەو خوایەی کە تێریکردوون لە برسێتی و پاراستونی لە ترس[٨]. لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەمانی برسێتی و ترس واتای ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی دەگەیەنێت.

---

١- تەحسین زراری، دەروازەیەک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ ٤٧٢١/، بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠١٥/١/١٣.

٢- د.علي عباس مراد، الأمن والأمن القومي مقاربات نظرية، ط١، ابن النديم للنشر واالتوزيع، الجزائر ٢٠١٧، ص١٥.

٣- د. بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، المجلد الثالث، العدد السادس، كانون الأول ٢٠٢٠، ل٨٨.

٤-هەژار موکریانی، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کوردی فارسی، چ١، تهران ١٩٩٠، ل٦.

٥- د. بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق،سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

٦- وصفي عقيل و أيمن هياجنه و خالد العدوان، مفهوم الأمن الدولي لدى نظريات العلاقات الدولية في ضوء متغيرات الدولية مابعد أحداث الحادي عشر من أيلول ٢٠٠١، دراسات العلوم الإنسانية والإجتماعية ، المجلد ٤٨، العدد ٣، جامعة اليرموك ٢٠٢١، ص٢٩١.

٧- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمري و عباس حمزة علي الشمري، التحديات التي تواجه الأمن المائي العراقي والحلول المقترحة لمواجهة، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلة الخامس العشر/ العدد ١، جامعة القادسية ٢٠١٢م، ص٥٨.

٨- القرآن الكريم، سورة قريش/ آية٤.

واتا ئاسایش سەرچاوەی ئاسایش و سەلامەتییە و پێچەوانەی ترسە، دڵنیایی و نەترسان بە واتای ئاسایش دێت، کاتێک تۆ لە ئاسایش دایت واتا تۆ پارێزراویت، ئاسایش واتای دڵنیایی خەڵک و پارێزراوییان لە شەڕ و خراپە، هەبوونی ئاسایش لە هەر کۆمەڵگایەکدا واتا کاروبارەکان تێیدا جێگیرن و خەڵکەکەشی بە دڵنیایی و ئارامی دەژین تێیدا، هەموو تاکەکانی هەست بە پارێزراوی دەکەن و پێداویستییە بنچینەییەکانیان بەردەستە بەبێ کێشە و گیروگرفت.[١]

لەلایەکی دیکەوە توێژینەوەکان و فەرهەنگە زمانەوانییە عەرەبییەکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ (بابەتی ئاسایشدا) بە "هاوواتای دڵنیایی (ئارامی) یان پێچەوانەی ترس یان یەکسانە بە نەبوونی مەترسی" یان داناوە، بەزۆری پەیوەستە بە ڕزگاربوون لە مەترسی یان داگیرکاری.[٢]

هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا (Oxford English Dictionary) ئاسایش دوو واتا ئەبەخشێت؛ یەکەم جەخت لەسەر ئەو مەرجە دەکاتەوە کە وادەکات لە ئاسایشدا بین، دووەمیان جەخت لەسەر کەرەستەکانی بەدیهێنانی ئاسایش دەکاتەوە.[٣]

لەلایەکی دیکەوە لە فەرهەنگی (The American Heritage Dictionary) چەمکی ئاسایش بە چەند واتایەک هاتووە:-[٤]

١. ئازادبوون لە ترس یان مەترسی، واتا سەلامەتی.
٢. ئازادبوون لە گومان، دڵەڕاوکێ و ترس، واتا متمانە.
٣. هەرشتێک کە سەلامەتی فەرهەم بکات،

بە واتایەکی دیکە هاوواتای نەبوونی ئاسایش بوونی هەڕەشەیە و خستنە مەترسیی ڕەهەند و توخمەکانی بەردەوامی ژیانە[٥]، واتا کاتێک هەڕەشە لەسەر هەر ڕەهەندێکی ئاسایش هەبوو ئەوا ئاسایش لە مەترسیدایە، نەبوونی هەڕەشە واتای هەبوونی ئاسایش.

بەڵام وشەی (نەتەوە) بە واتای خێڵ یان هۆز دێت یان وەک هەندێکی دیکە دەڵێن واتای (دەوڵەت) دەگەیەنێت بە واتای وردی یاسایی دەوڵەت، واتا (ئاسایشی نەتەوەیی) بە واتای پاراستنی خێڵ یان هۆز یان گروپ یان کۆمەڵگا یان دەوڵەت یان هەر ناوێکی دیکە کە بە کۆمەڵگا

---

١- د. نجدت صبري ئاكرەیی، الإطار القانوني للأمن القومي (دراسة تحليلية)، مطبعة زانكو، أربيل ٢٠٠٤، ص١٧.

٢- نقلا عن: د.سليم قسوم، الاتجاهات الجديدة في الدراسات الأمنية (دراسة فى تطور مفهوم الأمن في العلاقات الدولية، ط١، مركزالامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبوضبي ٢٠١٨، ص٢١.

٣- نقلا عن: د.سليم قسوم، المصدر السابق، ص١٩.

٤- وەرگیراوە لە: كارزان حسن عبدالرحمن و د. تاهير حسۆ زێباری، دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی (توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٣/ ژمارە١/ زستانی ٢٠٢٠، ل١٥٣.

٥- د. علي عباس مراد، مصدر سبق ذكره، ص١٦.

مرۆییەکان دەوترێت لە هەڕەشە و دوورخستنەوەی ترس لە گیان و موڵک و ماڵ و بەها و بەرژەوەندییەکانی دیکەیان و دڵنیایی پێدانیان، ئاسایشی نەتەوەیی واتا ئاسایشی گروپ یان نەتەوە یان هۆز یان هەرێم یان دەوڵەت بەپێی ناوی ئەو گروپەی کە تاک بەشدارە تێیدا[1]، کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی واتا ئاسایشی تاکەکانی جا لە دەوڵەتدا بن یان لە هەرێم یان هەر ناوێکی دیکەی کۆمەڵگا مرۆییەکان کە تێیدا دەژین.

واتا زاراوەی ئاسایشی نەتەوەیی زاراوەیەکی فراوان و گشتگیرە، لە زۆر بوار و دۆخدا بەکاردێت، لە ڕێکارێکی سادەوە دەستپێدەکات کە دەگیرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسیانەی کە ڕەنگە ڕووبدات و زیان بە هاوڵاتیان بگەیەنێت، تا دەگاتە ڕێکارەکانی پاراستنی دەوڵەت خۆی[2]؛ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمەکەکە لە ڕووی زاراوەییەوە دەیناسێنین.

- **لە ڕووی زاراوەییەوە**

ئاسایشی نەتەوەیی زاراوەیەکی کۆنە دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی ویستفیلیا ساڵی (١٦٤٨) لە سەروبەندی دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێباز و ڕێکارەکان لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا لەلایەن دەوڵەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بنیاتنانی دامەزراوەیی و یاسایی و دەستورییەوە هەیە و پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری... وهتد.[3]

بەگشتی تێگەیشتن بۆچەمکی ئاسایش لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و تا دوای جەنگی سارد تەنیا لە چوارچێوەی بواری سەربازیدا لێکدەدرایەوە، واتا بەپێی ئەم تێگەیشتنە دەستەبەربوونی ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندییەکان دەکرێت تەنیا لە ڕێگەی برەودان و پێشخستنی هێزی سەربازیەوە بەدیبێت، ئەم تێگەیشتنەش بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بە تێگەیشتنێکی کلاسیکی لەقەڵەم دەدرێت و واتایەکی تەسک دەبەخشێت بە چەمکەکە.[4]

لەبەرئەوە بیرمەندانی سەر بەم ڕەوتە کە بە نەریتخوازەکان (کلاسیکییەکان) ناسراون، تێڕوانینێکی ڕیالستیان (واقعیانە) هەیە بۆ پرسی ئاسایش، بۆنمونە (ستیڤن واڵت) پێیوایە کە چەمکی ئاسایش بریتییە لە "توێژینەوە لە هەڕەشەکان، بەکارهێنان و جڵەوکردنی هێزی سەربازی، بەتایبەت ئەو سیاسەتە تایبەتانەی کە دەوڵەتان دەیگرنەبەر بە مەبەستی ئامادەسازی و

١- نوزاد أمین، مصدر سبق ذكره، ص٣٤.

٢- إيمان بكر أبو الهوى، التهديدات الإسرائيلية للأمن القومي والمائي العربي(دراسة حالة إسرائيل ونهر الأردن فى الفترة من(١٩٩٤-٢٠١٠)، قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير فى العلوم السياسية، جامعة القاهرة، كلية الإقتصاد والعلوم السياسية/قسم العلوم السياسية، القاهرة ٢٠١٢، ص١٧.

٣- د. ميلود عامر حاج، الأمن القومي وتحدياته المستقبلية، دار جامعة نايف للنشر، الرياض-٢٠١٦، ص١٩.

٤- د. نجدت صبری ئاكرەیی، مصدرسبق ذكره، ص٢٠.

بەرگرتن و بەشداربوون لە جەنگ"[1]. ئەوەی لەم پێناسەیەدا زیاتر جەختی لەسەرکراوەتەوە ڕەهەندی سەربازیە، ئاسایش بە دەوڵەت پێناسە کراوە و یەکەی سەرەکی بەدیهێنانی ئاسایشە، واتا زیاتر گرنگی بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەدات.

هەر لەم دیدگایەوە فەرمانگەی زانیاری بەریتانی پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات بە: "پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت لە مەترسی چەوساندنەوە بە دەستی هێزێکی بێگانەوە"[2]؛ هەروەها فەرمانگەی زانیاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەی دەکات بە "توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی بەها ناوخۆییەکانی لە هەڕەشە دەرەکییەکان".[3]

(هنری کیسنجر) ش کە سەر بە هەمان ڕەوتە (ڕیالستەکان)، پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات بە "هەر هەڵسوکەوتێک کە کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە دەیەوێت مافی مانەوەی خۆی بپارێزێت"[4]، ئەم بیرمەندانە کە بە لایەنگرانی کۆنی ئاسایش ناسراون ئاسایش لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوە لە هەڕەشەکان و جڵەوکردن و بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا دەبیننەوە، واتا ئەم ڕەوتە پێیانوایە کە دەبێت ئاسایش بە دەوڵەت پێناسە بکرێت و دەوڵەتیش دەبێت ئاسایش بێت.[5]

واتا لە ڕوانگەی ڕیالستەکانەوە دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایش لەلایەن وڵاتانەوە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەربازییەوە دەبێت، مانەوەش ئامانجی سەرەکییە[6]، ئەم بیرمەندانە پێیانوابووە دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە و هێزی سەربازی کاریگەرترین ئامڕازە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و بواری سەربازی لە پێشینەترینی بوارەکانە، بۆیە لێرەدا سەرەتا جەخت لەسەر بواری سەربازی و دواتر سیاسی دەکەنەوە.

بەڵام گۆڕانکارییەکانی پاش (جەنگی سارد) و پێشکەوتنە ئەکادیمی و زانستیەکان و لە پاڵیشیاندا لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان وایانکرد، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ چەمکی ئاسایش بێتە ئاراوە و ئەو چوارچێوە کلاسیکیەی تێپەڕاند کە تەنیا گرنگی بە بواری سەربازی بدرێت، بیرمەندانی سەر بەم ڕەوتە کە بە توێژەرە نوێکانی بواری ئاسایش ناسراون، لە پێناسەیان بۆ چەمکی ئاسایش

---

١- نقلا عن: د. صالح عمر عیسی و د. پەرویز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی وژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای٢٠١٧، ژ٣، گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر/هاوینی ٢٠٢١، ل٢٨.

٢- د. عمر احمد قدور، ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشی دەوڵەت، و:ئازاد گراوی، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر-٢٠٠٩، ل١٢.

٣- إيمان بكر أبو الهوى، مصدر سبق ذكره، ص٣٢.

٤- د. عمر احمد قدور، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٣.

٥- د. بارزان جوهر صادق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨٩.

٦- .د. صالح عمر عیسی و د. پەرویز رحیم قادر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٧.

واتایەکی گشگیر و فراوانتریان پێبەخشی، کە کۆی ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی گرتەخۆ وەک: ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ژینگەیی، مافی مرۆڤ، کۆچ و کۆمەڵگە...وهتد[١].

لە دیارترین ئەو قوتابخانانەش کە ڕۆڵیان هەبووە لە قوڵبوونەوە و فراوانکردنی چەمکی ئاسایش (قوتابخانەی کۆپنهاگن) ە* [٢]، (باری بوزان) کە یەکێکە لە نوسەرە دیارەکانی سەر بەم قوتابخانەیە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (خەڵک و وڵاتان و ترس: کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) کە لە ساڵی (١٩٩١) بڵاوکرایەوە، تێیدا بانگەشەی فراوانکردنی سێکتەری ئاسایش دەکات بە جۆرێک کە سێکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیش بگرێتەخۆ، نەک تەنیا لە چوارچێوەی هێزی سەربازی لێکبدرێتەوە[٣]، بۆیە دەکرێت بوترێت؛ "بوزان" بە یەکەم کەس دادەنرێت کە چارەسەری پرسی فرە ڕەهەندی ئاسایش یاخود ئەوەی کە پێیدەوترێت فراوانکردنی چەمکی ئاسایش و گرتنەخۆی سێکتەری نوێی ئاسایشی بە شێوەیەکی ورد کردووە، بەوپێیەی ئەو گریمانەیەی ڕەتکردەوە کە ئاسایشی نەتەوەیی پشت بە دوو ڕەهەند ببەستێت (سەربازی و سیاسی) لەسەر حسابی ڕەهەندەکانی دیکە (ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵگەیی).[٤]

بەوشێوەیە چەمکی ئاسایش فۆرمە سەربازی و سیاسیەکەی تێپەڕان و واتایەکی فراوانتری پێدرا، لەگەڵ مانەوەی سێکتەری هێز و بواری سەربازی، ئابووری و ژینگە و چەند لایەنێکی دیکەی گرتەخۆ، بەوپێیەش (ئاسایشی نەتەوەیی) پێناسەکرا بە پاراستنی قەوارەی کۆمەڵگە دژی مەترسییەکان و پاراستنی کۆی بەرژەوەندییەکانی و دروستکردنی بارودۆخێک کە تێیدا ئامانجەکانی کۆمەڵگە بەدیبێت، واتا ئاسایشی ڕاستەقینە بەپێی ئەم تێگەیشتنە نوێیە ئاسایشی مرۆڤە[٥]، لەم ڕوانگەیەوە ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی ئاسایشی مرۆیی کردووە بە "ئاسایشی ئابووری،خۆراک، تەندروستی، ژینگەیی، کەسی، کۆڕوکۆبونەوە، ڕێکخراوەیی و ئاسایشی سیاسی"[٦]،ئەوەش واتای ئەوەیە کە مرۆڤ دووربێت لە هەڕەشەکانی برسێتی، نەخۆشی، سەرکوتکردن و پارێزراوبێت لە هەڕەشە لەناکاو و زیانبەخشەکان.

---

١- د. نجدت صبری ئاکرەیی، مصدر سبق ذکره، ص٢٣.

٢- د. فوزية قاسی، أثر خطاب الأمننة على تطور الدراسات الأمنية بعد أحداث٩/١١: إسهامات مدرسة كوبنهاجن، مجلة العلوم القانونية والسياسية، المجلد١٠، العدد١، ٢٠١٩، ص١٥٠٧.

٣- عبدالفتاح على الرشدان، تطور مفهوم الأمن العالمی فی عالم متغير، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، مجلد ٤٦، العدد٣، ٢٠١٩، ص١٢٠.

٤- خضراوی خديجة، التحول الأنطولوجی فی مفهوم الأمن دراسة فی اسهامات مدرسة كوبنهاغن، رسالة ماجستير، جامعة أمحمد بوقرة – بومرداس، كلية الحقوق/ قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٢٥.

٥- د. نجدت صبری ئاکرەیی، مصدر سبق ذکره، ص٢٣.

٦- وەرگیراوە لە: د. بارزان جوهر صادق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩٠-٩١.

بەوجۆرە دەردەکەوێت هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان فراوان بوون، بۆنمونە دەکرێت لە یەک کاتدا دەوڵەت ڕووبەڕووی هەڕەشەی سەربازی و ئابووری یاخود هەڕەشەی زیاتریش ببێتەوە[١]؛ مەترسی سەربازی لە شێوەی هەڕەشە و داگیرکاری، ئابووری لە شێوەی گەمارۆدانی ئابووری یان ئاوگرتنەوە یاخود پەکخستنی بازرگانی، هەڕەشەی کۆمەڵایەتییەکانیش لە شێوەی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە وڵاتدا[٢]. کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی بە واتای پاراستن و پارێزگاریکردنی دەوڵەت لەو مەترسیانەی کە لە ناوەوە یان لە دەرەوە ڕووبەڕووی وڵات و کۆمەڵگاکان دەبێتەوە، بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێکار بۆ پاراستنی سەقامگیریی هەرێمی دەوڵەتەکە و بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی، جا لە ناوخۆدا بێت یان لە دەرەوە.

هەروەها بەهۆی دەرکەوتنی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و گرنگیدان بە کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی وڵاتان، پرسەکانی سەرکوتکاری، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، جیاکاری، نەخۆشی، گۆڕانکاری ژینگەیی و ئاووهەواییەکان، مادەی هۆشبەر، کەمبوونەوەی سەرچاوەکان و تیرۆریزم بوونە پرس و بابەتی گرنگ و هەستیاری ئاسایشی، هەربۆیە (دیفید باڵدوین) پێیوایە جگە لە هەڕەشە سەربازییەکان، پێویستە گرنگی زیاتر بە پرسە ناوخۆییەکانی وڵاتان بدرێت وەکو ئابووری، ژینگە، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکان، تاوان و تاوانکاری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ ...وهتد.[٣]

هەر لەم ڕوانگەیەوە (روبرت ماکنمارا) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (کرۆکی ئاسایش) دەڵێت "ئاسایش واتای گەشەپێدانە، ئاسایش کەلوپەلی سەربازی، هێزی سەربازی و چالاکی سەربازی باو نییە، هەرچەند هەموو ئەوانەش لەخۆدەگرێت، بەڵکو ئاسایش گەشەپێدانە، بەبێ گەشەپێدان ئاسایش بوونی نیە، پێیوایە دەوڵەتە تازەگەشەکردووەکان، کە لەڕاستیدا گەشەناکەن ناتوانن بە ئاسانی لە ئاسایشدابن" [٤]؛ لێرەدا بەلای (ماکنمارەوە) ئاسایش واتا گەشەپێدان لە بواری ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی بە شێوەیەکی سیستەم و سەقامگیر، پێیوایە ئاسایشی ڕاستەقینەی دەوڵەت لە زانینی قوڵی ئەو سەرچاوانە سەرچاوەی گرتووە کە هەڕەشە لە توانا جۆراوجۆرەکانی دەکات و پاشان ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پەرەپێدانی تواناکانی و پێشکەوتنی لە هەموو بوارەکاندا لە ئێستادا بێت یان لە داهاتوودا، چونکە پێیوایە هەژاری و دواکەوتووی کە لە ئەنجامی گەشەنەکردنەوەیە، بنەڕەتی یاخیبوون و ناسەقامگیرییە، بەوپێیەی

---

١- نزهت حالی محمد، الأمن الوطني بين التحديات الداخلية والخارجية (دراسة تحليلية)، أطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين-أربيل، كلية العلوم السياسية/ قسم العلوم السياسية، تموز ٢٠٢٢، ص٢٧.

٢- د. نجدت صبری ئاكرەیی، مصدر سبق ذكره، ص١٩.

٣- د. صالح عمر عیسی و د. پەرویز رحیم قادر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٨.

٤- روبرت ماكنمارا، جوهر الأمن، ترجمة: يونس شاهين، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة ١٩٧٠، ص١٤٠.

هەژاری و دواکەوتوویی دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و توندوتیژی، بۆیە بەبێ گەشەپێدان ئاسایش بەدینایەت.[1]

بە هەمان شێوە (گابرێل المۆند) هەمان تێڕوانینی هەیە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ئاسایش تەنیا کەرەستەی سەربازی و چالاکی سەربازی و هێزی سەربازی نییە، بەڵکو ئاسایش گەشەسەندنە و بەبێ گەشەسەندن بەتایبەت لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت ئاسایش و سەقامگیری بەدیبێت".[2]

بەوشێوەیە دەبینین؛ تێگەیشتن بۆچەمکی ئاسایش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و تا کۆتاییهاتنی جەنگی سارد تەنیا لە چوارچێوەی بواری سەربازیدا لێکدەدرایەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی سارد و پێشکەوتنە ئەکادیمی و زانستییەکان و لە پاڵیشیاندا لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان وایانکرد، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ چەمکی ئاسایش بێتە ئاراوە و ئەو چوارچێوە کلاسیکیەی تێپەڕاند، کە تەنیا گرنگی بە بواری سەربازی بدرێت، بەڵکو کۆی ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی گرتەخۆ وەک: ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ژینگەیی، مافی مرۆڤ، کۆچ و کۆمەڵگە ...وهتد، چونکە وەک ئاشکرایە لە ئێستادا یەکێک لەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە ئاسایشی کۆی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی دەکات بریتییە لە مەترسییە ژینگەییەکان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە، کە دەکرێت ببێتە هۆکاری چەندین قەیرانی سیاسی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری.. وهتد، لەبەرئەوە پەیوەندی و پێکەوەیی بەهێز لە نێوان کۆی ئەو ڕەهەندانەدا هەیە، بۆیە ناکرێت ئاسایش و سەقامگیری بەدیبێت بەبێ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لەو بوارانەدا یاخود پشگوێخستنی ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکان، بۆیە لە لقی دواتردا بەپێویستی دەزانین هەریەک لەو ڕەهەندانەی کە بە ڕەهەندی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێن لە ڕوانگەی (قوتابخانەی کۆپنهاگن) ەوە بخەینەڕوو.

**تەوەری دووەم/ ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

سەبارەت بە دیاریکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەی لەم توێژینەوەیەدا پشت بەو دابەشکارییە دەبەستین کە (قوتابخانەی کۆپنهاگن) کردوویەتی، بەوپێیەی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەدا هاوئاهەنگە، چونکە ئەم قوتابخانەیە خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەند و گشتگیری بۆ پرسە ئاسایشییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانیدا هەیە، هەروەها هەوڵدەدات ڕەخنە لە قوتابخانە کلاسیکییەکانی ئاسایشی کە زیاتر گرنگی بە ڕەهەندی سەربازی دەدەن بگرێت، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان دەستەبەر دەکات و لەم چوارچێوەیەشدا ڕەهەند و بواری نوێی ئاسایش دەخاتەڕوو، ئەم قوتابخانەیە پێنج بواری ئاسایشی، سەربازی، سیاسی،

---

١- د. عمر أحمد قدور، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٤.

٢- نقلا عن: هايل عبدالمولى طشطوش، الأمن الوطني وعناصر قوة الدولة في ظل النظام العالمي الجديد، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان- ٢٠١٢، ص٢٢.

ئابووری، کۆمەڵگەیی و ژینگەیی وەکو ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێت[1]، لێرەدا هەریەک لەو ڕەهەندانە دەخەینە بەرباس و تاوتوێی دەکەین.

**یەکەم: ڕەهەندی سەربازی**

هێزی سەربازی بە درێژایی مێژوو توخمی یەکلاکەرەوە و گرنگ بووە لە دیاریکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا و ئەو بنەمایەیە کە ئاسایشی هەر گروپێکی مرۆیی لە سەری جێگیرە، مێژووش ڕەوایەتی ئەم گریمانەیە دەسەلمێنێت وەک ئیمپڕاتۆر و شانشینەکان، کە سوپایەکی گەورەیان دروستکردووە و خاکیان داگیرکردووە لە ڕێگەی ئەو هێزە سەربازییە تۆکمەیەوە دەستیان بەسەر وڵاتان و سەرچاوەکانیاندا گرتووە، لەبەرئەوە هێزی سەربازی یەکێکە لە توخمە گرنگ و کاریگەرەکانی دەوڵەت و فەکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەتایبەت لە جیهانێکدا کە دەوڵەتان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە مەترسی و پەلامارەکان پارێزراو نەبوون، بۆیە هێزی سەربازی توخمی هەرە دیار و گرنگ پێکدەهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی توانا ئابووری و مرۆییەکانی دەوڵەت و پاراستنی سنورە جوگرافییەکەی.[2]

وەک چۆن لە کۆندا هێزی سەربازی وەک تاکە ڕەگەزی بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی سەیردەکرا، لە ئێستاشدا بە یەکێک لە پایە بەهێزەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی دادەنرێت، بەوپێیەی کە هەبوونی هێزێکی سەربازی تۆکمە دەتوانێت دەوڵەت بپارێزێت و ئاسایش بەدیبهێنێت، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی هێزێکی سەربازی تۆکمە، کە دەبێتەهۆی سڵپێکردنەوەی وڵاتانی دیکە و لە مەترسی هێرش و پەلاماردان پارێزراو دەبێت یاخود لە ڕێگەی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز، جا بە بەکارهێنانی هەموو هێزی دەوڵەت یان بەشێکی کاتێک کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەکەوێتە بەرمەترسی یان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک کە پێویستی بە بەکارهێنای هێز بێت[3]. بۆنمونە ڕوسیا بەشێک لە هێزی سەربازی بەکارهێنا لە دژی ئۆکرانیا لە ساڵی (٢٠٢٢) لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی.

لەگەڵ ئەوەی هێزی سەربازی بە یەکێک لە ڕەهەندە بنچینەییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت، بۆ پاراستنی توانا سروشتی و مرۆییەکانی وڵات لە ناوخۆ و دەرەوەدا، بەڵام (بوزان) پێیوایە کە کردەی سەربازی سەرجەم بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵگە لەناودەبات، ئەمەش هەرخۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پایەکانی دەوڵەت کە گرنگترینیان سەربازییە، لاواز دەکات، بەهۆی بەکارهێنانی سەرچاوەیەکی زۆری مرۆیی و ماددی، سەرباری ئەوەش دەبێت دەوڵەت خاوەنی توانای سەربازی بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە دەرەکی و

---

١- د. صالح عمر عیسی و د. پەرویز رحیم قادر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٤-٢٨.

٢- هایل عبدل المولی طشطوش،مصدر سبق ذکره، ص٦٥.

٣- قیاتي عاشور، الامن القومي العربي التحدیات والسبل المواجهة، حولیة کلیة الآداب- جامعة بنی سویف، المجلد ٦، ٢٠١٧، ص١٦٥.

ناوخۆییەکان؛ چونکە ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا هەڕەشە و مەترسی جۆراوجۆر بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروستبووە، بەڵام هێشتا هێزی سەربازی لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کاریگەری هەیە بەتایبەت لە ئاستی دەرەوەی دەوڵەت.[1]

**دووەم: ڕەهەندی ئابووری**

هێزی ئابووری بە یەکێک لە توخمە بنچینەییەکانی هێزی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت، گرنگییەکەی هیچی کەمتر نییە لە هێزی سەربازی و هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە و هەردووکیان دەبنە سەرچاوەی بنەڕەتی هێزی سیاسی دەوڵەت، وڵاتان هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر توانا ئابوورییەکانیان یان پێکهاتە و بەرژەوەندییە ئابوورییەکەیان بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن، بەهۆی گرنگی و بایەخی ئابووری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێستادا بووەتە زانستێکی سەربەخۆ و بە (ئابووری ئاسایشی نەتەوەیی) ناسراوە، کە ئامانجی بنیاتنانی ئابووریەکی نەتەوەییە کە ئاسایش بەدیبهێنێت لە ڕێگەی بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و پشتبەستن بەخود لە ڕووی خۆراکەوە، واتا بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک ئەوەش لە ڕێگەی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاوەوە دەبێت چونکە بەبێ بوونی ئاوی پێویست ئاسایشی خۆراک بەدینایەت.[2]

لە ئێستادا یەکێک لە مەترسییە ڕاستەقینەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی پاشکۆیەتی ئابوورییە، کە بە یەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی چەوساندنەوەی سیاسی دادەنرێت، کە لە ڕێگەیەوە وڵاتانی دەوڵەمەند و خاوەن زیادە (فائض) مەرج و داواکارییەکانی خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئەو وڵاتە هەژارانەی کە بوونەتە پاشکۆی ئابووری و پێویستیان بە چارەسەری کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، لە ڕیگەی ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامانەی نێوانیان کە بووەتە پرۆسەیەکی سەپێنراو بەتایبەت بۆ سەر وڵاتانی تازەپێگەیشوو[3]؛ جا بۆئەوەی وڵات نەبێتە پاشکۆی ئابووری و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت پێویستە دەوڵەت ئاستێکی خوازراو لە سەربەخۆیی ئابووری هەبێت و بتوانێت سەرکەوتووبێت لە بەدیهێنانی پرۆسەی گەشەپێدان و پشتبەخۆی ببەستێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووریدا.

چەند ئاماژەیەک هەیە تا بتوانرێت لە ڕێگەیەوە توانای ئابووری پێ بپێورێت تا بزانرێت ئایا توانیوێتی ئاسایشی ئابووری فەراهەم بکات یاخود نەخێر، ئەوانیش بریتین لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی و تێکڕای پشکی تاک لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی و پێشکەوتنی پیشەسازیی وڵاتەکە، ئەمەش دەردەکەوێت لە ڕێگەی ڕێژەی بەرهەمی پیشەسازی و هەروەها تێکڕای گەشەی ساڵانە و

---

١- نەجات عەلی ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٣٩-٤٠.

٢- نوزاد أمين، مصدر سبق ذكره، ص٧٣.

٣- عبدالرحمن ديدوج، الأمن المائي : الاستراتيجية المائية- الجزائر نموذجا، مذكرة لنيل شهادة ماجستير فى العلوم السياسية، كلية الحقوق/ قسم العلوم السياسية، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص٢٢.

قەبارەی بەرهەمی وزە و قەبارەی بەکارهێنانی وزە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنان و ڕێژەی بەرهەمی کشتوکاڵی و ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان بە بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوان کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک.[1]

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئاسایشی خۆراک لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی ئابوورییە لە ئاسایشی نەتەوەییدا، ئاسایشی خۆراک کە ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی (فاو-FAO) پێناسەی کردووە بریتییە لە "دابینکردنی خۆراکی تەندروست بە کوالێتییەکی بەرز و بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە سنوری داهاتی خۆیاندا، تا هەموو کەسێک بتوانێت خۆراکی پێویستی دەستبکەوێت، بۆئەوەی ژیانێکی تەندروست و شکۆمەند بژی"[2]؛ دەکرێت ئەو دابینکردنە لە ناوخۆدا بێت و پێداویستییە خۆراکییەکانی هاوڵاتیان لە ناوخۆدا پڕبکرێتەوە یاخود لە دەرەوە دابینبکرێت لە ڕێگەی دابینکردنی دارایی پێویست لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە خۆراکییەکان[3]، کەواتە دەتوانین بڵێین؛ کە ئاسایشی خۆراک واتای دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکانی هاوڵاتیانە لەلایەن دەوڵەتەوە جا لە ناوخۆی دەوڵەت بێت یان لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بە نرخێکی گونجاو.

بەڵام زۆربەی شارەزایانی بواری ئابووری بە بایەخەوە جەخت لەسەر پرسی دابینکردنی خۆراک لە ناوخۆدا و پشت نەبەستن بە دەرەوە لەم بوارەدا دەکەنەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەڵێت "ئەوەی خاوەنی خۆراکی خۆی نەبێت خاوەنی ئازادی خۆی نییە"، وەک چۆن بیری ئابووری بە توندی پشتبەستن بە هاوردەکردن لە بابەتی خۆراک ڕەتدەکاتەوە و سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی دەبەستێتەوە بە بەدەستهێنانی خۆراک لەلایەن گەلەکەیەوە لە ناوخۆدا، چونکە تیۆری (جیهانی سێیەم) مەبەست (وڵاتانی تازەگەشەکردووە) ئەوە دەردەخات کە "هیچ سەربەخۆییەک نییە بۆ گەلانێک کە خۆراکیان لە دەرەوەی سنورەکانیانەوە بۆ دێت"[4]؛ ئەم گوزارشتە ئەوە پیشاندەدات کە ئاسایشی خۆراک چەندە گرنگە لە ناوخۆدا بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی.

دابینکردنی خۆراکیش لە ناوخۆدا لە ڕێگەی کشتوکاڵ و فراوانکردنی کەرتی کشتوکاڵەوە دەبێت، بێگومان کشتوکاڵکردن و فراوانکردنی ئەم کەرتە پشت بە ئاو دەبەستێت کە پێویستی سەرەکییە بۆ دابینکردنی خۆراک لە ناوخۆدا، واتا دابینکردنی ئاسایشی خۆراک پێویستی بە

١- نوزاد أمين، مصدر سبق ذكره، ص٧٣-٧٤.

٢- نقلا عن: د. نجلاء مرعى، الأمن المائي العربي (التهديدات وآليات المواجهة)، ط١، العربي للنشر واتوزيع، القاهرة ٢٠٢١، ص ص٢٨-٢٩.

٣- سەرمەد ئەحمەد، ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشی خۆراک، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧، ل٤٢.

٤- بيان العساف، انعكاسات الأمن المائي العربي على الأمن القومي – دراسة حالة حوضي الأردن والرافدين، أطروحة دكتورة، جامعة الجزائر- كلية العلوم السياسية والإعلام/قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، تموز ٢٠٠٥، ص٤١.

دابینکردن و بە بەدیهێنانی ئاسایشی ئاوە، چونکە بەبێ بوونی دەرامەتی ئاوی پێویست ناتوانرێت کشتوکاڵ بکرێت و پەرەپێبدرێت، بۆیە بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو بنچینەی سەرەکییە لە بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک، پاشان ئاسایشی ئابووریدا؛ جیهانی ئەمڕۆ بووەتە جیهانێکی ئابووری ئەوەی خاوەنی ئابووری بێت واتا خاوەنی کۆی پێکهاتەکانی هێزە، زۆرینەی جەنگەکان کە جیهان بەخۆیەوە بینیوێتی و دەیبینێت هۆکارەکەی ئابوورییە بە پلەی یەک، بەنمونە داگیرکاری ئەوروپا بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هۆکارەکەی ئابووری بوو، کە خاوەنی سامانێکی فراوان بوون لە کانزا و دەرامەتی سروشتی بەنرخ، بە هەمان شێوە هێزی ئابووری هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوامی دەوڵەتان باشترین نمونە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتە، کە یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ڕووخانی ئابوورییەکەی بوو.[1]

**سێیەم: ڕەهەندی سیاسی**

ئەم ڕەهەندە لە دیدگای ئاسایشی نەتەوەییەوە بە ڕەهەندێکی دیکەی بنچینەیی دادەنرێت، کە چۆنێتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هێز و سامانی دەوڵەت دیاری دەکات و لە پاراستنی قەوارەی دەوڵەت بەرجەستە دەبێت[2]، بە شێوەیەکی گشتی ئاسایشی سیاسی واتا فەراهەمبوونی سەقامگیریی سیاسی "پاراستنی هاوڵاتیان و کۆمەڵگە و دەوڵەت لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە مۆرکی سیاسی هەبێت"[3]، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هەر چالاکییەکیی تێکدەرانە جا لەلایەن هاوڵاتیانی ناوخۆوە بێت یاخود لەلایەن لایەنی دەرەکییەوە بێت و ڕێگریکردن لە کارە تێکدەر و ئاژاوەگێڕییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کە ئامانجیان ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لەپێناو پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و سەقامگیرییەکەی و پاشان بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی؛ ئەم ڕەهەندە کە تایبەتمەندییەکی خۆپارێزی هەیە و بە ئاسایشی خۆپارێزی (الأمن الوقائی) ش ناودەبرێت[4]، لەپێناو دڵنیایی و مانەوەی کۆمەڵگەدایە بە شێوەیەکی یەکگرتوو، لە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسییەوە کە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات و پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و گروپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات.

واتا دەوڵەت بەرپرسە لە دابینکردنی ئاسایشی سیاسی لە ڕێگەی گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە ناوخۆ و لە دەرەوە و پێویستە ڕۆڵ ببینێت لە پراکتیزەکردنی مافی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نیشتیمانی و بەرەنگاربوونەوەی هەر پلانێکی دەرەکی کە ئامانجی زیانگەیاندن بێت بە دەوڵەت لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، لەپێناو

---

١- هايل عبدل المولى طشطوش، مصدر سبق ذكره، ص٨١-٨٥.

٢- قياتي عاشور، مصدر سبق ذكره، ص١٦٦.

٣- اسلام موسى، الامن القومي الفلسطيني – المرتكزات والتحديات- المحور العسكري للأمن القومي الفلسطيني، منظمة تحرير الفلسطينية مركز التخطيط الفلسطيني، ٢٠١٨، ص٦٣.

٤- بيان العساف، مصدر سبق ذكره، ص٣٦.

سەقامگیریی سیاسیدا[1]. لە ئێستادا ڕاگەیاندن بووەتە ئامرازێکی گرنگ و کاریگەر بۆ ئەو مەبەستە، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گۆڕەپانی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرە، کە دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ و بەهێزی هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەوە سەلمێنراوە کە میدیا دەتوانێت بەشدارییەکی گەورەی هەبێت لە بەدیهێنان و پشتیوانیکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا.[2]

**چوارەم: ڕەهەندی کۆمەڵگەیی**

بایەخدان بە زمان، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئاین، نەریت و ناسنامەی نەتەوەیی، تەنانەت لەناو ڕاپۆرتی ئاسایشی-نەتەوەیی ساڵانە، بە نمونە سوید بایەخی بە متمانەی کۆمەڵایەتی داوە، چونکە پێیانوایە کە ئەم متمانەیە هەم کۆمەڵگە بەهێز دەکات هەم کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزبوونی متمانەی سیاسی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت کە ئەمەش بۆ ئاسایش گرنگە[3]، گەشەپێدانی هەستی دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەری لای تاکەکانی کۆمەڵگە واتا متمانەی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی پرۆسەی جڵەوکردنی جیاوازییە ڕەگەزیی و نەتەوەیی و ئاینییەکان و "هەروەها جیاوازییە چینایەتییەکان" ەوە دەبێت، لەپێناو بەدیهێنانی پێکەوەیی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە وڵاتە فرە ڕەگەزەکاندا و پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و پێداویستییە بنچینەییەکان بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بێ جیاوازی[4]، وەکو تەندروستی و فێربوون و لێکۆڵینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو کۆچ، بێکاری، هەژاری، دابەزینی ئاستی پەروەردەیی، کە بە پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی دادەنرێت، کە پێویستی بە دانانی چارەسەری گونجاو و لێکنزیککردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان چین و توێژەکان هەیە، واتا نەهێشتن و کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی.[5]

چونکە ستەمی کۆمەڵایەتی بۆ چینێکی دیاریکراو یان زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و دروستبوونی چینایەتی و جیاکاری لە نێوان هاوڵاتیاندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوخۆی وڵاتدا، کە زاڵبوون بە سەریدا کارێکی قورس دەبێت، بەتایبەتی لەبەرڕۆشنایی خراپتربوونی کێشەکانی بێکاری و نیشتەجێبوون و تەندروستی و پەروەردە و دڵنیاییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستادا[6]، بۆیە دادپەروەریی لە پیادەکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئاسایشی کۆمەڵگەیی، بەڵام ئەگەر دادپەروەریی بوونی

---

١- عبدالرحمن ديدوج، مصدر سبق ذكره، ص٢١.

٢- بيان العساف، مصدر سبق ذكره، ص ص٣٧-٣٨.

٣- د. بارزان جوهر صادق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩٦.

٤- مهاب حسني النحال، السياسة الخارجية والأمن القومي المصري.. حدود العلاقة في الفكر والممارسة، مجلة كلية السياسة والإقتصاد، العدد السابع، تموز- ٢٠٢٠، ص١٠.

٥- نەجات عەلی ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤٢.

٦- عبد المعطى زكي، الأمن القومي قراءة في المفهوم والأبعاد، مقالة- المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية، ٩ شباط ٢٠١٦، ص٣.

نەبوو، ئاسایشی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت، هەربۆیە ئەرکی حکومەت لە دوو بواردا چڕکراوەتەوە، یەکەمیان بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات، دووەمیشیان بریتییە لە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دادپەروەرانە[1]، چونکە لە سایەی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا ئینتیما ئینتیمای نیشتیمان زیاد دەکات و جیاوازییە چینایەتی و ئیتنی و کلتورییەکان کاڵ دەبێتەوە، سەرەنجام پێکەوەیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەهێزدەبێت و دواجاریش ئاسایشی نەتەوەیی پارێزراو دەبێت.

### پێنجەم:ڕەهەندی ژینگەیی

پرسی ژینگە لە نێو پرمشتومڕترین پرسەکانی سیاسەتی جیهانی هاوچەرخدا پۆلێن دەکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەڕەشەکانی خۆی بە یەک وڵاتەوە نابەستێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو وڵاتان هەیە، بۆنمونە وڵاتانی جیهان هەرگیز ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانە نەبوونەتەوە کە ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکانی کەش وهەوا بەسەریهێناون.[2]

لە گرنگترین ئەو هەڕەشانەش کە بەهۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی ژینگەدا(ecosystem) ڕوویداوە بریتین لە پیسبوونی کەشوهەوا، کونبوونی بەرگی ئۆزۆن، دابارینی ئەسیدەکان، بەرزبونەوەی زیاتری پلەی گەرما، داخورانی خاک، بەبیابان بوون، لەناوچوونی جەنگەڵەکان و پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی[3]، هەروەها کێشە وگرفتەکانی وزە و دابینکردنی وزە و کۆگاکردنی، بەتایبەتی وزەی ئەتۆمی و دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت و پیشەسازی کیمیاوی، کەمبونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان یاخود دابەشکردنی نادادپەروەرانەی ئەو سەرچاوانە، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەر سەرچاوەکان، نەخۆشی و پەتا گوازراوەکان، ئاوارەیی و کۆچی جڵەونەکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی، هەروەها پەرەسەندنی شارەکان بەبێ جڵەو و بەرنامە و کێشە و پرسەکانی تایبەت بە خۆراک وەکو هەژاری و قاتوقڕی و پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و نەخۆشییەکانی تایبەت بەم گرفتە[4]، کە بوونەتە هەڕەشە و مەترسی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان، هەڕەشەکانی تەنها خۆی بە یەک وڵاتەوە نابەستێتەوە، بەڵکو بووەتە هەڕەشە بۆسەر کۆی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی بە شێوەیەکی گشتی.

---

١- هێمن ئەمین جەلال شوانی، مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە نموونە (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر ٢٠١٣، ص ص٧٤-٧٥.

٢- بوترية فيصل، الأمن المائي لدول حوض النيل(دراسة فى تداعيات مشروع سد النهضة)، مذكرة مقدمة للحصول على درجة الماجستير فى العلوم السياسية،، جامعة ٨ ى ماى ١٩٤٥-قالمة-، كلية الحقوق والعلوم السياسية/قسم العلوم السياسية، ٢٠١٩-٢٠٢٠، ص٣١.

٣- د. بارزان جوهر صادق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ص٩٧.

٤- د. صالح عمر عيسى و د. پەروێز رحيم قادر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٢-٣٣

لەبەرئەوە ئاسایشی ژینگە بووەتە ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی، کە ئامانجی پارێزگاریکردنی ژینگەیە لە مەترسییەکانی پیسبوون کە هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و کۆی زیندەوەران، کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئەو دەردراوە زیانبەخش و پاشماوە ژەهراوییانەی کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی کارگە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان دروستدەبێت[1]، کە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر کۆی سیستەمی ژینگە و سامانە سروشتییەکان دەبێت، سەرەنجام دەبێتەهۆی کەمبوونەوە و نەمانی سامانە سروشتییەکان و وزە و پیسبوونی سەرچاوەکانی، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ئاو و دەرامەتە ئاوییەکانەوە هەیە، کە لەم ساڵانەی دوایدا بە ڕوونی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان بە دیارکەوتووە[2]؛ سەرئەنجام دەبێتە پرسی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر هەژاری و برسییەتی دەبێت، بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دابینکردنی خۆراک بۆ مرۆڤەکان و دواتر پرسی ئاسایشی خۆراک، هەربۆیە لە ڕوانگەی (باری بوزانەوە) ئاسایشی ژینگە لوتکەی ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە و ئەو وڵاتەی گرنگی بە پاراستنی ئاسایشی ژینگە دەدات وڵاتێکە کە گرنگی بە پاراستنی سروشت و بوونەوەرەکان بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەت دەدات، پێیوایە پیسبوونی ژینگە پەیوەندی هەیە بە مامەڵەکردنی نابەرپرسانەی وڵاتان لەگەڵ ژینگە. قەیرانی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا، کە لە ئەنجامی زیادبوونی چالاکییەکانی مرۆڤەوەیە لەسەر زەوی، ڕاستەوخۆکاریگەری بەجێدەهێڵێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لە چەندین ڕووەوە، بەوپێیەی گۆڕانکاری ژینگەیی دەتوانێت خۆشگوزارانی و گەشەی ئابووری لاواز بکات، کە ئەم سێکتەرە گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕێت لە توانای سەربازی و هێزی ماددی دەوڵەتدا، بە جۆرێک لە هەندێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ئەو وڵاتانەش کە پێشدەکەون ، سەرچاوە سروشتییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ پێشکەوتنی ئابووری و ڕێژەی هەلی کار[3]. لە باسی دواتردا ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی دەخەینە بەرباس، هەروەها گرنگترین ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی سەرچاوەکانی دەبێتەوە و دروستبوونی ململانێکان لەسەری دەخەینەڕوو.

---

١- د. مهاب حسني النحال، مصدر سبق ذكره، ص١١.

٢- بوترعة فيصل، مصدر سبق ذكره، ص٣١-٣٢.

٣- نەجات عەلی ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٤٥-٤٦.

## باسی دووەم: ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی

لەم باسەدا بە شێوەیەکی تیۆری و زانستی هەوڵدەدەین ئاسایشی ئاو وەک ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی و گرنگییەکەی بخەینەڕوو، پاشان گرفتی کەمئاوی و گرنگترین ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی دەرامەتەکانی ئاو دەبێتەوە دەخەینە بەرباس، لە ڕێگەی دوو تەوەری سەرەکییەوە، لە تەوەری یەکەمدا ئاسایشی ئاو و گرنگییەکەی ڕوونەکەینەوە، لە تەوەری دووەمدا تیشکدەخەینەسەر کەمئاوی و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو بە شێوەیەکی گشتی، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### تەوەری یەکەم/ ئاسایشی ئاو و گرنگییەکەی

لەم تەوەرەدا لە میانەی دوو لقدا ئاسایشی ئاو و گرنگییەکەی دەخەینەڕوو، لە لقی یەکەم پێناسەی ئاسایشی ئاو و لە لقی دووەمیشدا گرنگیی ئاسایشی ئاو لە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەخەینە بەرباس، بەم شێوەیە:

### لقی یەکەم/ پێناسەی ئاسایشی ئاو

دەرکەوتنی پرسی بە ئاسایشکردنی ئاو یان ئەوەی کە بە ئاسایشی ئاو ناسراوە بە شێوەیەکی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە (کۆرباندی دووەمی جیهانی)* بۆ ئاو سازدرا، کە لە (لاهای) لە ساڵی (٢٠٠٠) بەسترا بە ناونیشانی (ئاسایشی ئاو لە سەدەی بیست و یەکدا)، ئەوە یەکەم لێدوانی حکومی بوو لەسەر ئاستێکی باڵا بۆ ئاسایشی ئاو ڕاگەیەنرا[١]، لە ئەنجامی قەیرانی ئاوی جیهانی بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی کە لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان دروستبووە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کە سەرەنجام دەبێتەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئاو و خۆراک و دروستبوونی ململانێ و پاشان ئەگەری پێکدادان بەهۆیەوە، هەربۆیە دەوترێت ئەگەر سەدەی بیست بەڕێکرابێت بە سەرکردایەتی بەرهەمە نەوتییەکان و ململانێ و جەنگ لە پێناویدا، ئەوا

---

*- کۆڕبەندی جیهانی ئاو لە ساڵی (١٩٩٧) دامەزرا، سێ ساڵ جارێک کۆڕبەندێک ڕێکدەخات، کۆڕبەندەکە؛ حکومەتەکان، دامەزراوە فرەلایەنەکان، کەرتی تایبەت، کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆدەکاتەوە بۆ هاوکاریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئاوی جیهانی و ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانی ئاو و پێشکەوتنی درێژخایەن لەم ڕووەوە. سەرچاوە: موقع الالكتروني الدبلوماسية الفرنسية، متوفر على الربط الآتي-

https://www.diplomatic.gouv.fr/ar/politique-etrangere-de-la-france/developpment/evenements-et-actualites-sur-le-theme-du-developpment/evenements-et-actualites-sur-le-theme-du-developpment-٢٠٢٢/article تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/٢٥.

١- بوغرارة الصالح وسهام عباسي، الاستثمار في الموارد المائية: وسيلة لتحقيق الأمن المائي، مجلة البحوث العلمية في التشريعات البيئية،مجلد ٧، العدد ١، السنة ٢٠٢٠، ص٦.

ڕەنگە سەدەی بیست و یەک  سەدەی ململانێ و جەنگی ئاو بێت[١]، بەهۆی بڕ و شێوازی دابەشبوون و ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، لەبەرئەوە دەخوازێت جیهان بەرەو ئاسایشی ئاو هەنگاو بنێت و وەک ئامانجێکی سەرەکی لێی بڕوانێت؛ لێرەدا چەند پێناسەیەک لە ئاسایشی ئاو دەخەینەڕوو بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکەکە و تێگەیشتن لێی.

(ئاژانسی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان)* ئاسایشی ئاو پێناسە دەکات بە "توانای دانیشتوان بۆ دەستگەیشتنی بەردەوام بە بڕێکی گونجاو لە ئاوی کوالێتی قبوڵکراو کە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی بژێوی ژیان، خۆشگوزەرانی مرۆڤ، گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دڵنیابوون لە پاراستن لە پیسبوونی ئاو و پاراستنی لەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە ئاوەوە و پارێزگاریکردن لە سیستەمی ژینگە لە کەشێکی ئارام و سەقامگیریی سیاسیدا"[٢]. واتا ئاسایشی ئاو فەراهەمکردنی بڕی پێویستی ئاوی پاکە بۆ هاوڵاتیان بە جۆرێک کە ئەو بڕە دەستەبەری پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان بکات بۆ سەرجەم چالاکییەکانیان، هەروەها ڕێگریکردنی پێشوەختە لە هەر مەترسییەک کە دەکرێت بەهۆی لافاو یان وشکەساڵییەوە ڕووبدات بە شێواز و میکانیزمی گونجاو، لەگەڵ پاراستنی ئەو سیستەمە ژینگەییەی کە ئاو دابیندەکات و پشتی پێدەبەستێت.

هەروەها ڕێکخراوی (هاوبەشی ئاوی جیهانی (GWP))**، پێناسەی ئاسایشی ئاو دەکات و دەڵێت "کرۆکی ئاسایشی ئاو گرنگیدان و گونجاندنی دەرامەتە ئاوییەکانە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکان کە پێویستە بۆ مانەوەی مرۆڤ و خۆشگوزەرانییەکەی و هەروەها بۆ

---

١- د. یونس عەلی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ وقەیرانەکان، زنجیرە ٢٠، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل٤.

*- میکانیزمێکی هەماهەنگییە، پێکهاتووە لە دامەزراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (ئەندامەکان) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (هاوبەشەکان) کە کار لەسەر پرسەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەکەن، ڕۆڵی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان دڵنیابوونەوەیە لەوەی (ئەندامەکان و هاوبەشەکان) وەک یەک کاردەکەن وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: United Nation, UN WATER, Available in this link- https://www.unwater.org/about-un-water visit date ٢٦/٩/٢٠٢٢

٢ - United Nations (UN WATER), Water Security and the Global Water Agenda, Published in UN WATER, ٨/may/٢٠١٣, Available in this link- https://www.unwater.org/publications/water-security-and-global-water-agenda visit date ٢٥/٩/٢٠٢٢.

**- (GWP) تۆڕێکی نێودەوڵەتییە لە ساڵی (١٩٩٦) دامەزرێنراوە، لەپێناو پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی هەماهەنگی ئاو، زەوی و سەرچاوە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەبێ سازشکردن لە بەردەوامی سیستەمی ژینگەیی، جەخت لەسەر ئاسانکاری و پشتگیریکردنی بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاو دەکاتەوە لە هەموو ئاستەکاندا، لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە جیهاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Professor John Beddington, global water security, Available in this link- https://www.gwp.org/globalassets/global/activities/news/gwp_on_watersecurity_feb_٢٠١٠.pdf.p١ visit date ٢٦/٩/٢٠٢٢.

کشتوکاڵ و پرۆژە ئابووریەکانی دیکە، پێویستە بە شێوازێکی گونجاو پەرەی پێبدرێت و بەڕێوەببرێت بە شێوەیەکی کارا و یەکگرتوو"؛ واتا ئاسایشی ئاو پێویستی بە هاوکارییە لە نێوان بەکارهێنەرانی ئاو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها ئەوانەشی بەشدارن لە (ئاوزێڵی ڕووبارەکان)* و ئاوزێڵەکانی ئاوی ژێر زەوی، لە چوارچێوەیەکدا کە ڕێگە بە پاراستنی سیستەمی ژینگەی زیندووی ناوچەکە بدات لە پیسبوون و هەڕەشەکانی دیکە؛ ناتوانرێت ئاسایشی ئاو بەدەستبێت مەگەر کاتێک بڕیاربەدەستان و سەرکردەکان بە کرداری بڕیاری ڕاستەقینە بدەن سەبارەت بە بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئاو و بەدواداچوون بۆ دابینکردنی دارایی و جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکانی ئەم بوارە، واتا جیهانێک لە ئاسایشی ئاودایە، ئەو جیهانەیە کە هەردوو گرنگیدان بە بەهای سەرەکی ئاو و کۆی بەکارهێنانەکانی کە پێویستە بۆ مانەوە و ئاسودەیی مرۆڤ تێکەڵ دەکات، وەک چۆن جیهانێک هێزی بەرهەمهێنی ئاو بەکاردەهێنێت و هێزە وێرانکەرەکەی کەم دەکاتەوە، هەروەها جیهانێک کە هەموو کەسێک ئاوی پێویست و سەلامەتی بەنرخێکی گونجاو هەیە بۆئەوەی ژیانێکی پاک و تەندروست و بەرهەمدار بژی، جیهانێک کە کۆمەڵگاکان لە لافاو، وشکەساڵی، و داخورانی زەوی وئەو نەخۆشیانەی بەهۆی ئاوەوە دەگوازرێنەوە بپارێزێت، ئەوا ئەو جیهانە ئاسایشی ئاوی پارێزراوە.[١]

ئەم پێناسەیە چەند ڕەهەندێک لەخۆدەگرێت، لەوانە:

١. گرنگیدان بە دەرامەتە ئاوییەکان لە ڕێگەی پەرەپێدان و پاراستن و باش بەکارهێنانی، لەپێناو بەدەستهێنانی ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییە ئاوییەکان لە خواردنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازی...وهتد.
٢. بەڕێوەبردنی سەرچاوەی ئاوە هاوبەشەکان بە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتانی بەشدار لە ئاوزێڵی ڕووبارە هاوبەشەکاندا، بە جۆرێک کە زیان بە وڵاتانی خواروی ڕێڕەوە ئاوییەکان نەگات، لە هەمان کاتدا پاراستنی سیستەمی ژینگەی سروشتی ڕووبارەکان.
٣. دیاریکردنی بەها و نرخی ئاو لەلایەن حکومەتەوە، لە ڕیگەی دانانی نرخێکی گونجاو لەلایەن کاربەدەستانەوە، لەپێناو ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا.
٤. بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی لێهاتووانەی دەرامەتە ئاوییەکان لە پێناو دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ هەر کەسێک، هەروەها جەخت لەسەر پاراستنی مرۆڤ دەکاتەوە لەو مەترسیانەی کە بەهۆی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو یاخود کەمبوون و نەمانییەوە ڕوودەدات.

---

*- کۆی ڕووبەری ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە ئاوەکەیان دەڕژێتە نێو سیستێمی ڕووبارێک یاخود هەموو ڕووبەری ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە ئاوی شێوەکانی دابارین کۆدەکاتەوە و دەیڕژێنێتە ناو ڕووبارێک و ئاودەرەکانی (ڕێژگەکانی)، یان دەچێتە ناو زەوییەوە و دەبێتە بەشێک لە ئاوی ژێر زەوی. بڕوانە: د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر ٢٠٢١، ل٥٧.

١ -Professor John Beddington, global water security, Opcit.

هەروەها لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆیی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە هاتووە، کە ئاسایشی ئاو بە گشتی واتای ئەوەیە "هەموو کەسێک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ئاوی پێویست و سەلامەتی بە نرخێکی گونجاو هەبێت، بۆئەوەی بتوانێت ژیانێک بژی کە تەندروست و شکۆمەند و بەرهەمدار بێت"[١]. واتا یەکێکی دیکە لە بنەماکانی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو دابینکردنی ئاوی پێویستە بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییە ئاوییەکانی هاوڵاتیان بە نرخێکی گونجا بۆئەوەی هەموو کەسیک بتوانێت بەدەستی بێنێت.

لەلایەکی دیکەوە ئاسایشی ئاو پێناسەکراوە بەوەی "بە درێژایی کات و شوێن گەرەنتی بکرێت"، واتا بەدیهێنانی بڕی ئاوی پێویست بۆ پێداویستییە ئاوییە جۆراوجۆرەکان لە ڕووی چەندایەتی وچۆنایەتییەوە لەگەڵ دڵنیابوون لە بەردەوامی ئەو بڕە لە هەر کات و ساتێکدا.[٢]

بەواتایەکی دیکە ئاسایشی ئاو بریتییە لە "بارودۆخی جێگیری سەرچاوە ئاوییە بەردەستەکان"[٣]، پەیوەستە بە چەمکی (هاوسەنگی ئاو)*، واتا ئاسایشی ئاو بارودۆخێکی جێگیری سەرچاوەکانی ئاوە، کە دەتوانرێت دڵنیابکرێتەوە ئەو ئاوەی کە هەیە وەڵامی ئەو خواستە بداتەوە کە لە سەرێتی، بەڵام کاتێک ئاوی بەردەست ناتوانێت ئەو خواستەی لە سەرێتی پڕبکاتەوە ئەوە ناودەبرێت بە کورتهێنانی ئاوی(العجز المائی)**، واتا ئاسایشی ئاو پارێزراو نییە، بەڵام کاتێک دەرامەتی ئاو زیاتربێت لەو خواستەی کە لە سەرێتی ئەوا ئاستی ئاسایشی ئاو بەرزدەبێتەوە[٤]. واتا پلەی ئاسایشی ئاو بۆ هەر وڵاتێک پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندی نێوان دابینکردنی ئاو و داواکاری بۆی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، لەبەرئەوە دەکرێت ئاسایشی ئاو وەک چەمکێکی ڕێژەیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە بەپێی سروشتی پەیوەندی نێوان خستنە ڕوو و خواست زیاد و کەم دەکات[٥]، لە ئێستادا بەردەوام خواست لەسەر ئاو لە زیادبووندایە، کە پێویستی بە خستنەڕووی زیاترە، لەبەرئەوە

---

١- تقرير التنمية البشرية للعام ٢٠٠٦، ماهو ابعد من الندرة: القوة والفقر وأزمة المياه العالمية،برنامج الأمم المتحدة (UNDP)، ٢٠٠٦، ص٩.

٢- د. مشعل بن عبدالرحمن الموشير، أزمة المياه ومستقبل العلاقات العربية-التركية بعد وصول الحركة الإسلامية إلى السلطة فی ترکیا، بدون مطبعة و سنة، ص٩، متوفر على الربط الآتي-

https://www.noor-book.com/كتاب-أزمة-المياه-الدكتور-مشعل-بن-عبد-الرحمن-الموشير-pdf

٣- د. خالد حمزة جريمط المعينى، الأمن المائي العربي- مدخلات الأزمة والمشاهد المحتملة، مجلة المعهد، العدد ٦، سنة ٢٠٢١، ص١٦٣.

*- مەبەست لە هاوسەنگی ئاو هاوسەنگییە لە نێوان دەرامەتی ئاوی هەبوو(خستنەڕووی ئاو) لە کاتێکی دیاریکراودا، لەگەڵ کۆی پێداویستی ئاوی کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییە جۆراو جۆرەکان (خواست لەسەر ئاو) لە هەمان ماوەی دیاریکراودا. سەرچاوە: د، نجلاء مرعی، مصدر سبق ذكره، ص١٨.

**- ئەو دۆخەیە کە بڕی ئاوی هەبوو لە نێوان (٥٠٠-١٠٠٠ م٣) بۆ هەر هەر کەسێک لە ساڵێکدا. سەرچاوە: د. یاسر محمد عثمان حماد، الأمن المائي العربي- الواقع والمهددات، مجلة جامعة شندي، العدد الثامن، يناير ٢٠١٠، ص٩٥.

٤- د. عبد الجليل صوفي، الأمن المائي المستدام في دولة قطر – التحديات واسياسات، المجلة الدولية للبيئة والمياه، مجلد ٦، عدد ١، ٢٠١٧، ص٢.

٥- د. خالد حمزة جريمط المعيني، مصدر سبق ذكره، ص١٦٣.

مەترسی لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان لە زیادبووندایە لەناوخۆی وڵاتێک و لە نێوان وڵاتانیشدا، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە لە سەرچاوە ئاوییەکاندا هاوبەشن.

لەبەرئەوە ئەگەر لە واتا سیاسییەکەی وردبینەوە ئەوا دوو ڕەهەند لەخۆدەگرێت، ڕەهەندی یەکەم تەواو ئاسایشییە و پەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەوە هەیە، لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئاسایشی ئاو هەموو ئەو هەنگاو و شێوازانە لەخۆدەگرێت کە دەوڵەت پێیهەڵدەسێت بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە ئاوییەکانی، کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک، بەڵام ڕەهەندی دووەمی سیمایەکی تەواو سیاسی لەخۆدەگرێت پەیوەندی هەیە بەو مەترسیانەی کە دێنە ئاراوە کاتێک ڕێژەیەکی زۆری سەرچاوەی ئاوی وڵات لە دەرەوەی سنورەوە دێت، ئەوەش وادەکات کە ئاسایشی ئەو وڵاتە ببێتە کارتێکی فشاری سیاسی بە دەست وڵاتی سەرچاوەوە[1]، ئەوەش پەیوەندی نێوان ئاسایشی ئاو و ئاسایشی سیاسی ڕوونتر دەکاتەوە، بەتایبەت کاتێک بەشێکی زۆر سەرچاوە ئاوییەکان دەکەونە دەرەوەی سنوری جوگرافی دەوڵەتەوە و وڵاتانی سەرچاوە دەتوانن بۆ بەدیهینانی بەرژەوەندییەکانیان دژی وڵاتانی ڕێژگە بەکاریبهێنن، بۆنمونە وەک ئەوەی لە ئێستادا لەلایەن وڵاتانی تورکیا و ئێرانەوە پەیڕەو دەکرێت لەسەر ئەو سەرچاوەنەی ئاو کە دەکەوێتە وڵاتەکانیان و لە بەشی سێیەمدا ڕوونیدەکەینەوە.

لە کۆی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەکرێت بڵێین؛ ئاسایشی ئاو واتا هەبوونی بڕی ئاوی پێویست لە ئاوی سازگار لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە لە هەر وڵاتێکدا، کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکان بە نرخیکی گونجاو، هەروەها دەستەبەرکردنی ئەو بڕە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، ئەوەش دەکرێت لە ڕێگەی باش بەکارهێنان و پەرەپێدانی ئامراز و شێوازەکانی بەکارهێنانییەوە بێت، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی سەرچاوە ئاوییەکانی ئێستا و پاشان گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا، هەروەها کەمکردنەوەی کاریگەرییە مەترسیدارانەکانی لە ڕێگەی پاراستنی کۆمەڵگاکان لە لافاو و ئەو مەترسیانەی کە دەکرێت بەهۆی وشکەساڵی و ئەو نەخۆشیانەی کە ئاو سەرچاوەکەیەتی ڕوودەن، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاریکردن لە نێوان وڵاتانی بەشدار لە ئاوزێڵی ئاوە هاوبەشەکان.

**لقی دووەم/ گرنگیی ئاسایشی ئاو**

هەرچەندە ئاو بە ڕێژەیەکی زۆر لەسەر زەوی بوونی هەیە و (٧٤٪) ڕووی زەوی داپۆشیوە، بەڵام (٩٧٪) ئەم ڕێژەیە سوێرە و لە دەریا و زەریاکاندایە، تەنها (٣٪) ئاوی سازگارە و مرۆڤ دەتوانێت ڕاستەوخۆ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەکاریبێنێت، لەم بڕەش (٧٧٪) بە شێوەی سەهۆڵە و لە بەستەڵەکەکاندایە، ئەو ڕێژە کەمەشی دەمێنێتەوە (٢٢٪) لەژێر زەویدایە و تەنیا

١- ڕزگار خضر طە، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق- لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا، ئازاری ٢٠١٧، ل١٧.

(١٪) لەو ڕێژەیە لە ڕووبار و دەریاچەکاندایە[١]، ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕێژەیەکی کەم لە ئاوی سەرزەوی مرۆڤ دەتوانێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی بەکاریبێنێت، لەکاتێکدا پێداویستییەکی سەرەکی مرۆڤ و سەرجەم بوونەوەرانە، وەک چۆن خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ((وجعلنا من الماء كل شيء حي)) [٢]، واتا هەموو شتێکی زیندوومان لە ئاو فەراهەمهێناوە، هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی بێهاوتای ئاو دەکاتەوە کە سەرچاوەی ژیانی سەرجەم بوونەوەرانە، ئەم وتەیەی خوای گەورە باشترین بەڵگەیە بۆ ڕۆڵی بێهاوتای ئاولە ژیانی سەرجەم زیندەوەراندا.

چونکە بەبێ بوونی ناکرێت ژیان بەردەوام بێت، لەبەرئەوە هەر وڵاتێک بیەوێت بمێنێتەوە و پێشبکەوێت، دەبێت ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا دابینبکات، لەبەرئەوەی یەکێکە لە پێکهاتە سەرکییەکان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ و پێشکەوتن و گەشەسەندن لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و کۆی بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤدا[٣]؛ هەر لەکۆنیشەوە ئاو سەرچاوەی بەشێک لە ململانێی سیاسی و شارستانییەکانی جیهان بووە، هەروەها سەرچاوەی دامەزراندن و لەناوچوونی شار و پێگەی شارستانییەکان بووە، ئاو بەردەوام لە پشت ئاوەدانی و دەسەڵات و هەژموون و سەرکەوتن و هەرەسی سیاسی و شارستانییەکانەوە بووە[٤]، کورد وەتەنی ئاو و ئاوەدانیان وتووە.

ئەگەر بە وردی سەیری شارستانییە کۆنەکان بکەین تێبینی ئەوە دەکەین زۆرینەیان لە نزیک ڕووبارەکان یان سەرچاوە ئاوییەکان بنیاتنراون، بەوپێیەی کە ئاو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەڕێوەچوونی ژیانی مرۆڤایەتی و دەرکەوتنی شارستانییەکان و پێشکەوتنیان[٥]، لە ئێستاشدا ئاسایشی ئاو بووەتە یەکێک لە گرنگترین ئەو پرسانەی کە وڵاتان بە بایەخەوە لێیدەڕوانن و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لە نەخشە و پلان و سیاسەتی وڵاتاندا، چونکە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زۆر گرنگە، جیهان دانی بەوەداناوە کە بژێوی پارێزراو و ئابووریی بەهێز و سیستەمی ژینگەی بەردەوام پشت بە بەردەستبوونی ئاو دەبەستێت[٦]، هەروەها

---

١- میقداد عەلی ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە ناحیەی سیروان، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی-٢٠١٢، ل ل٢١-٢٢.

٢- القرآن الكريم، سورة الأنبياء، الآية ٣٠.

٣- د. كليب سعد كليب، الأمن المائي فى البلدان النامية فى القرن الحادي والعشرين، مجلة الدفاع الوطني، العدد ٧٣، تموز ٢٠١٠، بدون صفحة.

٤- خالد سلێمان، کۆلۆنیالیزمی ئاو(ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکاری دیموگرافی وتەعریبی کەرکوکدا)، چ١، دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی وتوێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤، ل١٥.

٥- د. محمد عبده يماني، الأمن المائي والمخاطر المستقبلية، مجلة الأمن والحياة، العدد ٣١٠، ٢٠٠٩، ص٧٠.

٦ - Ismail serageldin, Towards Water Security: A Framework for Action, Global Water Partnership, Available in this link-

ڕۆڵێکی گەورە لە ململانێ سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتاندا دەگێڕێت و یەکێکە لەو بابەتە ستراتیژیانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە.[١]

ئاسایشی ئاو وەک بەشێکی زیندووی تەواوکەری ئاسایشی خۆراک سەیر دەکرێت، کە لە بۆتەی ئاسایشی ئابووری دەخوێندرێت و لوتکەی ئاسایشی ئابووریش ئاسایشی خۆراکە، بڕبڕەی پشتی ئاسایشی خۆراکیش ئاسایشی ئاوە[٢]، بەوپێیەی ئاو پێویستییەکی بنچینەییە لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا، بۆنمونە بەرهەمهێنانی یەک تەن شەکر پێویستی بە (١١ هەزار) لتر ئاو هەیە، بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ چەڵتوک پێویستی بە (٢-٥ هەزار) لیتر ئاو هەیە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ گرنگی ئاو لە دابینکردنی خۆراکدا، واتا ئاسایشی خۆراک بەدینایەت بەبێ هەبوونی ئاوی پێویست.[٣]

هەروەها ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی (FAO) کە لە کۆتاییەکانی (٢٠٠٤) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە ڕۆڵی بێهاوتای ئاو دەکات لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لە ساڵانی داهاتوودا، چونکە زیادکردنی بەرهەمهێنانی خۆراک لەسەر ئاستی جیهانی بووەتە پێویستییەکی هەنوکەیی و داوا دەکات سەرجەم وڵاتان بەرنامەیەکی نیشتیمانی دابڕێژن بۆ برەودان بە کشتوکاڵکردن و گەشەپێدانی گوندەکان لەپێناو زیادکردنی بەرهەمهێنانی خۆراک، کە دەکرێت لە ڕێگەی کشتوکاڵی بەراو بە ڕێژەی (٧٠-٨٠٪) و ڕێژەی (٢٠-٣٠٪) بەهۆی کشتوکاڵی دێمەوە خۆراک زیادبکرێت، بێگومان ئەوەش واتای زیادبوونی خواستە لەسەر ئاو، بەوپێیەی ئاو بنچینەی کشتوکاڵ و وەبەرهێنان و گەشەپێدانە، لەبەرئەوە ناکرێت قسە لەسەر وەبەرهێنان و ئابووری گەشەکردوو بکرێت بەبێ بەردەستبوونی ئاو.[٤]

کەواتە گەشەپێدان و بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک پەیوەستە بە ئاسایشی ئاوەوە، لەبەرئەوەی بەهۆیەوە دەتوانرێت ڕووبەری زیاتر بکرێتە کشتوکاڵ، بەوەش خۆراکی زیاتر بەرهەم دێت، بە کەمبوونی ئاو کشتوکاڵ زیان دەکات، لە ئەنجامدا زیان بە ئاسایشی خۆراک و زیان بە کاروبژێوی

---

https://www.gwp.org.gobalassets/global/toolbox/reference/towards-water-security.-a-framework-for-action.-mobilising-political-will-to-act-gwp-٢٠٠٠.pdf-p١١ visit date ٢٦/٩/٢٠٢٢.

١- عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٣٣.

٢- سەرمەد ئەحمەد، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤٠.

٣- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەر)، چ١، بی شوێنی چاپ، ٢٠٢٠، ل٣٦.

٤- زياد خليل الحجار، الأمن المائي والأمن الغذائي العربي (المياه فى الشرق الأوسط وشمال أفريقيا بدائي الحروب والتنمية)، ط١، دار النهضة العربية، بيروت-٢٠٠٩، ص١٧٨.

خەڵک دەگات[1]، سەرەنجام بێکاری وهەژاری  لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات و دەبێتەهۆی دروستبوونی نارەزایەتیی و پشێوی، لە ئەنجامدا نائارامی و ناجێگیری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری لێدەکەوێتەوە، بەوەش ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پاشان ئاسایشی نەتەوەیی دەکەوێتە مەترسییەوە.

کەواتە ئەگەر ئاسایشی ئاو تێکبشکێت، کە بەهۆی نەبوونی ئاوی پێویستەوەیە بۆ پرکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکان، ئەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و لاوازی دەکات، لەبەرئەوە ئاسایشی ئاو گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ناو ڕەهەندەکانی دیکەی ئاسایشی نەتەوەییدا و دەکرێت بوترێت ئاسایشی ئاو لەسەرو هەر ڕەهەندێکی دیکەوەیە، چونکە ئاو هیچ جێگرەوەیەکی نییە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان. هەربۆیە دەبینین بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان پێویستی ئاو وایکردووە وڵاتان ئامرازی جۆراوجۆر بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی بڕی ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان کە بەردەوام لە گەشەکردندایە، هەندێک وڵاتیش هێزیان بەکارهێناوە بۆ پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکانی، بارودۆخی ئاو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبووە لە بەرپاکردنی ژمارەیەک لە جەنگەکان، بەنمونە کێشەی ئاوی هیند و پاکستان کە بەهۆیەوە جەنگ بەرپابوو دواتر بە نێوەندگیری نەتەوە یەکگرتووەکان چارەسەرکرا[2]، هەروەها شەڕەکانی ئیسرائیل وعەرەب ساڵی (١٩٦٧) لەسەر ئاوبوون.[3]

لەلایەکی دیکەوە دەکرێت بوترێت؛ ململانێ و کێشەی ئاو تەنیا کورت ناکرێتەوە لە نێوان وڵاتاندا، بەڵکو لەناو خودی دەوڵەتێکیشدا ڕوودەدات، بۆنمونە لە تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧) ئەو کێشەیە سەریهەڵدایەوە کە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بوو بەردەوامبوو دەربارەی مافی ئاوی لە نێوان ویلایەتی ئالامبا و فلوریدا و جورجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێک دانیشتوانی شاری ئاتالانتا و بەشێک لە ئالامبا و فلۆریدا ڕووبەڕووی کەمی ئاو بوونەوە بەهۆی وشکییەکی زۆرەوە، کە دواتر بووەهۆی دروستبوونی ململانێیەکی توند لەسەر مافی بەدەستهێنانی سەرچاوەی ئاوەکە، بەڵام لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەرکرا[4]، هەروەها لە عێراقیشدا دەیان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە بەتایبەتی لە نێوان جوتیارانی باشور و ناوەڕاستی عێراق، بە جۆرێک لە هەندێک دۆخدا جوتیاران یەکتریان لەسەر بەشە ئاوی ئاودێری دەکوشت، کاتێک وڵاتانی تورکیا و ئێران ڕێژەی بەردانەوەی ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکانیان لەگەڵ عێراق کەم

---

١- د. عصام أبو اليزيد محمد عبدالله، مقومات الأمن المائي فی ضوء السنة النبوية( دراسة موضوعية)، مجلة كلية الدراسات الإسلامية والعربية للبنات بكفر الشيخ، العدد ٤، الإصدار الثانی- المجلد الخامس، عام ٢٠٢٠، ص١١٩.

٢- د. محمود أبو زيد، المياه مصدر للتوتر فی القرن ٢١، ط١، مركز الأهرام للترجمة والنشر، القاهرة ١٩٩٨، ص١٢١.

٣- بابان ئەلیاسی، ژیۆپۆلتیکی ئاووەک ئامرازی سیاسی، گۆڤاری تیشک، ساڵی بیست ودووەم، ژمارە ٥٦هاوینی ٢٠٢٠، ل١٢٣.

٤- د. مشعل بن عبدالرحمن الموشير،مصدر سبق ذكره، ص ص١٣-١٤.

دەکردەوە[1]، لە ئێستاشدا (٢٠٢٢) هەموو ئاماژەکان ئەوە نیشاندەدەن جیهان بەرەو گرفتی کەمئاوی هەنگاو دەنێت، هەربۆیە هۆشیاری دەربارەی ئەم دەرامەتە لە ئێستادا لە زیادبووندایە، بەوەی کە ئاو سەرچاوەیەکی کەم و بەنرخە و دەبێت بە وردی بەڕێوەببرێت ئەگەر بمانەوێت لە داهاتوودا لە قەیرانی ترسناکی ئاو و ئەو ململانێ و جەنگانەی کە دەکرێت بەهۆیەوە ڕووبدەن دووربکەوینەوە.

لەو بارەیەوە توێژینەوەیەک کە لەلایەن پەیمانگای پەرەپێدان و ژینگە و لێکۆڵینەوەی ئاسایشی لە کالیفۆرنیا دەریکردووە، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئاو ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بڕیاری سیاسەتی ناوخۆی وڵاتاندا، بۆیە پێشبینی دەکرێت ناکۆکییەکان لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان پەرەبسێنێت، بەتایبەتی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان کە لە ڕووبەرێکی فراواندا هەن و بە چەندین وڵاتدا تێدەپەڕن، بۆنمونە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان زیاتر لە (٧٥٪) ئاوی پێویستیان لەو ڕووبارانەوە وەردەگرن کە لە دەرەوەی سنوورەکانیانەوە سەرچاوەدەگرن، ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبارەکانی جیهان وەک نیل، دیجلە، فورات، میکۆنگ و ئەندوس بوونەتە بابەتی ململانێی نێودەوڵەتی لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی هاوبەشی ئەم ڕووبارانەدا.[2]

ئەمڕۆ لە جیهاندا دەبینین دەیان وڵات هەن کە یەک ڕێڕەوی ئاوی(مجری المائی) هاوبەشیان هەیە، بۆنمونە میسر بە ڕێژەی (٧٩٪) پشت بە ئاوی ڕووباری نیل دەبەستێت و سودانیش بە ڕێژەی (٧٧٪) پشت بە هەمان سەرچاوە دەبەستێت، هەروەها سوریا بە ڕێژەی (٧٩٪) پشت بە ئاوی فورات دەبەستێت و عێراقیش ڕێژەی پشت پێبەستنی بە ڕووباری دیجلە و فورات دەگاتە (٦٦٪ ) بۆ پێداویستییە هەمەجۆرەکانیان، لەکاتێکدا لە دەرەوەی سنورەکانیانەوە سەرچاوە دەگرن.[3]

بەهۆیەوە فایلی ئاو بووەتە توخمێکی بنچینەیی لە پرسەکانی هاوکاری و ململانێ لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە هاوبەشن لە ڕێڕەوێکی ئاویدا، لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا فاکتەری ئاو بووەتە لەپێشینە لە ئەجێندای هێزە هەرێمییەکاندا، لەکاتێکدا هەندێک وڵات هەستدەکەن مەترسییەکی نزیک هەیە کە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات لە ڕێگەی چەکی ئاوەوە، لە ڕێگەی پانابردن بۆ برینی ئاوی ڕووبارەکان وەک نیل و دیجلە و فوڕات لەلایەن وڵاتانی سەرچاوەوە[4]، هەربۆیە بەپێی شیکردنەوەی بازنەی سیاسی جیهانی پرسی ئاو بووەتە بەربژێر بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەوپێیەی زۆرینەی ئەو وڵاتانە سەرچاوە ئاوییەکانیان لەژێر جڵەوی خۆیاندا نییە، بەڵکو لە سنوری جوگرافی و سیاسی وڵاتانی دیکە وەک تورکیا، ئێران، ئەسیوبیا و وڵاتانی دیکەوە سەرچاوە دەگرن[5]؛ هەر لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکی

---

١- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان (گرفت وچارەسەر)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨.

٢- د. مشعل بن عبدالرحمن الموشير، مصدر سبق ذكره، ص١٤.

٣-د. مشعل بن عبدالرحمن الموشير، نفس المصدر، ص ص١٤-١٥.

٤- بوترية فيصل، مصدر سبق ذكره، ص٣٦.

٥- د. سلمان شمران العيساوي، أزمة مياه الرافدين بين أطماع الجوار الجغرافي والقانون الدولي، ط١، مكتبة زين الحقوقية والأدبية، بيروت-٢٠١٦، ص٢٧٤.

ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە هۆشداریداوە لەوەی پرسی ئاو ڕەنگە ببێتەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگ لە نێوان وڵاتانی هاوبەش لە ڕێڕەوی ئاوی بەهۆی ئەو سیاسەتە ئاوییەی وڵاتانی سەرچاوە پەیڕەوی دەکەن لەسەر ئاوە هاوبەشەکان[١]، لەو ڕووە زانکۆی کەنەدی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لەوەدەکات وڵاتانی تورکیا و ئێران دەتوانن ئاو وەک چەکێکی بەهێز بەکاربێنن، دژی وڵاتانی ڕێژگە (سوریا و عێراق و هەرێمی کوردستان).[٢]

لەبەرئەوە زۆرێک لە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئەگەر سەدەی (٢٠) شانۆی پێکدادان بووبێت لەسەر زێڕی ڕەش (نەوت)، وادیارە سەدەی (٢١) دەبێتە شانۆی شەڕ و پێکدادان لەسەر زێڕی شین(ئاو) بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە گرفتی قەیرانی ئاوی هەیە، لە هەمان کاتدا ناکۆکییەکان لەسەر پرسی ئاو ڕووی لە بەرزبوونەوەیە، ئەویش بە چەند هۆکارێک لەوانە زۆربوونی خێرای ژمارەی دانیشتوان، گەشەی ئابووری، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، پێشکەوتنی پیشەسازی و خراپ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان و هاوبەشی زیاتر لە وڵاتێک لە سەرچاوە ئاوییەکان و ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە وڵاتانی سەرچاوە پەیڕەویدەکەن.[٣]

هەروەها بەهۆی گرنگی ئاو لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا و وەک پێویستییەکی سەرەکیی بۆ بواری پیشەسازی و گەشەپێدانی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەشەسەندنی شارستانییەکان و ئەو تایبەتمەندییە تایبەتەی کە هەیەتی لە بڕینی سنوری وڵاتاندا، سروشتێکی سیاسی و یاسایی و جوگرافی و ئابووری تایبەتی دەداتێ، کە دەکرێت ببێتە هۆکاری هاوکاریکردن و لێکنزیکبوونەوە و ئاشتیی، ئەگەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، یان ببێتە سەرچاوەی کێشە و ئامرازی ململانێ و شەڕی نێوان وڵاتان ئەگەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.[٤]

کەواتە دەکرێت بڵێین؛ ئاسایشی ئاو پەیوەستە بە ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی ئابووری، چونکە دەکرێت بەشەکانی ئاسایشی نەتەوەی بکەونە ژێر هەڕەشەی ڕاستەقینەی کەمئاوییەوە، هەروەها پەیوەستە بە نەبوونی کێشەکان، بەدیهێنانی سەقامگیری، دوورخستنەوەی جەنگەکان، پارێزگاریکردن لە سیستەمی ژینگە، گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون لە سەرجەم بوارەکاندا، لەبەرئەوە ئاسایشی ئاو گرنگییەکی ستراتیژی هەیە لە دیدگای ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستاماندا کە جیهان بەگشتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

---

١- د. مديحة صوفي، مشروع الغاب التركي وتأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠١٦، ص١٧٤.

٢- د. یونس عەلی، پڕۆژەی گاپ و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٥.

٣- بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٥.

٤- ئەندەرس یاگەرسکوگ، ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی کێشە یان هاوکاری؟، و:غازی علی خورشید، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک ٢٠١٠، ل١٣.

ناوەڕاست بەتایبەتی بەدەست گرفتی کەمئاوی و زیادبوونی بەردەوامی خواست لەسەر ئاو دەناڵێنن، کە لە تەوەری دواتردا تیشک دەخەینە سەر پرسی کەمئاوی و ئەو کێشەو قەیرانانەی کە بەهۆیەوە دروستبووە و دەبێت، پاشان گرنگترین ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە دەخەینەڕوو.

**تەوەری دووەم/ گرفتی کەمئاوی و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو**

لە میانەی ئەم تەوەرەدا تیشک دەخەینەسەر گرفتی کەمئاوی و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو بە شێوەیەکی گشتی لە دوو لقدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم/ گرفتی کەمئاوی**

کەمئاوی زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بەو وڵاتانەی کێشەی کەمئاویان هەیە و لە توانایاندا نیە ئاسایشی ئاو دابینبکەن[1]، دەکرێت کەمئاوی لەڕێی هەژمارکردنی بڕی ئاوی تازەوەبوو، یان لەڕێی توانای دەستەبەربوونی ئاو یان لەڕێی هەژمارکردنی داخوازی لەسەر ئاو پێناسە بکرێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و بە بەراوردکردنی ئەو بڕە ئاوە لەگەڵ ئەوەی لە ئایندەدا داخوازی لەسەر دەبێت یان لەڕێی بەکارهێنانی هەردوو ڕێباز بۆ هەژمارکردنی کەمی ئاو پێوانە دەکرێت.[2]

بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان هەر وڵاتێک (١٠٠٠م³)* ئاوی تازەکراوەی بۆ هەر یەک کەس لە ساڵێکدا هەبێت ئەوا بە وڵاتێکی کەمئاو هەژمار دەکرێت، واتا ئاسایشی ئاوی نییە[3]، هەروەها ئەگەر وڵاتێک کەمتر لە (١٧٠٠م³) ئاوی تازەکراوەی بۆ هەر یەک کەس لە ساڵێکدا هەبێت ئەوا ئەو وڵاتە لە باری (نیگەرانی ئاو) دایە، واتا ئاسایشی ئاوی پارێزراو نییە، ئەو وڵاتانەشی بەرکەوتەی تاکەکەس تێیدا لە (٢٠٠٠م³) لە ساڵێکدا زیاتر بێت بە وڵاتی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو هەژمار دەکرێت واتا ئاسایشی ئاویان پارێزراوە[4]، بەوجۆرە هێڵی (١٠٠٠م³) لە ساڵێکدا هێڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان کێشەی کەمئاوی و بوونی ئاوی پێویست بۆ تاکە کەس لە هەر ناوچەیەکدا بێت، کە پێویستە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو.

---

١- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، گۆڤاری شرۆڤە، سەرچاوەی پێشوو کە ئاماژەی بۆکرا، ل ل٧٠-٧١.

٢- کاروان ئەحمەد حمە صالح، کاریگەری ئاو لەسەر دۆزی کورد لەعێراق، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، ٢٠٠٤، ل١٠.

*- ئەو (١٠٠٠ م٣) یە، بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستیە ئاوییەکانی تاکە، لە خواردنەوە، پاکردنەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی، خزمەتگوزارییە شارستانییەکان و پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییەکان. سەرچاوە: فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، و: د. خلیل کریم محمد ومامۆستا احمد علی احمد، چ١، ناوەندی غەزەل نوس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٦، ل٢٠٦.

٣- فؤاد قاسم الامیر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

٤- ئەندەرس یاگەرسکوگ، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٩.

به پشتبەستن بەو زانیاریيانەی کە خرانەڕوو، نزیکەی (٨٠) وڵات، کە لە (٤٠٪) دانیشتوانی گۆی زەوی پێکدەهێنن گیرۆدەی کەمئاوین، نزیکەی (١,٢ ملیار) مرۆڤ لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ئاوی پێویستیان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی پاکوخاوێنی نییە[١]، هەر بەهۆی کەمئاوی و لانیکەمی خۆراک (کە ئەمیش پێویستی بە ئاوە بۆ بەرهەمهێنانی)، ساڵانە (١١ ملیۆن) منداڵی خوار تەمەن (٥ ساڵ) بەهۆی نەخۆشی و بەدخۆراکی و کەمئاوییەوە دەمرن، هەر بەهۆی کەمئاوی و کەمخۆراکییەوە (١ ملیار) کەس کەوتوونەتە خوار هێڵی برسێتییەوە، (٢ ملیار) کەسی دیکەش بە دەست (ترسی برسێتی)** پەوە دەناڵێنن[٢]، فشارەکانی ئاو بە خێرایی لە زیادبووندایە بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، بەپێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەکارهێنانی ئاو لە جیهاندا لە سەدەی رابردوودا دووئەوەندەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان زیادیکردووە[٣]، دەرئەنجامی ئەوەش بە نزیکەیی (٢,١ ملیار) کەس لەو ناوچانە دەژین کە گرفتی کەمئاویان هەیە و دەستیان ناگات بە سەرچاوەی ئاو، دەستنەگەیشتن بە ئاوی پارێزراو و تەندروست وردەوردە دەبێتە قەیرانێک بۆ ملیۆنان کەس لە جیهاندا[٤]، زانکۆی کەنەدی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەی خستۆتەڕوو، لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەک کێشەی ئاو بەرەو فراوانبوون دەچێت، لە ڕوانگەی پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی وڵاتان لەسەر دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان.[٥]

توێژینەوە جیهانییەکان هەموویان هۆشداری دەدەن لەو مەترسی و کێشانەی کە لە ساڵانی داهاتوودا بەهۆی کەمئاوییەوە ڕوودەدات، لەوانە ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی ئەستەنبوڵ هۆشداریانداوە لە ساڵی (٢٠٢٥) (١,٥ ملیار) کەس لە جیهاندا ڕووبەڕووی بارودۆخێک دەبنەوە کە هەڕەشە لە ژیان و تەندروستیان دەکات، ئەگەر ڕێوشوێنی بنەڕەتی نەگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لەم بوارەدا دروستدەبن[٦]، هەر لەم بارەیەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاداری ساڵی

---

١- وەرگیراوە لە: ئەندەرس یاگەرسکوگ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

**- ترسی برسێتی بەپێی ڕێکخراوی (فاو)، واتا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هێندە خواردنیان نییە کە ژیانێکی تەندروست و چالاک بژین. سەرچاوە: فؤاد قاسم الأمير، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٠٦.

٢- وەرگیراوە لە: فؤاد قاسم الأمير، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

٣- - Binaya Kumar Mishra, Pankaj Kumar and The others, Water Security in Changing Environment: Concept, Challenge and Solutions, ٢٠٢١, p p ١-٢.

٤- المفوضية السامية لحقوق الإنسان والحق في المياه وخدمات الصرف الصحي، موقع الألكتروني الأمم المتحدة، ئاذار/٢٠١٩، متوفر على الربط الآتي-
https://www.ohchr.org/ar/water-and-sanitation تأريخ الزيارە٢٠٢٣/٣/٧

٥- وەرگیراوە لە: د. یونس علی، پرۆژەی گاپ وەمەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ وقەیرانەکان، ژ٢٠، سلێمانی حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ل٤-٥.

٦- نقلان عن: د. محمد عبده یمانی، مصدر سبق ذکره، ص٦٩.

(٢٠١٨) لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات، کە تا ساڵی (٢٠٥٠) نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی ئاوی خواردنەوە و پارێزراویان نابێت.[١]

پێدراوەکانی ئەم پرسە بە ئاشکرا دەرکەوتووە لە وڵاتانی (جیهانی سێیەم)، لەو ناوچانە بەهۆی کەمئاوی و پیسبوونی سەرچاوەکان ملیۆنان کەس دەمرن و کۆچ دەکەن، ساڵانە ڕێژەی ئەوانەی کە بە فاکتەرەکانی کێشەی کەمئاوییەوە کۆچ دەکەن بەرزدەبێتەوە[٢]، لە جیهاندا (٢٥ ملیۆن) کەس کۆچیان کردووە بەهۆی وشکەساڵی، کەمبارانی و ئاوی پیس، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٠٨) زیاتربووە لە ژمارەی ئەوانەی بە هۆکاری جەنگ و نائارامی بارودۆخی سیاسی و ئاسایشییەوە کۆچیان کردووە[٣]، ئەوانە بە پەنابەری ژینگەیی ناسراون و کۆچکردنیشیان پەیوەستە بە هۆکارەکانی بە بیابانبوون و وشکەساڵی و بێبارانی و بێئاوییەوە، کە ناچاردەبن شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبهێڵن بەرەو سەرچاوەکانی ئاو.

بۆیە لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بخەینەڕوو، کە ئەوەی لەسەر پرسی کەمئاوی نوسراوە مەودای ناوچەیی تێپەڕاندووە و بووەتە باسی ڕۆژنامە جیهانییە بەناوبانگ و سایتە نێودەوڵەتییەکان کە گرنگی بە پرسی ئاو دەدەن لە جیهاندا، لەوانەش ئەو سایتانەی کە تایبەتن بە نەتەوە یەکگرتووەکان؛ لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی کە ئەو سایتانەی تایبەتن بە ئاو و گۆڕانی کەشوهەوا و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە (٢٠) ساڵە بابەتی کەمئاوی لە جیهاندا بەگشتی و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە بە دەست ئەم کێشەوە دەناڵێنن دەوروژێنن، بە درێژایی کاتیش ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە جەنگەکانی داهاتوو جەنگی ئاو دەبن[٤]، لەو بارەیەوە توێژینەوەیەک کە ناسا (NASA) ئەنجامیداوە، بە هاوکاری زانکۆی کالیفۆرنیا و ناوەندی نیشتیمانی بۆ توێژینەوەکانی بەرگی هەوایی ئەو بۆچونەی ئەنجومەنی هەواڵگری نیشتیمانی (CIA) پشتڕاستکردۆتەوە و پێیوایە، کە لەبەر کەمئاوی جەنگی زۆر بەهێز لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەگیرسێت بەتایبەتی لە عێراق.[٥]

هەربەپێی وتەی (بان کی مۆن) ئەمینداری پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان و سەرکردەی زۆرێک لە وڵاتان، کەمئاوی بە گەورەترین مەترسی چاوەڕوانکراوی

---

[١]- الأمم المتحدة، تقرير أممي يشدد على الحلول الطبيعية للتصدى لأزمة المياه العالمية، ١٩/ئاذار ٢٠١٨، متوفر على الربط الآتى- https://news.un.org/ar/story/٢٠١٨/٠٣/١٠٠٤٥٨٢ تأريخ الزيراة ٢٠٢٣/٣/٧.

٢- إيمان بكر أبو الهوى، مصدر سبق ذكره، ص٣٩.

٣- د، یونس علی، ئاو لەجیاتی نەوت چەکی جەنگ و ئاشتی هەرێمی کوردستان وەک نمونە: پرۆژەی گاپ و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ ١٨-١٩، تشرینی یەکەم ٢٠١٧، ل٣١.

٤- فؤاد قاسم الأمير، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ص ص٥٦-٥٧.

٥- وەرگیراوە لە: عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەرییەکان)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٥١.

بەردەم ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدەن، بەڵگەنەویستە کە گەلانی جیهان کێبڕکێ لەسەر گرنگترین بنەمای ژیان دەکەن کە هیچ جێگرەوەیەکی لە جیهاندا نییە، ئەویش ئاوە کە لە کاتی نەبوونی برسێتی و لێکەوتە مەترسیدارەکان بەدوای خۆیدا دێنێت[١]، لەو سۆنگەیەوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەتایبەتی سەرنجی ئەم بابەتەی داوە و ڕۆژی (٢٢ ئادار) وەک (ڕۆژی جیهانی ئاو) دیاریکردووە، بۆ ئاگادارکردنەوەی جیهان لەو مەترسیانەی کە بەهۆی پشتگوێخستنی پرسی ئاو یان ئەوەی کە لەوانەیە ببێتەهۆی جەنگ و کارەساتەکانی لە داهاتوودا[٢]، هەربۆیە پرسی ئاو بووەتە یەکێک لەو پرسانەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەبایەخەوە لێی دەڕوانێت، لەو پێناوەشدا (ئەنجومەنی ئاوی جیهانی)* وەک گەورەترین ڕێکخراوی ناحکومی کە پەیوەندیدارە بە لێکۆڵینەوە لە کاروباری ئاو دامەزراندووە.[٣]

کەواتە لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین؛ کەمئاوی گەورەترین ئاڵنگارییە کە ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت دەبێتەوە، چونکە کەمئاوی دەتوانێت ببێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی ژینگە و خراپبوونی تەندروستی مرۆڤ و لەناوبردنی بژێوی ژیان و بڵاوبوونەوەی هەژاری و دروستبوونی ململانێ و پاشان هەڵگیرساندنی جەنگ و دروستبوونی ناسەقامگیری، بەتایبەت لە نێوان وڵاتانی بەشدار لە ئاوزێڵی ڕووبارە هاوبەشەکاندا، لەبەرئەوە پێشبینی دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا گرفتی کەمئاوی زیاتربێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی سەرچاوەکانی ئاو دەبێتەوە، کە لە لقی دواتردا ڕوونیدەکەینەوە.

**لقی دووەم/ مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی فەرمی دانی بەوەداناوە کە ئاو دەرامەتێکی دەگمەنە، ڕاگەیاندنەکانی (دبلن) لە ساڵی (١٩٩٢) ئاشکرایان کردووە کە دەرامەتە ئاوییەکان دەرامەتی بێکۆتا نین، بەڵکو دەکەونە بەر هەڕەشە و مەترسی[٤]، لەبەرئەوە لێرەدا بە پێویستی دەزانین گرنگترین ئەو هەڕەشە و مەترسییانە بخەینەڕوو، کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاوی وڵاتان دەبنەوە، لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

---

١- فؤاد قاسم الأمیر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٠٧-٢٠٨.

٢- سەمەد محمەد، وتار لە پێگەی ئەلیکترۆنی heremnews، ٢٠٢٢/٣/٢٣، بەردەستە لەم لینکە- https://haremnews.com/detailsWtar/٣٢٥٦. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/١٢/٥

*- ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی فرەلایەنە، ئەرکی کۆکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی بڕیاربەدەستان ڕازی بکات کە ئاو لەپێشەنیەیەکی سیاسی گرنگە بۆ گەشەسەندنی بەردەوام وگرنگی دەدات بە کەمی ئاو و پاراستنی و گەشەپێدانی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پێگەی فەرمی ئەنجومەنەکە، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە: https://www.worldwatercouncil.org/en/world-water-council. بەرواری سەردان ٢٠٢٣/٣/٧

٣- د. محمد عبده ایمانی، مصدر سبق ذکره، ص٧٠.

٤ -Rezhwan Harun and The other, Analysis of Factors that influence the Willingness to Pay for Irrigiation Water in the Kurdistan Regional Government, Iraq, journal/sustainability, ٧, ISSN ٢٠٧١-١٠٥٠, ٢٠١٥, P ٩٥٧٥.

**یەکەم/** کەمی دەرامەتەکان و ناهاوسەنگی دابەشبوونی لە جیهاندا

کۆمەڵگاکان بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی کێشەیەکی ڕاستەقینە بوونەتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کەمی دەرامەتە سروشتییە بەردەستەکان، بەتایبەتیش دەرامەتە ئاوییەکان[1]، لە ساڵی (١٩٩٩) کاتێک ژمارەی دانیشتوانی جیهان (٦ ملیار) کەس بوو، زیاتر لە دوو لەسەر سێیان ناچاربوون بە کەمتر لە (٥٠ لتر) ئاو لە ڕۆژێکدا ژیان بەرنەسەر، لە ئێستاشدا کەمئاوی بووەتە کێشەیەکی جیهانی و بەشی تاک لە ئاو ساڵانە بەردەوام دادەبەزێت[2]، بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەردەوام گەشەدەکات و چالاکییە ئابوورییەکانی زیاد دەکات، ئەوەش وادەکات خواست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی زیاد ببێت، بەڵام دەرامەتەکانی ئاو لەسەر زەوی هەر ئەوندەن کە هەن.[3]

لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونی دەرامەتە ئاوییەکان لەسەر زەوی ناهاوسەنگە و باڵانسی ئاوی سازگار لە ڕووی چەندێتییەوە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاوازە، بە جۆرێک (٢٣) وڵات خاوەنی دوو لەسەر سێی دەرامەتە ئاوییەکانی جیهانن، ئەو وڵاتانەش (١٤) یان لە یەکێتی ئەوروپا، بەرازیل، کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیندستان، ئەندەنوسیا، ڕوسیان، لەکاتێکدا ئاسیا (٦٠٪) دانیشتوانی گۆی زەوی تێدایە، بەڵام تەنیا (٣٦٪) دەرەمەتی ئاوی سەرزەوی لێیە؛ وڵاتانی ئەمریکای باکور و ئەمریکای ناوەڕاست (١٥٪) دەرامەتی ئاوی سەرزەویان هەیە لە بەرامبەردا (٨٪) دانیشتوانی جیهانیان تێدا نیشتەجێیە؛ سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبی کە زەوییەکانیان (١٠,٣٪) ڕووبەری گۆی زەوی پێکدێنێت و ژمارەی دانیشتوانیان ڕێژەی (٤,٥٪) دانیشتوانی جیهان پێکدێنێت، تەنیا خاوەنی (٠,٤٣٪) لە دارامەتی ئاوی نوێبووەوەی سەرزەوین، تەنیا (٢٪) بارانی سەرزەوی لێدەبارێت[4]؛ واتا لە وڵاتانی بەرازیل، روسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا...وهتد، بڕی ئاو دەگاتە ئەوپەڕی، بەڵام لە وڵاتانی دیکەی وەکو پاکستان، ئەفغانستان، عێراق، سوریا، ئیسرائیل، یەمەن، میسر ...وهتد، بە وڵاتانی زۆر کەمئاو دادەنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا لەو وڵاتە کەمئاوانەدا لە ڕووی کاتیشەوە داهاتی ئاو ناهاوسەنگە بە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە وەرزەکانی ساڵدا ڕوودەدات کە داهاتی

---

١- أنور عبدالزهرة شلش العتابي، الموارد المائية فى العراق بين تحدى السياسات وفرص الاستدامة، رسالة مقدمة إلى مجلس كلية الإدارة والإقتصاد وهي جزء من متطلبات نيل درجة ماجستير فى العلوم الإقتصادية، جامعة المستنصرية، ٢٠١٤، ص ص٨-٩.

٢- زياد خليل الحجار، مصدر سبق ذكره، ص ص١٠-١١.

٣ - Binaya Kumar Mishra, Pankaj Kumar and The others, Opcit, p p ١-٢.

٤- محمد العربي بوقرة، معارك المياه من اجل موورد مشترک للإنسانية، ت: د. غازى برو، ط١، دار الفارابى، لبنان ٢٠٠٦، ص١١٠.

ئاو لە زستاندا زۆرە بەهۆی دابارین و لە هاویندا کەم دەبێتە بە هۆی نەمانی یان کەمبوونەوەی دابارین.[1]

ئەو ناهاوسەنگییە وایکردووە پشکی ساڵانەی ئەو ئاوەی کە نوێدەبێتەوە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە بگۆڕێت، بۆنمونە لەسەر ئاستی جیهان پشکی تاک لە (ئایسلاند) گەورەترین پشکە، کە تێیدا پشکی تاک دەگاتە (٦٥٤٠٠م$^{3}$) لە ساڵێکدا، لەکاتێکدا تاکی میسر کەمترین پشکی هەیە لە جیهاندا کە (٤٤م$^{3}$) لە ساڵێکدا[2]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر خشتەی ژمارە (١) بەرکەوتەی تاک لە هەندێک وڵات لە جیهاندا ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١) بەرکەوتەی تاکەکەس بە (م$^{3}$/ساڵ) لە دەرامەتی ئاوی سازگار بۆ ساڵی (٢٠١٣).

| وڵات/ ناوچە | ئاوی سازگار (م$^{3}$/ساڵ) |
|---|---|
| نیشتیمانی عەرەبی | ٩٠٠ |
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ١٩٠٠٠ |
| بەڕازیل | ٣٥٠٠٠ |
| ترکیا | ١٧٢٠٠ |
| لوبنان | ١٦٤٥ |
| عوممان | ١٢٤٦ |
| ئوردن | ٧٠٠ |

سەرچاوە: د. هەڵەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٧، ل١٩.

ئەو جیاوازییە لە زۆرێک لە وڵاتاندا بووەتە سەرچاوەی کێشە و ناکۆکی، بۆنمونە کێشەی نێوان ئیسرائیل و سوریا لەسەر ڕووباری یەرموک لە ساڵی (١٩٦٧) وایکرد ئیسرایل بە فڕۆکە بۆردومانی ئەو بەنداوە بکات کە سوریا لەسەر ڕووباری یەرموک دروستیکردبوو و خاپوریکرد، سەرباری هەبوونی پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە لە جنێف واژوکراوە لە ساڵی (١٩٤٧) سەبارەت بە قەدەغەکردنی بۆردوومانی بەنداوەکان، بە هەمان شێوە لە ساڵی (١٩٧٠) ئەوەندەی نەمابوو شەڕێکی چەکداری سەرهەڵبدات لە نێوان سوریا و عێراق لەسەر ئاوی فوڕات، لە ئەنجامی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبارەکە کە لە سوریاوە دەڕژایە عێراق[3]، هەروەها کێشەی نێوان (میسر و ئەسیوبیا، عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران) یەکێکی دیکەن لە کێشە ئاوییەکانی نێوان وڵاتان لە ئێستادا، کە لە ئەنجامی ناهاوسەنگی دابەشبوونی دەرامەتی ئاوە تێیاندا و جڵەوکردنی لەلایەن وڵاتانی سەرچاوەوە، کە وادەکات ئەو ئاوەی لە وڵاتانی سەرچاوەوە دەڕژێتە

١- د. ئومێد نوری حمە ئەمین، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا(کتێبی یەکەم)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٢٩-٣٣.

٢- هاني نبيل صبحي شراب، الأمن المائي العربي : نهر النيل نموذجا، قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير فى العلوم السياسية من كلية الاقتصاد والعلوم الادارية – جامعة الازهر/ غزة، ٢٠١٥، ص٢٣.

٣- محمد العربي بوقرة، مصدر سبق ذكره، ص١٣٣.

وڵاتانی دیکە کەمبێت و زۆرکات بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی وڵاتانی ڕێژگە ناکات، ئەمە زیاتر لە نێوان ئەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە پێکەوە لە ڕووبارێک یاخود سەرچاوەیەکی دیکەی ئاودا بەشدارن.

**دووەهەم/** زۆربوونی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەر ئاو

زۆربوونی دانیشتوان بە گرنگترین ئەو مەترسیانە دادەنرێت کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ڕێژەی دانیشتوان لە هەموو جیهاندا زیاد دەکات، ئەگەر سەیری ئامارەکانی ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە ساڵی (١٩٥٠) دا بکرێت دەبینرێت تەنیا (٢,٥ملیار) کەس هەبووە لە جیهاندا، بەڵام لە ئێستادا لە سەرو (٦,٥ ملیار) کەسە و پێشبینی دەکرێت لە ساڵی (٢٠٥٠) ژمارەی دانیشتوانی جیهان بگاتە (٨,٩ ملیار) کەس[١]، ئەم زیادبوونە خێرایەی دانیشتوان کە بە بۆمبی دانیشتوان ناودەبرێت، گوزارشتە لەو گەشەکردنە خێرایەی دانیشتوان کە جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت و سەرئەنجام دەبێتەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئاو، کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە مرۆیی و ژینگەییەکان؛ لەگەڵ ئەوەشدا بە نزیکەیی (٩٢٪) ڕێژەی ساڵانەی زیادبوونی دانیشتوان لە جیهاندا لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە لە هەریەکە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینن، کە (٧٧٪) دانیشتوانی جیهانیان تێدا نیشتەجێیە، لەکاتێکدا توانای ئەم زیادبوونەشیان نییە لە ڕووی دەرامەتە ئاوییەکانەوە[٢]، چونکە ڕێژەیەکی کەم لە دەرامەتی ئاوی سازگاریان هەیە بەراورد بە ژمارە و گەشەی دانیشتوانیان.

پێداویستییە ئاوییەکان کاریگەرە بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتوان، لەبەرئەوە چاوەڕێدەکرێت پێداویستییە ئاوییەکان زیاتر ببێت، بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی و پیشەسازی و ژیانی مۆدێرنەوە کە پێویستی بە بڕێکی زۆرتر لە ئاو هەیە[٣]، کاتێک لە سەدەی بیستەم ژمارەی دانیشتوانی جیهان سێ هێندە زیادیکرد، بەکارهێنانی ئاو شەش هێندە زیادیکردووە[٤]، سەرئەنجام ئەوەش دەبێتەهۆی زیادبوونی پێشبڕکێ لە نێوان وڵاتاندا بۆ بەدەستهێنانی ئاوی زیاتر لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان، ئەوەش ئەگەری بەریەککەوتن و دڵەڕوکێی سەربازی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر دەکات.

بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراک (FAO) لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویانکردۆتەوە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە پێویستە بەرهەمهێنانی خۆراک زیادبکرێت بە ڕێژەیەک

---

١- فؤاد قاسم الأمیر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٠٥-٢٠١٤.

٢- أنور عبدالزهرة شلش العتابي، مصدر سابق ذکره، ص٩.

٣- کاروان ئەحمەد حمە صاڵح، کاریگەری ئاو لەسەر دۆزی کورد لەعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٤.

٤- زیاد خلیل الحجار، مصدر سبق ذکره، ص١٠.

کەمتر نەبێت لە (٢٩٪)، بۆ پڕکردنەوەی ئەو خواستەی کە بەردەوام زیاد دەکات بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی.[١]

لە کاتێکدا بە پێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ساڵانی (٢٠٢١) و پێشوتردا بڵاوکراوەتەوە، زەنگی ئاگادارکردنەوەی لە سەرانسەری جیهان لێداوە کە ئاسایشی خۆراکی ملیۆنان کەس لە مەترسیدایە –کە زۆربەیان منداڵن- و بەردەوام ڕێژەکە لە بەرز بوونەوەدایە، بۆنمونە لە ساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی (٨,٤٪) دانیشتوان ڕووبەڕووی کەمی خۆراک ببونەوە بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٩,٩٪) ی دانیشتوانی جیهان و زۆربەشیان دەکەونە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین[٢]، هەر لەم بارەیەوە لە کۆنگرەیەکدا کە لە سعودییە بەسترا لەسەر پرسی کەمئاوی لە (ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕوژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا) ئەوە ئاشکراکرا (٦٥٪) دانیشتوانی ناوچەکە ئاسایشی خۆراکیان ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی گەورە بووەتەوە، کە هۆکارەکەی کەمئاوییە بەهۆی ئەوەی بەشی پاراودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان ناکات[٣]، هەرلەبەرئەوەشە بەو ناوچانەی کە کەمترین ئاستی ئاویان هەیە بۆ تاک بە هەرێمی برسی وەسفکراون[٤]، سەرەنجام زۆربوونی دانیشتوان لە سەدەی بیست ویەکدا بووە بە قەیرانێک و کۆمەڵێک قەیرانی دیکەشی لەگەڵ خۆیدا هیناوە وەک برسێتی، زیادبوونی ڕێژەی مردنی منداڵان و کەمئاوی.

چونکە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی پشکی تاک لە ئاو و دواتر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەو خراپی دەچێت، بەهۆی ئەوەی کە وڵات ناتوانێت بڕی پێویست لە خۆراک بەرهەم بهێنێت بۆ هاوڵاتیان بەتایبەت ئەوانەی کە توانای پێویستیان نییە بۆ هاوردەکردنی خۆراک[٥]، زیادبوونی دانیشتوان وادەکات سەرجەم سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئاوی زیاتر بەکاربێنن لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوان لە خۆراک و جێگە و خزمەتگوزاری ئاوەڕۆ...وهتد، دواتریش پیسبوونی ئاو بەدوای خۆیاندا دێنێت، بەهۆی زیادبوونی پاشەڕۆکان و فڕێدانی بۆناو سەرچاوەکانی ئاو، هەموو ئەوانەش ئاماژەن بۆ ئەو پەستانە زۆرەی کە دەکرێتە سەر دەرامەتی ئاوی بەردەست لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان.

---

١- نقلا عن: زياد خليل الحجار، نفس المصدر السابق، ص١٣.

٢- منظمة الصحة العالمية، تقرير صادر عن الأمم المتحدة: سنة الجائحة تميزت بارتفاع حاد في الجوع في العالم،، ١٢/تموز/٢٠٢١، متوفر على الربط الآتي-
https://www.who.int/ar/news/item/١٢-٠٢-١٤٤٢-nu-report-pandemic-year-marked-by-spike-in-world-hunger تأريخ الزيارة ٢٠٢٣/٣/٩.

٣- نقلا عن: زياد خليل الحجار، مصدر سبق ذكره، ص١٧٨-١٨٠.

٤- أنور عبدالزهرة شلش العتابي، مصدر سبق ذكره، ص٩.

٥- د. ياسر محمد عثمان حماد، الأمن المائي العربي- الواقع والمهددات (دراسة تحليلية إستراتيجية)، مجلة جامعة شندي، العدد الثامن، يناير ٢٠١٠، ص١١٠.

**سێیەم/** بەفیڕۆدان و خراپ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان

یەکێکی دیکە لە ئاڵنگاری و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ئاو خراپ بەڕێوەبردن و بە فیڕۆدانی دەرامەتە ئاوییەکانە، ئەوەش لەلایەک بەهۆی کەمی دامەزراوەی پەیوەندیدار بە دەرامەتە ئاوییەکان و پەرتەوازەیی و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان پێکهاتەکانی بڕیاردان و لاوازی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر دەرامەتەکانی ئاو لە ناوخۆی وڵاتێکدا و لە نێوان وڵاتانی هاوبەش لە ڕێڕەوی ئاوی، سەرباری نەبوونی کادری تەکنیکی و کارگێری کە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەرامەتەکانی ئاو بەڕێوەبەرێت[1]، هەروەها بەهۆی گوێپێنەدان بە پرۆسەی باش بەکارهێنانی دەرامەتەکانی ئاو لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا، بۆنمونە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە بواری ئاودێری وەک پرژاندن و دڵۆپاندن، کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی بڕی بەفیڕۆدان، چونکە هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە وڵاتان بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا تەکنیکی کۆن بەکاردەهێنن بۆ ئاودێری، کە دەبێتەهۆی بەفیڕۆدانی بڕێکی زۆر لە ئاو[2]، لەم بارەیەوە توێژینەوە عەرەبییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (٨٣٪) ئەو ئاوەی کە لە بواری ئاودێری و کشتوکاڵدا بەکاردێت بەفیڕۆدەچێت[3]، بە هەمان شێوە لە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی ئاو و بواری بەکارهێنانی ناوماڵیشدا بڕێکی زۆر ئاو بەفیڕۆدەدرێت، بەتایبەت لە وڵاتانی عەرەبی، بەوپێیەی زۆربەی تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو کێشەی کۆنی و کونبوون و لیچوون و نۆژەند نەکردنەوەیان هەیە، کە دەبێتەهۆی زیادبوونی ڕێژەی ونبوون و بەفیڕۆدان، لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتێکی بانکی جیهانی کە لە ساڵی (٢٠٠٦) دەربارەی ئاو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت؛ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە هیچ بەهایەک بۆ ئاو دانانێن و بەفیڕۆی دەدەن لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا، بۆنمونە لە مۆریتانیا ساڵی (٢٠٠٨) ڕێژەی ئاوی بەفیڕۆچوو نزیکەی (٣٨٪) بووە، لە یەمەن سەرباری گیروگرفتی توندی کەمئاوی ڕێژەی ئاوی بەفیڕۆچوو بە (٢٠-٦٠٪) خەمڵێنراوە، ڕێژەی ئاوی بەفیڕۆچوو لە وڵاتانی عەرەبی بەگشتی لە نێوان (١٥-٥٠٪) یە، کە زۆر زیاترە لەو بڕەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەفیڕۆدەچێت[4]، لە ئەنجامی لاوازی لە بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لەلایەن حکومەتەکانی ناوچەکەوە بڕێکی زۆر لە ئاوی بەکارهێنراو بەفیڕۆدەچێت و ئەوەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئاو لەو وڵاتانەدا.

**چوارەم/** سیاسەتی ئاوی وڵاتانی سەرچاوە

١- د. يوسف صلاح الدين يوسف نصر، دور الشريعة الإسلامية فى تحقيق وتعزيز الإمن المائى(دراسة فقهية)، مجلة كلية الشريعة والقانون، جامعة الأزهر، العدد الثالث والثلاثون، مجلد الثانى- جزء الأول، يوليو ٢٠٢١، ص٥٧٧.

٢- د. ياسر محمد عثمان حماد، مصدر سبق ذكره، ص١١١.

٣- د. رضا عبدالجبار سلمان، التحديات التي تواجه الأمن المائي العربي، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد الثامن، العدد الأول والثاني، ٢٠٠٥، ص١٥.

٤- نقلا عن: رشيد فراح، الأمن المائي العربي والأخطار التي تهدد سلامته، مجلة معارف، السنة الخامسة، العدد الثامن، حزيران ٢٠١٠، ص ص٢٨٨-٢٨٩.

واقعی جوگرافی هەندێک وڵات وایە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان پشت بەو ڕووبارانە دەبەستن کە لە دەرەوەی سنوری خاکی خۆیان سەرچاوە دەگرن، واتا لەلایەن وڵاتانی دیکەوە جڵەوگیرکراوە، بۆنمونە نزیکەی (٦٦٪) دەرامەتە ئاوییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان لەو ڕووبارانەوە سەرچاوەدەگرن کە لە دەرەوەی وڵاتانی عەرەبییەوە هەڵدەقوڵێن[١]، لەبەرئەوە هەر پرۆژەیەکی ئاوی کە وڵاتانی سەرچاوە جێبەجێیدەکەن، لە ڕیگەی دروستکردنی بەنداو یان گۆڕینی ڕێڕەوی ئاو یان هەر پرۆژەیەکی دیکەی ئاوی بە مەبەستی فراوانکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکانیان یان پیشەسازییەکانیان... وهتد، ئەوا کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاوی وڵاتانی ڕێژگە دەبێت و دەبێتە هۆی سنوردارکردنی بڕی ئاوەکە بۆیان، بەو هۆیەوە چەندین لێکەوتەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئاوەکەیان تێدەڕژێت (وڵاتانی ڕێژگە)، لەوانە: کەمبوونەوەی بڕی ئاوی هاتوو، زۆربوونی ڕێژەی پیسبوونی ئاو، ئەمە جگە لە کاریگەرییەکەی بۆ سەر کۆی سیستەمی ژینگەیی ناوچەکە، وەکو پیسکردنی خاک و زیادکردنی ڕێژەی خوێ لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا.. وهتد[٢]، کە دواتر کەمبوونەوە و پیسبوونی ئەو سەرچاوە ئاویانە لە وڵاتانی ڕێژگە کاریگەری لەسەر کۆی پێداویستییە ئاوییەکانیان دەبێت، واتا کاریگەریی لەسەر کۆی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ژینگەیی ئەو وڵاتانە دەبێت و دەکرێت ببێتەهۆی دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر ژیانی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە، لەکاتی بەردەوامیدان بە سیاسەتی جڵەوکردنی ئەو ئاوانە، سەرەنجام بە قاتوقڕی و کۆچ و هەژاریی کۆتایی دێت یاخود دەبێتە هۆی ململانێ و پاشان جەنگی ئاوی ئەگەر چارەسەر نەکرێت.

هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە نیگەرانییەکان زیاتربێت سەبارەت بە پرسی ئاوە هاوبەشەکان، چونکە پشتبەستنی چەند وڵاتێک بە سەرچاوەیەک وا لە ئاو دەکات ببێتە ئامرازێک کە ئامادە بێت لە هەر کێشەیەکی سیاسیدا، بەوپێیەی ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی ئاوەکەیان تێدایە دەتوانن لە زۆر ڕووەوە ڕۆچوونی ئاوەکە بۆ وڵاتانی ڕێژگە جڵەوگیر بکەن[٣]، وەک ئەوەی لە ئێستادا بە کرداری هەستی پێدەکرێت، وڵاتانی سەرووی ڕێڕەویی ئاوی ڕووبارەکان کاردەکەن بۆ دروستکردنی بەنداو یان گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بەبێ گوێدانە مافی ئاوی وڵاتانی ڕێژگە ، بەوەش زیان بەر بەشە ئاوی وڵاتانی ڕێژگە دەگات و ناتوانن بەو بەشە ئاوە پێداویستییە ئاوییەکانیان پڕبکەنەوە، سەرەنجام ئاسایشی ئاویان دەکەوێتە مەترسییەوە[٤]، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستەبەری نێودەوڵەتی و نا پابەندی یاسا نێودەڵەتییەکان، وەک ئامرازێک بۆ چارەسەر و ڕێکخستنی کێشەی ئاوە هاوبەشەکان، هەروەها نەبوونی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە[٥]، بەوشێوەیە پرسی دابەشکردنی ئاو بووەتە

١- إيمان بكر أبو الهوى، مصدر سبق ذكره، ص٤١.

٢- د. يوسف صلاح الدين يوسف نصر، مصدر سبق ذكره، ص٥٧٦-٥٧٧.

٣- ئەندەرس یاگەرسگوک، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢.

٤- د. حامد عبيد حداد، تحديات الأمن المائي للعراق (لحوضي دجلة والفرات)، مجلة دراسات الدولية، جامعة بغداد، العدد ٥١، ص٨٩-٩٢.

٥- د.عبداللطيف جمال رشيد، الموارد المائية فی العراق، ط١، مطبعة پيرەمێرد، السليمانية ٢٠١٧، ص٣٤.

هەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری لە جیهاندا بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت، بەوپێیەی زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە پشت بەو سەرچاوە ئاوییانە دەبەستن کە لە دەرەوەی سنوری جوگرافیانەوە سەرچاوەدەگرێت، وڵاتانی سەرچاوەش بەبێ گوێدانە پێداویستییە ئاوییەکانی وڵاتانی خواروی ڕێڕەوی ئاوی کار بۆ جڵەوکردنی ئەو سەرچاوانە دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابورییەکانیان دژی وڵاتانی ڕێژگە.

لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتێکی گەشەپێدانی مرۆیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە هۆشداریداوە لە قەیرانی ئاو، کە دەبێتەهۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکاندا هاوبەشن[١]، چونکە هەریەکەیان هەوڵدەدات تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت سود لە ئاوەکانی وەربگرێت، لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری گەورە و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ڕووبارانە لەلایەن وڵاتانی سەرچاوەوە، وەک ئەو بەنداو و پرۆژانەی لە وڵاتانی (تورکیا، ئێران و ئەسیوبیا) دروستکراون، کە لە ئێستا و ئاییندەدا کاریگەری زۆر ترسناک و خراپیان لەسەر ئاسایشی ئاو، ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ڕێژگە دەبێت، وەکو عێراق، میسر، سودان و وڵاتانی دیکەی ڕێژگە، ئەوەش دەکرێت جەنگی ئاوی لێبکەوێتەوە کە جیهان  بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبات، ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر نەکرێت.[٢]

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ یەکێکی دیکە لە مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕێڕەوی ئاوی هاوبەشیان هەیە و دەرامەتە ئاوییەکانیان لە وڵاتانی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو سیاسەتە ئاوییەیە کە وڵاتانی سەرچاوە پەیرەوی دەکەن لە هەمبەر ڕووبار و ئاوە هاوبەشەکاندا، بەبێ گوێدانە مافی بەشە ئاوی وڵاتانی خوارووی ڕێڕەوەکە (ڕێژگە) و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە هاوبەشەکان، ئەوەش دەبێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئاو بەتایبەتی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ڕێژگە بە شێوەیەکی گشتی، پاشان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، چونکە بەردەوامیدان بەو سیاسەتە لەلایەن وڵاتانی سەرچاوەوە ئەگەری دروستبوونی جەنگ لەسەر ئەو سەرچاوە ئاوییانە خێراتر دەکات، کە دەکرێت ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە.

**پێنجەم/** گۆڕانی کەشوهەوا

---

١- سلامى عثمان، الأمن المائي ومخاطر المستقبل في الجزائر (دراسة حالة مدينة المسيلة)، مذكرة لنيل شهادة الماجستير أكاديمي، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، معهد تسيير التقنيات الحضرية/قسم تسيير المدينة، سنة ٢٠١٧-٢٠١٨، ص١٠.

٢- عەبدولموتەلیب ڕەفعەت، کەمبوونەوەی ئاو.. قەیرانی داهاتووی مرۆڤایەتی، پێگەی ئەلیکترۆنی Politic، ٢٢-٠٣-٢٠٢٠، لینک- https://politicmedia.net/detailnewspo.aspx?jimare=٩٤١٤&cor=٢&related بەرواری سەردان ٢٧-٠٤-٢٠٢٢.

کەشوهەوای گۆی زەوی بە درێژایی مێژووی خۆی لە گۆڕانکاری بەردەوامدا بووە، جیهان لە سەدەکانی پێشوودا گۆڕانی گەورەی کەشوهەوای بەخۆوە بینیوە، بەڵام دەرئەنجامی هۆکارە سروشتییەکان بووە، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات و چاوەڕێدەکرێت لە داهاتوودا زیاتربێت دەرئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤە، ئەوەش مەترسییەکەی زیاترکردووە[1]، چونکە بەردەوام مرۆڤ چالاکییە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانی زیاد دەکات، ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر لە گازە ژەهراوییەکان دەردەدرێتە هەواوە کە دەبێتەهۆی گەرمبوونی زەوی و پیسکردنی ژینگەی سروشتی، ئەم گەرمبوونە و فاکتەرەکانی دیکە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری بەرچاو لە کەشوهەوای جیهان، بەوپێیەی هەندێک ناوچەی جیهان وشکەساڵی توند بەخۆیانەوە دەبینن و هەندێکی دیکەش لافاو و باران و بەفر و لە هەندێکی تریشدا پلەی گەرمی زۆر بەرز تۆمار دەکرێت، ناوچە کەناراوەکان و دوورگەکان شایەتحاڵی بەرزبوونەوەی ئاستی دەریان[2]، کە هۆکارەکەی توانەوەی بەستەڵەکەکانە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە و کە دەبێتەهۆی زیادبوونی ئاوی دەریاکان.

بەڵگە زانستییەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ئەو کاریگەرییانەی کە بەجێیدێڵێت گەورەترین ئاڵنگارییە کە ڕووبەڕووی داهاتووی سەرچاوە ئاوییەکان و مرۆڤ دەبێتەوە لە سەدەی بیستویەکدا، ئەم ئاگادارکردنەوەیە لەسەر زاری سەرۆکی (تیمی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا) (IPCC)*، لە لوتکەی کەشوهەوا لە کۆپنهاگن لە (٢٠٠٩/١٢/١٨) دا ڕاگەیەنرا، ئاماژە بەوەدەکات "گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بوونەتە ڕووداوێکی ڕاستەقینە، بەوپێیەی کە گۆڕانکاری لە شێوازی بارانبارین ڕوویداوە، بە جۆریک بەرزترین ئاستی بارین لە پانتاییە باڵاکان و نزمبوونەوەی ئاستی بارین بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەندێ ناوچەی گەرم و نیمچە گەرم تۆمارکراوە، لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست ئەم گۆڕانکارییانە زیاتر و فراوانتر دەبن".[3]

لە ئێستادا دەبینرێت گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بوونەتەهۆی کەمبوونەوەی تێکڕای بارانبارین و زیادبوونی دیاردەی وشکی و بەبیابان بوون لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و جیاوازی لە بڕ و کاتی باران دروستبووە، ئەوەش کاریگەری قوڵی لەسەر ژیانی مرۆیی بەگشتی دەبێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە پلەی گەرما

---

١- اياد عبد علی سلمان الشمری، أثرالتغيرات المناخية فی تفاقم مشكلة شحة المياه فی العراق، مجلة ميسان للدراسات الأكاديمية، المجلد ١١، العدد ٢١، كانون الأول ٢٠١٢، ص٦٦.

٢- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمری، مصدر سبق ذكره، ص١٥.

*- (IPCC) دەستەیەکی حکومی نێودەوڵەتییە تایبەتمەندە بە گۆڕانی کەشوهەوا، لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراوە بۆ پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندنی گشتگیر بۆ تێگەیشتنی زانستیانە وهونەری وکۆمەڵایەتی وئابووری بۆ گۆڕانی کەشوهەوا؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. مەدیحە سۆفی، ڕاپۆرتی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی کەشوهەوا IPCC چ هۆشدارییەک بە جیهان دەدات؟، لە پێگەی ئەلیکترۆنی ترانسکلتوور، ١٨/ ئاب/٢٠٢١، بەردەستە لەم لینکە- https://trans-cultures.fr/-ڕاپۆرتی/ئەنجومەنی-نێودەوڵەتی-کەشوهەوا-. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٤.

٣- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمري و عباس حمزة علي الشمري، التحديات التي توجه الأمن المائي، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، مجلد الخامس عشر، العدد١، ٢٠١٢، ص ص٥٨-٥٩.

تییاندا بەرزە و لە هەمان کاتدا ئاویشیان کەمە[1]، وەک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان؛ لەو بارەیەوە ئاژانسی نیشتیمانی بۆشایی و ئاسمانی ئەمریکا کە بە ناسا (NASA) ناسراوە، لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە (ئاداری ٢٠١٦) بڵاویکردۆتەوە، باسی لەو تەوژمە توندەی وشکی کرد کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٨-٢٠١٢) ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ناسا)، ناوچەکە لە ماوەی (٩٠٠) ساڵی ڕابردوودا تەوژمی لەو شێوەیەی بەخۆوە نەدیوە، کە ئەوەش دەبێتە وەرچەرخانێکی گەورە لە پاشەکشەی ئاوی سازگار و زیادبوونی دیاردەی وشکی لە ناوچەکەدا.[2]

لەلایەکی دیکەوە (IPCC)، ڕایگەیاند پێشبینی دەکرێت گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی لە زۆربەی ناوچە وشک و نیمچە وشکەکان هەبێت لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، بەوپێیەی هەر لە ئێستادا کاریگەریی لەسەر ئاوی بەردەست هەبووە[3]، بێگومان ئەوەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر مافی مرۆڤ لە دابینکردنی ئاوی پێویست و تەندروست بۆ بەکارهێنانی، هەروەها دەبێتەهۆی زیادبوونی کێبڕکێ بۆ ئاو لە نێوان کشتوکاڵ و سیستەمی ژینگە و نیشتەجێبووان وپیشەسازی و بەرهەمهێنانی وزە، بە شێوەیەک کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاو و وزە و ئاسایشی خۆراک لە ناوخۆی وڵاتان و لە نێوان وڵاتانیشدا، لەبەرئەوە چاوەڕوان دەکرێت ململانێکە سەختتر ببێت بەوپێیەی گۆڕانی کەشوهەوا دەرامەتە ئاوییەکان بەرەو دەگمەنی دەبات لە دوورمەودادا، چونکە کەمئاوی هۆکارێکی سەرەکییە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی و توندوتیژی و ئاوەرەبوون و نائارامی کۆمەڵایەتی .[4]

بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی (IPCC)، کە ئاماژە بە کەمبوونەوەی ئاوی سازگار دەکات بە ترسانکترین کێشەی دادەنێت کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی مرۆیی دەبێتەوە، بە هەمان شێوە لە ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە گەرمبوونی گۆی زەوی دەبێتەهۆی وشکبوونی ڕووبارەکان و دروستبوونی کێشەی دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ شارەکان[5]، هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا دیاردەی سەختی کەشوهەوای لێدەکەوێتەوە کە دووبارە دەبێتەوە بە شێوەی توندتر، ئەم دووبارە بوونەوەیەش مەترسییەکانی وشکەساڵی و لافاو و

---

١- د. كفاح صالح الاسدي و وسن هادي، الأمن المائي في العراق- المشكلات والمعالجات (محافظة البصرة نموذجا)، مركز دراسات الايرانية، ٢٠١٣، ص٨٢.

٢- وەرگیراوە لە: خالد سلێمان، گۆڕانی کەش لە کوردستان: ئاڵەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە، ئایندەناسی، ژ١١، کانونی دووەم ٢٠٢٢، ص٤٧.

٣- الأمم المتحدة حقوق الإنسان مكتب المفوض السامي، أسئلة يتكرر طرحها بشأن حقوق الإنسان وتغير المناخ، صحيفة الوقائع رقم ٣٨، نيويۆرک- جنيف ٢٠٢٢، ص١٢.

٤- خالد سلێمان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤٧.

٥- وەرگیراوە لە: د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وکاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٨، ل٧٦-٧٨.

گەردەلول زیاتردەکات[1]، سەرەنجام کەمی بەدەستگەیشتنی ئاو و کەمبونەوەی بڕی داهاتەکەی، خراپبوونی خاک، زیادبوونی ڕێژەی سوێری، کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی، زۆربوونی ڕێژەی شەپۆلەکانی خۆڵبارینی، زیادبوونی بە بیابانبوون و تێکچونی بەرهەمی کشتوکاڵی لێدەکەوێتەوە[2]؛ لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی خستوتەڕوو، کە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا سێیەکی زەوییە کشتوکاڵییەکان مەترسی بە بیابان بوونیان لەسەرە[3]، بێگومان ئەوەش کاریگەری لەسەر بەرهەمی خۆراکی دەبێت، لەکاتێکدا لە ئێستادا بەردەوام ژمارەی دانیشتوان لە زیادبووندایە و جیهان پێویستی بە ئاو و خۆراکی زیاترە.

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت؛ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بە یەکێک لە هەڕەشە ترسناکەکان دادەنرێت بۆ سەر ئاسایشی ئاو، بەوپێیەی لە ئێستادا کاریگەرییە نەرێنییەکانی بە ئاشکرا دەرکەوتووە بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشکی شێری ئەو گۆڕانکارییانە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەرکەوتووە، کە عێراق وهەرێمی کوردستانیش بەشێکن لەو ناوچەیە و شایەتحاڵی لێکەوتەی گۆڕانکارییەکانن، وەک دووبارەبوونەی وشکەساڵی و کەمبوونی ڕێژەی دابارین و چەند بارەبوونەوەی شەپۆلەکانی خۆڵبارین، بەڕادەیەک کە ئەوەی ئێستا دەبینرێت پێشتر شتی وا ڕووی نەداوە، هەموو ئەوانەش مەترسی ڕاستەقینەن بۆ سەر ئاسایشی ئاو کە دواتر چەندین لێکەوتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، ئەوەش پێویستی بە هەوڵ و کۆششی تەواوی وڵاتان هەیە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەو گۆڕانکاریانە و خۆگونجاندن لەگەڵیدا.

**شەشەم/** پیسبوونی ئاو

پیسبوونی ئاو یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی سەردەم، چونکە پەیوەندی بە هەموو جومگەکانی ژیانەوە هەیە و هیچی کەمتر نییە لە کێشەی کەمیی و بەفیڕۆدانی ئاو[4]، ئەم کێشەیە لە سەدەی نۆزدەوە دەرکەوتووە و بەردەوامیش لە زیادبووندایە، ئەوەش بەهۆی زیادبوونی چڕی دانیشتوان و هەمەجۆری چالاکییە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان و فڕێدانی پاشەڕۆی چالاکییە کشتوکاڵی و پیشەسازی و شارستانییەکان بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، دەرەنجامی ئەم کارانەی مرۆڤ وایکردووە زۆرینەی دەرامەتە ئاوییەکان لە جیهاندا خراپ ببن و سەرچاوەکانی ئاو پیس ببن، ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێ بۆ سەر ژیانی بەکارهێنەرانی و بەتایبەتیش بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ[5]، بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە

١- تقرير عن التنمية في الشرق الأوسط وشمال أفريقيا، مابعد ندرة المياه: الأمن المائي في الشرق الأوسط وشمال أفريقيا، مجموعة البنك الدولي، صx.

٢- د. يوسف صلاح الدين يوسف نصر، مصدر سبق ذكره، ص٥٧٥.

٣- جمس ئار. لی، جیۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا (گۆڕانکاری ئاووهەوا و ململانێی چەکداری جەنگی گەرم وسارد، و: د. هاوڕێ یاسین محمد امین، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٤، ل١٢-١٣.

٤- عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤٠.

٥- د. حسن أحمد شحاتة، تلوث البيئة (السلوكيات الخاطئة وكيفية مواجهتها)، ط٢، مكتبة دار العربية للكتاب، مارس ٢٠٠٢، ص٩٦-٩٧.

ساڵی (١٩٩٣) ڕایگەیاند، "پاراستنی ئاو لە پیسبوون واتا پاراستنی ژیان"[١]، چەندە کوالێتی ئاو خراپ بێت ئەوەندە توانای بەکارهێنانی کەم دەبێت، ئەوەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی هەبوونی و زیادبوونی دەگمەنی و زیابوونی مەترسییە تەندروستییەکانی، هەروەها زیان بە سیستەمی ژینگەییش دەگەیەنێت.

پیسبوونی ئاو دەتوانرێت پێناسە بکرێت بە بوونی پیسکەرەکان و توخمە نەخوازراوەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاودا، یان بە جۆرێک کە ڕێگە لە بەکارهێنانی ئاو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر وەک خواردنەوە و ئاودێری... وهتد، بگرێت[٢]؛ لە ئێستادا کێشەی پیسبوونی ئاو بە یەکێک لەو کێشانە دادەنرێت کە ڕووبەڕووی زۆرێک لە وڵاتان دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە گرفتی کەمی سەرچاوەکانی ئاویان هەیە وەک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە زۆربەیان دەکەونە ناوچەی وشک و نیمچە وشک، بەوپێیەی لەلایەکەوە بەهۆی کەمئاوییەوە گرفتدارن، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکانیانەوە دەناڵێنن؛ لە گرنگترین هۆکارەکانی پیسبوون بریتییە لە تێکەڵبوونی پاشەڕۆی ماڵان و پاشەڕۆی پیشەسازی و کشتوکاڵی بە سەرچاوەکانی ئاو[٣]، جا سەرچاوەکە ئاوی سەرزەوی بێت یاخود ژێرزەوی.

بەپێی ڕاپۆرتێکی کە لە سایتی فەرمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاداری (٢٠٢١) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەدات نزیکەی (٢,٢ ملیار) کەس دەستیان بە ئاوی پاک و سازگار ناگات پێویستیان بە چەندین کاتژمێر ڕێکردن و نۆرەگرتن هەیە بۆ بەدەستهێنانی چەند لیترێک لە ئاوی پاک و (٤,٢ ملیار) کەس ئاوەڕۆی پارێزراویان نییە[٤]، بەوهۆیەوە بەشێکی زۆریان گیرۆدەی نەخۆشی و گرفتی تەندروستی بوون، لەم بارەیەوە ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژە بەوە دەدەن ساڵانە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس بەهۆی نەبوونی ئاوی پاک و سیستەمی ئاوەڕۆی گونجاوەوە دەمرن.[٥]

پیسبوونی ئاو هەر لە کۆنەوە یەکێک بووە لە مەترسیدارترین هەڕەشەکان بۆ سەر ژیان و تەندروستی مرۆڤ، کاتێک لە ساڵانی (١٨٥٤) پەتای کۆلێرا لە لەندەن بڵاوبووەوە، بەهۆی پیسبوونی ڕووباری تایمز، سەرەنجام بووەهۆی مردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی لەندەن و

---

١- نقلا عن: محمد العربي بوقرة، مصدر سبق ذكره، ص٢١٧-٢١٨.

٢- د. حسن أحمد شحانة، مصدر سبق ذكره، ص٩٧.

٣- مها صبرى على السلقاوى، استخدام المياه العادمة المعالجة فى الزراعة في قطاع غزة (دراسة فى جغرافية البيئة)، قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير فى الجغرافيا من كلية الآداب بالجامعة الإسلامية-غزة، ٢٠١٣، ص٣٥.

٤- تقرير الأمم المتحدة، موقع الأمم المتحدة، ١٨/ئاذار/٢٠٢١، متوفر على الربط الآتى-
https://news.un.org/ar/story/٢٠٢١/٠٣/١٠٧٢٧٧٢ .تأريخ الزيارة ٢٠٢٣/٣/٩.

٥- نقلا عن: أم السعد شافعي، الأمن المائي، ص٤٨. منشور من موقع الآتي-
http://dspace.univ-setif٢.dz/xmlui/bitstream/handle/setif٢/١٧٥/MD١٢.pdf?sequence=١
بەرواری سەردان٢٠٢٢/٤/٣

دەوروبەری، هەمان دۆخ لە شارەکانی دیکەی ئەورووپاش بڵاوبووەوە؛ هەر بەهۆی پیسبوونی ئاوەوە چەندین نەخۆشی دیکە لە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە؛ لەوانە: مەلاریا، ئەسکەلارید، تریکۆسیفال*، بەهۆی نەخۆشییە ئاوییەکان ژمارەی گیان لەدەستدانی ساڵانە دەگاتە زیاتر لە (٢٥ ملیۆن) کەس[١]، لە هەرێمی کوردستانیش لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٧) نەخۆشی کۆلێرا بڵاوبوویەوە بەهۆی پیسبوونی ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتیان[٢]، لە ئێستاشدا ئاوی دەریاچە و ڕووبارەکان و ئاوی ژێر زەوی بە پاشەڕۆی کشتوکاڵی، شارستانی و پیشەسازی نەوت و ماددە تیشکدەرەکانی تر لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا پیسدەکرێن[٣]، لەکاتێکدا هاوڵاتیان ئەو سەرچاوە ئاوییانە بەکاردێنن بۆ خواردنەوە و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، ئەوەش وادەکات هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر تەندروستی بەکارهێنەرانی زیاتربێت.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەتوانین بڵێین؛ سنورداریێتی و دابەشبوونی ناهاوسەنگی دەرامەتەکانی ئاو، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ئەو خواستە زۆرەی کە لەسەر ئاو هەیە و بەردەوامیش لە زیادبووندایە، خراپ بەڕێوەبردن و بەفیڕۆدانی ئاو، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو و سیاسەتی ئاوی وڵاتانی سەرچاوە هەڕەشە و مەترسی ڕاستەقینەن لەسەر ئاسایشی ئاو لە جیهاندا، بە جۆرێک هەڕەشە لە مرۆڤ و ژینگە و بەردەستبوونی ئاوی سازگار دەکات، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە (هەرێمی کوردستان-عێراقیش بەشێکە لە ناوچەکە)، چونکە هەمیشە وەک نمونەی ئەو ناوچانە دەهێنرێنەوە کە کێشەی دەرامەتە ئاوییەکانیان هەیە و وەکو ناوچەی ململانێ و جەنگی ئاو سەیر دەکرێن بە هۆکاری ئەو فاکتەرانەی خرایەڕوو مەترسییەکان لەم ناوچەیە زیاترە.

بۆ زانینی دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لە بەشی دواتردا تیشک دەخەینەسەر بارودۆخی سروشتی و مرۆیی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی دەرامەتە ئاوییەکان و فاکتەرە سروشتییە کارتێکەرەکانی و شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دەرخستنی ئاڵنگاری و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو و زانینی دەرفەتەکانی چارەسەرکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

---

*- هەوکردنێکە کە بەهۆی کرمێکەوە لە ڕیخۆڵە گەورەدا دروستدەبێت، بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیسەوە کەسەکە توش دەبێت. سەرچاوە: محمد االعربي بوقرة، معارک المياه من أجل مورود مشترک للإنسانية، مصدر اسبق ذکره، ص٢٢٣.

١- محمد االعربي بوقرة، نفس المصدر السابق، ص٢٢١-٢٢٣.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وگاریگەرییەتی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٣.

٣- أم السعد شافعي، الأمن المائي، مصدر سبق ذکره، ص٤٨.

# بەشی دووەم : ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا بە شێوەیەکی سەرەکی باسی ئاسایشی ئاو لە (هەرێمی کوردستان)* دەکەین لە ڕێگەی دوو باسەوە، لە باسی یەکەمدا بارودۆخی سروشتی و کەشوهەوای هەرێمی کوردستان وەک فاکتەری سروشتی و کارتێکەری سەر دەرامەتە ئاوییەکان دەخەینەڕوو، پاشان تیشک دەخەینەسەر دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان بەوپێیەی بە بنچینەی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو دادەنرێن؛ لە باسی دووەمیشدا بەکارهێنانەکانی ئاو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێمی کوردستان و سیاسەتی هەرێم سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان تاوتوێ دەکەین.

## باسی یەکەم : دەرامەتە ئاوییەکان و فاکتەرە سروشتییە کارتێکەرەکانی سەری لە هەرێمی کوردستان

ئاسایشی ئاو لە هەر وڵاتێک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و پشت بە کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی دەبەستێت گرنگترینیان دەرامەتە ئاوییەکانن، کە کاریگەرە بە کۆمەڵێک فاکتەری سروشتی، چونکە ئەو فاکتەرانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان، بۆیە لەم باسەدا تیشک دەخەینەسەر بارودۆخی سروشتی و کەشوهەوای هەرێم بەوپێیەی کە بە فاکتەری کارتێکەر لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان لەقەڵەم دەدرێن، پاشان دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەخەینە بەرباس:

### تەوەری یەکەم/ فاکتەرە کارتێکەرەکانی سەر دەرامەتە ئاوییەکان

لەم تەوەرەدا گرنگترین ئەو فاکتەرە سروشتیانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان و ئاسایشی ئاو تاوتوێ دەکەین، کە پێکهاتوون لە: (پێگەی گەردوونی، بەرزی و نزمی

---

*- مەبەست لە هەرێمی کوردستان یاخود هەرێم، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارمان هێناوە واتا (هەرێمی کوردستان-عێراق)، کە هەرچوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک وهەڵەبجە) دەگرێتەخۆ، واتا بێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی کارگێری ئێستای هەرێمی کوردستان؛ هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (١٩٩٢) وەک دیفاکتۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دروستبوو پاڵپشت بە بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دواتریش لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی (سەدام حسێن) لە ساڵی (٢٠٠٣)، لە دەستووری هەمیشەی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدراڵدا دانپێدانرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١) مێژووی پەرلەمانی کوردستان، سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە- https://www.parliament.krd/about-perliament/history-of-parliament بەرواری سەردان ٢٠٢٣/٣/١٠.

٢) بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان- عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان، هەولێر ٢٠٢٠، ل ٤٨-٧٠.

لە ئاستی ڕووی دەریا و پێگەی جوگرافی بەگوێرەی وشکانی و ئاو)، وەک ئەوەی لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین و دەیانخەینەڕوو:

**یەکەم/** پێگەی گەردوونی: پێگەی گەردوونی لە گرنگترین **ئەو** فاکتەرە سروشتییانە دەژمێردرێت کە کاردەکەنە سەر ئاووهەوا لە هەموو جیهاندا، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر بڕی باران و بەرزی پلەی گەرما و ڕێژەی شێ و بەهەڵمبوون؛ هەرێمی کوردستان دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا[١]،ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٦,٠٠٠) میلی چوارگۆشەیە (واتا نزیکەی ٤١,٠٠٠ کم٢)[٢]، لە نێوان هەردوو بازنەی پانی ( ٣٣,٧ ° - ٣٧,٢٢ ° ) باکور و نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤١,٨ –٤٦,١٨ °) ڕۆژهەڵات، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا[٣]، واتا دەکەوێتە ناوچەی نیمچە خولگەی باکوور[٤]؛ شوێن بەگوێرەی بازنەکانی پانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کەشوهەوا، هەربۆیە ئەم ئاستەی هەرێم تارادەیەکی زۆر بەرپرسە لە:[٥]

أ. گەورەیی مەودای گەرمی ساڵانە لە هەرێمدا، واتا ڕۆژە گەرم و وشکەکان زیاترە لە ڕۆژە سارد و بارانا وییەکان.
ب. دەرکەوتنی چوار وەرزەی ساڵ.
ت. دەرکەوتنی دیاردەی بارانی وەرزی لە هەرێمدا (واتا بارانبارین لە نیوەی زستانی ساڵ و هاوینی وشک).

**دووەم/** پێگەی جوگرافی سروشتی: هەرێمی کوردستانی عێراق بە چوار وڵات دەورە دراوە، کە ئەوانیش تورکیا لە باکورەوە ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە و سوریا لە ڕۆژئاوەوە وعێراق (کە بەشێکە لێی) لە باشورەوە[٦]، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی کیشوەری هەیە، وەک ئەوەی لە جوگرافیایی سیاسیدا پێناسە کراوە بە خاڵێکی لاوز دادەنرێت لە زۆر ڕووەوە، هەروەها بە دەوڵەتێکی ناوخۆیی

---

١- د. دیاری علی محەمەد ئەمین، سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی ٢٠١٤، ل٨-١٠.

٢- سلام عبدالقادر عبدالرحمن، شحة المياه في أقليم كردستان العراق: المشاكل مع إيران والحلول الممكنة، ت: أحمد وهاب طايس، مركز الرافدين للحوار، ص٣، رابط المقال الأصلي- www.muse.jhu.edu/article/٧٧٣١٥٧

٣- كامران أحمد حمه، العرض والطلب، على المياه للأغراض المنزلية والصناعية والخدمية فى مركز محافظة السليمانية خلال الفترة (١٩٩٠-٢٠٠١)، رسالة تقدم إلى مجلس كلية الإدارة والإقتصاد في جامعة السليمانية وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى العلوم الإقتصاد، أيار ٢٠٠٣، ص١١.

٤- د. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی-٢٠٠٦، ل١٦٦.

٥- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی ٣، چ٢، هەولێر ١٩٩٩،ل٦٦.

٦- سفين جلال فتح الله وبيشرو صمد توفيق، البعد الجيوبولتيكي لمقومات السياسة الخارجية لإقليم كوردستان العراق، مجلة جامعة كرميان، مجلد ٤، العدد ٤، كانون الأول ٢٠١٧، ص١٥٦.

یان داخراو دادەنرێت (Land locked state)[1]، چونکە ناڕوانێت بەسەر هیچ کەنداو و دەریا و زەریایەکدا، هەروەها شوێن بەپێی وشکانی و ئاوی کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ئاووهەوای هەرێمەکە هەیە[(٢)]، هەر ئەوەشە وایکردووە ئەوەندەی لەژێر کاریگەری چەندەها فاکتەری کیشوەریدایە ئەوەندە لەژێر کاریگەری فاکتەرە دەریاییەکاندا نییە، هەرچەند بەهۆی ئەو هەڵکەوتەی هەیەتی کەوتۆتە نێوان پێنج دەریا، کە بریتیین لە دەریای ناوەڕاست، دەریای سور، کەنداوی فارس، دەریای قەزوین و دەریای ڕەش، بەڵام تەنیا ئەو فاکتەرە دەرياییانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر ئاووهەوای هەرێم کە لە (دەریای ناوەڕاست و کەنداوی فارس) ەوە دێن و ئەوانی دیکە ناگەنە هەرێم، لەبەرئەوە سیمای کیشوەریانە بەسەر ئاووهەوای هەرێمدا زاڵە و هەر ئەوەشە وایکردووە کە مەودای ساڵانە و ڕۆژانەی پلەکانی گەرما مەودایەکی بەرزە و درێژە[٣]، هەربۆیە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لە هەرێم بە ڕوونی بە دیارکەوتووە و وایکردووە هەرێمەکە بەرەو وشکبوونی زیاتر بڕوات، کە دواتر ڕوونیدەکەوینەوە.

**سێیەم/** بەرزی و نزمی لە ئاستی ڕووی دەریا: ژینگەی سروشتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە دابەشکراوە بۆ دوو هەرێمی تۆبۆگرافی جیاواز، کە ئەوانیش بریتین لە ناوچە شاخاوییەکان و ناوچە نیمچە شاخاوییەکان، ناوچە شاخاوییەکان دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە بە نزیکەیی یەک لەسەر سێی خاکی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت بەرزییەکەیان لە نێوان (١٠٠٠–٣٦٠٠م) دایە، لەم ناوچەیەدا چەندین دەشتی بەرفراوان و چەندین بان هەیە کە زەوییەکانیان بە پیتە بۆ کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری[٤]، ناوچە نیمچە شاخاوییەکان دوو لەسەر سێی کۆی ڕووبەری هەرێمی کوردستان پێکدێنێت، بەرزییەکەیان لە نێوان (٢٠٠-١٠٠٠ م) دایە.[٥]

بەرزییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بڕی باران و پلەی گەرمی و بەهەڵمبوون، چونکە تا بەرزی زیاتربێت بڕی باران و بەفر زیاتر دەبێت و پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە و ڕێژەی بەهەڵمبوونیش کەم دەبێت[٦]، هەر ئەوەشە وایکردووە تا لە باشوری ڕۆژئاواوە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین پلەی گەرما نزمتر و بڕی باران زیاتر دەبێت[٧]، بۆنمونە لە ساڵی (٢٠٢١)

---

١- د. جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥، ص٢٧.

٢- سفين جلال فتح الله وبيشرو صمد توفيق، مصدر سبق ذكره، ص١٥٦

٣- د. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦٨-١٧٢.

٤- هاوڕێ یاسین محمد أمين، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی سلێمانی، ٢٠١١، ل٥٨-٦٩.

٥- الحزب الديمقراطي الكوردستاني (المكتب السياسي مكتب الدراسات والبحوث المركزي)، ط١، مياه كوردستان وآفاق المستقبل، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٦، ص٨.

٦- اياد عبد علي سلمان الشمري، مصدر سبق ذكره، ص٥٩.

٧- هاوڕێ یاسین محمد أمين، ، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٨.

تێکڕای پلەی گەرما لە کەلار (٢٦ °س) بووە، تێکڕای باران بارین (٥٥,٨ ملم) بووە، بەڵام لە پێنجوێن کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان لە هەمان ساڵدا تێکڕای پلەی گەرما (١٥,٩ °س) بووە و تێکڕای باران بارین (٣٣٤,١ ملم) باران بووە[١]. ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ژینگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەرزی ونزمییەوە جیاوازی هەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەوەش کاریگەری کردۆتە سەر پلەی گەرما و ڕێژەی دابارین بەوشێوەیەی کە خرایەڕوو.

**چوارەم/** ئاووهەوای هەرێمی کوردستان: ئاووهەوا یەکێکی دیکەیە لە فاکتەرە سروشتییە سەرەکییەکان، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەک و ئاژەڵ و خاک و کشتوکاڵ و چالاکی مرۆیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەبێت[٢]؛ لە ڕووی ئاووهەواوە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ناوچەی ناوەندی باکوری گۆی زەوی، ئاووهەواکەی کیشوەریی نیمچە خولگەیی دەریای ناوەڕاستە، هەربۆیە هاوینی گەرم و وشکە و زستانی سارد و باراناوییە و هەندێکجار بەفریش دەبارێت بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکاندا[٣]، هەرێمی کوردستان لە ڕووی گەرماوە فێنکترە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و زۆرترین بڕی بارانی لێدەبارێت، ئەمە جگە لەوەی تەنیا لەم هەرێمەدا بەفر دەبارێت و ئاوەڕۆی چوار وەرزە پێکدێنێت، هەروەها ئابوورییەکی کشتوکاڵی باشی هەیە و تاکە هەرێمی عێراقە کە پشت ئەستوورە بە کشتوکاڵی دێمی، ئەگەرچی کشتوکاڵی هاوینە تێیدا پشت بە بەراو دەبەستێت.[٤]

بەگشتی ئاووهەوای هەرێمی کوردستان دابەشدەبێت بۆ دوو هەرێمی ئاووهەوای جیاواز، کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەمیان: هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست: کە بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بە هەرێمی بارانی مسۆگەریش ناودەبرێت و تێکڕای بارانی ساڵانەی لە سەروو (٥٠٠ملم) وەیە، واتا ناوچە شاخاوییەکان دەگرێتەوە کە دەوڵەمەندترین بەشەکانی هەرێمە لە ڕووی دابارینەوە.[٥]

دووەمیان: هەرێمی ئاووهەوای نیمچە وشک (گەرمەسێر): بەشی هەرە زۆری ڕووبەری هەرێمەکە دەگرێتەوە نزیکەی (٧٠٪) کۆی ڕووبەری هەرێم پێکدێنێت، واتا هەرێمەکە دەکەوێتە

---

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، دەزگای گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، داتای بڵاو نەکراوە.

٢- هاوڕێ یاسین محمد أمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٥.

٣- د. ئەیوب سابیر گەڵاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩٧.

٤- د. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ٣٠-٣١.

٥- د. دیاری علی محەمەد ئەمین، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩.

لێواری هەرێمە بیابانەکان[1]، لە ڕووی سیستەمی بارانبارینەوە بە هەرێمی بارانی نا مسۆگەریش ناودەبرێت، جیادەکرێتەوە بەهۆی کەمبارانییەوە کە ساڵانە کەمتر لە (٥٠٠ملم) بارانی لێدەبارێت، پلەکانی گەرما لە هاویندا بەرزە و زستانەکەشی کەمتر باردە و هەروەها ڕووبەڕووی وشکی دەبێتەوە و کەمجار بەفری لێدەبارێت[2]، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەیەکی گونجاوە بۆ عەمبارکردنی ئاوی ژێر زەوی.[3]

ئاووهەوا بە ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێت لە هێزی دەوڵەت، ئەم جۆرە لە ئاووهەوای هەرێم وای لێدەکات، کە بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگی جیۆپۆلتیک و سیاسی بگێڕێت بەوپێیەی باران و بەفرێکی باش لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێم دەبارێت، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەوڵەمەندی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، ئەگەر بتوانرێت بە باشی سودی لێوەربگیرێت، ئەم بارودۆخەی ئاووهەوای هەرێم گونجاوە لە توانای بەرهەمهێنانی خۆراکی زیاتر بەراورد بەو ئاووهەوایەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق هەیە، چونکە بەرهەمی کشتوکاڵی هەر دەوڵەتێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەرە ئاووهەواییە جیاوازەکان، بەوپێیەی جۆراوجۆری کەش وهەوا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر جۆراوجۆری بەرهەمی کشتوکاڵی وئاژەڵداری[4]، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆئەوەی حکومەت بتوانێت خۆبژێوی خۆی دابینبکات و لە ڕێگەیەوە ئاسایشی خۆراک بەدیبێنێت، ئەگەر بێتوو بتوانێت بە باشی سود لەو تایبەتمەندییە سروشتییەی خۆی ببینێت، لە ڕێگەی وەبەرهێنان و سودوەرگرتن لەو تایبەتمەندییە سروشتییەی کە هەیەتی.

پێنجەم/ پلەی گەرما: پلەی گەرما بە گرنگترین ڕەگەزی کەشوهەوا دادەنرێت، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی سیستەمی ئاووهەوا (ڕێژەی شێ، بەهەڵمبوون، دابارین) دەبێت[5]، پلەی گەرما لە هەرێم لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە جیاوازە، هەروەها جیاوازی پلەی گەرمی لە ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی هەیە، بۆنمونە لە مانگی کانونی دووەم کە ساردترین مانگە لە هەرێمی کوردستاندا تێکڕای پلەی گەرما لە پێنجوێن (٢,٢٠- س°)، بەڵام لە هەولێر لە هەمان ساڵ و لە هەمان کاتدا (٨,٩ س°)، ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ناوچەی پێنجوێن ناوچەی شاخاوییە، بەڵام ناوچەی کەلار ناوچەیەکی نیمچە شاخاوییە؛ هەروەها تێکڕای پلەی گەرمی لە مانگی تەموز کە گەرمترین مانگی ساڵە لە پێنجوێن (٢٨,٨٦ س°)، لە هەولێر لە هەمان کاتدا تێکڕای پلەی گەرما (٣٥,٧٠ س°)[6]، بە شێوەیەکی

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وکاریگەرێتی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٨، ل١١٠.

٢- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٨.

٣- الحزب الديمقراطى الكوردستانى (المكتب السياسى مكتب الدراسات والبحوث المركزى)، مصدر سبق ذكره، ص٨.

٤- د. جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكيةللامن القومي في اقليم كردستان، مصدر سبق ذكره، ص١٤٠.

٥- اياد عبد على سلمان الشمري، مصدر سبق ذكره، ص٥٩

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی وبومولەرزە زانی هەرێم، سەرچاوەیەک پێشوتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاونەکراوە.

گشتی پلەی گەرما بە ئاڕاستەی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات نزم دەبێتەوە، بە ئاڕاستەی باشور و باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە.

لە ئێستاشدا دەبینرێت ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستاندا پلەکانی گەرما بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە بە هۆکاری گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دا دەردەکەوێت، کە تێیدا بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستاندا خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٢) تێکڕای جیاوازی پلەکانی گەرما بۆ ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠).

| ساڵ | تێکڕای پلەی گەرما |
|---|---|
| ٢٠١٢ | ٢٠,٦٤ |
| ٢٠٢٠ | ٢١,١٦ |
| ڕێژەی جیاوازی | ٢,٥٢ |

سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، ئامارەکانی کەش وهەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢٠، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ وژینگە، ئاداری ٢٠٢١، ل٢٤.

بە سەیرکردنی ئەو خشتەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە پلەی گەرما لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٢,٥٢ °س) بەرزبووەتەوە لە ساڵی (٢٠١٢ - ٢٠٢٠)، کە بێگومان بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێژەی دابارین، بە شێوەیەک تا پلەی گەرما بەرز بێت ڕێژەی دابارین کەم دەبێت بە پێچەوانەوەشەوە، هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکانە و بووەتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێم، کە دواتر بە وردی تیشک دەخەینەسەری و ڕوونیدەکەینەوە.

**تەوەری دووەم/ دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان**

دەرامەتە ئاوییەکان بە یەکێک لە سەرچاوە سروشتییە گرنگەکان دادەنرێت کە لەسەر ڕووی زەوی و ژێرزەوی و بەرگی گازیدا بڵاوبوونەتەوە، گرنگی ئەم سامانە سروشتییە بەردەوام لە زیادبووندایە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەری، بەوپێیەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەتەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە.[١]

دەرامەتە ئاوییەکان بنچینەی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاوە لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە سێ شێوەی سەرەکی پێکهاتووە (دابارین، ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی)، بێگومان دابارین کاریگەری هەیە لەسەر هەردوو دەرامەتەکەی دیکە و بەزیادبوونی زیاد دەکات و بەکەمبوونی کەم دەکات[٢]، لەبەرئەوە دیارکردنی بڕی داهاتی ئاوی هەرێمی کوردستان ئاسان نییە بەهۆی

---

١- د. ئەحمەد جەلیل ئیسماعیل و محمەد زاهیر کوێخا صادق، جوگرافیای کشتوکاڵ، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٢٠، ل٨٩.

٢- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، دیاردەی بەبیابانبوون لە ناوچە نیمچە شاخاوییەکان(قەزای چەمچەماڵ وەک نمونە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١، ل١٠٦.

ناجێگیری بڕی دابارین و هەڵبەزین و دابەزین لە بڕی دابارین، کە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە ڕێژەکەی کەم و زیاد دەکات، لە ڕووی جوگرافیشەوە بڕی ئاوی هەر ناوچەیەک بەپێی زۆر و کەمیی بارانی ساڵەکە دەگۆڕێت و جیاوازە[١]؛ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لێرەدا ئاماژە بە دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە لە سێ شێوەی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە، وەک ئەوەی لێرەدا دەیخەینەڕوو:

**یەکەم: دابارین (بەفر وباران):**

هەرێمی کوردستان هەموو جۆرە شێوەکانی دابارین (باران، بەفر، تەرزە) بەخۆوە دەبینێت، بەڵام زۆربەی لە شێوەی بارانە[٢]، واتا باران بڕبڕەی پشتی دەرامەتی ئاو پێکدێنێت بە شێوەیەکی سەرەکی، سەرچاوەی پاراودانی کۆگاکانی ژێرزەوی و ڕێڕەوەکانی سەرزەوی و سەرچاوەکانە؛ بڕی باران لە ناوچەیەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت بەهۆی فاکتەری جوگرافی و کەشوهەوا، هەروەها پلەی گەرمی، با، شێ، ڕێژەی بەهەڵمبوون، بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا و ڕووپۆشی ڕووەکی کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دابەشبوون و بڕی باران[٣]. بە پشت بەستن بە بڕی بارانبارین، هەرێمی کوردستان دابەشدەبێت بۆ سێ ناوچە:[٤]

یەکەم/ ناوچەی بارانی مسۆگەر: بارانبارینی ساڵانەی زیاترە لە (٥٥٠ ملم/ساڵ).

دووەم/ ناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەر: بارانبارینی ساڵانە لە نێوان (٣٥٠-٥٥٠ ملم/ساڵ).

سێیەم/ ناوچەی بارانی نا مسۆگەر: بارانبارینی ساڵانە کەمترە لە (٣٥٠ ملم/ساڵ).

بەگشتی تێکڕای ساڵانەی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (٢٠٠-١٢٥٠ ملم) دایە، کە ئەوەش بە یەکێک لە تێکڕا بەرزەکانی بارانبارین دادەنرێت لە ناوچەکەدا[٥]، بڕی بارانبارینی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکات لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوا بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات، بە شێوەیەکی گشتی بەرزی و نزمی ڕووی زەوی (تۆبۆگرافی) و پێگەی گەردونی فاکتەری سەرەکین کە جڵەوی بڕی باران دەکەن وەک لە تەوەری پێشوودا ڕوونمانکردەوە ، بە واتایەکی دیکە چەند لە ناوچەی شاخاوی دوورکەوینەوە بڕی باران و بەفر

---

١- د. ئومێد نوری حمە ئەمین، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا(کتێبی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩٦.

٢- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٤.

٣- د. عادل محمد العضایلة، الصراع علی المیاه فی الشرق الأوسط (الحرب والسلام)، ط١، دار الشرق للنشر والتوزیع، عمان-الاردن ٢٠٠٥، ص٤٧.

٤ - Rezhwan HARUN, The Soruce and Consumption of Using Water for Irrigation in Rural Area: Study case of Kurdistan region , Iraq,Bulletin UASVM Horticulture, ٧٠ (٢), ٢٠١٣,p٣٢٨.

٥- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨١.

کەم دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە، بۆنمونە لە کاتێکدا تێکڕای بارانبارین لە نێوان ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢١) لە پێنجوێن کە ناوچەیەکی بەرز و شاخاوییە، بڕی بارانی ساڵانە دەورووبەری (٩٤٤ ملم) بووە، لە هەمان ماوەدا تێکڕای بارانبارین لە کەلار کە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی (٢٣٠ ملم) باران بووە[١]؛ بارانبارین لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندییەکی وەرزیی هەیە و لە تشرینی دووەمەوە دەستپێدەکات تا سەرەتای مانگی ئایار، بەڵام زۆربەی باران لە نێوان مانگی کانونی یەکەم و ئاداردایە[٢]، واتا مانگەکانی دیکەی ساڵ، مانگی وشک و بێ بارانن.

جگە لە بارینی باران لە هەرێمی کوردستان ساڵانە بڕێکی باش بەفر دەبارێت بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان، چونکە ڕادەی بەرزی زەوی لە ئاستی ڕووی دەریا فاکتەری سەرەکییە لە بڕی بەفری باریو، بەفربارین لە کۆتایی کانونی دووەم و شوباتەوە دەبێت و پرۆسەی توانەوەی بەفریش لە کۆتایی مانگی چوارەوە دەستپێدەکات، کە بڕێکی زۆر لە ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی دابیندەکات و کاریگەری گەورەی لەسەر ڕێژەکەیان هەیە، بۆنمونە لەو ساڵانەی کە بەفرێکی کەم دەبارێت و زستانەکەی وشکە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی هەرێم بە تەواوی کەمی پێوەدیاردەبێت و هەندێک لە سەرچاوەکان وشک دەکەن یان دەبنە ڕێڕەوی ئاوی بچوک و ڕووبارەکان دەگۆڕێن بۆ چەمۆچکەی بچوک[٣]، بەڵام لەو ساڵانەی کە بەفرێکی زۆری تێدا دەبارێت، ڕووبار و گۆم و کانیاوەکان بڕێکی زۆر ئاویان دەبێت، بۆیە بەهای هایدرۆلۆجی بەفر لە بەهای باران زۆرترە، چونکە بەفر بڕێکی کەمتری لێدەفەوتێت و هەم کەمتریشی لێدەبێت بەهەڵم.[٤]

بەپێی ئەو ئامارانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان بڵاویکردۆتەوە لە ساڵی (٢٠١٢) تێکڕای بارانبارین (١٥٧٨,٨ ملم) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) ڕێژەکە بەرز بووەتەوە بۆ (٣٥٧٥,١ ملم) و لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەکە دابەزیووە بۆ (٢٣٥٦,١ ملم)[٥]، ئەو داتایانە ئەوە دەردەخات کە ناجێگیری لە ڕێژەی بارانبارین هەیە لە هەرێمی هەرێمی کوردستان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە، بێگومان ئەو هەڵبەزودابەزەی باران کاریگەری لەسەر کۆی داهاتی ئاوی نوێ بووەوە هەبووە و دەبێت، بە کەمبوونی بڕی باران داهاتی ئاو لە هەرێم کەم دەکات و بە زیادبوونیشی ڕێژەکەی زیاد دەکات، هەروەها کاریگەری ڕاستەوخۆی

---

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزە زانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاونەکراوە.

٢- د. ئازاد جلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، کتێبی سەنتەری برایەتی (٣)، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ٢،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر ١٩٩٩، ل١٢٣.

٣- د. جزا توفيق طالب، مصدر سبق ذكره، ص ص١٤٤-١٤٧.

٤- د. شاكر خصباك، العراق الشمالي (دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية)، ط١، مطبعة شفيق، بغداد ١٩٧٣، ص ٨٧-٨٨.

٥- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئامارەکانی کەش وهەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠) ڕاپۆرتی کەش وهەواو، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ وژینگە، ئاداری ٢٠٢١، ل٢٦.

لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێت بەوپێیەی زۆرینەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە هەرێم دێمییە و پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، کە لە باسی دواتردا ڕوونیدەکەینەوە.

خشتەی ژمارە (٣) تێکڕای بارانبارینی ساڵانە و کەمترین بڕ و زۆرترین بڕ لە هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە بەپێی پارێزگاکان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠)، هەروەها جیاوازی بڕی بارانبارین دەردەخات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣) تێکڕای باران بارین لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠).

| ساڵ | هەولێر/ تێکڕای باران بارین(ملم) | سلێمانی/تێکڕای باران بارین (ملم) | دهۆک/ تێکڕای باران بارین (ملم) | هەڵەبجە/تێکڕای باران بارین (ملم) |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | ٣٦٦ | ٦٨٣,٢ | ٥٢٩,٢ | - |
| ٢٠١٣ | ٤٣٢ | ٦٢٤,٧ | ٧٢٩,٤ | ٥٥٢,٦ |
| ٢٠١٤ | ٣٨٩ | ٦٨٥,٩ | ٦٩٩,١ | ٣٥٩,٦ |
| ٢٠١٥ | ٤٢٢ | ٧٩١,٢ | ٥٠٥,٨ | ٦١٢,٠ |
| ٢٠١٦ | ٣٧٦ | ٦٥٥,٣ | ٥١١,١ | ٣٧٩,٢ |
| ٢٠١٧ | ٢٦٦ | ٤٨٤,٨ | ٣٥٨,٤ | ٣٩٨,٤ |
| ٢٠١٨ | ٧٣٣,٦ | ١٢٣٥,٢ | ٩٥٣,٠ | ٦٥٣,٣ |
| ٢٠١٩ | ٦٠٢ | ١٠٢٨,٠ | ٩٠٩,٤ | ٧٣٨,٩ |
| ٢٠٢٠ | ٤١٧,٢ | ٧٣٩,٧ | ٦٩٦,٠ | ٥٠٣,٢ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی وبومەلەرزەزانی هەرێم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاو نەکراوە

بە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (٣) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تێکڕای بارانبارین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠) لە سەروو (٥٠٠ ملم)ەوە بووە، ئەوەش بە یەکێک لە تێکڕا بەرزەکانی بارانبارین دادەنرێت لە ناوچەکەدا و دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، کە دەتوانرێت سودی زیاتری لێوەربگیرێت لە ڕێگەی دروستکردنی بەست و بەنداو و پۆند لەلایەک بۆ گلدانەوەی ئەو ئاوەی کە دەبارێت بۆئەوەی سودی لێ ببینرێت بۆ پڕکردنەوەی زۆرێک لە پێداویستییە ئاوییەکانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و شارستانی بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکە بۆ پاراودانی ئاوی ژێر زەوی، دەتوانرێت سودی زۆری لێ ببینرێت، ئەگەر بەباشی وەبەرهێنان لە داهاتی ئاوی دابارین بکرێت لە ڕێگەی دروستکردنی پرۆژەی ئاوییەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە دەرفەت لەبەردەستە بۆ پەرەپێدان و بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان گەر سود لەو داهاتە ئاوەی دابارین ببینرێت.

### دووەم: ئاوی ژێرزەوی

هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لە خاک و چینی بەردەکانی ژێر زەویدا پەنگیان خواردۆتەوە و بە دوو شێوە دەردەکەون، هەندێکجار بە شێوەی سروشتی وەک کانیاو یان لە ڕێگەی دەستکردەوە وەک کارێز، بیری ئاسایی، بیری ئیرتیوازی؛ ئاوی ژێر زەوی لەمڕۆدا بە سەرچاوەیەکی گرنگی

دەرامەتە ئاوییەکان دادەنرێت و بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوان و چالاکییە ئابوورییەکانیان[١]، هەرێمی کوردستانیش دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێرزەوی و بەدوو شێوە سودی لێوەردەگیرێت، یەکەم: بە شێوەی سروشتی، کە بە شێوەی کانیاو و سەرچاوە سروشتییەکان و زیاتر لە بناری چیا و کوێستانەکاندا هەیە؛ دووەم: بە شێوەی دەستکرد، لە ڕێگەی بیری ئاسایی و بیری ئیرتیوازی و کارێز*[٢]، بەگشتی ئاوی ژێر زەوی لە هەێمی کوردستان جۆرەکەی باشە و تەندروستە بۆ بەکارهێنان، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ سودی لێوەرگیراوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ خواردنەوە، بەکارهێنانی ڕۆژانە، کشتوکاڵ، پیشەسازی... وهتد[٣]، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی ڕووبارو دەریاچەکانیش پێکدێنێت.[٤]

سەبارەت بە قەبارە و بڕی ئاوی ژێرزەوی کە شیاوە بۆ بەکارهێنان لە هەرێمی کوردستان ئامارێکی دروست لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەگشتی ڕێژەکەی بە (٥,٤ مليار م٣) خەمڵێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسان دەستگەیشتن بەم دەرامەتە لە زۆرینەی شوێنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی نزیکی لە ڕووکاری زەوییەوە وایکردووە بۆ هەموو چالاکییە ئابووری و مرۆییەکان بەکاربهێنرێت و سودی لێوەربگیرێت و بەردەوامیش بەکارهێنانی لە زیادبووندایە[٥]، بەپێی ئەو ئامارەی کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٩) دەستەی ئاماری هەرێم بڵاویکردۆتەوە، ئەو بیرانەی کە لێدراون بۆ سەرجەم پێداویستییەکان (خواردنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازی) لە ساڵی (٢٠١٣) ژمارەیان (١٩٨٠٨) بیر بووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی(٢٠١٩) بەرزبووەتەوە بۆ ( ٢٣٥٦٢ بیر)[٦]، لە مانگی (١٢) ساڵی (٢٠٢١) بووە بە (٢٤,٢٥٣) بیر، هەروەها لە ماوەی سێ ساڵی

---

١- د. ئەحمەد جەلیل ئیسماعیل و محمەد زاهیر کوخاصادق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٩٠-٩١.

*- کارێز کە بە کۆنترین ئامرازی دەستکرد دادەنرێت کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەکاریانهێناوە بۆ سودوەرگرتن لە ئاوی ژێرزەوی، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی زۆری تێچوونیەوە لە کەمبونەوەدایە بیری ئاسایی و ئیرتیوازی شوێنی گرتوتەوە، چونکە بە بەراورد بە کارێز تێچووەکانیان کەمترە. سەرچاوە: د. شاکر خصباک، مصدر سبق ذكره، ص٩٣.

٢- د. شاکر خصباک، نفس المصدر السابق، ص ص٩٢-٩٣.

٣- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠١٣، ل١٣٠.

٤- د. فەرەیدون کاکەیی، داهات وئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، کتێبی گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کتێبی یەکەم، سەنتەری لێکلینەوەی ستراتیجی لە کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٣، ل١٠٨.

٥- Salam Abdulqadir Abdulrahman,Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region: how Sustainability be ACHIEVED?, Environmental policy and Law ٥١, IOS Press ٢٠٢١, p١٨٨.

٦- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، مانگی ٦/ ٢٠١٩، لە سایتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان- GOV-KRD-
https://www.google.com/url?sa=i&url=https%3A%2Fkrso.gov.krd بەرواری سەردان ٩-٥-٢٠٢٢.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٨- ٢٠٢١/١٢) ڕەزامەندی دراوە لەسەر لێدانی (١١٦٣) بیر[1]، ئەمە جگە لەوەی بیرلێدانی نا یاسایی بەردەوامی هەیە، بەوپێیەی هەر لە پارێزگای هەولێر تائێستا نزیکەی (٢٣٠) ئامێری هەڵکەندنی بیری نایاسایی دەستی بەسەرداگیراوە[2]، هەروەها بەڕێوەبەری ئاوی ژێرزەوی لە پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاندووە، لە پارێزگاکەیدا زیاتر لە (١٥,٠٠٠) بیری ئاوی بێ مۆڵەت هەیە، (٩٦٠١) بیری مۆڵەت پێدراویشیان هەیە، کە ئەمەش بۆ پارێزگایەکی (٢٠,١٤١ کم٢) فشارێکی گەورە لەسەر ئاوی ژێرزەوی دروستدەکات[3]، هەروەها گوزارشتە لە زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی کە دواتر بە وردی ڕوونیدەکەینەوە.

**سێیەم: ئاوی سەرزەوی**

ئاوی سەرزەوی هەموو ئەو ڕووبار و سەرچاوە و ئاوگرە سروشتی و دەستکردانە دەگرێتەوە کە لە وڵاتێکدا هەیە[4]، ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستان پێکدێت لە ڕووباری دیجلە و پێنج ڕێژگە سەرەکییەی کە بریتین لە: (خابور، زێی گەورە، زێی بچوک، عوزێم و سیروان)، سەرەتا دەڕژێنە هەرێمی کوردستان و پاشان دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە، هەروەها ئەو بەنداوانەش دەگرێتەخۆ کە لە هەرێمی کوردستاندا دروستکراون و ئەوانەش کە لە ئێستادا لە بواری جێبەجێکردندان.

## یەکەم/ ڕووبارەکان

ڕووبارەکان لە هەرێمی کوردستاندا دابەشدەبن بۆ دوو جۆر: ڕووبارە هەمیشەییەکان و ڕووبارە وەرزییەکان (چەمە وەرزییەکان)*؛ ڕووبارە هەمیشەییەکان ئەو ڕووبارانەن کە بە درێژایی ساڵ ئاویان پێدادەڕوات و لە وشکەساڵەکاندا کەمئاو دەبن بەڵام وشک نابن، بەڵام

---

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکان لە کابینەی نۆیەم لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٧ تا ٢٠٢١/١٢/٣١)، چاپخانەی کشتوکاڵ، ل٩.

٢- کاروان رحمان، زەنگی مەترسیداری وشکە ساڵی لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان لێدەدرێت، ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی k٢٤ ، ٦/نیسان/٢٠٢٢، لینک- https://m.youtub.com/watch?v=jZWzve٣blig&feature=youtu.be سەردان بەرواری ٢١/مایس/٢٠٢٢.

٣ - Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, Opcit, p١٨٨.

٤- د. منذر خدام، الأمن المائي العربي- الواقع والتحديات، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، شباط ٢٠٠١، ص١٤٤.

*- هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر چەمی وەرزی هەیە، وەک چەمەکانی شەمدینان، ڕواندز، کوچک وبەستۆرە کە دەڕژێنە زێی گەورە؛ هەروەها قزلجە، بناوە سوتە، سیبارە، رشید، کۆکە سو، باسلەم وتابین ئەمانە دەڕژێنە زێی بچوک؛ هەروەها ئەو چەمانەی دەڕژێنە عوزێمەوە، خاسە، تاوغ وئاوە سپی یە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (١) خەلیل حەسەن محەمەد، سامانی ئاو، چ١، چاپخانەی سارا، ٢٠٢٠، ل٤٢-٤٤.

ڕووباره وەرزییەكان ئەو چەم و ڕووبارانەن كە پشت بە ئاوی باران و بەفری چیاكان دەبەستن لە وەرزی بەهاردا ئاویان زیاد دەكات و لە هاویندا بڕێكی كەم ئاویان پێدا دەڕوات و لە هەندێک كاتدا وشک دەبن [١]. ئێمە لێرەدا تەنیا ڕووبارە هەمیشییەكانی هەرێمی كوردستان ئاماژە پێدەدەین كە لە ڕووباری دیجلە و لقەكانی پیكدێت، كە بریتین لە: خابور، زێی گەورە، زێی بچوک، عوزێم و سیروان[٢]، چونكە ئەو پێنج لقە كە دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە ئاوەڕۆكانیان دەكەوێتە سنوری هەرێمی كوردستان[٣]، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەریەک لەو ڕووبارانە بخەینە بەرباس:

**- ڕووباری دیجلە:** ئەم ڕووبارە لە كوردستانی باكور، واتا باشوری ڕۆژهەڵاتی توركیا هەڵدەقوڵێت و لە یەكگرتنی دوو لقی سەرەكی پێكدێت، كە بریتین لە (دیجلە سو، باتمان سو)، بە دووری (١٠٠ كم) لە سنوری عێراق لە ناو خاكی توركیا یەكدەگرن و ڕووباری دیجلە پێكدێنن[٤]، درێژی ڕووباری دیجلە (١٧١٨ كم) دەبێت، (١٤١٨ كم) دەكەوێتە ناو خاكی عێراقەوە، كە (٧ كم) سنوری نێودەوڵەتی سوریا و عێراق پێكدێنێت، دوای ئەوەی نزیكەی (٣٠٠كم) لەناو خاكی توركیا دەبڕێت لە باكوری گوندی (فیشخابور) لە نزیک شارۆچكەی زاخۆ دەڕژێتە هەرێمی كوردستان[٥]، (٢٠٪) ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە دەكەوێتە خاكی توركیا واتا نزیكەی (٤٠٠كم)، (٢٪) دەكەوێتە سوریا واتا (٤٠كم) و ئەوەی دەمێنێتەوە كە (٧٨٪) دەكەوێتە خاكی عێراق.[٦]

هەروەها پێنج ڕێژگەی سەرەكی ڕووباری دیجلە كە پێكهاتوون لە (خابوور، زێی گەورە، زێی بچوک، عوزێم، سیروان) دەڕژێنە ناو خاكی هەرێمی كوردستان و پاشان دەڕژێنە ڕووباری دیجلە[٧]، كە بەشی هەرە زۆری داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە بە ڕێژەی (٦٢,٧٥٪) بریتییە لە

١- خەلیل حەسەن محەمەد، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆكراوە، ل٤٢-٤٤.

٢- د. جزا توفیق طالب، مصدر سبق ذكره، ص١٤٩.

٣- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆكراوە، ل١٢٩.

٤- د. سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٤، ص ص٤٤-٤٥.

٥- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هایدرۆلۆجیای ڕووباری دیجلە دەتوانرێت سود لەم سەرچاوانە ببینرێت:
١) د. جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، مصدر سبق ذكره. ٢) د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، پرۆژەی گاپ (GAP) وكاریگەریەتی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەكە وكوردستان، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر - ٢٠٠٣.

٦- Bukhuti SITCHINAVA, WATER SECURITY IN THE MIDDLE EAST ON THE EXAMPLE OF IRAQI KURDISTAN, Anti Portas – Security studies, Nn ١ (١٦), ٢٠٢١, p٧١.

٧- د. قاسم عبد علي عذيب، التحديات الجيوبولتيكية للأمن المائي العراقي (دراسة في الجغرافية السياسية)، مجلة ميسان للدراسات الأكاديمية، عدد خاص (للمؤتمر العلمي الدولي الثالث/كلية التربية الأساسية – جامعة ميسان/ كلية المنارة للعلوم الوطنية- ميسان، ٢٩ نيسان ٢٠١٩، ص٢٤٨.

ئاوی ئەو ڕێژگانە[1]، هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاوی ئەم ڕێژگانە دەبەستێت، وەک ئەوەی لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

١. **خابور**: یەکەم لقەڕووباری دیجلەیە، لە خاکی تورکیاوە (لە باکوری کوردستان) هەڵدەقوڵێت و لە یەکگرتنی هەردوو لقەکەی (مهرما و هیزل) پێکدێت، لە نزیک گوندی (جالیک) دەڕژێتە هەرێمی کوردستان و بە زاخۆدا تێدەپەڕێت و دەڕژێتە ناو دیجلەوە، تێکڕای ڕووبەری ئاوزێڵەکەی (٦٢٦٨کم[2])، کە نزیکەی (٢٧٢٠کم[2]) دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە، بە ڕێژەی (٢,٢١٪) بەشداریدەکات لە کۆی گشتی ئاوپێدانی ڕووباری دیجلە[2]، (٤٢٪) ڕێژەی داهاتی ئەم ڕێژگەیە لەناو عێراق و هەرێمی کوردستاندایە و لە (٥٨٪) لە دەرەوەی عێراقدایە.[3]

٢. **زێی گەورە**: بە گرنگترین لقی ڕووباری دیجلە دەژمێردرێت، لە خاکی تورکیاوە (لە چیاکانی کوردستانی باکور) هەڵدەقوڵێت، لە نزیک گوندی چال لە باکوری قەزای ئامێدی دەڕژێتە هەرێمی کوردستان[4]، لە هەرێمی کوردستاندا چەندین حەوزی لاوەکی گرنگی تێدەڕژێت، کە بریتین لە (خازر، ئەربیل، ئامەدیە، شەقڵاوە، ئەزیبار، رەزان)[5]، (٥٨٪) ڕێژەی داهاتی ئەم زێیە لە ناوخۆی عێراقدایە (لە هەرێمی کوردستاندایە) و (٤٢٪) لە دەرەوەی عێراقدایە[6]، بەڵام هەتا ئێستا وەک پێویست سود لە ئاوی ئەم زێیە وەرنەگیراوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەراورد بەو داهاتە زۆرەی کە هەیەتی[7]، جگە لەو پرۆژەیەی کە ئاوی خواردنەوە بۆ بەشێک لە شاری هەولێر دابیندەکات وەک (پرۆژەی ئیفراز) لە ناوچەی خەبات، کە لەسەر ئەم زێیە دروستکراوە.[8]

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٤٧.

٢- هاوڕێ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٧٨-١٧٩.

٣- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (کشتوکاڵ)، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

٤- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٣.

٥- د. دیاری عەلی محەمەد ئەمین، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٩.

٦- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (کشتوکاڵ)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٧- - د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (١١)، ساڵی دووەم، کانونی دووەم ٢٠٢٢، ل٢٢.

٨- د. هەڵەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو وگەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٨.

٣. **زێی بچوک**: لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەڵادزێ دەڕژێتە هەرێمی کوردستان[١]، زێی بچوک لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش چەمی تیت کە لە ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ چەمی ماوەت (قەڵاچوالان)[٢]، ڕووبەری ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە (٢٠٠١٢کم٢)، کە نزیکەی (٧٥٪) ئەم ڕووبەرە لە هەرێمی کوردستاندایە[٣]، ڕێژەی ئاوپێدانی ئاوزێڵەکەی لە (٦٤٪) لە هەرێمی کوردستاندایە و لە (٣٦٪)لە خاکی ئێراندایە[٤]، بە (١٧٪) بەشدارە لە ئاوپێدانی ڕووباری دیجلە، لە ئێستادا بەهۆی پرۆژە ئاوییەکانی وڵاتی ئێران کە لەسەر ئەم زێیە و لقەکانی دروستیکردوون بووەتەهۆی کەمکردنەوەی ئاوی ڕووبارەکە، لەکاتێکدا شاری سلێمانی و شارۆشچکەی دوکان و چەمچەمچەماڵ پشت بە ئاوی زێی بچوک دەبەستن بۆ پڕکردنەوەی زۆربەی پێداویستییە ئاوییەکانیان[٥]، بەوپێیەی بەنداوی دووکان کە لەسەر ئەم زێیە دروستکراوە[٦]، سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری دابیندەکات، ئەمە جگە لە پڕۆژە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و حەوزەکانی ماسی کە لەسەر ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە دروستکراون و سەرچاوەی داهاتی زۆرێک لە دانشتوانی ناوچەکە پێکدێنێت.

٤. **عوزێم**: لە بەرزاییەکانی قەرەداغ و شوانەوە سەرچاوە دەگرێت و بڕێکی کەم ئاوی پێدادەڕوات، بۆیە ئاوێکی کەم بۆ دیجلە دابیندەکات، زۆرکات لە هاویندا وشک دەکات، بەڵام بە بەراورد بە ڕووبارە وەرزییەکان داهاتێکی زۆری هەیە بۆیە خراوەتە ڕیزی ڕووبارە هەمیشەییەکانەوە، ئەم ڕووبارە سێ چەمی تێدەڕژێت و بەدووری (١٥کم) لە باشوری شاری بەلەد دەڕژێتە دیجلەوە، زۆربەی هەرە زۆری ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندایە[٧]، هەربۆیە ڕێژەی (١٠٠٪) داهاتەکەی لە هەرێمی کوردستاندایە.[٨]

٥. **سیروان**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) ەوە هەڵدەقوڵێت، لە نزیک گوندی لاوەران لە پارێزگای سلێمانی دەڕژێتە هەرێمی کوردستان، نزیکەی (٢٥ کم) سنوری هاوبەش پێکدێنێت

---

١- أڤين خضر ألياس موسى، فيدرالية إقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، رسالة تقدم بها إلى مجلس كلية العلوم الإنسانية في جامعة السليمانية وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الجغرافيا، سنة ٢٠١٤، ص١٢٢.

٢- د. جزا توفيق طالب، مصدر سبق ذكره، ص١٥٦.

٣- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٨.

٤- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (کشتوکاڵ)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٥- سلام عبدالقادر عبدالرحمن، شحة المياه في إقليم كردستان العراق: المشاكل مع إيران والحلول الممكنة، مصدر سبق ذكره، ص٤.

٦- كامران أحمد حمه، العرض والطلب، مصدر سبق ذكره، ص١٨.

٧- د. فەریدون کاکەیی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٠٢-١٠٦.

٨- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (کشتوکاڵ)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

له نێوان هەرێمی کوردستان (عێراق) و ئێراندا[١]، دوای ئەوەی دەڕژێتە هەرێمی کوردستان دوو لقی گەورەی تێدەڕژێت، یەکەمیان (تانجەرۆیە)، کە ئاوی ئاوزێڵی سلیمانی کۆدەکاتەوە، دووەمیان (زەڵمە)، کە لە تاڤگەکانی ئەحمەدئاواوە سەرچاوە دەگرێت[٢]؛ ڕووبەری ئاوزێڵەکەی (ئەو حەوزەی ئاوی لێوەردەگرێت) (٣١٨٩٦کم٢)ە، لەم ڕووبەرە (٤٧٪) دەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە و ڕێژەی (٥٣٪) دەکەوێتە ئێرانەوە[٣]، ڕێژەی داهاتی ئەم ڕووبارە (٤١٪) لە خاکی هەرێمی کوردستانە و (٥٩٪) لە وڵاتی ئێرانەوەیە[٤]، لەسەر ئەم ڕووبارە بەنداوی دەربەندیخان دروستکراوە لە هەرێمی کوردستان[٥]، کە ئاوی خواردنەوە بۆ زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە هەرێمی کوردستان دابیندەکات، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە زەوی کشتوکاڵی و حەوزی ماسی و کارگە پیشەسازییەکان کە پشت بەم ڕووبارە دەبەستن[٦]، بەڵام لە ئێستا بەهۆی پرۆژە ئاوییەکانی ئێران لەسەر ئەم ڕووبارە، مەترسی وشکبوونی تەواوەتی لەسەرە.[٧]

کۆی تێکڕای داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووباری دیجلە و هەر پێنج ڕێژگەکەی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥) گەیشتۆتە (٥١,٦ ملیار م٣)[٨]، بەڵام ئەم تێکڕایە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠١-٢٠١٠) دابەزیوە بۆ (٣٦ ملیار م٣)[٩]، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١) بەردەوام ڕووی لە کەمیکردووە و بووە بە نزیکەی (٣٠ ملیار م)٣، وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٤)، داهاتی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی لە ماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١).

---

١- شیروان عومەر رشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی وگەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٢٢٨-٢٣١.

٢- جزا توفيق طالب، إقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، أطروحة تقدم بها الى مجلس كلية العلوم الإنسانية في جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة دكتورا فلسفة في الجغرافيا، سنة ٢٠٠٤، ص١٠٢.

٣- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٥-١٧.

٤- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (کشتوکاڵ)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٥- د. ئازاد نەقشبەندی، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٦.

٦- سلام عبدالقادر عبدالرحمن، شحة المياه في إقليم كردستان العراق: المشاكل مع إيران والحلول الممكنة، مصدر سبق ذكره، ص٥.

٧- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥-١٧.

٨- ڕزگار خضر طه، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥٩.

٩- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٣-٧٥.

| ڕووبار / لق | بەرهەمی ئاو (ملیار م$^3$/ساڵ) | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
| دیجلە | ١٨,٣ | ١٦,٣ | ١٦,٧ | ٨,٩ | ١٢,٣ | ١٣,٦ | ١١,٥ | ٩,٧ | ٢٦,٤ | ٤,٩ | ٢,٥ |
| خابور | ٢,٤ | ٢ | ٣,٥ | ١,٩ | ٢,٢ | ٢,٨ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥,٩ | ٣,٩ | ١,٦ |
| زیی گەورە | ٨,١ | ٦,٩ | ١١,٣ | ٨ | ٧,٧ | ٩,٥ | ٧,٨ | ٨,٥ | ١٢ | ٨,٨ | ٥,٢ |
| زێی بچوک | ٣,٣ | ٣,٢ | ٤ | ٩.٢ | ٢,٨ | ٥,٩ | ٢,٧ | ٥ | ٩ | ٤,٣ | ١,٩ |
| عوزێم | ٠,٧٤ | ٠,٧٠ | ٠,٧٣ | ٠,٧٤ | ٠,٦٠ | ١,١٥ | ٠,٨١ | ٠,٧١ | ٢,١١ | ٠,٩٤ | ٠,٢٩ * |
| سیروان | ١,١ | ١,٤ | ٠,٢ | ٠,٨ | ١ | ٣,٤ | ١,٦ | ١,٨ | ٤ | ١,٥ | ٠,٢ |
| کۆی گشتی | ٣٣,٩٤ | ٣٠,٥ | ٣٦,٤٣ | ٢٣,٤ | ٢٦,٦ | ٣٦,٣٥ | ٢٦,٧١ | ٢٨,٠١ | ٥٩,٤١ | ٢٤,٣٤ | ١١,٦٩ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر؛ (١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاو، داتای بڵاونەکراوە. (٢) الجهاز المركزى للإحصاء، وزارة التخطيط، تقارير الموارد المائية العراقية، لسنة ٢٠١٥-٢٠٢٠. (٣) ڕزگار خضر طه، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨١.

ئەو داتایانە جگە لە کەمبوونی بەردەوامی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بوونی دیاردەی ناجێگیری (هەڵبەز و دابەز) دەردەخات لە داهاتی ئاوی ساڵانەی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک بەرزترین داهات لەو ماوەیەدا نزیکەی (٥٨ ملیار م$^3$) بووە لە ساڵی (٢٠١٩)، کەمترین داهاتیش (١١ ملیار م$^3$) بووە لە ساڵی (٢٠٢١)، ئەو کەمکردن و ناجێگیرییەش لەلایەک پەیوەستە بە جیاوازی بڕی دابارینی ساڵانە و لەلایەکی دیکە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆژە ئاوییانەی کە تورکیا و ئێران لەسەر ڕووباری دیجلە و لقەکانی دروستیان کردووە کە دواتر ڕوونیدەکەینەوە، بەوپێیەی بەشێکی زۆری ئاوزێڵ و داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی بە نزیکەیی (٦٠٪) دەکەوێتە ناو هەر یەک لە وڵاتی تورکیا و ئێران، وەک لە خشتەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت، کە ڕووبەری ئاوزێڵ و داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و هەریەک لە تورکیا و ئێران، ڕووندەکاتەوە، بەم شێوەیە:

خشتەی ژمارە (٥)، ڕووبەری ئاوزێڵ و ڕێژەی داهاتی دیجلە و ڕێژگەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

| ڕووبار/لق | درێژی لەناو خاکی هەرێم(کم) | ڕووبەری ئاوزێڵ (کم$^2$) | ڕێژەی داهات | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ناو عێراق(**) | دەرەوەی عێراق |

*- کۆی ئەو داتایانەی لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو، لەو سەرچاوانە وەرگیراوە کە لە خوار خشتەکەدا ئاماژەمان پێداوە، جگە لە داهاتی ساڵی (٢٠٢١) ڕووباری عوزێم، کە لە ڕێگەی بەڕێز (سامان ئیسماعیل) بەڕیوەبەری بەنداوی دەربەندیخانەوە بە دەستمان هێناوە.

| | | گشتی | له ناو هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دیجله | ١٣٨ | ٢٨٩٠٠٠ | ١٣٨ | ------ | ٪١٠٠ |
| خابوور | ٩٠ | ٦٤٣٨ | ٢٧٢٠ | ٪٤٢ | ٪٥٨ |
| زێی گەورە | ٢٣٠ | ٢٦٤٧٢ | ١٦٦٠٠ | ٪٥٨ | ٪٤٢ |
| زێی بچوک | ٢٥٠ | ٢١٤٧٥ | ١٥٩٧٥ | ٪٦٤ | ٪٣٦ |
| عوزێم | ١٥٠ | ١١٢١٧ | ١٠٩٨٨ | ٪١٠٠ | ----- |
| سیروان | ٣٠٠ | ٣١٨٩٩ | ١٣٦٦٠ | ٪٤١ | ٪٥٩ |
| کۆی گشتی | ١٤٢٠ | | | ٪٤٠ | ٪٦٠ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر؛ ١- رزگار خصر طه، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٧. ٣- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٠٧. ٤- د. فەرەیدون کاکەیی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٤٦. ٥- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی کشتوکاڵی، پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩.

کەواتە بە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (٥) بۆمان دەردەکەوێت داهاتی ئاو لە ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەر زەوین لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی (٪٦٠) داهاتەکەیان لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت، بێگومان ئەوەش بە خاڵێکی لاواز لە ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەوپێیەی وڵاتانی سەرچاوە دەتوانن جڵەوی ئەو ئاوە بکەن کە لە وڵاتەکانیانەوە دەڕژێتە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی، کە دواتر لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا بە وردی ڕوونیدەکەینەوە، جگە لەوەش تائێستا لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە وەک پێویست سود لە ئاوی ئەو ڕووبارانە وەربگیرێت، تەنیا چەند بەنداوێکی کەمی لەسەر دروستکراوە، وەک ئەوەی لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

### دووەم/ بەست و بەنداوەکان

بەگشتی لە هەرێمی کوردستان (٣) بەنداوی گەورە و (١٤) بەنداوی بچوک هەیە، کە لە ئێستادا تەواوبوون و ئاویان تێدا گەنجینە دەکرێت[١]، کە بۆ جڵەوکردن و کۆکردنەوەی ئاو لەسەر ڕووباری دیجلە و لقەکانی دروستکراون بۆ مەبەستی ئاودێری، شارستانی، بەرهەمهێنانی وزەی کەهرۆئاوی، دورخستنەوەی مەترسییەکانی لافاو، ئامانجی گەشتوگوزاری ...وهتد، سودیان لێوەردەگیرێت[٢]، بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستان دابەشدەبن بۆ دوو جۆر؛ یەکەم: بەنداوە جێبەجێکراوەکان؛ دووەم: ئەو بەنداوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

---

**- ئەو بەشەی عێراق لە ئاوپێدانی ڕووباری دیجلە بە بەشی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، چونکە هەموو ڕێژگە ڕاستەوخۆکانی ڕووباری دیجلە دەکەونە ناو سنوری هەرێمی کوردستان؛ سەرچاوە: د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٤٨-١٤٩.

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، بەڕێوەبەری گشتی بەنداو وگۆکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەولێر، ٢٣/ئایار/٢٠٢٢.

٢- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٦.

**یەکەم-** بەنداوە جێبەجێکراوەکان: مەبەست لەو بەنداوانەیە کە لە ئێستادا تەواووبوون و ئاویان تێدا گەنجینە دەکرێت ، ئەو بەنداوانەش بریتین لە: بەنداوی دوکان، دەربەندیخان و دهۆک، هەروەها لەگەڵ (١٤) بەنداوی بچوک وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دا خراوەتەڕوو.

١. بەنداوی دوکان

ئەم بەنداوە لە ساڵی (١٩٦٠) لە نزیک تەنگەبەری دوکان لەسەر زێی بچوک دروستکراوە، نزیکەی (٦٠ کم) لە باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی دوورە و توانای گلدانەوەی (٦,٨ ملیار $م^3$) ئاوی هەیە[١]، گەنجینەی مردووی بەنداوەکە (٧٠٠ ملیۆن $م^3$)[٢]، توانای بەرهەمهێنانی (١٠٠هەزار) کیلۆوات/کاتژمێر کارەبای هەیە[٣]، لەگەڵ وێستگەی کارەبای دەربەندیخاندا سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەی کارەبا بۆ پارێزگاکانی هەرێم دابیندەکەن[٤]، هەروەها ئەم بەنداوە سودی لێوەردەگیرێت بۆ ئاودانی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق و پاراستنی شاری موسڵ و ناوچەکانی چواردەوری لە مەترسی لافاو، هەروەها بۆ ڕاوکردن و بەخێوکردنی ماسیش سودی لێوەردەگیرێت[٥]، جگە لەوەش بایەخێکی گەشتوگوزاری تایبەتی هەیە بەهۆی شوێنی جوگرافی دەریاچەکە و ئاووهەوا و دیمەنی جوانی کە لە هەرچوارلاوە بە شاخ دەورەدراوە[٦]؛ لە ئێستادا بڕی ئاوی گەنجینەکراوی ناو ئەم بەنداوە بۆ زیاتر لە نیوە کەمیکردووە، بەپێی ئەو داتایەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێم هەیە.[٧]

٢. بەنداوی دەربەندیخان

ئەم بەنداوە لە ساڵی (١٩٦١) لەسەر ڕووباری سیروان دروستکراوە، کەوتۆتە (٦٠ کم) خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی[٨]، توانای گەنجینەکردنی (٣,٧ ملیار $م^3$) ئاوی هەیە[٩]، ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم بەنداوە پاراستنی ناوچەکەیە لە لافاو، لە ئێستاشدا بۆ مەبەستی ئاودێری و زیادکردنی سامانەکانی ئاو و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و سەرەڕای بایەخە

---

١- كامران أحمد حمه، العرض والطلب، مصدر سبق ذكره، ص١٨.

٢- أنور عبدالزهرة شلشل العتابي، الموارد المائية في العراق بين تحدى السياسات وفرص الاستدامة، رسالة مقدمة إلى مجلس كلية الإدارة والاقتصاد/ الجامعة المستنصرية وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في العلوم الاقتصادية، ٢٠١٤، ص٨٩.

٣- د. شاكر خصباك، مصدر سبق ذكره، ص١٠٣-١٠٤.

٤- ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٨.

٥- جزا توفيق طالب، إقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، مصدر سبق ذكره، ص١٠٣.

٦- شیروان عومەر رشید، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٣٤.

٧- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٨- د. دیاری عەلی محەمەد ئەمین، سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٦.

٩- شیروان عومەر رشید، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٣٦.

گەشتوگوزارییەکەی و بایەخەکانی دیکەی سودی لێوەردەگیرێت[١]؛ لە بەرواری(٢٠٢٢/٨/١٠) ئاوی گەنجینەکراوی ناو ئەم بەنداوە (١,١١٤ ملیار م٣) یە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بە توانای گەنجینەکردنی بەنداوەکە.[٢]

٣. بەنداوی دهۆک

ئەم بەنداوە لە ساڵی (١٩٨٦) لەسەر ڕووباری دهۆک لە شاری دهۆک دروستکراوە، ئامانجی سەرەکی ئاودێریکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی سیمێلە[٣]، توانای گەنجینەکردنی (٥٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، لە ئێستادا بەشێک لە ئاوی خواردنەوە بۆ شاری دهۆک و دەوروبەری دابیندەکات، هەروەها بووە بە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری گرنگ و ئاوی ژێرزەوی ناوچەکەی پێپاراو دەبێت[٤]، ئاوی گەنجینەکراوی ناو ئەم بەنداوە لە ئێستادا (٢٣-٠٥-٢٠٢٢)، دابەزیوە بۆ (٢٠ هەزار م٣)[٥]. خشتەی ژمارە (٦)، بەنداوە گەورەکانی هەرێم و تایبەندییەکانیان ڕووندەکاتەوە، بەم شێوە:

خشتەی ژمارە (٦)، بەنداوە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندییەکانیان.

| ناوی بەنداو | ڕووبار | بەراوکردنی زەوی بە (دۆنم) | گەنجینەی مردوو(ملیار م٣) | گەنجینەی زیندوو | توانای گلدانەوەی ئاو(ملیار م٣) | پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دووکان | زێی بچوک | ١,٣٠٠,٠٠٠ | ٠,٧ | ٦,١ | ٦,٨ | سلێمانی |
| دەربەندیخان | سیروان | ٥٠٠,٠٠٠ | ١,٢ | ٢,٥ | ٣,٧ | سلێمانی |
| دهۆک | دهۆک | ٢٥,٠٠٠ | ٠,٠٤ | ٠,٤٨ | ٠,٥٢ | دهۆک |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر توێژەر، پشت بەست بە: ١) د. سلیمان عبدالله اسماعیل، مصدر سبق ذکرە، ص١٩١-١٩٥. ٢) ڕزگار خضر طه، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ص٨٦.

شایەنی باسە جگە لەو (٣) بەنداوە گەورەیەی کە ئاماژەمان پێدا، لە هەرێمی کوردستان (١٤) بەنداوی دیکەی بچوک دروستکراون، لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، کۆی ئەو بەنداوە بچوکانە لە باشترین دۆخدا توانای گەنجینەکردنی نزیکەی (٥٢,٨ ملیۆن م٣) ئاویان هەیە.

---

١- د. دیاری عەلی محەمەد ئەمین، سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٦.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز سامان ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، (٢٠٢٢/٨/١٠).

٣- د. سلیمان عبدالله اسماعیل، السیاسة المائیة لدول حوضي دجلة والفرات وانعکاساتها على القضیة الکردیة، مصدر سبق ذکرە، ص١٩٠.

٤- هاوڕێ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٨٦.

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، داتای بڵاو نەکراوە.

تەواوی ئەو بەنداوە بچوکانە ئەو ئاوەی کە ئەمساڵ لەم کاتەی ئێستادا (٢٠٢٢/٥/٢٣) تێیاندایە نزیکەی (٤٠ ملیۆن م٣) یە، لە ئێستادا کە وەرزی کۆکردنەوەی ئاوە لە نێو بەنداوەکاندا[١]، بەنداوەکانیش بریتین لەم بەنداوانەی خوارەوە کە لە خشتەی ژمارە (٧) دا خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٧)، بەنداوە بچوکە جێبەجێکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

| ناوی بەنداو | شوێنی پڕۆژە | توانای گلدانەوەی ئاو/ ملیۆن م٣ |
|---|---|---|
| بەنداوی جەلی | هەولێر | ٨,٦ |
| بەنداوی دێگەڵە | هەولێر | ١,٠٧٥ |
| بەنداوی حەمامۆک | هەولێر | ٠,٣٥ |
| بەنداوی کۆدەڵە | هەولێر | ٠,١٢ |
| بەنداوی شیوە سور | سلێمانی | ٨ |
| بەنداوی هەشەزینی | سلێمانی | ٠,٦ |
| بەنداوی چەمی سمۆرە | سلێمانی | ١ |
| بەنداوی کەشکان | دهۆک | ١,١ |
| بەنداوی بێدۆهی | دهۆک | ١,٨ |
| بەنداوی باوەشاسوار | گەرمیان | ٦,٦ |
| بەنداوی حەسەن کەنوش | گەرمیان | ٠,٢٢ |
| بەنداوی هەڕاوە | گەرمیان | ٠,٨ |
| بەنداوی قادر کەرەم | گەرمیان | ١ |
| بەنداوی ئاوە سپی | گەرمیان | ٢١,٦ |
| کۆی گشتی | | ٥٢,٨ ملیۆن م٣ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژە؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو وکۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، داتای بڵاونەکراوە.

لە خشتەی ژمارە (٦ و٧) دەردەکەوێت؛ کە تەنیا بڕی (١٠,٦ ملیار م٣) لەو دەرامەتە ئاوەی لەسەر زەوی هەرێم هەیە لە ئێستادا دەتوانرێت گەنجینە بکرێت و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی (شارستانی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزاری..وهتد) دا بەکاربهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی (٢ ملیار م٣) لە خەزنی مردووی بەنداوەکاندایە و ناتوانرێت سودی لێ ببینرێت، واتا تەنیا نزیکەی (٨,٦ ملیار م٣) لە ئاوی ڕووبارەکان دەتوانرێت گلبدرێتەوە و سودی لێ ببینرێت، لەکاتێکدایە ئەگەر تێکڕای بڕی ئاوی خەمڵێنراوی ڕۆیشتووی ڕووباری زێی گەورە لە دەیەی دووەمی سەدەی (٢١) وەرگرین بەنموونە، ئەوا زیاترە لەو بڕە و دەکاتە (٨,٨ ملیار م٣) وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا دەردەکەوێت، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان سودی لێوەرگیراوە و ئەوەی دیکە بەفیڕۆدەڕوات، کەواتە لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەرامەتێکی باشی ئاوی سەرزەوی

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

و ژێرزەوی و دابارین هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نەتوانراوە وەک پێویست بەنداو و پرۆژەی ئاوی دروستبکرێت بۆ گلدانەوە و گەنجینەکردنی ئاو و دواتر سود لێوەرگرتنی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییە جۆراوجۆراکان، بەتایبەت لە وەرزە بێ ئاو و کەم بارانەکاندا، بەشی هەرەزۆری داهاتی ئاو بە بێئەوەی توانرابێت سودی لێوەربگیرێت بەفیڕۆدەڕوات، واتا سودی لێوەرنەگیراوە وەک پێویست، ئەوەش بووەتە مەترسییەک و ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەمە سەرباری ئەوەی نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاوی سەر زەوی لە وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) ەوە سەرچاوەدەگرێت و یەکێکی دیکەیە لە مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاوی هەرێم و لە بەشی دواتردا ڕوونیدەکەینەوە.

## ئەو بەنداوانەی لە بواری جێبەجێکردندان:

جگە لەو (١٧) بەنداوەی کە ئێستا تەواوبوون و ئاویان تێدا گەنجینە دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە لە پێگەی فەرمی وەزارەتی ناوبراو بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوەداوە لە ئێستادا (١٥) بەنداوی دیکە کە بە ڕێژەی جیاواز کارکردن تێیاندا ئەنجامدراوە، بودجەیان بۆ تەرخانکراوە، وەک لە خشتەی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە (٨)، ئەو بەنداوانەی لە بواری جێبەجێکردندان.

| ناوی بەنداو | شوێن | توانای گلدانەوەی ئاو/ ملیۆن م$^3$ | بودجەی تەرخانکراو (٢٠٢١)دینار | ڕێژەی کاری ئەنجامدراو(٪) |
|---|---|---|---|---|
| شەوگێر | کۆیە | ١,١ | ٧٥٠ ملیۆن | ٤٠ |
| تاڵەبان | کۆیە | ٣ | ٧٨٦ ملیۆن | ٩١ |
| نازەنین | کۆیە | ] ١,٩ | ٧٥٠ ملیۆن | ٢٥ |
| ئاقوبان | شەقڵاوە | ٢,٦ | ١٠٠٠ ملیۆن | ٨٣ |
| چەمرگە | دەشتی هەولێر | ١١ | ٦٠٨ ملیۆن | ٩٢ |
| تورەجار | کەلار | ١,٥ | ٢٠٠٠ ملیۆن | ١٣ |
| خۆرنەوازان | کفری | ١١ | ٤٧٣ ملیۆن | ٩٦ |
| دێوانە | دەربەندیخان | ٢١ | ٢٠٠٠ ملیۆن | ٨٦ |
| سبنە ٢ | ئامێدی | ٥ | ١٠٠٠ ملیۆن | ٤١ |
| خەنەس | شێخان | ٥٩ | ٢٠٠٠ ملیۆن | ٧٠ |
| گەلی بەنداوە | سمێڵ | ٦ | ١٥٠٠ ملیۆن | ٣٨ |
| باسەرە | سلێمانی | ٦٠ | ---- | ٤,٣ |
| زەڵان | شارباژێر | ٢٥ | ٣ ملیار | ٣٨ |
| چەق چەق | سلێمانی | ٣,٤ | ٣ملیار | ٣٢ |
| گۆمەسپان | شەقڵاوە | ٩٠ | ١٠ ملیار | ١٧ |
| سورقاوشان | دوکان | ٧,٩ | --- | ٧٨ |
| باوەنور | کەلار | ٤٦ | --- | ٧ |
| کۆی گشتی توانای گلدانەوەی ئاو | | ٣٥٥,٤ ملیۆن م$^3$ | | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر؛ ١) بەڕێوەبەرایەتی بەنداو وکۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، داتای بڵاو نەکراوە. ٢) وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ڕاپۆرتی کارو

چالاکییەکان لە کابینەی نۆیەم لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٧ تا ٢٠٢١/١٢/٣١)، ل ل٧-٨. ٣) د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٢٥-٢٣٩.

بەڵام شایەنی باسە لە کۆی ئەو بەنداوانەی لە خشتەی ژمارە (٨) دا ئاماژەمان پێکرد، (ڕەحمان خانی) بەڕێوەبەری گشتی بەندا و کۆگاکانی ئاو لە هەرێم دەڵێت "لە ئێستادا تەنیا (٦) بەنداو کارکردن تێیاندا بەردەوامە، ئەوانیش بەنداوی (گۆمەسپان، تورەجار، خەنەس، شەوگێر، دێوانە، چەمرگە) یە، بەڵام بەنداوەکانی دیکە بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست و گرفتی ماددی کارکردن تێیاندا وەستێنراوە و بە تەواونەکراوی جێهێڵراون، بۆیە نەتوانراوە ئەو پلانەی کە هەبووە جێبەجێبکرێت.[١]

هەروەها لە ئێستادا حکومەتی هەرێم بڕیاریداوە بە سیستەمی (P.P.P)* ، (٩) بەنداوی گەورە و مامناوەند دروستبکات وەک لە خشتەی ژمارە (٩) دا دەردەکەوێت، کە ئەمەش بۆ یەکەمجارە بەو شێوازە بەنداو دروستبکرێت، واتا لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا بە هاوبەشی، لەو (٩) بەنداوە (٢) دانەیان لە ئێستادا دیاریکراوە بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێت وەکو تاقیکردنەوەی سەرەتایی ، چونکە یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستاندا کەرتی گشتی و تایبەت لەم بوارەدا پێکەوە کاربکەن.[٢]

خشتەی ژمارە (٩)، ئەو بەنداوانەی بە شێوازی قیستی درێژخایەن جێبەجێدەکرێن بەشێوازی (p.p.p).

| ناوی بەنداو | پارێزگا | ڕووباری ژێدەر | بەرزی لە ئاستی دەریا/ م | قەبارەی ئاو/ملیۆن م³ | کارەبا مێگاوات | زەوی بەر ئاو بۆ چاندن /دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەنداوە | هەولێر | زێی گەورە | ٣٦١,٥ | ٣٣٠ | ١٠٠ | ٢٨٠٠٠ |
| خێوەتە | سلێمانی | قەلاچوالان | ٨٢٦ | ١٢٦ | ٤,٨ | ٦٨٠٠ |
| باکرمان | دهۆک | خازر | ٥٧٧ | ٤٣٠ | ٢٤ | ١٤٧٦٠٠ |
| سارتک | هەولێر | زێی بچوک | ٣٣٥ | ٤٩٠ | ٨٨,٥ | ٤٥٠٠٠ |
| دێڵگە | سلێمانی | زێی بچوک | ٦١٠ | ٥٥ | ٧٠ | ١٠٠٠٠ |
| دێرەلوک | دهۆک | زێی گەورە | ٧٦٠ | ٤٥٧ | ٢٦١ | ٤٥٠٠٠ |
| تەق تەق | هەولێر | زێی بچوک | ٤٢٣,٣ | ١٤٠٠ | ٢٧٠ | ٥٥٠٠٠ |
| بەردەسور | کفری | سیروان | ٢٥٠ | ١٧٠ | ٦٠ | ١٠٠٠٠٠ |
| باصێ | دهۆک | خابوور | ٧٥٣ | ٧٧ | ٤٢ | ١٣٦٨٠ |

سەرچاوە: ڕاگەیاندنی وەزارەت بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان، ئاماری کاروچالاکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیە، (٢٠١٩/٩/١٧ تا ٢٠٢١/١٢/٣١)، چاپخانەی کشتوکاڵ، ل٦.

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی،سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

*- سیستەمی (p.p.p)، بریتییە لەو سیستەمەی کە تێیدا کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی (حکومەت) پێکەوە پرۆژەکان جێبەجێدەکەن، بێگومان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە لە پرۆژە پێویستە ئەوانەی سودمەند دەبن لە پرۆژەکە، دەبێت بەشێک لە تێچووەکەی بدەنەوە بە لایەنی جێبەجێکار کە کەرتی تایبەت و حکومەتە. سەرچاوە: دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حمە کەریم، وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٢٨.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

به تەواوبوونی کۆی ئەو بەنداوانەی لە خشتەی ژمارە (٨ و ٩) دا ئاماژەیان بۆکرا، دەتوانرێت بڕی (٣,٨ ملیار م٣) ئاو گەنجینە بکرێت، کە دەکرێت بەهۆیانەوە ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی کشتوکاڵی پێ بەراوبکرێت و نزیکەی (١٠٠٠ مێگاوات) کارەبا دابینبکات، ئەوە جگە لە سودە گەشتوگوزارییەکانی و سودەکانی دیکەی، ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسایشی ئاو و پاشان ئاسایشی خۆراک و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دواجاریش کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی تەنیا لە یەک ڕەهەندەوە نابێت، بەڵکو پێکەوەیی لەنێوان کۆی ڕەهەندەکانی ئاسایشدا هەیە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە وەک لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ڕوونکرایەوە.

شایەنی باسە بەپێی ماستەرپلانی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو) لە هەرێمی کوردستاندا (٢٥٠) شوێن لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراون بۆ دروستکردنی بەنداو، بەتەواوبوونیشیان (٣٧ ملیار م٣) ئاو گل دەدرێتەوە[١]، یەکیک لەو بەنداوانە بەنداوی بێخمەیە لەسەر زێی گەورە، ئەگەرچی بەشێکی بەنداوەکە تەواوکراوە و بڕیاربوو ساڵی (١٩٩٣) بەنداوەکە هەموو کارەکانی تەواوبکرێت، بەڵام لە ساڵی (١٩٩١) کارکردن تێیدا وەستێنراوە، لەگەڵ ئەوەی بە یەکێک لە بەنداوە گەورە و ستراتیژییەکانی ناوچەکە و جیهان لەقەڵەم دەدرێت [٢]، بەوپێیەی توانای گەنجینەکردنی (١٧ ملیار م٣) ئاو و بەرهەمهێنانی (٤٤٧٦) هەزار کیلۆوات/کاتژمێر کارەبای هەیە، دەتوانێت (٢٠٢٦ هەزار) دۆنم زەوی بەراوبکات[٣]، کە بێگومان دەتوانێت خزمەتێکی فراوانی ئاسایشی ئاو بکات لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین؛ بە دروستکردنی ئەو بەنداوانە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و ئەو ناوچانەی کە بەنداوەکانی تێدا دروستدەکرێت بە شێوەیەکی تایبەتی دەبوژێتەوە و گەشە دەکات لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشتوگوزارییەوە، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێشبردنی سامانی ماسی، دابینکردنی هەلی کار و بەرهەمهێنانی زیاتری وزەی کارەبا و فراوانکردنی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو و گەشەپێدانی گەشتوگوزار، هەموو ئەوانەش کاریگەری ئەرێنیان دەبێت لەسەر سەقامگیری وسەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان.

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- خەلیل حەسەن محەمد، سامانی ئاو، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤٧.

٣- د. دیاری عەلی محەمەد ئەمین، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی ٢٠١٤، ل٣٩.

## باسی دووەم : دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان

لەم باسەدا، هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئێستای ئاسایشی ئاو دەکەین لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دوو تەوەرەوە، لە تەوەری یەکەمدا بەرکەوتەی تاک لە ئاو و شێوازی بەکارهێنانی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو، تەوەری دووەمیش تایبەت دەکەین بە بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسا و سیاسەتەی کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پەیڕەویدەکەن لە هەمبەر پرسی ئاو، واتا شێوازی بەڕێوەبردنی ئاو دەخەینە بەرباس، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### تەوەری یەکەم/ بەرکەوتەی تاکە کەس و بەکارهێنانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا

لەم تەوەرەدا بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێمی کوردستان بەپێی ستاندارده جیهانییەکان دەخەینەڕوو، بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بکەین لە ئێستادا، لەسەر بنەمای ئەو داهاتە ئاوەی کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بەرامبەر بە ژمارەی دانیشتوان و پێداویستییە ئاوییەکانیان.

وەک پێشتر لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێدا، ئەوە خراوەتەڕوو بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان هەر وڵاتێک (١٠٠٠م$^3$) ئاوی تازەکراوەی بۆ هەر یەک کەس لە ساڵێکدا هەبێت، ئەوا بە وڵاتێکی کەمئاو هەژماردەکرێت، واتا ئاسایشی ئاوی نییە[١]، هەروەها ئەگەر وڵاتێک کەمتر لە (١٧٠٠م$^3$) ئاوی تازەکراوەی بۆ هەر یەک کەس لە ساڵێکدا هەبێت ئەوا ئەو وڵاتە لەباری (نیگەرانی ئاویی) دایە واتا ئاسایشی ئاوی پارێزراو نییە، بەڵام ئەو وڵاتانەی بەرکەوتەی تاکەکەس تێیاندا لە (٢٠٠٠م$^3$) لە ساڵێکدا زیاتربێت بە وڵاتی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو هەژماردەکرێت، واتا ئاسایشی ئاویان پارێزراوە[٢]، بەوجۆرە هێڵی (١٠٠٠م$^3$) لە ساڵێکدا هێڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان کێشەی کەمئاوی و بوونی ئاوی پێویست بۆ تاکەکەس لە هەر ناوچەیەکدا بێت، کە پێویستە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو.

بەپێی ئەو داتایانەی کە پێشتر سەبارەت بە دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان خرایەڕوو، دەردەکەوێت هەرێمی کوردستان دەرامەتێکی باشی ئاوی هەیە، بەوپێیەی ڕووباری دیجلە و پێنج ڕێژگە سەرەکییەکەی کە بریتین لە (خابور، زێی گەورە، زێی بچوک، عوزێم و سیروان) بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبن و پاشان دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە، کە ساڵانە داهاتێکی ئاوی باشیان هەیە، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم ڕێژە زۆرەی دەرامەتی ئاو تا ئێستا وەک پێویست سودی لێ نەبینراوە، بە بەڵگەی ئەوەی تەنیا ئەو چەند بەنداوەی لەسەر دروستکراوە کە لە خشتەی ژمارە (٦) دا خراوەتەڕوو، لەگەڵ چەند پرۆژەیەک لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان کە سود لە ئاوی ئەو ڕێژگانە وەرگیراوە، وەکو پرۆژەکانی (ئیفراز یەک و ئیفراز دوو و ئیفراز سێ)، کە

---

١- فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگی ئاوی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٠٦.

٢- ئەندەرس یاگەرسکوگ، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ١٩.

ئاوی خواردنەوە بۆ بەشێک لە شاری هەولێر دابیندەکات [1]، یاخود لە ڕێگەی پرۆژەی ئاودێری کشتوکاڵی لەلایەن هاوڵاتیان و حکومەتەوە وەکو لە چەند ناوچەیەکی کەلار و هەڵەبجە و تەقتەق و ڕانیە و خەبات... وهتد، ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو بۆ ئەم پرۆژانە بە (٣ ملیار م$^{3}$) خەمڵێنراوە، ئەوەی هەبووە تا ئێستا زیاتر پشت بە ئاوی ژێرزەوی بەستراوە[2]، بۆ پڕکردنەوەی زۆربەی پێداویستییە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان.

بۆ دیاریکردنی بەرکەوتەی تاکەکەس لە ئاو پشت بە دوو بۆچوون دەبەستین؛ یەکێکیان پێیوایە دەبێت بەرکەوتەی تاکەکەس لە ئاو لەو بڕە ئاوە دیاری بکرێت کە دەتوانرێت پاشەکەوت یان گەنجینە بکرێت و ئەو ئاوەی ژێرزەوی کە دەتوانرێت بەکاربێت و نوێدەبێتەوە، چونکە بوونی ئاوی ڕۆشتوو کە سودی لێنەبینرێت وەک نەبوو هەژماردەکرێت[3]؛ بەڵام بۆچوونی دووەم پێیوایە دەبێت بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە تێکڕای لەبەرڕۆیشتنی ساڵانەی ئاوی ئەو ڕووبارانەی کە بە وڵاتەکەدا تێدەپەڕن و لەگەڵ ئاوی ژێرزەوی نوێبووەوە دیاری بکرێت، کە ئاسایشی ئاوی وڵاتەکە یاخود هەرێمەکە پارێزراوە یان لە مەترسیدایە.[4]

سەبارەت بە کۆی گشتی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان داتای دروست و ورد لە بەردەست نییە، دابارین کە دەرامەتێکی نوێبووەوەیە و ساڵانە داهاتێکی باشی هەیە لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە بڕەکەی دیاری بکرێت، تەنیا ئەو بڕە نەبێت کە ئەبێت بە سەرچاوەیەک و دەڕژێتە ڕووبار و دەریاچەکانەوە، دیارە ئەم بڕەش دیاری نەکراوە، هەروەها سەبارەت بە ئاوی ژێرزەوی بەهۆی بوونی چەندین بیری بێ مۆڵەت و "نەبوونی پێوانەی ئاو تەنانەت لەسەر زۆربەی بیرە مۆڵەتدارەکانیش" ئاسان نییە ڕێژە و بڕی ئاوی بەکارهاتووی ئاوی ژێرزەوی دیاری بکرێت، بۆیە زۆربەی ئەو داتایانە پشت بە خەمڵاندن دەبەستێت[5]، بە هەمان شێوە (کاروان حمە ساڵح) بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستاندا داتای دروستمان لە بەردەست نییە، ئەوەی هەیە تەنیا خەمڵاندنە و بە نزیکەیی بە (٢ ملیار م$^{3}$/ساڵانە) خەمڵێندراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بڕی ئاوی ژێرزەوی

---

١- زەردەشت عبدالخالق، بەڕێوەبەری ئاو وئاوەڕۆی هەولێر، لێدوان بۆ ماڵپەڕی کوردستان، ٢٠٢١/٨/١٧، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٨/٢٧ .https://old.kurdistantv.net/ku/٢٠٢١/٠٨/١٧/kurdistan/

٢- د. هەڵمەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٨.

٣- د. هەڵمەت ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

٤- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧١.

٥- د. هەڵمەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٧.

لە دابەزینداییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو بڕەی لێیبەکاردێت نوێ نابێتەوە"[1]، بە هەمان شێوە توێژینەوەکان و وێنەی مانگە دەستکردەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٥٠٪) کەمیکردووە[2]، واتا کەمتر لە نیوەی ئاوی ژێرزەوی توانراوە نوێببێتەوە، لەکاتێکدا ئاوی ژێرزەوی نوێبووەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق بۆ ساڵی (٢٠١٤) بە (٢ ملیار م٣) خەملێندراوە[3]، لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین؛ ئاوی ژێرزەوی کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و نوێدەبێتەوە نیوەی ئەو ئاوەیە کە ئێستا بەکاردێت، کەواتە ئێمە لێرەدا (١ ملیار م٣/ساڵانە) وەردەگرین بۆ زانینی بەرکەوتەی تاک لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە نویدەبێتەوە.

ئەگەر بەرکەوتەی تاکەکەس بەپێی ئەو بۆچوونە دیاری بکەین کە دەبێت لەو بڕە ئاوە دیاری بکرێت کە گەنجینە کراوە، واتا لە بڕی ئاوی بەنداوەکان و ئەو پرۆژە ئاوییانەی کە لە ئێستادا جێبەجێکراون و بەکاردەهێنرێن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییە جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ ئەو بڕە ئاوەی ژێرزەوی کە دەکرێت بەکاربێت و نوێدەبێتەوە، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

کۆی بەنداوەکانی هەرێم توانای گەنجینەکردنی نزیکەی (١٠,٥ ملیار م٣) ئاویان هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە (٥ و ٦) دا خراوەتە ڕوو، بەڵام لەو ڕێژەیە (١,٩ ملیار م٣) لە گەنجینەی مردووی بەنداوەکاندایە (الخزين الميت)، کەواتە بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن (٨,٦ ملیار م٣) ئاو گەنجینە بکەن و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، جگە لە ئاوی ئەم بەنداوانە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێم سود لە ئاوی ڕووبارەکانی هەرێم وەرگیراوە کە بە (٣ ملیار م٣) ساڵانە خەملێندراوە، لەگەڵ (١ ملیار م٣/ساڵانە) لە ئاوی ژێرزەوی کە بەکاربێت و نوێدەبێتەوە، کەواتە بڕی ئەو ئاوەی کە توانراوە گەنجینە بکرێت و بەکاربهێنرێت لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ( ١٢,٦ ملیار م٣) یە؛ لەکاتێکدا دانیشتوانی هەرێم بەپێی دواین خەمڵاندن کە لەلایەن دەستەی ئاماری سەر بە وەزارە پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٠) بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە (٦,١٧١,٠٨٣) کەس خەملێنراوە[4]، کەواتە بەرکەوتەی تاکەکەس لە هەرێم لە ئاوی بەردەست بریتییە لە زیاتر (٢٠٠٠ م٣) لە ساڵێکدا، بێگومان ئەم بەرکەوتەیەش بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان بە وڵاتێکی دەوڵەمەند لە

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢/٧/٥.

٢- د. هەڵەت رەشید، دەرامەتی ئاو وگەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١.

٣- وزارة التخطيط الحكومة العراقية، الجهاز المركزي للاحصائ، مديرية الاحصائ الزراعي، تقرير الموارد المائية لسنة (٢٠١٥-٢٠١٩)، بغداد ٢٠١٥، ص٦.

٤- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق، شوبات ٢٠٢١، ل ل١٠-١١.

دەرامەتی ئاو هەژماردەکرێت، ئەوەش بە واتای ئەوەدێت کە هەرێمی کوردستان ئاسایشی ئاوی لە ڕووی تیۆرییەوە پارێزراوە.

بەڵام ئەگەر بەرکەوتەی تاکەکەس بەپێی ئەو بۆچوونە دیاری بکەین، کە دەبێت بڕی ئاوی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە ڕێگەی تێکڕای ساڵانەی بڕی ئاوی نوێبووەوە دیاری بکرێت، واتا لە تێکڕای تێرژانی ساڵانەی ئاو بۆ نێو ڕووبارەکان و پڕکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی بەهۆی دابارینەوە؛ ئەوا دەردەکەوێت لە یەکەم دە ساڵی سەدەی (٢١) دا، تێکڕای تێرژانی داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووباری دیجلە و لقەکانی (٣٥,٨٥ ملیار م$^{3}$) بووە، لەم ڕێژەیە (٤٩٪) لقەکانی ڕووباری دیجلەیە و (٥١٪) داهاتی ئاوی دیجلە بووە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە بڕی ئاوی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو بەردەستبووە لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ هەرێمی کوردستان بەو مەرجەی هەرێم توانای جڵەوکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانەی هەبێت[1]، بەڵام ئەگەر ساڵێکی وەک (٢٠٢١) وەرگرین وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دا خراوەتەڕوو، کە تێکڕای تێرژانی ئاو بۆ ڕووبارەکان (١١,٥ ملیار م$^{3}$/ساڵ) بووە[2]، لەگەڵ (١ ملیار م$^{3}$) ئاوی نوێبووەوەی ژێرزەوی وەک پێشتر خستمانەڕوو بەوپێیەی کە دەکرێت بەکاربێت و نوێدەبێتەوە، کەواتە لێرەدا کۆی داهاتی ئاوی نوێبووەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢١) بە (١٢,٥ ملیار م$^{3}$) مەزندە دەکرێت، بەوەش بەرکەوتەی تاک دووبارە زیاترە لە (٢٠٠٠ م$^{3}$) لە ساڵێکدا، کەواتە بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەرامەتی ئاو و بەرکەوتەی تاک لە دۆخێکی باشی ئاسایشی ئاودایە و بە وڵاتیکی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو دادەنرێت، بەڵام ئەوەش ناشاردرێتەوە کە بەردەوام بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە دابەزین کردووە، بۆنمونە (د. فەرەیدون کاکەیی) لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا) کە لە ساڵی (٢٠٠٣) بڵاویکردۆتەوە، بەو دەرئەنجامە گەیشتووە هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان بە تەنیا لە ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی (١١,٧ ملیار م$^{3}$) ئاوی بەردەکەوێت لە ساڵێکدا[3]، بەڵام لە دەیەی یەکەمی سەدەی (٢١) بەرکەوتەی تاک لە هەرێمی کوردستان لە ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دابەزیوە بۆ (٧٠٠٠ م$^{3}$) لە ساڵێکدا، بە هەمان شێوە لە دەیەی دووەمی هەمان سەدەدا زیاتر دابەزیوە و بووە بە (٥٠٠٠ م$^{3}$) لە ساڵێکدا، بێگومان ئەوەش دەرەنجامی کۆمەڵێک هۆکار بووە کە لەبەشی دواتردا بە تێروتەسەلی ڕوونیدەکەینەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ سەرەڕای دابەزینی بەردەوامی بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەرتاکێک لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (٢٠٠٠ م$^{3}$) ئاوی بەردەکەوێت لە ساڵێکدا لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە خرایەڕوو، جا بەپێی ئەو بۆچوونە بێت کە پێیوایە دەبێت بەرکەوتەی تاک لەو بڕە ئاوە دیاری بکرێت کە گەنجینەکراوە و

---

١- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٣-٧٥.

٢- ،بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو کە ئاماژەی بۆکرا، داتای بڵاونەکراوە.

٣- د. فەرەیدون کاکەیی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣١-١٣٢.

دەتوانرێت بەکاربێت و نوێدەبێتەوە لە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، یاخود ئەو بۆچوونەی کە پشت بە تێکڕای تێڕژانی ساڵانەی ئاو بۆ نێو ڕووبارەکان و نوێبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی بەهۆی دابارینەوە دەبەستێت، بێگومان ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەپێی پێوەری نەتەوەیەکگرتووەکان بە هەرێمێکی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو لەقەڵەم دەدرێت، واتا دەتوانین بڵێین؛ لە ڕووی تیۆرییەوە ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا پارێزراوە، بەڵام بە پێویستی دەزانین لە ڕووی کردارییەوە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بکەین، لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەوەی کە ئایا داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان توانیوێتی پێداویستییە ئاوییە سەرەکییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابینبکات، کە خۆیدەبینێتەوە لە پێداویستی (ناوماڵ، کشتوکاڵ، پیشەسازی...وهتد)؟

یاخود ئایا تاچەند توانراوەە سود لەو بڕە ئاوە وەربگیرێت و دەستەبەری دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بکرێت؟ لەبەرئەوە هەوڵدەدەین بزانین تا چەند توانراوە سود لەو داهاتە ئاوە وەربگیرێت و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان لە بواری ناوماڵ پڕبکاتەوە یاخود بزانین ئایا توانراوە بەهۆیەوە سێکتەری کشتوکاڵ پێببوژێنرێتەوە کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک، هەروەها تا چەند توانیوێتی بواری پیشەسازی و وزە لە هەرێمی کوردستان پێشبخات؟ لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین لە لقی دواتردا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

**لقی دووەم/ پێداویستییە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان**

بەگشتی بەکارهێنانی ئاو لە جیهاندا لە سێ بواردایە، ئەوانیش بریتین لە (ناوماڵ، کشتوکاڵ و ئاودێری، پیشەسازی)، کە بە ڕێژەی جیاواز ئاو بەکاردێنن، بۆنمونە ڕێژەی بەکاربردنی ئاو لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا لەسەر ئاستی جیهان بە (٦٩٪) خەمڵێندراوە، پیشەسازی و وزە بە ڕێژەی (٢٣٪) و ڕێژەی (٨٪) بۆ خواردنەوە و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ناوماڵ (شارستانی) بەکاردەهێنرێت، ئەم ڕێژانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بۆنمونە لە دەوڵەتە پیشەسازییەکاندا پێداویستی ئاوی پیشەسازی بە ڕێژەی (٤٠٪) دادەنرێت، ئەمە لەکاتێکدا لە دەوڵەتانی تازەگەشەکردوو کشتوکاڵ زۆرترین بەکاربەری دەرامەتە ئاوییەکانە[١]، بۆنمونە لە کیشوەری ئەفریقا ڕێژەی ئاوی بەکارهێنراو بۆ بواری کشتوکاڵ دەگاتە (٨٨٪) و لە عێراق لە ساڵی (٢٠١٠) زیاترببووە لە (٨٦٪)، تەنیا (٥٪ و ٣٪) بۆ پێداویستییەکانی پیشەسازی و ڕۆژانەی ناوماڵ بەکارهێنراوە یەک لەدوای یەک و نزیکەی (٦٪) فڕێدراوەتە نێو ژینگە ڕووبارییەکان[٢]، بە هەمان شێوە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بریتین لە (پێداویستی ناوماڵ، کشتوکاڵ و پیشەسازی)، وەک ئەوەی لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

١- هاني نبيل صبحي شراب، الأمن المائي العربي : نهر النيل نموذجا، مصدر سبق ذكره، ص٢١.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٦.

**یەکەم/** پیداویستی ناوماڵ (شارستانی): ئاو کە پێداویستییەکی بنچینەیی هاوڵاتیانە و لە سەرجەم کاروبارەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بەکاردێت وەکو (خواردنەوە، خۆشۆردن، چێشتلێنان، ئاودانی چیمەن و باخچەی ناوماڵ ...وهتد)، ئەم پێداویستیانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە وەرزێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەوەش بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەر کە کاریگەریان هەیە لەسەر کۆی پێداویستی ئاوی، لەوانە: زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، دابەشبوونی دانیشتوان لە نێوان شار و گوندەکاندا، توانای دەستکەوتنی ئاو و هەروەها جۆری ئاووهەوا بەگشتی کە لە ناوچە گەرمەکان و وەرزە گەرمەکان ئاوی زیاتر بەکاردەبرێت وەک لە ناوچە و وەرزە ناوەند یان ساردەکان.[١]

لەم بارەیەوە ئامارەکان ئەوە نیشاندەدەن ئاوی پێویست بۆ کەسێک لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە بە هۆکاری ئەو فاکتەرانەی باسمانکرد، بۆنمونە لە شارەکانی هندستان دەرکەوتووە هەر کەسێک دەوروبەری (٩٠-١٣٥ لتر) ڕۆژانە ئاو بەکاردێنێت، بەڵام لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم بڕە دەگاتە (٣٤٠ لتر) ئاو بۆ یەک کەس لە ڕۆژێکدا.[٢]

بەپێی بانکی نێودەوڵەتیش کەمترین بڕی ئاو کە پێویستە بۆ هەر تاکێک دەگاتە (١٠٠ بۆ ٢٠٠ لتر/ڕۆژانە)، بە مانەیەکی دیکە (٣٦ بۆ ٧٢ م$^{3}$/ساڵانە) بۆ هەر کەسێک، کە ئەمە تەنیا بەشێکە لە کۆی پێداویستییە ئاوییەکان، کشتوکاڵ و پیشەسازی و بەرهەمهێنانی وزە پێویستی بە بڕی ئاوی زیاترە[٣]؛ لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تێکڕای بەکاربردنی ئاو بۆ تاکێکی شارنشین بە (١٢٠ م$^{3}$/ساڵانە)* دیاریکردووە و بڕی (٣٠ م$^{3}$/ساڵانە) بۆ هەر تاکێکی گوندنشین دیاریکردووە؛ لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەکان جیاوازن لە دیاریکردنی تێکڕای بەکاربردنی ئاوی ڕۆژانەی تاک، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) بڕی ئاوی پێویستی بۆ یەک کەس لە هەرێم بە (١١٦ لتر) لە ڕۆژێکدا دیاریکردووە.[(٤)]

بەپێی ڕاپۆرتی ڕووپێوی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) ناوەندی بەشی هەر تاکێک لە ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە کە ئامادەیە بۆ دانیشتوانی هەرێم (٢٩٠ لتر/ڕۆژانە) بۆ هەر کەسێک؛ لە هەمان کاتدا ناوەندی بەشی هەرتاکێک بۆ خزمەت پێگەیشتوان لەسەر ئاستی هەرێم

---

١ - Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, Opcit, p١٨٦.

٢- ناهیدە جەمال تالەبانی، دەرامەتی سەرچاوە ئاوییەکان، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل١٤٤.

٣- مایکل کلیر، الحروب علی الموارد (الجغرافیا الجدید للنزاعات العالمیة)، ت: عدنان حسن، دار الکتاب العربی، بیروت ٢٠٠٢، ص١٦.

*- ( ١ م٣ ئاو = ١٠٠٠ لتر).

٤- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٦.

(٣٤٠ لتر) بۆ هەر کەسێک لە ڕۆژێکدا[١]؛ کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت بڕی ئەو ئاوەی کە ئامادەیە بۆ هەر تاکێک لە دانیشتوانی هەرێم (٢٩٠ لتر) لە ڕۆژێکدا، بەڵام بەهۆی دابەشنەکردنی بە شێوەیەکی دادپەروارانە بەسەر کۆی دانیشتواندا بەهۆی ئەوەی کە تەواوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئاوی شیاویان پێنەگەیشتووە لە ڕێگەی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو، بۆیە ئەو ئاوەی کە دەمێنێتەوە بەسەر ئەوانەدا دابەشدەکرێت کە تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاویان پێگەیشتووە، بەوەش ئەو بڕە ئاوەی کە دەگات بە خزمەت پێگەیشتوان بەرزدەبێتەوە بۆ (٣٤٠ لتر) لە ڕۆژێکدا، کە ئەوەش بە یەکێک لە تێکڕا بەرزەکانی بەکارهێنانی ئاو دادەنرێت لە جیهاندا.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی (سەربەست عوسمان) دەڵێت (٨٠٪) ئاوی پێویست بۆ دانیشتوانی سلێمانی دابینکراوە کە بە (٣) ڕۆژ جارێک ئاو دەدرێت بە ماڵان لە ڕێگەی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو، ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە کە ڕێژەی (٢٠٪) پێکدێنێت، پێویستیان بە پرۆژەی ئاوی دووکان سێ یە، بۆئەوەی بتوانن بە تەواوی ئاو بۆ سەرجەم دانیشتوانی سلێمانی دابینبکەن[٢]، کە لە ئێستادا بەشێکیان لە ڕێگەی تەنکەرەوە هەفتەی جارێک (٥ هەزار) لیتریان بۆ دەنێردرێت، بەشەکەی دیکەیان بە هیچ شێوەیەک نە بە تەنکەر و نە بە بۆری هیچ سەرچاوەیەکی ئاویان پێناگات، لەبەرئەوە هاوڵاتیان بۆ دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان پەنادەبەنە بەر ئەو (شەمعانە)*ی کە بە پارە ئاو دەفرۆشن لە ڕێگەی تانکەرەکانەوە، لەکاتێکدا بەپێی لێدوانی بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی ئاوی ئەو شەمعانە شیاوی خواردنەوە نین[٣]، هەروەها بەشێکی دیکەی دانیشتوانی سلێمانی پەنایان بردۆتە بەر لێدانی بیری نایاسایی[٤]، کە لە ئێستادا زیاتر لە (١٥٠٠٠) بیری بێ مۆڵەت لەشاری سلێمانی ودەوروبەری بوونی هەیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا.

هەر لە سەروبەندی مانگی شەشی ئەمساڵدا (٢٠٢٢) پەتای کۆلێرا لە سلێمانی بڵاوبوویەوە، بەهۆیەوە سەدان حاڵەت تۆمارکرا و چەندین کەس گیانیان لەدەستدا، هۆکارەکەشی بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی بۆ ئاوی پیس گێڕاویانەتەوە، چونکە وەک ئاشکرایە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی کۆلێرا ئاوی پیسە، لەبەرئەوە دوای پشکنینی ئاوی ئەو شەمعانەی کە بەشێک لە ماڵان بەکاریدەهێنن بۆ پێداویستییەکانی ناوماڵ لە سلێمانی دەرکەوت ئاوەکەیان تەندروست نییە و

---

١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠(ئاو-ئاوەڕۆ-خزمەتگوزاری)، تشرینی یەکەم- ٢٠١١، ل١٤.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەربەست عوسمان، بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٦.

*- شەمعە ئەو ئاوانەیە کە لە کارگەکانی سەهۆڵ یان لە چەند شوێنێکی تر کە ئاویان تێدا کۆبووەتەوە، دەکرێنە تەنکەر بۆ مەبەستی ئاودانی باخچەکان یان شۆردنی شۆستەکان پێویستە بەکاربێت، بەڵام زۆر کات ئەو ئاوانە دەفرۆشرێتەوە بە هاوڵاتیان لە کاتێکدا شیاوی خواردنەوە نین بەڵام بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت. سەرچاوە: سەربەست عوسمان، بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی KNN، ٢٠٢٢/٦/٢٦، بەردەستە لەم لینکە- https://www,facebook.com/KNN.KRD/videos/٥٦٣٤٦٩٦٧٨٧٢٦٦٩٠/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٨.

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەربەست عوسمان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

شیاوی خواردنەوە نییە[1]، هەروەها جگە لەو شەمعانە ئەو هەزاران بیرە بێ مۆڵەتەی کە هەیە بێ پشکنین ئاوەکانیان بەکار دەهێنرێن، لە مزگەوتەکان و ماڵاندا، بۆیە دەکرێت ئەوەنەش هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا بن.[2]

هەر لەماوەی ڕابردوودا بەشێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر ڕووبەڕووی گرفتی کەمئاوی بوونەوە، بە جۆرێک پێدانی ئاو لەو گەڕەکانە زیاتر لە (٢٠) ڕۆژی تێپەڕان[3]، هەروەها لەشارۆچکەی چەمچەماڵ هەر لە مانگی مایس و حوزەیرانی ئەمساڵدا (٢٠٢٢) کە بە سەرەتای وەرزی گەرما دادەنرێت لە بەشێک لە گەڕەکەکان بە (١٤) ڕۆژ جارێک ئاو دەدرا بە ماڵان، لەکاتێکدا ئەم گرفتە بۆ زیاتر لە (١٠ ساڵە) بەردەوامە، بەپێی وتەی بەرپرسانی ئاوی چەمچەماڵ[4]، بەتایبەتی لە وەرزە گەرمەکاندا کێشەکە زەق دەبێتەوە، ئەوەش بەهۆی زۆربوونی پێداویستی ئاوی هاوڵاتیان و کەمبوونەوەی بڕی ئاو لە هەمان کاتدا.

ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە بەوپێیەی هەر کەسێک زیاتر لە (٢٠٠٠ م$^3$) ئاوی بەردەکەوێت، تەنانەت لە وشکە ساڵەکانیشدا وەکو پێشتر ڕوونمانکردەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ستراتیژ و سیاسەتی ئاوی گونجاو و دواکەوتووی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دەرامەتی ئاو کە زۆر بەڕوونی ڕەنگدانەوەی لە زۆربەی بوارەکانی بەکارهێنانی ئاودا هەبووە، بەوپێیەی تەنانەت نەتوانراوە ئاوی پێویست بۆ زۆرێک لە دانیشتوانی هەرێم بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەیان دابینبکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ناوماڵ لەکاتێکدا ئەوە مافێکی سەرەتایی هەر کەسێکە کە ئاوی شیاو و پێویستی هەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، ئەمە جگە لە خراپی کوالێتی ئاو کە دەبێتەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا و تەندروستی بەکارهێنەرانی دەخاتە مەترسییەوە، وەک ئەوەی لە شاری سلێمانی ڕوویدا.

بێگومان لەکاتی بەردەوامبوونی ئەم گرفتە چاوەڕێدەکرێت خۆپیشاندان و نارەزایەتی هاوڵاتیان دروستببێت وەکو خۆپیشاندانەکانی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠١٩) ئێران، کە هۆکاری بەشێک لە خۆپیشاندانەکان دەگەڕایەوە بۆ قەیرانی ئاو لەو وڵاتەدا، بەوپێیەی چارەسەرکردنی کەمئاوی یەکێک بوو لە داخوازی خۆپیشاندەران، چونکە لە سنورەکانی باشوری ڕۆژئاوی ئێران دانیشتوانی بەشێک لەو شارانە ڕووبەڕووی گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوە ببوون، کە بووبەهۆی

---

١- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی KNN، ٢٠٢٢/٦/٢٦،سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەربەست عوسمان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی ڕووداو، کێشەی کەمئاوی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢/٦/١٢، لینک- https://www.facebook.com/.Rudaw.net/videos/.٧٠٠١٤٣٩٨٤٣٩٨١٩٦/ بەرواری سەردادان ٢٠٢٢/٦/٢٥.

٤- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی کەناڵی کوردسات، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/kurdsatnews/videos/.١٠٧٨٥٣٣٨٣٢٧٣٦٢٨٥/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٥

سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و دواتریش توندوتیژی لێکەوتەوە[1]، بە هەمان شێوە لە شارۆچکەی دەربەندیخان هاوڵاتیان ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بە خۆپیشاندن و مانگرتن کرد و ماوەی مانگێک و سێ ڕۆژ بەردەوامبوون، داواکاری سەرەکیشیان دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بوو بەوپێیەی ئاوی خواردنەوەیان خاوێن نییە و سەرچاوەی چەندین جۆری نەخۆشییە، بە مەرجی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان کۆتاییان بە خۆپیشاندان هێنا[2]، بەوشێوەیە ئەگەری دروستبوونی پشێوی و ناسەقامگیری لە هەر ناوچەیەک دەکرێت کە ئەگەری خۆپیشاندن و نارەزایەتی هەبێت و ئاسایش و سەقامگیری ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت هەبوونی ئاوی شیاو هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی، چونکە لە کاتی نەبوونی ئاو یان کەمبوونی و پیسبوونیدا، کۆمەڵگە ڕووبەڕووی پشێوی و نارەزایەتی و نەخۆشی دەبێتەوە، بۆیە دابینکردنی ئاسایشی ئاو کە بەواتای بڕی پێویست لە ئاوی شیاو بۆ هەر تاکێک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانیان دێت، پێداویستییەکی بنچینەییە و هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی تەندروستی پاشان ئاسایشی سیاسی لە وڵاتدا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سەرباری هەبوونی بڕی ئاوی پێویست، بەڵام نەتوانراوە ئاوی پێویست بۆ هاوڵاتیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابینبکرێت، بێگومان ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان، بەوپێیەی نەتوانراوە وەکو پێویست سود لەو دەرامەتە ئاویانە بەتایبەت ئاوی سەرزەوی وەربگیرێت و پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیانی پێپڕبکرێتەوە، کە لە بەشی دواتر بەووردی تیشک دەخەینەسەری.

**دووەم/** لە بواری کشتوکاڵ و بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکدا: لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ڕوونمانکردەوە ئاسایشی خۆراک واتا "دابینکردنی خۆراکی تەندروست بە کوالێتییەکی بەرز و بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەدا لە سنوری داهاتی خۆی، تا هەموو کەسێک بتوانێت خۆراکی پێویستی دەستبکەوێت، بۆئەوەی ژیانێکی تەندروست و شکۆمەند بژی"، دەکرێت ئەو دابینکردنە لە ناوخۆدا بێت و پێداویستییە خۆراکییەکانی هاوڵاتیان لە ناوخۆدا پڕبکرێتەوە لە ڕێگەی بەرهەمی کشتوکاڵی و چاندنی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانەوە.

بێگومان فراوانکردنی کەرتی کشتوکاڵ وەک کەرتێکی گرنگ لە نێو چالاکییە ئابوورییەکاندا کە خۆراک بۆ دانیشتوان و کەرەستەی خاو بۆ پیشەسازی دابیندەکات پشت بە دەرامەتی ئاو دەبەستێت[3]، چونکە کشتوکاڵ بە گەورەترین بەکاربەری ئاوی شیرین دادەنرێت لەسەر ئاستی

---

١- بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٩.
٢- سایتی خەندان، خۆپیشاندانەکەی دەربەندیخان، ٢٠٢٣/٣/٣، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە-
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=١٦٢١٢٣&babet=١&relat=١٠٢٤
بەرواری سەردان ٢٠٢٣/٣/١١.
٣- د. ئەحمەد جەلیل ئیسماعیل و محمەد زاهیر کوێخا صادق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨٩.

جیهان و ڕێژەی (٦٩٪) بەکارهێنانی ئاو بۆ ئەم کەرتە تەرخان دەکرێت[1]، هەروەها لەسەر ئاستی عێراق لە ساڵی (٢٠١٠) زیاتر لە (٨٦٪) ئاو لە کەرتی کشتوکاڵدا بەکاربراوە و(٣٢ ملیۆن) دۆنم زەوی لە دەشتی نیشتەنی بە تەواوی پشت بە ئاوی سەرزەوی و ئاودێری دەبەستێت[2]، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تێکڕای بەکاربردنی ئاو لە کەرتی کشتوکاڵدا بە (٣٤,٥٣٪) خەمڵێنراوە لە کۆی ئاوی هەرێم.[3]

هۆکاری ئەو تێکڕا کەمە لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆی ئەو ڕووبەرەی کە شیاوە بۆ کشتوکاڵکردن کە (٦,٤٢٥,٧٥٢ دۆنم) زەوییە، ڕووبەری (٥,١٢٠,٠٣٦ دۆنم) زەوی دێمە و پشت بە باران دەبەستێت، تەنیا (١,٣٠٥,٧١٦ دۆنم) زەوی کراوە بە بەراو[4]، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە کشتوکاڵی دێمی زۆرترین ڕووبەری گرتووە لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێم؛ زۆرترین ڕووبەری دێمی لە هەرێمی کوردستان بە گەنم و جۆ دەکرێت، کە نزیک دەبێتەوە لە ڕێژەی (٩٨٪) کۆی ڕووبەری چێندراوی بەروبومی زستانە لە هەرێم[5]، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت زۆربەی هەرەزۆری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی دێمییە و بەرهەمیان پشت بە دابارین دەبەستێت، واتا ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر کشتوکاڵ ڕێژەی دابارینی ساڵانەیە نەک بڕی ئاوی هەبوو(ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی).

لە ئێستاشدا بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ڕێژەی دابارین کەمیکردووە، هەر کەمکردنێکیش لە بڕی باران کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، بۆنمونە لەو ساڵانەی کە بارانێکی کەم دەبارێت و وشکەساڵی دەبێت بڕی بەرهەم کەم دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە، بۆنمونە لە ساڵێکی وەکو (٢٠١٨-٢٠١٩) کە ساڵێکی تەڕ و پڕباران بوو هەر دۆنمێک زەوی چاندراو بە گەنم بڕشتی (٧٣٢ کغم) هەبووە، بەڵام لە ساڵێکی وشکی وەکو (١٩٩٨-١٩٩٩) هەردۆنمێکی زەوی چاندراو بڕشتی (١٠٢,٢ کغم) هەبووە[6]، کەواتە دەردەکەوێت لە ساڵە تەڕ و پڕبارانەکاندا بڕشتی بەرهەم زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەش ئەوە دەردەخات ئەوەی کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ کە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاسایشی خۆراکە ڕێژەی دابارینی ساڵانەیە نەک ڕێژەی داهاتی

---

١ -Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, Opcit, p١٨٩.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٦.

٣- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩٩.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئاماری کشتوکاڵ، داتای بڵاونەکراوە.

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئاماری کشتوکاڵ، داتای بڵاونەکراوە.

٦- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پوختەی داتای بەروبوومە کاشتوکاڵییەکان (١٩٦٩-٢٠٢٠)، بەشی ئاماری کشتوکاڵ، ٢٠٢٠.

ئاوی هەبوو لە هەرێم، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی کشتوکاڵی هەرێم دێمە و نەتوانراوە ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو زیاد بکرێت.

ئەوش واتای ئەوەیە هەر ساڵێک باران باش بێت ئەوا بەروبومی دانەوێڵە باشە و هەر ساڵێک بارانبارین خراپ بێت ئەوا بەروبوومی دانەوێڵەش خراپ دەبێت، چونکە تائێستا پرۆژەی ئاودێری گەورە لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان پشتی پێببەستێت بەتایبەتی لە کاتی کەمبارانی هەستێت بە ئاودانی ئەو بەروبومانە[١]، واتا لە ڕێگەی ئاودانی تەواوکاری کە دواتر ڕوونیدەکەینەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی کاردەکاتە سەر قەبارەی بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵ بڕی بارانی باریوە نەک بڕی ئەو ئاوەی کە کشتوکاڵی پێ ئاودەدرێت.

خشتەی ژمارە (١٠)، ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان (دێم و بەراو).

| جۆری زەوی | زەوی شیاوی چاندن/ هێکتار/دۆنم | ٪ |
|---|---|---|
| زەوی دێم | ٥٤٧٣٥٥,٢(٥,١٢٠,٠٣٦) | ٨٩,١ |
| زەوی بەراو | ٦٦٩٦٢,٤(١,٣٠٥,٧١٦) | ١٠,٩ |
| سەرجەم | ٦١٤٣١٧,٦(٦,٤٢٥,٧٥٢) | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئاماری کشتوکاڵ، ڕووبەری زەوی شیاو بۆ چاندن٢٠١١-٢٠٢١، داتای بڵاو نەکراوە

بەو شێوەیە دەردەکەوێت؛ گەورەترین مەترسی بۆسەر بەروبومی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە باران لە وەرزی زستاندا کەم ببارێت، چونکە کەمی باران دەبێتەهۆی کەمی بەرهەمی کشتوکاڵ، بەوپێیەی لە (٨٩,١٪) ڕووبەری چێنراو لە هەرێمی کوردستان دێمییە و پشت بە باران دەبەستێت، تەنیا (١٠,٩٪) بەراوە و پشت بە ئاودان دەبەستێت وەک لە خشتەی ژمارە (١٠) دا خراوەتەڕوو، ئەوەش وادەکات لە وشکەساڵەکاندا هەرێمی کوردستان بەروبوومی کشتوکاڵی ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە و دەکرێت ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، بەوپێیەی کشتوکاڵ سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاسایشی خۆراکە.

لەم بارەیەوە (شادیە نەوزاد) بەڕێوەبەری کشتوکاڵی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت "لە ساڵی (٢٠٢١) بەهۆی کەمی و نەبارینی ڕێژەی پێویستی باران (٩٠٪) بەرهەمی جوتیاران زیانی بەرکەوت و کەوتە بەر مەترسی فەوتان[٢]، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە سەرباری هەبوونی دەرامەتێکی زۆری ئاوی سەرزەوی (ڕووبار و دەریاچەکان)، بەڵام هێشتا زۆرینەی

١- فریدون منصور جاف، زێری سەوز (بەرگی یەکەم)، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٢٢، ل١١٤.

٢- شادیە نەوزاد، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی گەرمیان، ٢٠٢١/٤/٨، لێدوان بۆ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کوردپرێس، بەردەستە لەم لینکە- https://kurdpress.com/ku/news/١٥٢٩/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٩.

زۆری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان دێمییە و نەتوانراوە سود لە دەرامەتی ئاوی هەبوو وەربگیرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی وشکەساڵی لەسەر بەرووبوومی کشتوکاڵی، لەکاتێکدا دەکرا لە ڕێگەی دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێری گەورە و ستراتیژییەوە، ئەو ڕووبەرە فراوانەی زەوی کشتوکاڵی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە پێبپیراوبکرێت و بکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی خۆراک و چەندان هەلی کار بۆ دانیشتوانی هەرێم بڕەخسێنرایە، ئەوەش جگە لەوەی دەبووە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک لە ناوخۆدا، دەبووە هۆکارێك بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان و گاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاشان ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم دەبوو، هەروەها هەرێمی کوردستان خۆی لە پاشکۆیەتی ئابووری وڵاتانی دراوسێ دەپاراست.

لەبەرئەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی جگە لە (گەنم و جۆ) تائێستا نەیتوانیوە پێداویستی ناوخۆیی پڕبکاتەوە، بەڵکو زۆرینەی بەروبوومە خۆراکییەکان بەتایبەتی بەروبوومی هاوینە وەکو (برنج، پاقلەمەنی، گەنمەشامی، سەوزەوات..وهتد) لە وڵاتانی دەرەوە هاوردە دەکرێت[1]، لەکاتێکدا چەندین دۆنم زەوی شیاو هەیە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی پڕۆژەی ئاودێرییەوە ئاویان بۆدابینبکرێت و بکرێنە بەراو، بەتایبەت بۆ ناوچە کەمئاوەکان، لە ساڵی کەمباران و وشکیدا دەکرێت ببێتە جێگرەوە بۆ پشتبەستنی ڕەها بە باران، ئەوەش جگە لەوەی کۆنترۆڵی کشتوکاڵ دەکات بەرهەمێکی زۆرتریشی دەبێت، چونکە بەرهەمی زەوی بەراو لە بەرهەمی زەوی دێم زۆرترە، بۆنمونە ئەگەر ئاو و پەینی پێویست بۆ زەوی بەراو دابینبکرێت، بەرهەمی هەر (١٠٠) هێکتارێک زەوی بەراو بارتەقای (٥٠٠ تا ٦٠٠) هێکتار زەوی دێمی دەبێت.[2]

ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک و بەرەو پێشبردنی ئاسایشی ئابووری هەرێم دەبوو، بەڵام لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت؛ کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی پێویستی نەگێڕاوە لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و گەشەپێدانی ئابووری هەرێم، سەرباری هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئاوی سەرزەوی (ڕووبار و دەریاچەکان)، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست سود لە دەرامەتی ئاوی هەبوو وەربگیرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی سێکتەری کشتوکاڵ و پێشخستن و پەرەپێدانی ئەم کەرتە.

**سێیەم/** لە بواری پیسەسازی و بەرهەمهێنای وزەدا: دەرامەتە ئاوییەکان بە بنچینەی چالاکی پڕۆژە پیشەسازییەکان دادەنرێت و یەکێکە لە پێکهاتە بنچینەییەکانی و لە زۆربەی پیشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە بڕی جیاواز بەپێی جۆری پیشەسازییەکە بۆنمونە بەرهەمهێنانی یەک تەن لە ئاسنی پۆڵا پێویستی بە (٨٠٠٠-١٢٠٠٠) لتر ئاو دەبێت[3]، لەسەر ئاستی جیهان بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری پیشەسازی و وزە لە (٢٣٪) کۆی بەکارهێنانی ئاو

١- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦٠.

٢- د. فەرەیدون کاکەیی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦٥.

٣- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەر)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤٢.

پێکدێنێت[١]، بەڵام ئەم تێکڕایە لە هەندێک وڵات، بەتایبەتی وڵاتە پیشەسازییەکانی وەکو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو دەگاتە (٥٥٪)، ئەوەش بەهۆی گەورەیی قەبارەی کەرتی پیشەسازی ئەو وڵاتانەوە[٢]، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی کەرتی پیشەسازی و وزە لە هەرێمی کوردستان بێگومان ئەم ژمارەیە لە هەرێمی کوردستان کەمترە، بە جۆرێک پێویستی ئاوی بۆ کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٠) ڕێژەی (١٧٪) کۆی پێداویستی ئاوی بووە لە هەرێم[٣]، لە ئێستاشدا بەهۆی نەبوون یاخود دەستنەکەوتنی پێوانەی دیاریکراو و پێویست لە دیاریکردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ هەر پیشەسازییەک لەسەر ئاستی هەرێم، ناتوانرێت پێویستی ئاوی لەم بوارەدا بزانرێت[٤]، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دەستەی ئاماری هەرێممان کرد و پاشان پەیوەندیمان بە (محمد توفیق رەسوڵ) بەرپرسی بەشی ئاماری پیشەسازی لە دەستەی ئاماری هەرێم کرد، بەڵام ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە هیچ ئامارێکیان سەبارەت بە پێداویستی ئاوی لە بواری پیشەسازیدا نییە[٥]، لەبەرئەوە لە ئێستادا نازانرێت پێداویستی ئاوی لەم بوارەشدا وەک کۆی بوارەکانی دیکە چەندە.

بەڵام بە تێڕوانین لە بەرهەمی پیشەسازی لە ناوخۆی هەرێم کە تا ئێستا نەتوانراوە پێداویستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لە هیچ کام لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی پڕبکرێتەوە، بەڵکو زۆرینەی بەرهەمەکان هاوردەیە لە وڵاتانی دەرەوە وەکو چین، ئێران و تورکیا"[٦]، دەردەکەوێت کە نەتوانراوە وەک پێویست سود لە دەرامەتی ئاو وەربگیرێت و سێکتەری پیشەسازی پێببوژێنرێتەوە و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە پەرەپێدانی ئابووری هەرێم، بەوپێیەی کەرتی پیشەسازی ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی هەیە لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئابووری وڵاتان، بەهۆی دەستکەوتنی داهات لە بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی دەستی کار کە دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی.[٧]

بەڕێوەری گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لەم بارەیەوە دەڵێت "بەهۆی نەبوونی کارگەی پیشەسازی پێویست لە هەرێمی کوردستان، وەک کارگەی دۆشاوی تەماتە و چەندانی تر، گرفت

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٥.

٢- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٣.

٣- بختيار صابر محمد، الاحتياجات المائية في محافظة اربيل وقياس العوامل المؤثرة فيها ١٩٨٥-٢٠٠١، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية-٢٠٠٩، ص١١٨.

٤- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٤.

٥- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز محمد توفیق رسوڵ، بەرپرسی بەشی ئاماری پیشەسازی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢/٥/٥.

٦- پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو، ٢٠١٦/٨/٢٤، بەردەستە لەم لینکە- https://www.rudaw.net/sorani/onair/episodes/episode/chpichara_٢٤٠٨٢٠١٦. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٦

٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئاماری دامەزراوەی پیشەسازی گەورە لە هەرێمی کوردستان، بەشی ئامارەکانی پیشەسازی، کانونی دووەم ٢٠٢٠، ل١.

بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی جوتیاران دروست دەبێت بەهۆی نەبوونی پیشەسازی پێویست لەم بوارەدا، بەتایبەت لە وەرزی پێگەینی بەروبوومی هاوینە وەک (تەماتە، خەیار، کولەکە، پەتاتە...وهتد)، کە لەو کاتانەدا زیاتر لە پێداویستی ناوخۆ بەرهەم دێت، ناشتوانرێت بنێردرێتە دەرەوە بەهۆی داخراوی سنوری هەرێمی کوردستان، بەوپێیەی کە ناڕوانێت بەسەر هیچ دەریایەکدا و بە هەرێمێکی داخراو دادەنرێت"[1]، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی پیشەسازییەوە قەبارەیەکی بچوکی هەیە، بەوپێیەی تەنانەت بۆ پێداویستیە بچوکەکانیش نەتوانراوە پێداویستی خۆیی پڕبکاتەوە.

هەروەها لە بواری بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا، ئاو کە بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دادەنرێت[2]، بۆنمونە ئەو وڵاتانەی ئێستا بەرهەمهێنەری زۆرترین (وزەی کارۆهایدرۆلیکین)* لە جیهاندا ئەو وڵاتانەن کە خاوەنی سامانێکی زۆری ئاون، وەک چین، برازیل..وهتد[3]، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان (حاکم سەمەد ئەحمەد) سەرۆکی پێشووی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان سود لە وزەی کەهرۆئاوی وەرگیراوە لە هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (٩٠٪) کارەبای هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی غازی سروشتی و گازوایلەوە بەرهەم دێت، لەکاتێکدا زۆرێک لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە جیهاندا، پشت بە سەرچاوەی جیاجیا دەبەستن بۆنمونە وەکو (ئاو، خۆر، با...وهتد)، لەپێناو پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی خەرجیی"[4]، لەبەرئەوە دەکرێت هەرێمی کوردستان پشت بە وزەی کەهرۆئاوی ببەستێت، بەوپێیەی چەندین شوێن لە هەرێمی کوردستان شیاوە بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان، بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، وەکو تاڤگەکانی گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ، زەڵم، سۆلاڤ و ئاشاوە[5]، بۆنمونە لە ساڵی (١٨٩٥)دا، توانرا گەورەترین ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر ڕووباری (تاڤگەکانی) نیاگارا بنیاتبنرێت[6]، بە

---

١- د. کاروان صباح، پەیوەندی تەلەفونی توێژەر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٤.

*- بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەهۆی ئاوەوە.

٣- د. مەدیحە سۆفی، وزەی ئاو وەکو وزەی سەوز، وتار لە پێگەی ئەلیکترۆنی خاک، ٢٠٢٠/٢/٢٦، بەردەستە لەم لینکە-

https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=٢١١٢٠$type=hemereng. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٨/٢٦

٤- حاکم سەمەد ئەحمەد، سەرۆکی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگە، لێدوان بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی کورد پیدیا، ٢٠١٨/٤/١٧، بەردەستە لەم لینکە-

https://kurdpedia.org/default.aspx?q=٢٠١٨٠٤١٧٢٢٤٦٥٢١٤٨٦٤٩&lng=٢٤. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٨/١٨

٥- سلێمان عبداللە ئیسماعیل، باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، چ١، کتێبی سەنتەری برایەتی، هەولێر ١٩٩٨، ل٢٠٦.

٦- د. مەدیحە سۆفی، وزەی ئاو وەکو وزەی سەوز، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

هەمان شێوە (د. ئاسۆس فاتیح ڕەسوڵ) شارەزای بواری وزەی کارەبا دەڵێت "سوید بۆ بەرهەمهێنانی کەرەبا زیاتر لە نیوە پشت بە ئاو دەبەستێت"[١]، بێگومان بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێگای ئاوەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان دەبێت، جگە لەوەش لە ڕووی داهاتەوە تێچووەکەی کەمترە بەراورد بە بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لە ڕێگەی غازی سروشتی و گازوایل، بەڵام وەک ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لەو ڕووشەوە نەیتوانیوە سود لە دەرامەتە ئاوییەکانی بەباشی وەربگرێت و بیکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا، بە سەرنجدان لە ڕێژەی بەرهەمی کارەبا لەو ڕێگەیەوە وەک ئەوەی کە خرایەڕوو.

لەلایەکی دیکەوە کارگە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر لە پاشەڕۆی ژەهراوی دەڕێژنە ناو سەرچاوەکانی ئاوەوە و بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ڕووباری تانجەرۆ لە سلێمانی نمونەیەکە لەم ڕووەوە[٢]، کە لە ئاوزێڵی سلێمانییەوە ئاو کۆ دەکاتەوە و پاشان دەڕژێتە دەربەندیخان، ڕووبارەکە بەتەواوی پیسبووە و تەنانەت بە جۆرێک کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر جۆرێتی ئاو، کە زۆرێک لەو زیندەوەرانەی تێیدا بوون ئێستا نەماون، هەروەها بووەتەهۆی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی تەنیشت ڕووبارەکە و دەریاچەی دەربەندیخانیشی پیسکردوە، لەکاتێکدا سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی خواردنەوەیە بۆ زۆرێک لە دانیشتوانی هەرێم و ناوچەکانی دیکەی خوارووی بەنداوەکە، کە لە ناوەڕاست و باشوری عێراقدان[٣]، بێگومان ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی دەکات و دەبێتە مەترسی بۆسەر ژیانی بەکارهێنەرانی، ئەوەش ئەوە دەردەخات جگە لەوەی لە هەرێمی کوردستاندا نەتوانراوە وەک پێویست سود لە دەرامەتە ئاوییەکان وەربگیرێت لەم بوارەدا، پیشەسازی بووەتە سەرچاوەیەک بۆ پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و مەترسی بۆسەر ژیان و تەندروستی بەکارهێنەرانی دروستکردووە.

کەواتە لەبەرڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە خرایەڕوو دەتوانین بڵێین؛ لەگەڵ هەبوونی دەرامەتی ئاوی پێویست لە هەرێمی کوردستان کە هەرتاکێک زیاتر لە (٢٠٠٠ م$^{٣}$) ئاوی بەردەکەوێت، کە ئەو بەرکەوتەیەش بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەرێمێکی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو دادەنرێت، بەڵام نەتوانراوە وەکو پێویست سودی لێوەربگیرێت و بە شێوەیەکی باش بەڕێوەببرێت و بخرێتە خزمەتی کەرتەجۆراوجۆرەکان، بەتایبەتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوماڵ و بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی زیاتری وزە سودی لێوەربگیرێت، لەبەرئەوە لە

١- د. ئاسۆس فاتیح رەسوڵ، شارەزای بواری کارەبا، لێدوان بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی نوچە نێت، ٢٠١٢/٩/١٣، بەردەستە لەم لینکە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٩/١. https://www.archive.nuche.net/?p=١١٤٣١

٢- د. ڕێزان عمر رەشید و لەیلا ئیبراهیم فەقێ صاڵح، کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک لەسەر ژینگەی ناوچەی تانجەرۆ (لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق)، چ١، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ئەنیستتیوتی نارین بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٤، ل١٥.

٣ - Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, Opcit, p١٨٩.

تەوەری دواتردا بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینەسەر پلان و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**تەوەری دووەم/ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان**

مەبەستمان لە چەمکی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان، سەرجەم ئەو ڕێکارانەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی نمونەیی سەرچاوەکانی ئاوی پێبەڕێوەببرێت، دیارە ئەو ڕێکارانەش پلانی ئاو، بواری یاسادانانی ئاو، توێژینەوەی ئاو، ڕاهێنان، بە دیکۆمێنتکردن و سیستەمی زانیارییەکان دەگرێتەوە[1]، وەک لە باسەکانی پێشووی ئەم توێژینەوەیەدا خستمانەڕوو، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن بەشی تاک لە ئاو لە ناوچەکە و لەهەرێمی کوردستانیش لە کەمبوونەوەی بەردەوامدایە، ئەوەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سروشتی و مرۆیی و ڕامیاریانەی کە پەیوەندیان بە ژینگەی ناوچەکە و کەمبوونەوەی دەرامەتە ئاوییەکانەوە هەیە لە ناوچەکەدا، کە دواتر بەتێروتەسەلی هەڵوێستەی لەسەر دەکەین، بۆیە لەم تەوەرەدا دەمانەوێت چوارچێوەی بەڕێوەبردنی دەرامەتەکانی ئاو و ئەو یاسا و ڕێسا تایبەتیانەی کە لەم بوارەدا هەیە و ئەو سیاسەتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەویدەکات سەبارەت بە دەرامەتە ئاوییەکان بخەینەڕوو، تاوەکو بزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند توانیویەتی گرنگی بەم پرسە ستراتیژییە بدات و لە ئاست گرنگی و بایەخی پرسەکەدا بێت.

دەکرێت بڵێین؛ هەرێمی کوردستان تا دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، دواتریش لە ساڵی (١٩٩٢) دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕووخانی ڕژێمی پێشوو (ڕژێمی بەعس) لە ساڵی (٢٠٠٣) هەرێمی کوردستان بە بارێکی سیاسی و ئابووری سەختدا تێپەڕیووە، لەبەرئەوە سیاسەتێکی دیاریی ئاوی نەبووە، بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) دا و پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی لەو ساڵەدا، دەرفەت ڕەخسا بۆئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی سیاسەتێکی ئاوی بێت[2]، وەک لە برگەی حەوتەم بەندی (١١٤) دەستورەکەدا هاتووە: "ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی سامانە ئاوییەکان و ڕێکخستنی بە جۆرێک دابەشکردنی دادپەروەرانە بهێنێتەدی، کە ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت" لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکانە[3]، بەوەش دەرفەت ڕەخسا بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی ئاوی، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی ئاوی تایبەت بە سەرچاوە ئاوییەکانی ناو هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ڕەچاوی بەشە ئاوی ناوچەکانی دیکەی عێراق بکات لە کاتی ڕێکخستن و داڕشتنی

١- د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٤٢.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە،ل ل١٢٢-١٢٣.

٣- دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی (١١٤).

سیاسەتە ئاوییەکانیدا[1]، بەشێوەیەک کە دابەشکردنی دادپەروانە بهێنێتەدی وەک لە هەمان بڕگە و ماددەی دەستورەکەدا جەختی لەسەرکراوەتەوە؛ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری سیاسەت و پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکانی، ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بەسەر دوو لقدا، لە لقی یەکەمدا ئاماژە بەو یاسایانە دەکەین کە پەرلەمانی کوردستان لەو پێناوەدا دەریکردووە؛ لە لقی دووەمیشدا پلان و سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەهەمبەر بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکاندا دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

**لقی یەکەم/ یاساکانی بەڕێوەبردن و پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان**

بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو پێویستی بە یاسا هەیە تا بتوانرێت ڕێگری بکرێت لە بەفیڕۆچوون و پیسکردنی سەرچاوەکانیدا، پاشان گەشەپێدانی بە شێوەیەک کە دەستەبەری بەردەوامی بکات بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، دارشتنی ئەو یاسایانەش لە هەر وڵاتێکدا بەپێی تایبەتمەندی ئەو وڵاتە دادەڕێژرێت و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ بێگومان ئەرک و گرنگی یاسای ئاو بریتییە لە پاراستنی ئاو لە سەرجەم دۆخەکانیدا (ڕەقی، شلی، گازی)، وەکو (ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، ئاوی بەستو، هەڵمی ئاو، پاککردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە پیسبوون، پاراستنی مرۆڤ لە سەرجەم ئەو مەترسییانەی کە بەهۆی ئاوەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، جڵەوکردنی لافاو و ڕێکخستنی بەکاربردنی سەرچاوە گشتییەکانی ئاو)، نمونەی ئەو ئەرکانەن کە پێویستە لە یاسای ئاودا ڕەنگبداتەوە.[2]

لە ساڵی (١٩٩٢) دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکوموتی هەرێمی کوردستان دوو لایەنی سەرەکی بەپێی یاسا بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکانیان لەئەستۆبوو، ئەوانیش وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بوون، وەک لە ماددەی چوارەم/ بڕگەی(٢) ی یاسای ژمارە (١٥) وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاردا لە چوارچێوەی پەیکەری وەزارەتدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ هەبوو، کە بەرپرسبوو لە دابینکردن و ڕێکخستنی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان، واتا دابەشکردن و ڕێکخستنی ئاو بەسەر شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا لە دەسەڵاتی ئەو وەزارەتە بوو[3]، هەروەها لە یاسای ژمارە (١٠) ساڵی (١٩٩٢) وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودا، لە بڕگەی٣/ ماددەی (٢) دا هاتووە (نەخشەدانان بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمدا و دروستکردنی بەربەست و پڕۆژەی ئاودێری و سازدانی زەویوزار و پاراستنی و سودبینین لە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و بەکارهێنان و پاراستنی پڕۆژەکانی ئاودێری و بەرگرتن لە لافاو و ژێر ڕکێفخستنی سێڵا و

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٣.

٢- د. ئەیوب سابیر گەڵاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦٥.

٣- بروانە ماددە چوارەم/ بڕگەی ٢، یاسای ژمارە (١٥) ساڵی (١٩٩٢) ی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزاری هەرێمی کوردستانی عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان-

https://www.perliament.krd/media/

حەوزەکانی ڕووبارەکان)، لە ئەرکەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوە، لە ماددەی (٤) یاساکەدا لە چوارچێوەی پەیکەری وەزارەتدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەربەستەکان و کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی پراکتیکی کشتوکاڵ هەبووە، ئەوەش لەپێناو پەرەپێدان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بایەخدان بە سەرچاوەکانی ئاو و پڕۆژەکانی ئاودێرییە لە هەرێمی کوردستان، وەک لە هۆی دانانی یاساکەدا خراوەتەڕوو[1]، کەواتە دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونی حکومەت و پەرلەمان لە ساڵی (١٩٩٢)، دوو لایەنی سەرەکی کە ئەوانیش وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بوو، بەرپرسبوون لە دانانی نەخشە و پلان و سیاسەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

بەو شێوازە تا ساڵی (٢٠٠٠) وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بەو یاسایە کاری دەکرد، دواتریش بەپێی یاسای ژمارە (١٠) و بە بڕیاری ژمارە (٢٥) لە (٢٠٠٠/١١/١٣) یەکەم هەمواری یاسای ژمارە (١٠) ساڵی (١٩٩٢) تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ماددەی (٤) یاساکە هەموارکرا، تێیدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەربەستەکان لادرا، لە شوێنی ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو دامەزرا[2]، ئەمە سەرەتایەکی خراپ بوو کە لایەنێکی گرنگ و هەستیار فەرامۆش کرا ئەویش بەنداوەکان بوو، کە دەکرا بایەخی زیاتری پێبدرایە و کاری ڕاستەقینەی بۆ بکرایە، تاوەکو بە پلانێکی تۆکمەوە زیاتر بایەخ و پەرە بە بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بدرایە، کە دەتوانرا بکرێتە کۆڵەکە و سەرچاوەی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو بتوانرایە ژێرخانێکی ئاوی بەهێز دروستبکرایە، لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوی زیاتر و پڕۆژەی گەورەی ئاودێری لە هەرێم بۆ گلدانەوەی ئاوی سەرزەوی و دابارین و ڕیگری لە بەفیڕۆدانی ئەو داهاتە زۆرەی ئاوی دابارین و ڕووبارەکانی هەرێم بکرایە، بەهۆیەوە سێکتەرەکانی بەکارهێنانی ئاوی پێبووژێنرایەوە و بەهۆیەوە دەتوانرا خزمەتێکی زیاتری کەرتە جۆراوجۆرەکانی پێبکرایە، لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار ...وهتد.

دواتر و لە ساڵی (٢٠٠٦) دوای یەکگرتنەوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتێک لەو کابینەیەدا تایبەتکرا بە ئاو، بەناوی (وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق) [3]، بەپێی یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٦)، ئەمە بە سەرەتایەکی باش دەزانرا بۆ گرنگیدانی زیاتر بە سێکتەری ئاو کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو، لە هۆیەکانی دانانی یاساکەدا هاتووە "لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بە دەرامەتی ئاوی دەوڵەمەندە و ئاویش

---

١- بڕوانە ماددەی دووەم/برگەی٣ و ماددەی چوارەم/ برگەی ٦ و هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە، یاسای ژمارە (١٠) ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کورستان.

٢- بڕوانە ماددەی چوارەم/ برگەی٨، یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (١٩٩٢) ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

٣- د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٤٧.

بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان گرنگە و لە گەشەپێدانی ئابووری و ڕێکخستنی پەیوەندی و سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆ و گۆڕانکارییە تازە پەیدابووەکانی وڵاتەکەدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، هەروەها بە ئامانجی ئەوەش کە سامانی ئاو گەشەپێبدرێت و بەرەو چاکتر ببرێت و بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێت، زەرورەت وای پێویستکرد کە وەزارەتێکی سەربەخۆ و پسپۆڕ بۆ کاروباری دەرامەتی ئاو دابنرێت"[1]، بەڵام زۆری نەخایەند و دواتر وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کۆکرانەوە لە وەزارەتێکدا بەناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو)، یاسای ژمارە (٦) ساڵی (٢٠١٠) ی بۆ دەرچوو، کە لە برگەی/٧ ی یاسا نوێیەکەدا، یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٦) هەڵدەوەشێنێتەوە.[2]

لەلایەکی دیکەوە لە پێناو پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان لە پیسبوون و پاراستنی ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی، یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٠٨) بۆ وەزارەتی ژینگەی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو، لە ماددەی (٢٢) یاساکەدا دەڵێت "فڕێدان و ڕۆکردنی هەر ماددەیەکی زیانبەخش یان شلەمەنی یان گازی یان تیشکاوەری یان گەرمی، بۆ ناو هەموو سەرچاوە ئاوییەکان یان ئاوەڕۆکانیان قەدەغەیە، ئەگەر بەپێی پێوەرەکانی کارپێکراو چارەسەر نەکرابێ"، لە ماددەی (٢٣)دا هاتووە کە "پێوەرە هەرێمایەتییەکان بۆ ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و ئاوی خواردنەوە بە پێڕە و دیاریدەکرێن"، لە مادەی (٢٤)دا باس لەوەدەکات کە "وەزارەتی ژینگە پێوەرەکانی ئاستی پیسبوونی ڕێگەپێدراو لەو ئاوانەی کە بۆ کەرتە جۆراوجۆرەکان بەکاردێن دەستنیشاندەکات و لەکاتی پێویستدا پێوەرەکان دەگۆڕێت"[3]؛ ئەم یاسایە کە بۆ وەزارەتی ئەوکاتی ژینگەی هەرێم دەرچووە، لەپێناو پاراستنی دەرامەتەکانی ئاو لە پیسبوون و پاراستنی ئاوی ژێرزەوی و دیاریکردنی کوالێتی ئاو دەرچوێنراوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم وەزارەتە هەڵوەشایەوە و لە شوێنی دەستەیەک دامەزرا بەناوی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە وشوێنی ئەو وەزارەتەی گرتەوە، یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٠) بۆ دەرچوو، لە ماددەی (١١) برگەی (١) باس لەوە دەکات هەموو برگەکانی یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٠٨) ڕەواو وپابەند کەرن و وەک خۆی جێبەجێدەکرێت.[4]

---

١- بڕوانە: هۆیەکانی دانانی یاساکە، یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠٠٦) یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

[2]- بڕوانە ماددەی (٧) برگەی/١، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٠)، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

٣- بڕوانە ماددەکانی (بیست و دووەم، بیست و سێیەم، بیست و چوارەم) ی یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٠)، یاسای دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

هەر لە ساڵی (٢٠١٠)دا، دوای ئەوەی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە یەک وەزارەتدا کۆکرانەوە بە ناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، یاسای ژمارە (٦) ساڵی (٢٠١٠) ی بۆ دەرچوو، لە بڕگەی (١) ماددەی (٢) یاساکەدا هاتووە، وەزارەت بە ئامانجی گەشەپێدان و وەبەرهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (سەرزەوی و ژێرزەوی) ستراتیژ و سیاسەت و پلان دادەنێت لە هەرێم بۆئەوەی بە باشترین شێوە سامانی ئاو بەکاربهێنرێت، لە بڕگەی (٣) هەمان ماددەدا جەخت لەسەر دامەزراندنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەک بەنداو، پڕۆژەی ئاودێری، پڕۆژەکانی پاراستنی سامانی ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی و بەکارهێنانی کەرەستەی نوێی کشتوکاڵ دەکاتەوە، هەروەها لە بڕگەی (٥)دا باس لە دانانی پلانی تایبەت دەکات بۆ نەهێشتنی مەترسییەکانی لافاو، جڵەوکردنی سێڵاو، بەڕێوەبردنی حەوزی ڕووبارەکان، ڕێکخستنی دابەشکردنی ئاو، ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو دەکات، لە بڕگەی (١٤)دا هاتووە کە دەبێت وەزارەت جوتیاران پەروەردە بکات بۆئەوەی بە باشترین شێوە سامانی ئاو بەکاربێنن، لە بڕگەی (١٥)دا باس لە پشتبەستن بە سیاسەتی تایبەت بە بەڕێوەبردنی تەواوکاری سامانە ئاوییەکان و توندکردنەوەی یاساکان و پابەندکردنی ئەو کەرتانەی بەکاریدەهێنن بە جێبەجێکردنی دەکات، لەپێناو پاراستنی سامانی ئاوی لە هەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان یان دەزگا حکومییەکانی دیکە و هەروەها ئەو ڕێکخراوە حکومییانەی کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن، لەپێناو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاوی و ئاگاداربوون لەو ڕۆڵە زیندووەی کە لە وەرگرتنی بڕیارە خۆجێی و نیشتیمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و سامانە ئاوییەکان و ڕاسپاردەکانیدا دەیگێڕێ.[1]

هەر لە پێناو پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان، کە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەن بۆ هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، ساڵی (٢٠٢١) پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٤) بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری دەرکرد، ئامانجی ئەم یاسایە وەک لە ماددەی (٢)دا هاتووە ئەوەیە "کە وەزارەت کاردەکات بۆ نەهێشتنی سەرپێچی و زیادەڕەویی بۆ سەر پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پاکڕاگرتنی ئاوی خواردنەوە و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاو و ڕێگریکردن لە پیسبوونی بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و پاراستی تەندروستی گشتی و ژینگە، هەروەها لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی ئاو وەک بەشێکی گرنگ لە سامانی گشتی و سزادانی سەرپێچیکار و زێدەڕۆکار بۆ سەر پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە ڕێگەی پێدانی دەسەڵات بەلایەنی تایبەتمەند"، واتا یاساکە دەستی بەڕێوەبەرانی ئاو و ئاوەڕۆ لە شار و شارۆچکەکان واڵا دەکات بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بەرامبەر ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر تۆڕەکانی ئاو، لە یاساکەدا چەندین سزایی دارایی بە بڕی جیاواز بەپێی سەرپێچییەکان دیاریکراوە بۆ ئەوانەی کە پێشێلی ماددە و بڕگەکانی ئەم یاسایە دەکەن،هەروەها لە ماددەی (١٩) بڕگەی یەکەم سەرجەم پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون،

---

١- بڕوانە ماددەی دووەم/ بڕگەکانی (١،٣، ٥، ١٤، ١٥) ی یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٠)، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

بازرگانی، پیشەسازی..هتد، هەر پرۆژەیەک پاشەڕۆی شلەی پیسی هەبێت پابەند دەکات بەوەی کە دەبێت یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ دابنێت[1]، کەواتە دەکرێت بوترێت ئەگەر حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێبکرێت، بە هەنگاوێکی ئەرێنی و باش دادەنرێت بۆ پاراستنی سامانی ئاو و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدان و پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو بەتایبەت.

دواین یاساش سەبارەت بە دەرامەتە ئاوییەکان، یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٢٢)، بەناوی (یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو) لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە لە بەرواری (٢٠٢٢/٦/٢) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان دەرچووینرا، لە (٢٤) مادده پێکهاتووە، لە هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکەدا هاتووە "لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و لەبەر گرنگی ئاو لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر واقعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، وەکو سامانێکی نیشتیمانی و بۆ ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی و دەستەبەری بەردەوامبوونی سەرچاوەکانی ئاو، دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بوژاندنەوە و پاراستنێتی، یاساکە دەرچوێنرا"، هەروەها ئامانجەکانی دەرچوواندی یاساکە خۆی دەبینێتەوە لە:[2]

یەکەم: بەڕێوەبردن و پارستنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەکاربردن.

دووەم: بوژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو و دیاریکردنی بڕ و جۆری بەکاربردنی، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو.

سێیەم: ڕەچاوکردن و چەسپاندنی مافی هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و وڵاتانی دراوسێ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم لە دابینکردنی ئاو، بە شێوەیەک کە لەگەڵ یاسا و پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت.

چوارەم: بەردەوامی هەماهەنگی، پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیارییەکان، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی دادپەروەرانە بە ئاراستەی دابەشکردنی بڕ و جۆری ئاوی ڕۆیشتوو و هاتوو بۆ هەرێم.

پێنجەم: چارەسەرکردنی سەرچاوە ئاوییە پیسبووەکان و گرنگیدان بە پاراستنی ژینگە.

کەواتە لێرەدا لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە خرایەڕوو دەکرێت بڵێین؛ لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا پرسی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان و پاراستنی دابەشبووە بەسەر چەندین وەزارەت و دەستە و دەزگادا، چەندینجار گۆڕانکاری لە پەیکەری وەزارەتدا کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی یاسادانانەوە تاڕادەیەک هەنگاوی باش نراوە بۆ پاراستنی دەرامەتی ئاو کە

---

١- بڕوانە: ماددەکانی (٢، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩،١٠، و بڕگەی یەکەم ماددەی ١٩)ی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٢١)، یاسای پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەردەستە لە سایتی پەرلەمانی کوردستان.

٢- ماددەی (٢) و هۆیەکانی دەرچواندنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٢)، یاسای بەڕێوەبردن وپاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢٨٤، ٢٠٢٢/٧/٧.

پێویستە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دواین یاسا کە یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٢٢)، لە بڕگە و ماددەکانیدا زۆربەی بنەماکانی پاراستنی ئاو و بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو جەختی لەسەرکراوەتەوە، وەکو پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە هۆیەکانی پیسبوون، ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدان و زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی لە سەرجەم سێکتەرەکانی بەکاربردنی ئاودا لە ڕێگەی دانانی نرخی گونجاو، هەروەها بابەتی چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی یەکێکی دیکەیە لە گرنگییەکانی ئەم یاسایە، دەستەبەرکردنی ئاوی پێویست بۆ پێداویستییە بنچینەییەکانی ئێستا و داهاتووی هاوڵاتیان و گەشەپێدان و پێشخستنی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار لە ماددە و بڕگەکانی یاساکە دا هاتووە، جگە لەوەش سزای پێویستی بۆ ئەو سەرپێچیکارانە داناوە کە سەرپێچی ماددە و بڕگەکانی یاساکە دەکەن لەپێناو پاراستن و گەشەپێدانی دەرامەتە ئاوییەکان، جگە لەوەش ڕێکارەکانی پەیوەست بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سەبەرەت بە دابینکردنی بەشە ئاوی هەرێمی کوردستان داناوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین؛ ئەم یاسایە کۆکەرەوەی زۆربەی یاساکانی پێشترە و تەواوکردنێتی بە شێوەیەک کە دەکرێت بڵێین؛ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە واقعدا تا رادەیەکی زۆر دەتوانێت دەستەبەری ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بکات، بەشێکی زۆر لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان چارەدەکات، چونکە دەرکردنی یاسا چەندە گرنگە جێبەجێکردنەکەی لە واقعدا گرنگترە، بەوپێیەی زۆرێک لەو یاسا و ڕێسایانەی کە پێشتر بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو دەرچوون پێشێلکراون و جێبەجێنەکراون، بەوپێیەی تائێستاش پاشەڕۆی (شارستانی، کشتوکاڵی، پیشەسازی) فڕیدەدرێتە سەرچاوەکانی ئاوە و پیسدەکرێن، تا ئێستاش هەڵکەندنی بیر بەبێ مۆڵەت بەردەوامی هەیە و چەندین سەرپێچی و زیادەڕەوی و پێشێلکاری ئاشکرای دیکە بۆ سەر سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و بوونەتە هەڕەشە و مەترسی بۆسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، کە لە بەشی دواتر بە تێروتەسەلی تیشک دەخەینەسەر هەریەک لەو مەترسیانە.

**لقی دووەم/ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاراستن و بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان.**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا خاوەنی سیاسەتی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان نەبووە تا دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە ساڵی (١٩٩٢)، دواتریش بەهۆی ئەو بارۆدۆخە سیاسی و ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، تا ساڵی (٢٠٠٥) و پەسەندکردنی دەستوری نوێی عێراق لەو ساڵەدا لە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ئاوی ڕوون نەبووە، بەهۆی نەبوونی توانای ماددی و زانستی و مرۆیی بۆ دروستکردنی پرۆژەی ئاوی ستراتیژی، واتا ژێرخانی ئاوی بنەڕەتی نەبووە لە هەرێمی

کوردستاندا، دواتریش لەهەرێمی کوردستان زۆر هەست بە کەمی ئاو نەکراوە، ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان بەردەستبووە، بۆیە وەک پێویست گرنگی بەم پرسە نەدراوە.[1]

بەڵام دواتر و لە ساڵی (٢٠١٣)، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم دیدگایەکی نوێی خستەڕوو، تێیدا جەختی لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ کردەوە، کە پێویستە بگەیەنرێتە هەموو ماڵێک و ئاماژەی بەوەداوە کە چەندین پرۆژە لە جێبەجێکردندان بۆئەوەی بە شێوەیەکی باشتر ئاوی پاک بۆ دانیشتوانی هەرێم دابینبکرێت، لە ڕێگەی ئاوی ڕووبارەکانەوە بەتایبەتی ئاوی زێی گەورە، هەر لە دیدگاکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە (٣٠٪) ی دانیشتوانی هەرێم خزمەتگوری تۆڕی ئاوی پاکیان نییە لە ماڵەکانیاندا، ئەوەش واتای ئەوەیە کە دەستگەیشتن بە ئاوی پاک لە هەرێمدا لە گرفتدایە بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان، کە تەنیا (١٠٪) بەستراونەتەوە بە تۆڕی ئاوەڕۆ، هەروەها جەخت لەسەر هەڵسەنگاندن بۆ چەندێتی و چۆنێتی سەرچاوە سروشتییەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و بڕی داباراین و بڕی پاراودانی ئاوی ژێرزەوی و ڕادەی بەفیڕۆچونی ئاو لە کەرتە جیاوازەکان دەکاتەوە، هەروەها نرخدانان بۆ ئاو لە پێناو کەمکردنەوەی بەفیڕدان و لە هەمان کاتدا لەپێناو بەدەستهێنانەوەی بەشێک لە تێچووەکەی و لەهەمانکاتدا بەرەوپێشبردنی سیستەمی ئاودێری لەپێناو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەرەوپێشبردنی سیستەمی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ لەپێناو ڕێگرتن لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها باس لە پێویستی دەرکردنی ڕێسای نوێ دەکات لەپێناو جڵەوکردنی پاشماوەکان و ڕۆکردنیان بۆ نێو ڕووبارەکان[2]، دەکرێت بڵێین؛ ئەمە یەکەم هەنگاو بووە لەسەر ئاستی حکومەت کە بە شێوەیەکی گشتگیر باسی لە شێوازی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو کردووە لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا.

دواتریش لە ساڵی (٢٠١٥) و لەپێناو ئاسانکاری وجێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بەتایبەت سەبارەت بە پاراستنی ئاوی ژێرزەوی، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی (٢٠١٥) دەرکرد، پشتبەست بە بڕگەی (٣) ماددەی (٥) یاسای ژمارە (٦) ساڵی (٢٠١٠)، کە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەرچووە، لەپێناو پاراستن و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی زۆری ئاوی ژێرزەوی بەتایبەت بۆ ڕێکخستنی لێدانی بیری ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، ڕینماییەکە چەندین ڕێسای بۆ هەڵکەندنی بیر داناوە و ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی هەڵکەندنی بیر قورس دەکات[3]، دەرکردنی ئەم ڕێنماییە یەکێکە لە ڕێکارە گرنگەکان بۆ پاراستنی دەرامەتی ئاو بەتایبەت ئاوی ژێرزەوی، بەڵام لەگەڵ

---

١- د. کاروان حمە صالح، بەڕێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لێدوان لە پێگەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢/٥/١٤، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/١٠١٥١٧٣٦١٣٦٤٧٦٦/videos/ بەرواری سەردان/ ٢٠٢٢/٦/٢٤.

٢- وەزارەتی پلاندانان حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانی عێراق دیدگای ٢٠٢٠، ئەیلولی ٢٠١٣، ل٢٣-٣٥.

٣- بڕوانە: ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) ڕێنمایی تایبەت بە هەڵکەندنی بیری ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (١٨٣)، ٢٠١٥/٢/١٩.

ئەوەشدا چاودێری توندی حکومەت پێویستە بۆ ڕاگرتن و لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە پێشێلی ئەو بنەمایانە دەکەن کە لەم ڕێنماییە و یاساکانی دیکە سەبارەت بە پاراستنی ئاودا هاتووە.

چونکە نەبوونی چاودێری لە ڕابردوودا بووەتەهۆی ئەوەی بە جۆرێک دۆخێکی مەترسیدار دروستببێت سەبارەت بە هەڵکەندن و بەکارهێنای ئاوی ژێرزەوی، بەوپێیەی تەنیا لە پارێزگای سلێمانی زیاتر لە (١٥ هەزار) بیری بێ مۆڵەت هەیە[١]، ئەمە جگە لە پارێزگاکانی دیکەش کە هەزاران بیری بێ مۆڵەت هەن[٢]، بێگومان ئەوەش بۆ ناوچەیەکی بچوکی وەک هەرێمی کوردستان زۆرە و ئاوی ژێرزەوی هەرێمی کوردستان بەرەو لە ناوچوون دەبات، دەرخەری ئەو ڕاستیەشە کە نەتوانراوە وەک پێویست یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە پاراستنی دەرامەتەکانی ئاو جێبەجێبکرێت، بەتایبەت لە بواری ئاوی ژێرزەویدا.

هەروەها لە پلانی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (٢٠١٦-٢٠٢٠) کە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە، کۆمەڵێک ئامانجی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم دیاریکردووە، لەوانە گەشەپێدانی دەرامەتە سروشتییەکان بەتایبەتی دەرامەتە ئاوییەکان و پارێزگاریکردن لێی و باش بەکارهێنانی و پاراستن و بەرەوپێشبردنی سیستەمی ژینگەیی لە چوارچێوەی پێداویستییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، هەروەها زیادکردنی پرۆژە و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ئاوی پاک بۆخواردنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی کە هەیە، کە بە ڕێژەی (٣٥٪) لەم کەرتەدا خەمڵێنراوە، بەپێی پلانەکە دەبێت لەماوەی (٣) ساڵدا خزمەتگوزاری دانیشتوانی شار و لادێ بە ڕێژەی (٩٩٪) پڕبکاتەوە، کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی نەخۆشکەوتن بە نەخۆشییە گوازراوەکان کە بەهۆی ئاوەوەیە بە ڕێژەی (١٥٪) ی ساڵانە لە ڕێگەی باشترکردنی سەرچاوەکانی ئاو، کەمکردنەوەی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە پاشەڕۆی پیشەسازی بە ڕێژەی (١٥٪) ساڵانە، لە پاشەڕۆ کشتوکاڵییەکان بە ڕێژەی (٥٪) ساڵانە[٣]، بەڵام ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت تا ئێستاش هاوڵاتیان گرفتی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، تەنانەت لە شارە سەرەکییەکان وەکو شارەکانی هەولێر و سلێمانی، تا ئێستا سەرچاوەکانی ئاو بە پاشەڕۆکانی شارستانی، پیشەسازی و کشتوکاڵی پیسدەکرێن، تا ئێستا هاوڵاتیان ڕووبەڕووی مەترسی نەخۆشییە گواستراوەکان دەبنەوە کە بەهۆی ئاوی پیسەوەیەوە، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا.

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە لە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە ڕابردوودا دایڕشتووە وەک ئەوەی

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەربەست عوسمان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢ -Salam Abdulqadir Abdulrahman, Environmental law of the Kurdistan Region, and its compatibility with international principle of environmental policies, , TECHNIUM social sciences journal, vol.٩,٢٠٢٠, p٢٢٨.

٣- حكومة أقليم كوردستان وزارة التخطيط، خطة التنمية لأقليم كوردستان للسنوات (٢٠١٦-٢٠٢٠)،، أربيل ٢٠١٥، ص٣-٩.

که خرایەڕوو، لەم بارەیەوە (کاروان حمە ساڵح) بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت "هاتنی داعش و بڕینی بودجە لە بەغدادەوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دیکە وەکو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێم و لێکەوتەکانی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و نزمبوونەوەی نرخی نەوت، کاریگەرییان لەسەر ئەولەوییەتی سیاسەتی حکومەتی هەرێم هەبوو، بە جۆرێک ئەولەویەتی حکومەت بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و دابینکردنی موچەی فەرمانبەران، بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە لەسەر هەرێم دروستبوو، بەڵام لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دنیا بینینێکی جیاوازی بۆ پرسی ئاو هەیە، سیاسەتی ئاوی لەسەر بنچینەی ئەوە دامەزراندووە زیاتر پشت بە ئاوی سەرزەوی ببەسترێت و پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی کەمبکرێتەوە"[١]، بە هەمان شێوە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ئاماژەی پێداوە و جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە کاردەکەن بۆ سودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەرزەوی هەرێم، بۆئەوەی ڕێگە لە بەفیڕۆدانی ئاوی ژێرزەوی بگیرێت[٢]، چونکە لە ئێستادا لە کۆی بەرهەمهێنانی (٢,١٤٥,٠٦٧ م$^{٣}$/ڕۆژانە) ئاو بۆ سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم، بری (٦٩٠,٣٨٤ م$^{٣}$/ڕۆژانە) لە ڕێگەی ئاوی ژێرزەوی و بری (١,٤٥٤,٦٨٣ م$^{٣}$/ڕۆژ) لە ڕێگەی پڕۆژەکانی ئاوی سەرزەوییەوە دابیندەکرێت بۆ شارەکانی هەرێم[٣]؛ واتا نزیکەی (٣٥٪) بەرهەمهێنانی ئاو بۆ ماڵان تا ئێستاش لە ڕێگەی بیرەکانی ئاوی ژێر زەوییەوەیە، کە ئەوەش فشارێکی زۆر لەسەر ئاوی ژێرزەوی دروستدەکات، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان خاوەنی داهاتێکی ئاوی سەرزەوییە.

هەر لەو بارەیەوە (بێوار خەنسی) ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شارەزای بواری ئاو دەڵێت "تا کابینەی نۆیەم شێوازی بەڕێوەبردنی ئاو بە شێوەیەک بووە کە ناگونجێت لەگەڵ تێگەیشتنی نویی بەڕێوەبردنی ئاو، بەوپێیەی لە هەرێمی کوردستان (٥١٪) پشتبەستن بە ئاوی بارانە، (٤٨٪) لەسەر ئاوی ژێر زەوی و تەنیا (١٪) هەرێمی کوردستان پشتی بە ئاوی ڕووبار و دەریاچەکان بەستووە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی، لەبەرئەوە کابینەی نۆیەم بە پێویستی دەزانێت ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی ئاو بگۆڕێت بۆ شێوازێکی دیکە، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاوی سەرزەوی ببەسترێت، لە ڕێگەی دروستکردنی پۆند و بەنداو و پڕۆژەی ئاودێری لەسەر ڕووبار و دەریاچەکانی هەرێم، بەوپێیەی بە هۆکاری سەرەکی بەڕێوەبردن و پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان دادەنرێن بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو، کە دەتوانرێت

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- ماڵپەڕێ فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم، لینک- https://gov.krd/government/agenda. بەرواری سەردان/ ٢٠٢٢/٦/٢٥

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی هەرێم، داتای بڵاونەکراوە.

بەهۆیەوە ئاسایشی خۆراک دابینبکرێت، چونکە سێکتەری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پشت بە بەردەستبوونی ئاو دەبەستێت".[1]

بە هەمان شێوە (بێگەرد تاڵەبانی) وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو جەخت لەسەر گرنگی سێکتەری ئاو دەکاتەوە لە بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم و دەڵێت "بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (مەسرور بارزانی) بڕیاردرا (١٣ ملیار) دینار تەرخانبکرێت بۆ تەواوکردنی "شەش بەنداو"* لەم ساڵدا (٢٠٢٢)، کە بە ڕێژەیەکی بەرز کارکردن تێیاندا ئەنجامدراوە، هەروەها دەڵێت ئەو شەش بەنداوە بۆ وەرزی دابارینی ساڵی ئاینده تەواودەبن و دەتوانرێت بە نزیکەی (٥٠ ملیۆن م$^3$) ئاویان تێدا گەنجینە بکرێت، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات لە ئێستادا کاردەکەن بۆ ئاشناکردنی جوتیارانی هەرێم بە میکانیزم و تەکنەلۆژیایی نوێ کە لە ئێستادا لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا بەکاردەهێنرێت، لەپێناو گەشەدان بە بەروبوومی کشتوکاڵی و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو لەم کەرتەدا،چونکە لە ئێستادا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.[2]

لەلایەکی دیکەوە (ڕەحمان خانی) بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگانی ئاوی هەرێم، سەبارەت بە پرۆژەی ستراتیژی و گەورە لەسەر زێ سەرەکییەکان دەڵێت "دەبێت هەماهەنگی بکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق وەک پێشتریش کردوومانە بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژە گەورەکان لەبەرئەوەی پرۆژەی ستراتیژین و کاریگەری لەسەر تەواوی عێراق هەیە، لەبەرئەوە ئێستا لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە وتووێژدان بۆئەوەی ئەو پرۆژە ستراتیژیانە لەسەر بودجەی ناوەند دروستبکرێن، کە هەم سود بە هەرێمی کوردستان و هەم سود بە ناوچەکانی خوارووی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە سیاسەتی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەیە ئاوی پێویست دابینبکات بۆ هاوڵاتیانی هەرێم و عێراق بەگشتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە دەبێت ئاو بۆ هەمووان بێت و هەمیشە ئاو وەک فاکتەری ئاشتی سەیر دەکات، هەربۆیە هەموو ئەو ئاوەشی لە هەرێم هەیە بەتایبەتی هی هەردوو بەنداوی (دوکان و دەربەندیخان) کە دوو بەنداوی گەورەو ستراتیژین، لە (٨٠-٨٥٪) ئەو ئاوەی کە گەنجینە دەکرێت بەشێکی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراقە، لە هەمان کاتدا (ڕەحمان خانی) ئاماژە بەوە دەکات لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق تائێستا وەکو پێویست ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانێتی بەرامبەر پرۆژەکانی ئاو لە هەرێم و ئەو بەنداوانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەن ئەرکەکانی خۆی بەباشی جێبەجێنەکردووە، تەنانەت وەکو پێویست

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شارەزای بواری ئاو، ٢٠٢٢/٧/١٩.

*- مەبەست لەو شەش بەنداوەیە کە لە ئێستادا کارکردن تێیاندا بەردەوامە، وەک لە بەشی پێشووی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێدا.

٢- بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێدوان بۆ کەناڵی Kurdistan ٢٤، ١٠/تەموزی ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/KRG.Official/videos/٥٤٥٥٨٧٣١٧١١٦٨٤٨٠/ **بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/١٧.**

نەیتوانیەوە موچەی کارمەندەکان بدات، نەیتوانیوە بودجەی پێویست بۆ چاککردن و نۆژەندکردنەوەی بەنداوەکانی هەرێم دابینبکات، لەکاتێکدا پێویستە حکومەتی فیدراڵە و ئەو بودجانە دابینبکات، هەروەها لەناو پلانی ستراتیژی حکومەتی فیدراڵدا بۆ ئاو و خاک (٢٠١٥-٢٠٣٥) چەندین بەنداو دەستنیشانکراون کە بەشێکیان دەکەونە هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی فیدراڵ هیچکام لەو پرۆژانەی جێبەجێ نەکردووە[١]، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان سەرچاوەی هایدرۆلۆژی ئاوی ژێرزەوی و سەرزەویە بۆ هەموو عێراق، ئەگەر هەماهەنگییەکی باش هەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵدا، حکومەتی هەرێم دەتوانێت لە ڕێگای بەڕێوەبردنی پێشکەوتوانەی ئاو ڕۆڵێکی زۆر گەورە ببینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لە ناوەڕاست وباشوری عێراق[٢]، بەڵام حکومەتی فیدراڵ نەک ئەرکی خۆی بەجێنەهێناوە لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی بەنداو و پرۆژەی ئاوی، بەڵکو کۆمەڵێک کێشەی بۆ هەرێم دروستکردووە لەوانە. کێشەی دارایی، کێشەی سیاسی و چەندین جۆر کێشەی دیکە، واتا ئەو عەقڵیەتەی کە خاوەندارێتی هەرێمی کوردستانی کردووە تا ئێستا نەیوستووە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی هیچ شتێک.[٣]

بە هەمان شێوە (حسێن حەمە کەریم) وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم سەبارەت بە پرۆژەی ئاودێری لە هەرێم دەڵێت "دوو پرۆژەی ئاودێری گەورە لە هەرێم هەیە کە (پرۆژەی ئاودێری کڵێسا و پرۆژەی ئاودێری شەمامک)ە، کە دەتوانرێت بەهۆیانەوە نزیکەی (١٠٠٠٠٠ دۆنم) زەوی بەراوبکات، لەکاتێکدا کە بە ڕێژەی (٥٪) کارکردن تێیاندا ئەنجامدراوە، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠١٤) و بەهۆی هاتنی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی کارکردن تێیاندا وەستێنراوە"[٤]، هەر لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو (کاروان حمە ساڵح) باس لەوەدەکات کە پرۆژەی ئاودێری شەمامک پێویستی بە (٦٠٠ ملیار) دینار هەیە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی نەتوانراوە کارکردن تێیدا دەست پێبکاتەوە، بەوپێیەی لە ئێستادا حکومەتی هەرێم ئەو توانایەی نییە ئەو بودجەیە تەرخان بکات بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە، لەبەرئەوە حکومەتی هەرێم پرۆژەی بچوک بچوکی ئاودێری دروستدەکات، بۆنمونە چەندین پۆند لە قەرەداغ، گەرمیان، هەولێر و دهۆک و چەندین پۆندی دیکە دروستکراون و سەرکەوتووانە خزمەتێگی گەورەی هاوڵاتیانیان کردووە، لەوانە ئەو پۆندانەی لە گەرمیان دروستکراون زیاتر لە چەند گوندێک سودیان لێوەردەگرن بۆ پێداویستی خواردنەوە و ناوماڵ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری...وهتد، ئەوە جگە لەوەی هۆکارێکن بۆ پاراودانی ئاوی ژێر زەوی ئەو ناوچانە، (کاروان حمە ضالح) ئاماژە بەوە دەدات ژمارەی ئەو پۆندانە لە ئێستادا دەگاتە (١٢٠) پۆند و توانای گلدانەوەی (١٠ ملیۆن م$^{3}$) ئاویان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە ئەو پرۆژانەی کە

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێیکردوون بەروارد بە پێداویستی و ژمارەی دانیشتوان و ئەو ئاوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە زۆر نییە، بەڵام هەنگاوێکی باش نراوە.[١]

هەر لەم بارەیەوە وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "جگە لەو پۆندانەی کە لە ئێستادا دروستکراون، ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ دروستکردنی (٢٣) پۆندی دیکە لە تەواوی پارێزگاکانی هەرێم، هەروەها باس لەوەدەکات لە ئێستادا خەریکی دەرکردنی ڕێنماییەکن و لە تەواوبوندایە سەبارەت بە دروستکردنی پۆند لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بە جۆرێک بەپێی دەقی ناوەڕۆکی ڕێنماییەکە دەڵێت "پێویستە هاوکاری و پاڵپشتی هەموو ئەوکەسانە بکرێت کە دەیانەوێت پۆند دروستبکەن لە ناوچەکانیاندا، لە ڕێگەی ئامێری قورس یان لە ڕووی زانستی و داراییەوە یان بە چەندین شێوازی دیکە هاوکاری و پاڵپشتی ئەو هاوڵاتیانە بکرێت کە دەیانەوێت پۆند دروستبکەن"، دەشڵێت ئەمە بۆ یەکەمجارە ڕێنمایی لەو شێوەیە دەربچێت[٢]؛ لە ئێستادا پۆندێک لە قەزای ئاکرێ پشتبەست بەو بڕیارە دروستدەکرێت بە هاوبەشی لە نێوان حکومەت و جوتیاراندا، کە لەسەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵدا دەست بە کارکردن کراوە و چاوەڕێدەکرێت ئەمساڵ کۆکردنەوەی ئاو لەو پۆندە دەستپێبکات[٣]، بێگومان ئەم هەنگاوەی حکومەت بە یەکێک لە هەنگاوە ئەرێنییەکانی دادەنرێت و دەتوانێت خزمەتێکی باش بە ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان بکات، بەتایبەت لە ناوچە نیمچە وشک و کەمئاوەکان، وەکو ناوچەی کەلار و گەرمیان و دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

هەروەها وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو باس لەوە دەکات "لە ئێستادا وەزارەتی کشتوکاڵ کار لەسەر ئەوە دەکات کە بە هەمان سیستەم (p.p.p)، پرۆژەی ئاودێریش دروستبکات تاوەکو بەهۆیەوە ئاوی ڕووبارەکان یان دەریاچەکان بگوازرێتەوە بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان، واتا لە بەرنامەی حکومەتدایە کەرتی تایبەت بێتە ناو پرۆژەکانی بواری ئاو و ئاودێری، کە لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتەوە بیرۆکەکە قبوڵکراوە، جێبەجێکردنی ئەم جۆرە لە پرۆژە دەبێت لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان‌دا بێت[٤]، بێگومان ئەم هەنگاوەی حکومەت لە کاتی ئێستادا کە گرفتی دارایی هەیە، بە هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنی لەقەڵەم دەدرێت، دەکرێت بەشێک لە پلان و پرۆژەکانی حکومەت کە بەهۆی بێ پارەیی و نەبوونی بودجەی پێویست ڕاگیراون کارکردن تێیاندا دەستپێبکرێتەوە بە هاوکاری کەرتی تایبەت، بەشیک لەو پرۆژە ئاوییانە جێبەجێبکرێت.

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- پەیجی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە فەیسبووک، ٣/١٠/ ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/١٠٠٠٧٦١١٣٨٧٧٥٤٤/posts/pfbid٠LAaNeRmLc٢yaquGYDPnTjH٥N٣Jd٢ktKavbJgLnzrE٢vhBvjmrfxPNrjN٨bbTGPDhscl/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/١٠/٣

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی بەشە ئاوی هەرێم لەو ئاوانەی لە وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) ەوە دەڕژێنە هەرێم، (حسێن حمە کەریم) دەڵێت "بەپێی دەستوری عێراق پرسی ئاوەکانی دەرەوەی هەرێم لە دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ دانوستاندن لەسەر ئەو پرسە دروستکراوە لە نێوان عێراق و هەریەک لەو وڵاتانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری خۆی هەیە لەو کۆمیتەیەدا[1]، هەر لەم بارەیەوە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم (بێوار خەنسی) دەڵێت "لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم نوێنەری خۆی هەیە لەو کۆمیتەیەدا، بەڵام بریاری سەرەکی دەبێت لە حکومەتی فیدراڵەوە دەربچیت و هەوڵبدەن بەشە ئاوی عێراق و هەرێم لەو ئاوە هاوبەشانە بپارێزن، لەبەرئەوە ئەوەی بەدەست هەرێم بێت کاردەکات بۆئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ببەستێت، نەک ئەو سەرچاوانەی کە لەژێر جڵەوی (ئێران یان تورکیا) دان، تاوەکو بتوانرێت ئەو ئاوەی لەناوخۆدایە سودی لێببینرێت پشت بە ناوخۆی هەرێمی کوردستان ببەسترێت. [2]

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت حکومەتی هەرێم تا کابینەی نۆیەم وەک پێویست گرنگی بە پرسی ئاسایشی ئاو نەداوە، ئەو پلان و سیاسەتەشی کە لێرە و لەوێ دایڕشتووە لەو پێناوەدا نەیتوانیوە جێبەجێبیکات، بە هۆکاری کۆمەڵێک ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری ناوخۆیی و دەرەکی، لەگەڵ ئەوەشدا پلان و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەتایبەت لەم ساڵدا (٢٠٢٢)، وەک ئەوەی کە خراوەتەڕوو دەکرێت بە گرنگ و هەنگاوی ئەرێنی لە بواری پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو وەسف بکرێت، بە مەرجێک بتوانرێت ئەو سیاسەت و بەرنامانە بە کرداری هەنگاوی بۆ بنرێت و جێبەجێبکرێت لە واقعدا، کە گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەری، بەوپێیەی لەبەرڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی خرایەڕوو دەردەکەوێت تا ئێستاش ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا لەبەردەم کۆمەڵێک ئاڵنگاری سروشتی و ناوخۆیی و دەرەکیدایە، کە لە بەشی دواتردا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو ئاڵنگارییانە دەکەین و ڕوونیدەکەینەوە.

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

## بەشی سێیەم : ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان

ئاڵنگارییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بریتین لەو فاکتەرانەی کە دەبنەهۆی کەمبوون و نەمانی ئاو و خراپبوونی جۆرێتی ئاو، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئاسایشی ئاو واتا هەبوونی ئاوی پێویست بە کوالێی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوان، نەبوونی ئاو واتا نەبوونی ئاسایشی ئاو، کەمبوونیشی واتا دروستبوونی مەترسی لەسەری؛ لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو ئاڵنگاریانە بخەینەڕوو کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە لە دوو باسی سەرەکیدا، لە باسی یەکەمدا، ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان ڕووندەکەینەوە؛ لە باسی دووەمیشدا، ئاڵنگارییە دەرەکییەکان دەخەینە بەرباس، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### باسی یەکەم : ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان

ئاسایشی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا لە بەردەم کۆمەڵێک ئاڵنگاری سروشتی و مرۆییدایە، ئاڵنگارییە سروشتییەکان پەیوەندی بە گۆڕانی کەشوهەوای جیهان و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئاڵنگارییە مرۆییەکانیش پەیوەندیان بە شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکانەوە هەیە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، بە جۆرێک ئەو ئاڵنگاریانە لە ئێستادا بوونەتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر داهاتی ئاو لە هەرێم و ئاسایشی ئاوی هەرێمیان ڕووبەڕووی گرفت کردۆتەوە، لەبەرئەوە لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە ڕێگەی دوو تەوەرەوە گرنگترین ئەو ئاڵنگاریانە بخەینەڕوو:

#### تەوەری یەکەم/ ئاڵنگارییە سروشتییەکان(گۆڕانی کەشوهەوا)

گۆڕانی کەشوهەوا کە هۆکارەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی گەرمبوونی گۆی زەوییە واتا بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، یەکێکە لە ئاڵنگارییە بەهێزەکانی سەر ئاسایشی ئاو، کە هەڕەشە لە ئاوی بەردەست دەکات لە هەموو جیهاندا بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی، بە شێوەیەک ئەو گۆڕانکارییانە بوونەتەهۆی تێکچوونی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ڕێژەی دابارین و تێکچوونی شێوازی دابارین[١]، بۆنمونە لە ماوەیەکی کەمدا بارانێکی زۆری بەخوڕ دەبارێت بەهۆی تێکچوونی شێوازی دابارین، ئەوەش وادەکات نەک ئەوەی کە ناتوانرێت سودی لێوەربگرێت لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی بەنداو و پرۆژەی ئاوی پێویست، بەڵکو دەبێتەهۆی دروستبوونی لافاو و دەکرێت زیانی زۆر بگەیەنێت، یاخود دەبێتەهۆی کەمبارانی و زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی.[٢]

---

١- دارا شێخ حەسەن، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی دووەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٣٨-١٣٩.

٢- د. صالح محی الدین نەجیب، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی دوووەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٠٨-٢٠٩.

کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیستویەک بە ئاشکرا بە دیارکەوتووە لە ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی و عێراق بەتایبەت[1]، بۆنمونە دەبینین ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان پلەکانی گەرما بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە، بێگومان ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕێژەی دابارین هەبووە، بە جۆرێک بووەتەهۆی کەمبوونی تێکڕای بارانبارینی ساڵانە، وەک لە خشتەی ژمارە (١١)دا دەردەکەوێت، کە تێیدا بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبوونەوەی تێکڕای بارانبارین لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١١)، تێکڕای پلەی گەرمی و تێکڕای بارانبارین لە ماوەی ساڵانی (١٩٧١-٢٠٢١).

| ویستگە | پلەی گەرمی(م°) | | | | | | باران (ملم) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٧١ - ١٩٨٠ | ١٩٨١ - ١٩٩٠ | ١٩٩١ - ٢٠٠٠ | ٢٠٠١ - ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧ - ٢٠٢١ | تێکڕای گشتی | ١٩٧١ - ١٩٨٠ | ١٩٨١ - ١٩٩٠ | ١٩٩١ - ٢٠٠٠ | ٢٠٠١ - ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧- ٢٠٢١ | تێکڕای گشتی |
| هەولێر | ١٩,٤ | ٢٠,٢ | ٢١,١ | ٢٢,٤ | ٢٢,٥ | ٢١,١٢ | ٤١٤ | ٤٥٦ | ٤٤١ | ٤٠٠ | ٣٧٩ | ٤١٨ |
| سلێمانی | ١٨,٣ | ١٨,٥ | ١٨,٩ | ١٩,٧ | ٢٠,١ | ١٩,١ | ٧١٧,١ | ٧١٢,٢ | ٧٤٢,٦ | ٦٩٧ | ٦٦٣ | ٧٠٥,٣ |

سەرچاوە، ئامادەکردنی توێژەر، پشتبەست بە:١) بەڕیوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاونەکراوە.٢) اياد عبد علی سلمان الشمری، مصدر سبق ذكره، ص٦٠.

ئەو داتایانەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدات کە بەردەوام پلەکانی گەرما لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کردووە بەهۆی گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان، ئەوەش کاریگەری کردۆتە سەر بڕی بارانبارین و بووەتەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەکەی، چونکە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کاریگەری دەبێت لەسەر بڕی باران، بە شێوەیەک تا پلەی گەرما بەرزبێت ڕێژەی دابارین کەم دەبێت و بە پێچەوانەوەشەوە.

هەر لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان (کاروان حمە ساڵح) ئاماژە بەو کەمبوونە دەدات و دەڵێت "پشتبەست بە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و ئەو داتایانەی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کۆکراونەتەوە و شیکاریان بۆکراوە ڕێژەی بارانبارین لەم ساڵدا (٢٠٢٢) بە ڕێژەی (٥٠٪) کەمیکردووە، بەوپێیەی لە شەش مانگی بودجەی ئاوی کە لە (مانگی ١٠ تا مانگی ٤)ە، ئەو ڕێژە ئاوە نوێبووەوەی کە هەبووە نەگەیشتووەتە (٦ ملیار $م^3$)، لەکاتێکدا لە ساڵانی ئاساییدا ئەم ڕێژەیە لە سەرووی (٢٠ ملیار $م^3$)

١- د. رضا عدبالجبار سلمان الشمري و عباس حمزة على الشمري، التحديات التي تواجه الأمن المائي العراقي والحلول المقترحة لمواجهتها، المجلد الخامس عشر، العدد ١، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، ٢٠١٢، ص٥٩.

بووە، ئەوش دەرەنجامی گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان و کاریگەرییەکانێتی لەسەر هەرێمی کوردستان".[1]

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بووەتەهۆی زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی، چونکە مەترسیدارترین لێکەوتەی گۆڕانی کەشوهەوا و گەرمبوونی گۆی زەوی ئەوەیە کە ناوچە وشک و نیمچەوشکەکان وشکتر و ناوچە شێدار و تەڕەکان تەڕتر و شێدارتر دەکات[2]، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی کیشوەری و نیمچەوشک دادەنرێت، کاریگەرییەکانی بە ئاراستەی وشکتر ڕۆیشتووە، بە جۆرێک ئەگەر جاران چەند ساڵێک تەڕ و پڕباران بووایە و ساڵێک وشک ئێستا پێچەوانە بووەتەوە، چەند ساڵێک وشک و ساڵێک تەڕ و پڕبارانە[3]، بۆنمونە لەم بیست ساڵەی دوایدا وڵاتانی ناوچەکە (جزائیر، مغرب، سۆماڵ، سوریا، تونس، عێراق و هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لێی)، ڕووبەڕووی زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی بوونەتەوە و چاوەڕێدەکرێت ئەم شەپۆلانە زیاتریش بن[4]، لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە تێیدا ئاماژە بەوەدەدات لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٠-٢٠٠٨) هەرێمی کوردستان (٤ جار) ڕووبەڕووی شەپۆلی وشکەساڵی بووەتەوە ئەوانیش ساڵانی (١٩٨٤، ١٩٩٩، ٢٠٠٦، ٢٠٠٨)[5]، بە هەمان شێوە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی شەپۆلێکی دیکەی وشکەساڵی بووەتەوە و ماوەی دوو ساڵە بەردەوامە (٢٠٢١و ٢٠٢٢)، کە وشکەساڵی لەم شێوەیە بەدوایەکدا کاریگەری نەرێنی زۆر دەکاتەسەر داهاتی ئاو لە هەرێم.[6]

کەمبوونەوەی ڕێژەی داباریین و زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە کەمبوونەوەی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان (سەرزەوی و ژێرزەوی)، بەوپێیەی سەرچاوەی

---

١- د. کاروان سەباح حمە صالح، لێدوان لە پێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٨/ ئایار ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە-
https://gov.krd/dmi/activities/news-and-press-releases/٢٢/may/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٠٥/١١.

٢- تقرير أممي يشدد على الحلول الطبيعية للتصدى لأزمة المياه العالمية، الأمم المتحدة، ١٩/آذار/٢٠١٨، متوفر على الربط الآتى-
https://news.un.org/ar/story/٢٠١٨/٠٣/١٠٠٤٥٨٢. تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/١١/١٠

٣- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح،سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- د. عبداللطيف جمال رشيد، الموارد المائية في العراق، ط١، مطبعة پيرەمێرد، السليمانية ٢٠١٧، ص٤٩.

٥- منظمة الامم المتحدة للتربية والعلم والثقافة، الاطار الوطني للادارة المتكاملة لمخاطر الجفاف في العراق (دراسة تحليلية)، مكتب العراق، آذار ٢٠١٤، ص٥٢-٥٤.

٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز سامان ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، دەربەندیخان، ٢٠٢٢/٨/١٠.

سەرەکی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان دابارینە، چونکە لەلایەک دەبێتەهۆی زۆربوونی داهاتی ئاوی سەرزەوی و لەلایەکی دیکە کۆگاکانی ئاوی ژێرزەوی پێپاراو دەبێت.[١]

هەربۆیە لە ئێستادا دەبینین تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی زۆر کەمترە لە تێکڕا سروشتییەکەی بەراورد بە ساڵانی پێشوو، بۆنمونە تێکڕای ساڵانەی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥) گەیشتۆتە (٥١,٦ مليار م٣)[٢]، بەڵام ئەم تێکڕایە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٠) دابەزیوە بۆ (٣٦ مليار م٣) ئاو[٣]، لەماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١) بەردەوامبووە لە دابەزین و بووە بە (٣٠ مليار م٣) ئاو لە ساڵێکدا[٤]، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت بەردەوام داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی بەرەو دابەزین چووە، بەشێک لە هۆکاری ئەو دابەزینە بەهۆی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەواوەیە، کە بووەتەهۆی کەمبوونەوەی تێکڕای دابارین لە ناوچەی ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانەدا کە (تورکیا، ئێران، هەرێمی کوردستان) دەگرێتەوە، بۆنمونە لە ویستگەی کەشناسی دهۆک لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩٨) تێکڕای بارانبارینی ساڵانە دەوروبەری (٧٦٩ ملم) بووە، ئەم تێکڕایە کەمیکردووە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٩-٢٠٠٧) بۆ دەوروبەری (٦٠٤ ملم)[٥]، هەروەها لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٢١) تێکڕای بارانبارین بەردەوام بووە لە دابەزین و بووە بە (٥٤٣,٩٤ ملم)[٦]؛ بە هەمان شێوەیە داتاکانی بەشێک لە ویستگەکانی کەشناسی تورکیا ئاماژە بەوەدەدەن تێکڕای بارانبارین لەو ناوچانەش کەمیکردووە، ئەگەر ویستگەی ئەرزڕۆمی تورکیا بەنمونە وەرگرین دەبینین تێکڕای بارانبارین دەوروبەری (٥١٢ ملم) بووە لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٥-١٩٨٠)، بەڵام ئەم تێکڕایە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٨-٢٠٠٨) پاشەکشەی کردووە و بووە بە نزیکەی (٣٩٣ ملم)[٧]، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دابارین بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، بێگومان ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بە شێوەیەکی نەرێنی لەسەر داهاتی ئاوی ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە، بەتایبەتی لە ناو خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، بووەتەهۆی پاشەکشەی تێکڕای لەبەرڕۆیشتنی داهاتی ساڵانەی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی وەک پێشتر خرایەڕوو، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دابارین و ئاوی ڕووبارەکاندا، بۆنمونە

---

١- د. غازی فایەق، بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو بە وەکالەت، لێدوان لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٣٠/ تەمووزی ٢٠١٨، بەردەستە لەم لینکە- https://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٣&a=٥٦٩٤٧ بەرواری سەردان ١٩/ حوزەیران ٢٠٢٢.

٢- ڕزگار خضر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥٩.

٣- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٣-٧٥.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، داتای بڵاو نەکراوە.

٥- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمری وم. باحث: عباس حمزة علی الشمری، مصدر سبق ذکره، ص٥٩.

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاو نەکراوە.

٧- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمری و عباس حمزة علی الشمری، مصدر سبق ذکره، ص٥٩.

ساڵی (٢٠١٩) کە ساڵێکی تەڕ و پرباران بووە، تێکڕای داهاتی ئاوی دیجلە و ڕێژگەکانی لەو ساڵەدا (٥٩,٦ ملیار م[٣]) بووە، بەڵام ئەم تێکڕایە لە ساڵی (٢٠٢١) کە ساڵێکی وشک و کەم باران بووە، بووە بە (١١,٨ ملیار م[٣]).[١]

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان کاریگەری زۆر نەرێنی کردۆتە سەر ئاوی ژێرزەوی لە هەرێم، بە جۆرێک بەشێکی زۆری دانیشتوان بەهۆی کەمبوونی بەرهەمداری و وشکبوونی بەشێکی زۆری کانی و کارێز و بیرەکانەوە ڕووبەڕووی کێشەی سەخت بوونەتەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە ساڵانی بێ بارانی کاریگەری خراپیان لەسەر بەجێدێڵێت و وشکایەتی تەنگیان پێهەڵدەچنێت، وەک ئەوەی کە لەو وشکەساڵییەی نێوان ساڵانی (١٩٩٨-٢٠٠٠) ڕوویدا، کە چەندین کانیاو، کارێز، بیری قووڵ و بیری ئاسایی وشکیکرد لە بەشێک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامدا ڕێکخراوی فاو(FAO) بە تەنکەر ئاوی بۆ (٨٥٧ گوند) لەو ناوچانە دابیندەکرد، جگە لە لێدانی (٤١٠ بیر) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاویی بەشێکی زۆری دانیشتوان[٢]، بە هەمان شێوە تەنیا لە ماوەی ئەمساڵدا (٢٠٢٢) لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەری نزیکەی (٣٠٠) بیری ئاو وشکیان کردووە، بەوهۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٧ ملیار) دیناری تەرخانکرد بۆ لێدانی (١٣٨ بیر) لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەری کە لە هەر ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان زیاتر هەست بە وشکەساڵی و لێکەوتەکانی دەکرێت، لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەری وشکەساڵی وکەمئاوی لە ناوچەکەدا.[٣]

لەبەرئەوە دەشێ گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانی زۆر گەورە بکات، وەکو زیانگەیاندن بە بەرهەمی کشتوکاڵی زستانە وهاوینە[٤]، بەوپێیەی لەلایەک کشتوکاڵی هەرێم بە شێوەیەکی سەرەکی دێمییە و پشت بە دابارین دەبەستێت، بۆنمونە ساڵی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢) بەشێکی زۆری بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیارانی هەرێم لەناوچوون، بەهۆی وشکەساڵی و کەمبارانییەوە، هەروەها زیانێکی زۆری گەیاند بە جوتیاران و بەرهەمی کشتوکاڵی

---

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، داتای بڵاو نەکراوە، و تقرير الموارد المائية لسنة ٢٠٢٠، مديرية الإحصاء الزراعي، وزارة التخطيط-الجهاز المركزي للإحصاء، حزيران ٢٠٢١، ص٧.

٢- د. فەرەیدون کاکەیی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٤-١٣٩.

٣- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، هەژماری فەرمی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢/٦/١٤، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/.KRG.DMI.Official/videos/.٣٨٤٥١٥٩٧٠٧٠٦٠٧/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٥.

٤- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وکاریگەرییەتی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٠٨-١٠٩.

لە هەرێمی کوردستان[١]، لەلایەکی دیکە کشتوکاڵی هاوینەش کە پشت بە ئاوی ڕووبارەکان یان ژێرزەوی دەبەستێت تووشی کێشەی کەمئاوی دەبن.

لە ئێستاشدا بەهۆی لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، زۆرینەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو بوونەتەوە و بەرەو بیابانبوون چوون و مەترسی لەسەر چۆڵبوونی زۆرێک لە گوندەکانی کوردستان دروستبووە، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم باس لەوەدەکات "کە لە ڕوپێوییەکدا، کە بۆ نزیکەی (٤٠٠٠) گوند لە بەشێکی زۆری گوندەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیانداوە، بە ڕێژەی (٢٣٪) گوندەکان وشکبوونیان مسۆگەرە، بە ڕێژەی (٣٤,٥٪) مەترسی وشکبوونیان لەسەرە، کەمتر لەنیوە واتا (٤٧٪) گوندەکان ئاویان مسۆگەرە"[٢]، بێگومان ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان کاریگەری زۆر نەرێنیان لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان هەبووە، کە ئەگەر ڕێکاری پێویست نەگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان ئەوا زۆرێک لەو ناوچانە بەهۆی نەبوونی ئاوی پێویست و وشکبوونی سەرچاوە ئاوییەکانیان ناچاردەبن شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبهێڵن و کۆچ بکەن بەرەو شار و شاروچکەکان، بێگومان هەرکۆچێکی بە کۆمەڵیش لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان لێکەوتەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە دواین ڕاپۆرتی ئەنجومەنی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدەین بە ناونیشانی "گۆڕانکاری ژینگەیی و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا تا ساڵی ٢٠٤٠ زیاد دەکات"، تێیدا (١١) وڵاتی دیاریکردووە کە زۆرتر ڕووبەڕووی مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەبنەوە، باس لەوە دەکات ئەو گۆڕانکاریانە وا لەو وڵاتانە دەکات کە ڕووبەڕووی گرفتی دابینکردنی خۆراک و وزە و گەیشتن بە ئاوی شیرین و چاودێری تەندروستی ببنەوە، بێگومان ئەوەش لێکەوتەی مەترسیداری وەکو ناکۆکی ناوخۆیی و ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەندروستی...وهتد، لێدەکەوێتەوە، ڕاپۆرتەکە زیاتر لە جارێک ئاماژەی بە عێراق داوە، وەک یەکێک لەو وڵاتانەی لە داهاتوودا زۆرترین کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای لەسەر دەبێت، کە بەهۆیەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتی ئاو و سەقامگیریی سیاسی و دۆخی ئابووری دەبێت، ئەوە یەکەمجاریشە گۆڕانکارییە ژینگەییەکان ببەسترێتەوە بە ئاسایشی نەتەوەییەوە[٣]، بێگومان هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق

---

١- بێگەرد تاڵەبانی، لێدوان بۆ کەناڵی٢٤ Kurdistan ، ١٠تەموزی/ ٢٠٢٢، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- د. کاروان حمە سالح، بەڕێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ، پێگەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢/٥/١٤، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/١٠١٥١٧٣٦١٣٦٤٧٦٦/videos/ .بەرواری سەردان/ ٢٠٢٢/٦/٢٤

٣- وەرگیراوە لە: سایتی درەو میدیا، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا مەترسی گەورەی لەسەر عێراق هەیە، ٢٠٢٢/٨/٤، بەردەستە لەم لینکە-

کاریگەری گەورەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەردەکەوێت. بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١).

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەتوانین بڵێین؛ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بەوپێیەی گۆڕانکاری لە بڕ و شێوازی بارانبارین دروستکردووە و هەروەها شەپۆلەکانی وشکەساڵی زیاتربووە، ئەوش کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر کۆی داهاتی ئاوی نوێبووە (سەرزەوی و ژێرزەوی) لە هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەو کەمبوونەش لێکەوتەی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی دەبێت و تەنیا هەڕەشە و مەترسی لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان دروستناکات، بەڵکو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی تەندروستی و ژینگەیی و مرۆیش دروستدەکات، کە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکاریانە و خۆگونجاندن لەگەڵیدا، لە بەشی دواتردا تیشکی دەخەینەسەر.

**تەوەری دووەم/ ئاڵنگارییە مرۆییەکان**

سەرباری گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان و لێکەوتەکانی، لە ئێستادا ئاسایشی ئاوی هەرێم لە ناوخۆدا لەبەردەم کۆمەڵێک هەڕەشە و مەترسی مرۆییدایە، لەبەرئەوە لێرەدا بەپێویستی دەزانین گرنگترین ئەو هەڕەشە و مەترسیانە کە بوونەتە ئاڵنگاری لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێم لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

**یەکەم/ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان ودیاردەی بەشاربوون (التمدن)**

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە هەر شوێنێک دەبێتەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئاو، بەوپێیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنانی ئاودا، لەبەرئەوەی تا ژمارەی دانیشتوان زیاتربێت و ئاستی گوزەران بەرزتربێت و بڕی بەکارهێنانی ئاو زیاتر دەبێت، چونکە پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان زیاد دەکات[١]؛ هەرێمی کوردستان وەک زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە گەشەیەکی خێرایی دانیشتوانی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێک ئەگەر سەرنج بدەین ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە سەرژمێری ساڵی (١٩٦٥) کە لە هەموو عێراقدا ئەنجامدرا، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم (٩٠٠ هەزار) کەس بووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوان بووە بە (٢ملیۆن) کەس[٢]،

---

http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=١٠٨٠&fbclid=IwAR١knzcmRc_Am-e_MAS_GptyjxZOg٣rfguSdNW٦S٧aU٦١n٢٠Ov٥uUaV-YAQ .٢٠٢٢/١٠/٥ بەرواری سەردان،

١- د. منذر خدام، مصدر سبق ذكره، ص١٧٩.

٢ -UNITED NATIONS POPULATION FUNDIRAQ, SEMOGRAFPHIC SURVEY (Kurdistan Region of Iraq), JULY ٢٠١٨, P١٤.

هەروەها لە ساڵی (٢٠١٤) بەپێی خەملاندنەکانی دەستەی ئاماری هەرێم*، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بووە بە (٥,٣ ملیۆن) کەس، لە ساڵی (٢٠٢٠) بووە بە (٦,١ ملیۆن) کەس و پێشبینی دەکرێت دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تا ساڵی (٢٠٤٠) بگاتە (٨,٨ ملیۆن) کەس، بەگشتی ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی دوو دەیەی داهاتوودا بە نزیکەیی (٢,٦٨) ملیۆن کەس زیاد دەکات، واتا ڕێژەی بەپیتی لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٤٠) لە نێوان (٣,١ – ٢,٥) دا دەبێت[١]، کە ئەوەش بە یەکێک لە تێکڕا بەرزەکانی گەشەی دانیشتوان دادەنرێت، کە کاریگەری لەسەر زیادبوونی خواست لەسەر ئاو دەبێت، بەوپێیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەر ئاو و بەکارهێنانی.

خشتەی ژمارە (١٢) مەزندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

| ساڵ | دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|
| ١٩٦٥ | ٩٠٢,٠٠٠ | سەرژمێری |
| ١٩٨٧ | ٢,٠١٥,٤٦٦ | سەرژمێری |
| ١٩٩٧ | ٢,٨٦١,٧٠١ | خەملاندن |
| ٢٠١٤ | ٥,٣٣٢,٦٠٠ | خەملاندن |
| ٢٠٢٠ | ٦,١٧١,٠٨٣ | خەملاندن |
| ٢٠٤٠ | ٨,٨٤٧,٥٦٥ | خەملاندن |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر، پشتبەست بە: ١) UNITED NATIONS POPULATION FUNDIRAQ, Opcit, P١٤. ؛ ٢) د. ماجد عوسمان، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، شوبات ٢٠٢١، ل١٠-٣١.

لەلایەکی دیکەوە جگە لەو گەشەکردنە خێرایەی دانیشتوانی هەرێم، دابەشبوونی نا هاوسەنگی دانیشتوان لە نێوان شار و گوندەکاندا یەکێکی دیکەیە لە ئاڵنگارییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش بەهۆی بەردەوامی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، کە وایکردووە شارەکان گەشەیەکی خێرا بەخۆوە ببینن و بووەتەهۆی فراوانبوونی ناوچەی شارنشینی، بۆنمونە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) ڕێژەی شارنشین لە هەرێم (٢٩٪) بووە، لە بەرامبەردا ڕێژەی گوندنشین (٧١٪) بووە[٢]، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەکە بە زیادەوە پێچەوانە بووەتەوە، داتاکانی دەستەی ئامار ئەوە نیشاندەدەن لە ئێستادا (٨١,٦٪) لە ناوچە شارنشینەکان دەژین، تەنیا ڕێژەی (١٧,٤٪) لە گوندەکان دەژین[٣]، ئەم بەرزبوونەوەی ئاستی شارنشینییە پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەر، لەوانە

*- هەرچەندە لە ساڵی (١٩٨٧) کە دوا سەرژمێری گشتی بوو لە تەواوی عێراق ئەنجامدراوە، لەو کاتەوە کە زیاتر لە (٣٠) ساڵ تێپەڕییوە بەسەریدا هیچ سەرژمێرییەکی تر ئەنجام نەدراوە کە هەرێمی کوردستان بگرێتەوە وتەنیا خەملاندن کراوە، لەوکاتەوە فەرمانگەی ناوەندی ئامار (CSO) ودەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) جارجار خەملاندنەکانیان نوێکردۆتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
-UNITED NATIONS POPULATION FUNDIRAQ, Opcit, JULY ٢٠١٨.

١- د. ماجد عوسمان، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، شوبات ٢٠٢١، ل١٠-٣١.

٢- ڕزگار خضر طه، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٣.

٣- د. ماجد عوسمان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١.

گەشەسەندنی ئابووری و ئاڵۆزییە سیاسییەکان وەکو جەنگی عێراق –ئێران، جەنگی کەنداو و گۆڕانکارییەکانی سیستەمی سیاسی لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) و ئەو قەیرانانەی کە بەدویداهات.

ئەم دیاردەی شارنشینییە لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر زیادبوونی بڕی بەکارهێنانی ئاو هەبووە و دەبێت، چونکە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەدەن "ئەو بڕە ئاوەی تاکێکی شارنشین بەکاریدێنێت هەمیشە زیاترە لەو بڕە ئاوەی تاکێکی گوندنشین بەکاریدەهێنێت"، لەم ڕووەوە ڕاپۆرتەکانی ساڵی (١٩٧١) وەزارەتی شارەوانی عێراق ئەوەیان خستوتەڕوو کە "تێکڕای بەکارهێنانی ئاو لە ڕۆژێکدا لەلایەن هەر تاکێک لە گوندەکان و شارە بچوکەکانی عێراق نزیکەی (٤٠ لتر) بووە، لەکاتێکدا لە شارە گەورەکان نزیکەی (٢٨٠ لتر) و لە بەغدادی پایتەخت نزیکەی (٣١٠ لتر) بووە لە ڕۆژێکدا[١]، هەروەها ئەزموونی وڵاتان سەلماندویانە تا ئاستی بژێوی ژیان بەرزتربێت بڕی ئاوی زیاتر بەکاردەهێنرێت[٢]؛ کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بەردەوام گەشە دەکات و ئەم گەشەکردنەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و لەگەڵیشیدا زیادبوونی دیاردەی شارنشینی، وادەکات پەستانی گەورە دروستببێت لەسەر دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێم، بەوپێیەی کە ئاوی زیاتریان پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان، لە هەمان کاتدا زیادبوونی گرفتی تۆڕەکانی گەیاندنی ئاو بە ماڵان لە شار و شارۆچکەکان دروستدەکات، لە ئەنجامی ئەو گەشەکردنە خێراو بێپلانەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەخۆیانەوە بینیوە، چونکە دەستگەیشتن بە ئاوی پاک هێشتا گرفتێکە لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها تا ئێستاش بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێم گرفتی نەبوونی تۆڕی ئاو و دابین نەکردنی ئاویان هەیە، وەک لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو.

**دووەم/ زێدەڕەویکردن لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی**

یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان ئەو زێدەڕەوییەیە کە لەسەر ئاوی ژێرزەوی دەکرێت لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا (ناوماڵ، ئاودێری، پیشەسازی، گەشتوگوزار...وهتد)، لە هەرێمی کوردستان زۆر بەزیادەوە ئاوی ژێرزەوی بەکاردەهێنرێت[٣]، بە جۆرێک کە دەتوانرێت بوترێت؛ کارەسات بەسەر ئاوی ژێر زەوی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ئەو ئامارانەی سەبارەت بە ژمارەی بیرە مۆڵەتدار و بێ مۆڵەتەکان و قوڵی بیرەکان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەت ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین کاکەشێخ نەقشبەندی، پێگەی ئاویی (هەرێمی کوردستان) لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وئەو بەرەنگاری وهەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گۆڤاری شرۆڤە،ژمارە ٣٠، کانونی دووەمی ٢٠٢٠، ل٢١.

٢- رشيد فراح، مصدر سبق ذكره، ص٢٨٧.

٣- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٨.

چونکە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت سەبارەت بە دەرهێنان و بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی زۆر زیاترە لەو برەی کە نوێدەبێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی بەردەوام قوڵی بیرەکان زیاد دەکات، ئەوەش واتای ئەوەیە ئاوی ژێرزەوی بەردەوام دادەبەزێت[1]، ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو لەم بارەیەوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، بە جۆرێک تا ساڵی (٢٠٠٠) ئاستی قوڵی بیرەکان لە هەرێم (٨٠ – ١٥٠ م) بووە، بەڵام لە دوای ساڵانی (٢٠٠٠) قوڵی بیرەکان لە (١٥٠- ٢٥٠ م) بەرەوسەرەوە بووە، تەنانەت لە ئێستادا لە هەندێک ناوچە لە پارێزگای هەولێر قوڵی بیرەکان گەیشتوتە نزیکی (٧٠٠م)[2]، هەروەها بەپێی توێژینەوەکان و وێنەی مانگە دەستکردەکانیش ئەوە خراوەتەڕوو ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٥٠٪) کەمیکردووە[3]، بە هەمان شێوە (کاروان حمە ساڵح) ئاماژە بەو کەمبوونە دەدات و دەڵێت "لە ئێستادا لە هەندێک لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر مانگانە (١ م³) ئاوی ژێرزەوی دادەکەوێت، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە زیاتر لەو برەی لێ بەکاردەهێنرێت کە نوێدەبێتەوە"[4]؛ لە هەرێمی کوردستان تەنانەت لەو ناوچانەش کە دەکەونە لێواری ڕووبارەکانەوە، ئاوی ژێرزەوی بەکاردەهێنرێت و بەفیڕۆ دەدرێت.[5]

(حسێن حەمە کەریم) ئاماژە بەو دەرهێنانە زۆرەی ئاوی ژێرزەوی دەکات و دەڵێت "زیاتر لە (٢٤ هەزار) بیری یاسایی لە هەرێم هەیە و ڕەنگە زیاتر لەو ژمارەیەش بیری نایاسایی هەبێت، کە نە بە تەواوی ژمارەیان دەزانرێت و نە دەزانرێت چەندی لێدەردەهێنرێت"[6]، بەوهۆیەوە ڕێژەی ئاوی بەکارهێنراوی ژێرزەوی نازانرێت.

بە هەمان شێوە (ڕەحمان خانی) بەڕێوەبەری بەنداو و کۆگاکانی ئاو دەڵێت زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بوون بە بێژەن ئەوەندە بیری ئیرتیوازی لێدراوە، ئاستی ئاوی ژێرزەوی بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە ئەوەش کاریگەری دەکاتەسەر گەنجینەی ستراتیژی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا کە ئاوی ژێرزەوییە، بۆ گوزارشتکردن لەو کارەساتەی بەسەر ئاوی ژێرزەوی هاتووە نمونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت ئێمە کاتێک دەریاچەیەک دەبینین کە ئاوەکەی دابەزیووە، دەڵێین کارەساتە ئەو دەریاچەیە بەو گەورەییە ئاوی تێدانییە، بەڵام ئەگەر ئێستا بیرەکان بە بەرچاوەوە

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، مامۆستای زانکۆ و توێژەر لە بواری ئاو، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١٨.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاو نەکراوە.

٣- د. هەڵەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١.

٤- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٥- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەرییەکان)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨٦.

٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

بوونایە دەمانزانی چی کارەساتێک ڕوویداوە لە ژێرزەویدا، هەروەها باس لەوە دەکات ئەو ئاوەی کە پێویستبوو بۆ نەوەکانی ئاییندە بپارێزرێت و دەستپێوەبگیرایە، زۆر بەزیادەوە بەکارهێنراوە.[١]

سەرئەنجامی ئەو بەکارهێنانە زۆرەی ئاوی ژێرزەوی، لە ئێستادا زۆرێک لە کانی و کارێز و بیرەکان وشکبوون و ئاویان تێدانەماوە، لەم بارەیەوە (عەبدولستار مجید) وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (کابینەی هەشتەم)، ئاماژە بەوە دەکات زیاتر لە (٥٠٠٠) کانی لە هەرێمی کوردستان وشکبوون، چەندەها کارێز کە ئاویان بۆشاری سلێمانی دابیندەکرد زۆربەیان وشکبوون لە ئەنجامی فراوانبوونی شارەکە و زۆر بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی[٢]، هەر لەم بارەیەوە دواین ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم کە لە ساڵی (٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەدەدات لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٦) (١٠٣٩ کارێز) وشکبوون لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم[٣]، بە هەمان شێوە (ئاری ئەحمەد) بەڕێوەبەری گشتی ئاوی هەرێم دەڵێت "نزیکەی (٦٠٪) بیرەکانی هەولێر و دەورووبەری وشکبوون"[٤]، ئەمە جگە لە دابەزینی بەردەوامی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم، کە بەردەوام قوڵی بیرەکان زیاد دەکات وەک لە خشتەی ژمارە (١٣)دا خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١٣)، قوڵی بیرەکان لە پارێزگاکانی هەرێم لە پێش (٢٠٠٠) تا مانگی (٢٠٢٢/٦).

| پارێزگا | ساڵ | قوڵی بیرەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | تا ٢٠٠٠ ( واتا پێش وشکە ساڵی) | ٨٠-١٠٠-١٢٠م | لە ئێستادا هەندێک شوێن قوڵی بیرەکە زیاترە لە (٤٠٠م) و هەندێک شوێنی تر (٥٠٠م)، ولە هەندێک شوێن گەیشتۆتە (٧٠٠م). |
| | بەڵام دوای ٢٠٠٠(واتا پاش وشکەساڵی) | ١٥٠-١٨٠-٢٠٠-٢٤٠ م | |
| سلێمانی وئیدارەی گەرمیان | تا ٢٠٠٠ ( واتا پێش وشکە ساڵی) | ٩٠- ١٠٠- ١٥٠ | بەڵام لە هەندێک شوێن بەهۆی سەختی شوێنەکەوە لە ڕووی (stracture)، قوڵییەکەی دەگاتە (٣٠٠-٣٥٠م) |
| | بەڵام دوای ٢٠٠٠(واتا پاش وشکەساڵی) | ١٨٠ – ٢٠٠ م | |

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢ -received in: Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, Opcit, p١٨٨.

٣- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، مانگی ٦/ ٢٠١٩، لە سایتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان- GOV-KRD- https://www.google.com/url?sa=i&url=https٪٣A٪٢Fkrso.gov.krd بەرواری سەردان ٩-٥- ٢٠٢٢.

٤- ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی ئاو وئاوەڕۆی هەرێم، لێدوانی بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی شار پرێس، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٤/٨، بەردەستە لەم لینکە- https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?jimare=٢٠٣٢٤٦. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٥

| | | | |
|---|---|---|---|
| دهۆک | تا ٢٠٠٠ ( واتا پێش وشکه ساڵی) | ٨٠-٩٠-١٥٠ م | بەڵام لە هەندێک شوێن قوڵییەکەی دەگاتە (٣٠٠-٥٠٠م). |
| | بەڵام دوای ٢٠٠٠(واتا پاش وشکەساڵی) | ١٨٠-٢٠٠-٢٥٠م | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، داتای بڵاو نەکراوە.

پشتبەست بەو داتا و زانیاریانەی خرایە ڕوو دەکرێت بڵێین؛ ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدایە، بەهۆکاری بەردەوام بەکارهێنانی بە شێوەیەکی نازانستی لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە کە دەتوانرێت بوترێت؛ لە چەند ساڵی داهاتوودا ئاوی ژێرزەوی هەرێمی کوردستان ناتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بن لە بەکارهێنانی، بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوەکە و زیادبوونی قوڵی بیرەکان، ئەوەش دەبێتەهۆی نەمانی یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، لەکاتێکدا ئاوی ژێرزەوی تەنیا موڵکی نەوەی ئێستا نییە، بەڵکو مافی نەوەی داهاتووشە و پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و وەک سامانێکی ستراتیژی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، تەنیا لەو کاتانەدا بەکاربهێنرێت کە هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی گونجاوی دیکەی لێنەبێت.

**سێیەم/ بەفیڕۆدانی ئاو**

یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەفیڕۆدانێکی زۆرە لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوی خاوێن و بەفیڕۆدانی بەڕاستی مەترسیدارە و زیانێکی گەورە بە داهاتی ئاو دەگەیەنێت، بۆنمونە لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا بڕێکی زۆر لە ئاو بەفیڕۆدەدرێت، ڕێژەی بەفیڕۆچوونی ئاو لەم کەرتەدا بە زیاتر لە (٥٠٪) خەمڵێنراوە، چونکە تا ئێستا تەکنەلۆژیا وەک پێویست تێکەڵ بە سێکتەری کشتوکاڵ نەکراوە و شێوازی کشتوکاڵکردن و ئاودێری بە سیستەمی کۆنە، کە دەبێتە هۆیبەفیڕۆدانی ڕێژەیەکی زۆر لە ئاو، هەروەها ڕێنمایی کشتوکاڵی بۆ ئەم بوارە نەیتوانیوە ببێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو لەم کەرتەدا[1]، خراپ بەکارهێنانی ئاو و پەیڕەونەکردنی ڕێگای زانستی نوێ لە ئاودێریدا دەبێتەهۆی بەفیڕۆدانی زیاتر لە (٧٠٪) لە ئاوی بەکارهاتوو[2]، لەم بارەیەوە (موئەید ئەحمەد) بەڕێوەبەری ئاودێری گەرمیان دەڵێت "لەکاتێکدا بۆ هەر (١٠٠) دۆنمێک زەوی (١ ئینج) ئاو بەسە، بەڵام لە گەرمیان (٧ ئینج) ئاو بۆ

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٦.

٢- عەبدول موتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٧.

هەر (١٠٠) دۆنمێک دابینکراوە"[١]، لەبەرئەوە بەشی گەورەی بەفیڕۆدانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەر کەرتی کشتوکاڵ دەکەوێت بەهۆی کۆنی و لاوازی سیستەمی ئاودێری پەیڕەوکراو.

به هەمان شێوە (کاروان حمە سالْح) ئاماژە بەوە دەدات کە بەفیڕۆدانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بووەتە کلتور، به جۆرێک کۆمەڵگای کوردی فێری زیاد بەکارهێنانی ئاو بووە لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆنمونە جوتیار لە کوردستان پێیوایە کە ئەگەر ئاوی زیاتر بەکاربێنێت بۆ بەروبومەکانی ئەوا بەرهەمی باشتری دەبێت، لەکاتێکدا بەو شێوەیە نییە.[٢]

لەلایەکی دیکەوە جگە لە کەرتی کشتوکاڵ ڕێژەیەکی زۆر ئاو لە بواری بەکارهێنانی ناوماڵدا بەفیڕۆدەدرێت، لەم بارەیەوە (سەلام عبدالقادر) مامۆستای زانکۆ و توێژەر لە بواری ئاو ئاماژە بەوەدەدات ئەو ئاوەی دەدرێت بەماڵان لەکاتی گەیشتنی بە ماڵان بەشێکی زۆری بەفیڕۆدەچێت، ئەوەش بەهۆکاری نەبوونی هۆشیاری پێویست دەربارەی گرنگی ئاو لەلایەک، لەلایەکی دیکە بەهۆی دانەنانی نرخی گونجاو لەسەر بەکارهێنانی ئاو، کە وایکردووە هاوڵاتیان وەک سامانێکی بێبەرامبەر مامەڵەی لەگەڵ بکەن و گرنگی بە پاراستن و باش بەکارهێنانی نەدەن.[٣]

هەر لەم بارەیەوە (فریدون منصور جاف) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (زێری سەوز) باس لەوەدەکات کە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو ئاوەی کە دەدرێت بە هاوڵاتیان بۆ خواردنەوە دەبێتە ئاوەڕۆ و بەخەساردەچێت، چونکە تائێستاش هاوڵاتیان بەو ئاوەی کە بۆ خواردنەوە دابیندەکرێت، سەیارەی پێدەشۆن، باخچەی پێئاودەدەن، شۆستەکانی بەردەرگای پێدەشۆن و چەندین شێوازی دیکە لە بەفیڕۆدان، کە لە ڕاستیدا هەڵەیەکی کوشندەیە بەو ئاوەی کە بۆ خواردنەوە دابیندەکرێت بۆ ئەو بوارانەی دیکە بەکاربهێنرێت، لەکاتێکدا هەندێک لە هاوڵاتیان ئاوی پێویستیان نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان[٤]؛ تەنانەت لە ئێستادا لە شاری سلێمانی ئاوی ژێرزەوی بەکاردەهێنرێت بۆ ئاودانی باخچەکان و سەوزاییەکان[٥]، کە لەڕاستیدا ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و نابێت بە هیچ شێوەیەک بۆ ئاودانی باخچەکان و شوێنە سەوزاییەکان ئاوی خواردنەوە بەکاربهێنرێت و لە هەمانکاتدا نیشانەی ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان نرخی ئاو نازانرێت و وەکو سامانێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

---

١- فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، ڕۆژانە لە کەلار ٩٠ لیتر ئاو بۆ هەر تاکێک بەفیڕۆ دەچێت، ٢٠٢٢/٨/١٣، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٨/١٤. https://www.facebook.com/.١٠٠٠٦٣٨٦٣٧٠٣٨١٤/

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە سالْح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- دیدار لەگەڵ بەڕێزسەلام عبدالقادر عبدالرحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە سالْح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٥- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، لە کتێبی زێری سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٧.

سەرباری ئەو بەفیڕۆچوونە لە ئێستادا بەهۆی شکان و کونبوونی بۆریەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ شار و شارۆچکەکان بەهۆی کۆنبوونیان و نوژەند نەکردنەوەیان ڕێژەیەکی زۆر لە ئاو بەفیڕۆدەچێت، ئەمە جگە لەو دەستدرێژیانەی کە دەکرێتە سەر ئەو بۆریانە، لەم بارەیەوە (کاروان حمە سالْح) ئەوەی خستەڕوو(٣٠٪) ئەو ئاوەی دابەشدەکرێت بەسەر ماڵاندا بزر دەبێت، جا لە ڕێگەی لیکی پڕۆژەکانی گواستنەوەوە بێت یان لە ڕێگەی ئەو زێدەڕۆییانەوە بێت کە دەکرێتە سەر ئەو بۆریانەی کە ئاو دەگوازنەوە بۆ شارو شارۆچکەکان[1]، بە هەمان شێوە (سامان ڕەحیم) بەڕێوەبەری ئاوی کەلار جەخت لەو بەفیڕۆچوونە زۆرەی ئاو دەکاتەوە لە تۆڕەکانی گەیاندنی ئاو بە ماڵان و دەڵێت "ڕۆژانە (٩٠ لیتر) ئاو بۆ هەر کەسێک بەفیڕۆدەچێت، هۆکاری ئەو بەفیڕۆدانەشی گەڕاندەوە بۆ کۆنی و خراپی و هەروەها نوژەند نەکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو"[2].

بەپێی خەمڵاندنەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانیش (٥٠-٦٠٪) ئاوی دابەشکراو بەسەر شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا بەفیڕۆدەچێت[(٣)]، بەوەش زیانێکی زۆر بە داهاتی ئاو دەگات لە هەرێمی کوردستان و دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی بڕی ئاوی هەبوو لە هەرێمی کوردستان

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین؛ بەرپرسیارێتی ئەم بەفیڕۆدانە دەکەوێتە ئەستۆی هاوڵاتیان و حکومەتەوە، چونکە لەلایەک هاوڵاتیان هۆشیاری پێویستیان نییە سەبارەت بە گرنگی ئاو و پاراستن و باش بەکارهێنانی، لەلایەکی دیکەوە حکومەت نرخی پێویسی دیارینەکردووە لەسەر بەکارهێنانی ئاو لە سەرجەم سێکتەرەکاندا بەهۆی دانەنانی پێوانەی گونجاو بۆ پێوانەکردنی بڕی ئاوی بەکارهێنراو تا لە ڕێگەیەوە بتوانرێت نرخی گونجاوی لەسەر دابندرێت، ئەمە سەرباری نۆژەند نەکردنەوەی تۆڕەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بۆیە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت بەڕاستی مەترسیدارە و کارەساتی ژینگەییە سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوی خاوێن ئەو بەفیڕۆدانەی لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا دەبینرێت، بێگومان ئەم بەفیڕۆدانە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ئاو، کەمبوونی ئاویش واتای ئەوەیە کە ناتوانرێت پێداویستییە ئاوییەکان پڕبکرێتەوە، ئەوەش واتای نەبوونی ئاسایشی ئاو و دروستبوونی هەڕەشە و مەترسی لەسەر کۆی ئەو سێکتەرانەی کە پشت بە ئاو دەبەستن لە ناوماڵ، کشتوکاڵ، پیشەسازی ...وهتد.

**چوارەم/ پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو**

یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو لە ڕێگەی پاشماوە و پاشەڕۆی (شارستانی، پیشەسازی و کشتوکاڵی) یەکان، لە

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە سالْح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، ڕۆژانە لە کەلار ٩٠ لیتر ئاو بۆ هەر تاکێک بەفیڕۆ دەچێت، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- وەرگیراوە لە: د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٦-١١٧.

هەرێمی کوردستان زبڵ و خاشاک فڕێدەدرێتە سەرزەوی و دەبێتەهۆی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، پاشەڕۆی ماڵان و پیشەسازی و کشتوکاڵی تێکەڵ بە ئاوی ڕووبارەکان دەکرێت، بە چەندین شێواز سەرچاوەکانی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان پیسدەکرێت[١]، بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ ڕێگەچارەیەکی زانستی هەموو سەرچاوەکانی ئاو لەژێر مەترسی پیسبووندان.

لەکاتێکدا لە بەشێکی زۆری وڵاتاندا سیستەمی چارەسەری ئاوی پاشەڕۆ پەیڕەودەکرێت، کە لە بەشی دواتردا ڕوونیدەکەینەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەتوانراوە ئاوەڕۆی شار و شارۆچکەکان چارەسەربکرێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەڕژێنە ناو ڕووبار و دەریاچەکان، ئەوەش بووەتەهۆی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، دەریاچەی دەربەندیخان لەم ڕووەوە نمونەیەکە، بە شێوەیەکی مەترسیدار ئاوەکەی پیسبووە بەهۆی ڕووباری تانجەرۆ کە دەڕژێتە ناوی، چونکە ڕووباری تانجەرۆ ئاوەڕۆی شاری سلێمانی و بەشێک لە ئاوەڕۆی ناوچەکانی دیکەشی تێدەڕژێت[٢]، ئەمە جگە لەو پاشەڕۆ پیشەسازییانەی کە لە نزیک ڕووبارەکەن و ڕاستەوخۆ پاشەڕۆکان دەکەنە ناو ئەو ڕووبارەوە بەبێ هیچ فلتەرێک، هەربۆیە ڕووبارەکە بە تەواوی پیسبووە و تەنانەت ئاوی ژێرزەوی ناوچەکانی تەنیشت ئاوی ڕووبارەکەشی پیسکردووە[٣]، بە جۆرێک هەندێک لە جوتیاران لە دەورووبەری ڕووباری تانجەرۆ کە بیر بەکاردێنن بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دەڵێن، کە بیرەکانیان پڕکردۆتەوە بەهۆی زۆری پیسبوونی ئاوەکە و نەشیاوی بۆ بەکارهێنان.[٤]

هەر لەم بارەیەوە توێژینەوەیەک کە لەسەر ژینگەی ناوچەی تانجەرۆ ئەنجامدراوە سەبارەت بە کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک، ئەوەی سەلماندووە کە ئاوی بەکارهاتووی پیشەسازییەکان دەچێتە ناو ڕووبارەکە و سەرچاوەیەکی بەهێزی پیسبوونی ڕووباری تانجەرۆ و ژینگەکەیەتی[٥]، بەهۆی ئەوەی ڕووبارەکە دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخان بەوهۆیەوە بووەتە هۆی پیسکردنی دەریاچەکە و وایکردووە نەتوانرێت ئاوی دەریاچەکەش بێ پاککردنەوە بەکاربهێنرێت، هەروەها بووەتە مەترسی بۆسەر ژیانی ئەو زیندەوەرانەش کە لەناو ئاوی دەریاچەکەدا دەژین، لەم بارەیەوە (شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل)* ئاماژە بەوەدەکات لە سەردانێکیاندا بۆ دەریاچەی دەربەندیخان تێبینی ئەوەیانکردووە کە بە هەزاران ماسی تێدا مردوون، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٧-١٢٨.

٣ - Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, OPcit, p١٨٩.

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدلارحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٥- د. ڕێزان عومەر ڕەشید و لەلا ئیبراهیم فەقێ ساڵح، کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک لەسەر ژینگەی ناوچەیەی تانجەرۆ (لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق)، چ١. لە زنجیرە چاپکراوەکانی ئەنیستیوتی نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەو، سلێمانی ٢٠١٤، ل٥.

*- ئەندازیاری ئاو و فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری سلێمانی.

ئاوەڕۆیانەی کە ڕاستەوخۆ دەڕژێنە ناو دەریاچەکەوە[1]، بە هەمان شێوە (ڕەحمان خانی) بەڕیوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "جگە لە پاشەڕۆی پیشەسازی و ماڵان و کشتوکاڵی لە هەندێك شوێن پاشەڕۆی تەندروستیش کە یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆری پاشەڕۆکان، بێئەوەی هیچ چارەسەرێکی زانستیانەیان بۆ کرابێت دەڕژێتە ناو ڕووبار و دەریاچەکان".[2]

هەربۆیە لە ئێستادا کەڵێنێکی دیکەی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان پرسی جۆری ئاوی خواردنەوە و نەخۆشییە گوازراوەکانە بەهۆی ئەو پیسبوونە زۆرەی سەرچاوەکانی ئاوەوە، وەک لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) ساڵی (٢٠١٢)دا، تێیدا ئاماژە بەوەدەدات کە (٨٥٪) لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئاوی خاوێن بەکاردێنن، هەروەها ئاماژە بە خراپی لە جۆری دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاو دەکات وەکو گونجاوی بۆ بەکارهێنان، هەروەها باس لە نەبوونی سیستەمی پلاندانان و بەڕێوەبردن بۆ ڕێکخستنی دەرهێنانی ئاو دەکات، کە هۆکارە لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و کاریگەرییە دوورمەوداکانی بۆ سەر ژینگە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، کە چەند جارێک لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ و٢٠١٢) دووبارە بووەتەوە بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی[3]، ئەمساڵیش (٢٠٢٢) کۆلێرا لە سلێمانی بڵاو بوویەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک هاوڵاتی بوونە قوربانی، دەرەنجامی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا.

لەڕاستیدا؛ گرفتی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا مەترسییەکەی زیاتر دەبێت، ئەوەش بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبار و دەریاچەکانی هەرێمی کوردستان وەک لە توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، لەبەرئەوە چاوەڕێدەکرێت ڕێژەی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو زیاتربێت، چونکە ڕووبارەکان توانای خۆخاوێن کردنەوەیان لەدەستدەدەن، بەوپێیەی پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان تێکڕای ڕێکردنی ئاو و بڕی خوێی تواوە و ماددەکانی دیکە، بۆنمونە لە ساڵی (١٩٩٠) تێکڕای ڕێکردنی ئاوی ڕووباری دیجلە لە ویستگەی موسڵ (٦٢٩م$^3$/چرکە) ڕێژەی خوێی تواوە لە ئاوەکەدا (٢٩٣ بەش/ملیۆن)، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٠٠) بەرزبووەتەوە بۆ (٣٣٥ بەش/ملیۆن) کاتێک تێکڕای ڕێکردنی ئاو لە هەمان ویستگە دابەزیوە بۆ (٥٨٠ م $^3$/چرکە).[4]

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت؛ کە بەردەوام سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە چەندین شێواز پیسدەکرێن، ئەوەش کاریگەری لەسەر جۆرێتی ئاو هەبووە و وایکردووە بەشێک لە سەرچاوەکانی ئاو نەتوانرێت بێ پاککردنەوە بەکاربهێنرێت، پیسبوونی ئاو کاریگەری نەرێنی

---

١- شیخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٧-١٢٨.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- وەرگیراوە لە: ڕزگار خصر طە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦١.

٤- ڕزگار خضر طە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٢-١٤٣.

لەسەر تەندروستی بەکارهێنەرانی هەبووە و دەبێت و دەتوانێت ئاسایشی تەندروستی بخاتە مەترسییەوە؛ لە ئێستاشدا بە هۆی وشکەساڵی و کەمبوونەوەی ڕێژەی دابارین و ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە هەریەکە لە ئێران و تورکیا لەسەر ئاوە هاوبەشەکانی نێوان هەرێم و هەریەک لەو وڵاتانە پەیڕەویدەکەن کە لە باسی دواتردا تیشکی دەخەینەسەر، بڕی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە کەمبوونەوەی بەردەوامدایە، ئەوەش مەترسی پیسبوون زیاتر دەکات، چونکە بە کەمبوونی ئاو چڕی ئەو مادە پیسکەرانە زیاد دەکات، لە هەمان کاتدا ئاوەکە توانای خۆخاوێن کردنەوەی نامێنێت، بەوەش جگە لەوەی دەستنادات کە ڕاستەوخۆ بەکاربێت بۆ خواردنەوە، مەترسی ئەوەشی لەسەر دروستدەبێت کە نەتوانرێت بۆ بواری کشتوکاڵ و ئاودێریش سودی لێببینرێت.

**پێنجەم/ خراپ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان**

پشتبەست بەو زانیاریانەی لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا خستمانەڕوو، سەبارەت بە ڕێژەی دابارین و ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستان کێشەی بڕی ئاو نییە، بە جۆرێك هەر لە ئاوی سەر زەوی هەرتاکێک زیاتر لە (٢٠٠٠ م٣) ئاوی بەردەکەوێت، کەواتە ئەوەی هەیە کێشەی باش بەڕێوەنەبردنی ئاوە، لەم بارەیەوە (هەڵەت ڕەشید) پسپۆڕی جوگرافیایی سروشتی دەڵێت "نەتوانراوە بە باشی دەرامەتی ئاو بەڕێوەببرێت لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە هیچ پرۆژەیەکی گەورەی ئاودێری دروستنەکراوە لەسەر ئەو ڕووبارانەی کە دەکەونە هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا دەتوانرێت بەهۆیانەوە وڵاتێکی گەورەیان پێبەڕێوەببرێت، چونکە بارودۆخی سروشتی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ بەڕێوەبردنی ئاو، بەتایبەت دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو لە ناوچە ئاوییەکانەوە بۆ ناوچە وشکەکان، بەوپێیەی ناوچەکانی باکوری هەرێم ناوچەی بەرزن و بەئاسانی دەتوانرێت پرۆژەی ئاودێریان تێدا دروستبکرێت و بۆ کشتوکاڵ و ئاوی خواردنەوە و پێداویستییەکانی دیکە سودی لێببینرێت".[1]،

بۆنمونە دەشتی هەولێر کە یەکێکە لە دەشتە بەپیتەکان پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستێت بۆ کشتوکاڵ، بە سەیرکردنی داتای ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو و دێمی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زیاتر لە (٨٠٪) ڕووبەری کشتوکاڵی لە هەرێم دێمە[2]، لەکاتێکدا دەتوانرا بەو دەرامەتە ئاوەی کە هەیە کەرتی کشتوکاڵی پێ ببوژێنرێتەوە و هەرێمی کوردستان بکرایە بە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق و تەنانەت وڵاتانی کەنداو[3]، لەو ڕێگەیەشەوە هەرێمی کوردستان دەیتوانی خۆی لە شوێنکەوتەی ئابووری

---

١- وەرگیراوە لە: عەدنان ئەحمەد، پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانونی دووەمی ٢٠٢٢، ل١٢٥-١٢٦.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە بواری دەرامەتە ئاوییەکان، ٢٠٢٢/٧/٢١.

٣- عەدنان ئەحمەد، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٢٥-١٢٦.

بپاراستایە و پشتی بە خۆی ببەستایە لە ڕووی خۆراکەوە، کە بێگومان ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری هەرێم دەبوو.

ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستان بەرەو لەناوچوون دەچێت، تا ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە جڵەوی ئاوی ڕووبارەکانی بکات و بە باشی بەکاریبێنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ئاوییەکانی دانیشتوانی هەرێم، بۆنمونە زێی گەورە کە بڕبڕەی پشتی ئاوی هەرێمی کوردستانە، بە تەنیا خۆی نزیکەی نیوەی ئاوی ڕێژگەکانی ڕووباری دیجلە لە هەرێمی کوردستان پێکدێنێت، بەڵام نەتوانراوە هیچ پرۆژەیەکی ئاوی گەورەی لەسەر دروستبکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئاوەکەی کە دەڕژێتە هەرێمی کوردستان تا لە هەرێم دەردەچێت ئاوەکەی بەرەبەرە زیاد دەکات نەک کەم بکات[1]، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە نەتوانراوە سود لە ئاوەکەی ببینرێت و بەکاربێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان لە خواردنەوە، کشتوکاڵ و وزە...وهتد.

پارێزگای هەولێر دەکەوێتە نێوان دوو ڕووبار، کە زێی گەورە و زێی بچوکە، بەڵام تائێستا بە ڕێژەی (٦٥٪) پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستێت و تەنیا بە ڕێژەی (٣٥٪) پشت بە ئاوی سەرزەوی دەبەستێت[2]، ئەوەش مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەو ڕێژە زۆرە و دەرخەری ئەو ڕاستییەشە کە نەتوانراوە سود لە ئاوی سەرزەوی ببینرێت تەنانەت لە پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان کە پێداویستی ناوماڵ و خواردنەوەیە، بەڵکو ئاوی ڕووبارەکان بەفیڕۆدەدرێن و پیسدەکرێن بە هەموو جۆرەکانی پاشماوە و پاشەڕۆکان، لەبەرامبەردا حکومەت تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە ئاوی ژێر زەوی بەستووە، بێگومان ئەمە لە ڕووی زانستییەوە هەڵەیەکی کوشندەیە، بەتایبەتی بۆ ناوچەیەکی وەکو هەرێمی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی گشتی، کە هەڕەشەی جەنگ و قەیرانی ئاوی لەسەرە.

لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی نەتوانراوە جڵەوی ئاوی ڕووبار و چەم و ئاوی بارانبارینی زۆر و بەلێزمە بکرێت، مەترسییەکانی ڕوودانی لافاو و زیانە گیانی و مادیەکانی تا ئەمڕۆ لە زۆر شوێنی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە[3]، بۆنمونە ڕوودانی لافاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێم، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، ئەوەش دەرەنجامی نەبوونی سیاسەتێکی باش بۆ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو، بەوپێیەی ڕێژەیەکی باش لە دەرامەتی ئاوی سەر زەوی و دابارین هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست سودی لێ ببینرێت و بخرێتە خزمەت کەرتە جۆراوجۆرەکان بۆ پێشخستن

---

١- د. ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی، پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٢- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی کەناڵی Kurdistan ٢٤، ١٧/ حوزەیران ٢٠٢٢، لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/kurdistan٢٤.official/videos/. بەرواری سەردان ٢٧/تەموز ٢٠٢٢
٣- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥٤.

و پەرەپێدانی سێکتەری کشتوکاڵ، پیشەسازی و وزە، گەشتوگوزار..وهتد، کە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەی هەرێمی کوردستاندا، کەواتە دەتوانین بڵێین؛ کێشەی ئاو لە هەرێمی کوردستان ڕەهەندی سروشتی نییە، بەڵکو کێشەی نەبوونی بەڕێوەبردنێکی زانستی و خراپ بەڕێوەبردنی هەیە.

**شەشەم/ نەبوونی ژێرخانی بنەڕەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان**

لە هەرێمی کوردستان پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی ئاوی نییە، لە بواری بەنداو و ئاودێری و گەشتوگوزاری و بەرهەمهێنانی وزە ...وهتد، واتا ژێرخانی بنەڕەتی ئاوی نییە، بەشێک لە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی فەرمانڕەوایی دوورودرێژی نییە و هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بە چەندین گرفتی سیاسی و دارایی و کارگێڕیدا تێپەڕییوە، هەروەها نا سەقامگیریی سیاسی و دارایی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هۆکاربووە بۆ نەبوونی پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی ئاوی لە هەرێمی کوردستان، چونکە پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی ئاوی پێویستی بە سەقامگیری و بودجەی گەورە و کات و توانای زانستی ...وهتد، هەیە[١]، تەنانەت ئەو پڕۆژە ئاویانەشی کە پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون لەسەر ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی لە هەرێمی کوردستاندا، زیاتر خزمەت بە ناوەڕاست و باشوری عێراق دەکەن، کە دواتر ڕوونیدەکەینەوە.

هەروەها تا ئیستا لە هەرێمی کوردستان داتای پێویست نییە سەبارەت بە بڕی دابارین، ئاوی نوێبووەوەی سەرزەوی و ژێرزەوی، نازانرێت کە چەندە ئاو بە ڕووبارەکانی هەرێم تێدەپەڕێت لە وەرزەکان، مانگەکان، ساڵەکان[٢]، تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان داتای پێویست لەسەر پێداویستی ئاوی نییە، بۆ سەرجەم سێکتەرەکان (کشتوکاڵ، پیشەسازی، ناوماڵ...هتد)[٣]، لەکاتێکدا یەکێك لە بنەماکانی ژێرخانی بنەڕەتی هەبوونی داتای پێویستە سەبارەت بە دەرامەتی ئاو و پێداویستییە ئاوییەکان چی بۆ ئێستاو چی بۆ داهاتوو، چونکە هەبوونی داتا مەرجی لە پێشینەی دانانی هەر ستراتیژ و پلانێکە بۆ هەر بوارێک و بە بنچینەی کارکردن دادەنرێت، بە هەمان شێوە لە دیدگای (٢٠٢٠) وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە کراوەتەوە و تێیدا هاتووە؛ سەرباری هەبوونی دەرامەتێکی باشی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و دابارین، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئامار و توێژینەوەی ورد لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسییەکی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو دەبێتەوە.[٤]

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- هەرێمی کوردستانی عێراق دیدگای ٢٠٢٠، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، ئەیلولی ٢٠١٣، ل٢١.

لەم بارەیەوە (بێوار خەنسی) ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شارەزای بواری ئاو دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان کێشەی بڕی ئاو نییە، بەڵکو کێشەی بەڕێوەبردنی ئاو هەیە، کێشەی دابەشبوونی جوگرافیا هەیە و کێشەی تەکنەلۆژیا هەیە، کە بتوانرێت ئاوی ئەو ڕووبارانە بگوازرێتەوە بۆ شارەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان، بەڕێوەبردنی ئاو بەو شێوازە نەریتییەی (تقلیدی) ئێستا زۆر کێشە بۆ حکومەتی هەرێم دروستدەکات، ئەو ئاوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە قەبارەکەی زۆر گەورەیە، بەڵام نەتوانراوە بخرێتە خزمەتی هاوڵاتیان، بە هۆکاری نەبوونی تەکنەلۆژیا، لاوازی بەڕێوەبردن، کێشەی بەرزی و نزمی و جوگرافی، لەکاتێکدا هەولێر لە نێوان دوو ڕووباردایە کە زێی گەورە و زێی بچوکە، بەڵام لە ڕووی جوگرافییەوە هەندێک ناوچە نزیکی (١٠٠ م) جیاوازی هەیە و لە بەرزاییدایە، لە هەرێمی کوردستان ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە نییە بتوانرێت ئاوی ئەو ڕووبارانە بۆ ئەو بەرزاییە دابینبکرێت، چونکە ئەوە پێویستی بە بودجە و تەکنەلۆژیا هەیە، بەڵام بارودۆخی دارایی هەرێم لە ئێستادا لەوەدانییە بتوانێت ئەو پڕۆژانە جێبەجێبکات".[١]

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو ئەوەیە، کە لە هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی بنەڕەتی ئاو نییە وەکو پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی، داتا و زانیاری، تەکنەلۆژیایی پێویست و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری، کە پێویستن بۆئەوەی بتوانرێت پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی ئاو دروستبکرێت، بۆئەوەی بە باشی بتوانرێت سود لە دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان ببینرێت و بخرێتە خزمەتی دانیشتوان و بکرێتە سەرچاوەی بوژانەوەی سەرجەم کەرتەکان و بەهۆیەوە پێداویستیە ئاوییەکانی هاوڵاتیان لە ناوماڵ و کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە..وهتد، پێ دابینبکرێت، بکرێتە بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

**شەشەم/ نەبوونی ناوەندی بڕیار**

بەشێک لەو شێوازە بەڕێوەبردنەی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ناوەندی بڕیار لە پرسی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان، واتا تا ئێستا بڕیارێکی ناوەندی نییە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان گرنگییەکی زۆر بە ئاو دەدرێت و وەزارەتی تایبەتمەند بە ئاو دەکرێتەوە، تەنانەت لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق زیاتر گرنگی بە پرسی ئاو و بەڕێوەبردنی دەدرێت، حکومەتی ناوەند وەزارەتێکی تایبەتمەندی هەیە بۆ دەرامەتە ئاوییەکان بە ناوی (وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق)[٢]، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنی ئاو دابەشبووە بەسەر چەندین وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی جیاوازدا و نازانرێت کێ بەرپرسە لە ئاو، هەرچەند بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە ئاوییەکان هەیە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو،

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- شێخ نەجمەدین سدیق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٠٤

بەڵام بەڕێوەبردنی هەموو دەرامەتی ئاو لەژێر دەسەڵاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا نییە، بۆنمونە وەزارەتی شارەوانی ئاو بەکاردێنێت پرس بەو ناکات، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەربەخۆ ئاو بەکاردێنێت، وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئاو بەکاردێنێت پرس بەو بەڕێوەبەرایەتییە ناکات، تەنانەت خەڵکی ئاسایی بیر لێدەدات و پرس بە کەس ناکات، ئەمە جۆرێکە لە بێ سەروبەرەیی، لەکاتێکدا ناوەندی بریار زۆر پێویستە بۆ پرسی ئاو[1]، لەم بارەیەوە (سەربەست عوسمان) بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی جەخت لەسەر ئەو پەرتەوازەییە دەکاتەوە و دەڵێت هەریەکە لەو وەزارەت و دەزگایانە چمکێکی ئاوی گرتووە و لای خۆیەوە بەکاریدێنێت، بێ گەڕانەوە بۆ ناوەندێکی بڕیار[2]؛ واتا پەرتەوازەیی و نا ناوەندی لە بواری بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکاندا یەکێیە لە سیما دیارەکانی بەڕێوەبردنی ئاو، بە جۆرێک کە تائێستاش بەردەوامی هەیە، و بە گرفتێکی گەورەی ئاسایشی ئاو لە هەرێم دادەنرێت.

**حەوتەم/ نەبوونی سەروەری**

سەروەری واتا پراکتیزەکردنی مافەکانی وڵات و بوونی هێزێکی تۆکمە لە دەسەڵاتدا، کە توانای فەرمانڕەواییکردنی هەبێت بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی، چەمکی سەروەری ناونیشانی وڵاتی مۆدێرنە (الدولة الحديثة) یە لە ئێستادا، بوونی سەروەری واتا هەبوونی دەسەڵات بەسەر سەرچاوە سروشتی و ئابوورییەکان ...وهتد، لە هەر وڵاتێکدا کە بە ژێرخانی ستراتیژی و هەمیشەیی و داهاتووی وڵات دادەنرێت و مافی هەموو نەوەکانی ئێستا و داهاتووشی بەسەرەوەیە؛ سەروەری پەیوەستە بە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراکەوە، نەبوونی سەروەری واتا نەبوونی توانای پارێزگاریکردن لە ئاسایشی ئاو، کە لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت.[3]

دەکرێت بوترێت؛ نەبوونی سەروەری گەورەترین ئاڵنگارییە بۆ ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، ئاشکرایە پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە ساڵی (١٩٩٢)، هەرێمی کوردستان هیچ مافێکی نەبووە لە بریاردان لەسەر بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بۆنمونە حکومەتی عێراق بەنداوی دووکان و دەربەندیخانی دروستکردووە و پرسێکی بە کورد نەکردووە[4]، تەنانەت ئەو پرۆژە ئاویانەشی کە پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دروستکراون بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت سودیان بۆ هەرێمی کوردستان نەبووە، (شاکر

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- راپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی ڕووداو، کێشەی کەمئاوی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢/٦/١٢، بەردەستە لەم لینکە-

https://www.facebook.com/.Rudaw.net/videos/.٧٠٠١٤٣٩٨٤٣٩٨١٩٦/ بەرواری سەردادان ٢٠٢٢/٦/٢٥.

٣- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەرییەکان)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩٠-٩٣.

٤- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

خصباک) کە پرۆفیسۆرێکی عەرەب بووە، لە ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەم بارەیەوە دەڵێت "ئەو پرۆژە ئاویانەی کە حکومەتی عێراق لە باکوری عێراق "واتا لە هەرێمی کوردستان" ئەنجامیداون یان پێشنیاریکردووە دروستبکرێن لەسەر ڕووبارەکانی ناوچەکە، بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت سودیان بۆ هەرێمی کوردستان نەبووە، بەڵکو سودەکەی زیاتر بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق بووە"[1]، هەر لەم بارەیەوە (ئازاد نەقشبەندی) دەڵێت؛ ئەو پرۆژانە نەک هەر زیاتر سودیان بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق هەبووە، بەڵکو بوونەتە هۆی لەدەستدانی هەزاران دۆنم لە خاکی بەپیتی دەشتەکانی (ڕانیە و شارەزور)[2]، بۆنمونە بەنداوی دەربەندیخان ئاوی سیروان و زەڵم و تانجەرۆ کۆدەکاتەوە و دەشتی شارەزووری بە پیت و بەرەکەتی کردووە بە دەریاچە، ئاوەکەش بۆ ناوەڕاست و باشورە، بە هەمان شێوە ئاوی زێی بچوک لە بەنداوی دووکان گلدراوەتەوە و دەشتی ڕانییە و پشدەر کە بە پیت و بەرەکەتن بۆ کشتوکاڵ بە ئاو داپۆشراوە و کراوە بە دەریاچە و ئاوەکەشی دیسان بۆ ناوەڕاست و باشوری عیراقە، لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان تاوەکو نەبێتە دەوڵەت و سەروەری بەسەر سامانە سروشتییەکانی خاکەکەیدا نەبێت، کەسانی دیکە لە جێی بڕیار لەسەر ئاو و نەوت...وهتد، دەدات.

به بەڵگەی ئەوەی داهاتی ئاوی ئەم بەنداوانە بە شێوەیەکی سەرەکی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لێی سودمەند دەبن، زۆرینەی پرۆژە ئاودێرییەکانیش کە لەسەری ئەنجامدراون هەر دەکەونە ئەو ناوچانە، بۆنمونە بەنداوی دووکان مەبەستی سەرەکی دابینکردنی ئاوە بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکانی حەویجە، بەنداوی دەربەندیخان مەبەستی سەرەکی دابینکردنی ئاوە بۆ پرۆژە ئاودێرییەکانی دیالە[3]؛ واتا پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دانیشتوانی هەرێم هیچ جۆرە ڕۆڵێکیان نەبووە لە داڕشتنی سیاسەتی ئاوی هەرێمەکە و بڕیاردان لەسەری، دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری دژواردا گوزەری کردووە و هیچ ساسەتێکی ئاوی نەبووە[4]، تا ساڵی (٢٠٠٥) و پەسەندکردنی دەستوری نوێی عێراق لەو ساڵەدا، کە تا ڕادەیەک دەرفەت ڕەخسا بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بەشداربێت لە داڕشتنی سیاسەتی ئاوی لەو سەرچاوانەی کە لە ناوخۆی هەرێمەکەدایە، وەک لە برگەی حەوتەم، ماددەی (١١٤) دەستورەکەدا هاتووە: "ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی سامانە ئاوییە ناوخۆییەکان و ڕێکخستنیان بە جۆرێک کە دادپەروەریی بهێنێتەدی" لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکانە[5]، واتا ئەو ئاوەی کە لە هەرێمی کوردستاندایە، ئەوە دەسالاتێکی هاوبەشە لە نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵدا، کەواتە ئێستا هەرێم بوارێکی بۆ ڕەخساوە بۆئەوەی بڕیار بدات لەسەر ئەو ئاوەی کە

١- د. شاکر خصباک، مصدر سبق ذکره، ص١٠٨.

٢- د. ئازاد نەقشباندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٧-٧٨.

٣- د. یونس علی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢.

٤- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٥- دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی (١١٤)، برگەی (٧).

هەیەتی لەگەڵ حکومەتی ناوەند و بەرژامەندی ناوەند، بۆنمونە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ ناتوانێت بەنداوێکی گەورەی ستراتیژی دروستبکات بەبێ ڕەزامەندی ناوەند کە کاریگەری لەسەر داهاتی ئاو بکات لە خوارو و ناوەراست، واتا دەبێت ڕەچاوی بەشە ئاوی ناوچەکانی دیکەی عێراق بکات لە کاتی ڕێکخستن و دارشتنی سیاسەتە ئاوییەکانیدا، بەوشێوەیەی کە لە هەمان برگە و ماددەی دەستورەکەدا ئاماژەی پێدراوە.

لەبەرئەوە تا ئەوکاتەی هەرێم بەشێک بێت لە عێراق دەبێت ڕەچاوی بەشە ئاوی عێراق بکات، بۆنمونە کاتێک لە حوزەیرانی (٢٠٢٢) بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی عێراق کە کەوتوونەتە خوار دەریاچەی دەربەندیخان پشت بە ئاوی سیروان دەبەستن ، دەریاچەی حەمرین کە یەکێکە لەو دەریاچانەی لە خوار دەریاچەی دەربەندیخانەوە دروستکراوە و پشت بە ئاوی سیروان دەبەستێت لەم ساڵدا (٢٠٢٢) ڕووبەڕووی کەمئاوییەکی زۆر بوویەوە، لەپێناو وشکنەبوونی دەریاچەی حەمرین وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق داوایکرد زیاتر ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان بەربدرێتەوە، لەکاتێکدا تەنیا (٥٠٠ ملیۆن م$^3$) ئاو لە دەریاچەی دەربەندیخاندا بوو بە وتەی بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، بەڵام لەپێناو وشکنەبوونی دەریاچەی حەمرین و ژیانی هاوڵاتیانی خواروی دەریاچەکە، ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان بەردرایەوە بە ڕێژەی (٦٠ هەزار م$^3$/ڕۆژانە)، لەکاتێکدا تەنیا (١٢هەزار م$^3$/ڕۆژانە) ئاو دەرژایە ناو بەنداوەکە.[١]

لەبەرئەوە ئەو ئاوەی لە هەرێم هەیە تەنیا بەشی هەرێم نییە، بەڵکو بەشی عێراقیشی پێوەیە و پێویستە ڕەچاوی پێداوستی ئاوی عێراقیشی تێدابکرێت، بێگومان ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە ئاڵنگارییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، چونکە جگە لەوەی کە بەردەوام داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە و خواست لەسەری زیاد دەکات، لە هەمان کاتدا ناوچەکانی خوارو و ناوەڕاستی عیراقیش بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو ڕووبارانە دەبەستن کە لە هەرێمی کوردستاندان.

چونکە ڕووباری فورات کە یەکێک بوو لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی ئاو لە عێراق، بەهۆی پرۆژەکانی تورکیا کە لەسەر ڕووبارەکە دروستیکردوون و توانای گەنجینەکردنی (٨٨,٥٣٢ ملیار م$^3$) ئاوی هەیە و بۆ پڕکردنی ئەم پرۆژەیە دەبێ بۆماوەی (٦) ساڵ ڕووبارەکە وشک بکرێت، بۆیە عێراق لەبەردەم مەترسی بە بیابانبووندایە[٢]، بەهۆی پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا و سوریاوە ڕووباری فورات مەترسی وشکبوونی تەواوەتی لەسەرە بە جۆرێک کە نەگاتە عێراق، لەوکاتەدا عێراق دەیەوێت بە ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان قەرەبووی

---

١- سامان ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، لێدوان بۆ کەناڵی تەلە فزیۆنی KNN، ٢٣/مایس/٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/Rudw.net/videos/١٢١١٥٣٦٣٢٤٠٦٦/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٥.

٢- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێ باکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٩.

ئەو کەمئاوییەی ڕووباری فورات بکات، وەکو ئەو کەناڵەی کە لای سامەڕاوە هەڵیکەندووە و ئاو لە ڕووباری دیجلەوە دەگوازێتەوە بۆ نزمایی سەرسار و لە سەرساریشەوە هەڵیکەندووە بۆ فورات، کەواتە بەو ڕێگەیە ئاوی ڕووباری دیجلە دەگوازێتەوە بۆ فورات، واتا پشت بە ئاوەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستێت، ئەمە سەرباری ئەوەی دانیشتوانی عێراق زۆر لە دانیشتوانی هەرێم زیاترە، ئەوەش مەترسییەکە زیاتر دەکات.[1]

لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بێئاوی و بەبیابانبوونەی ناوچەکانی خوارو و ناوەڕاستی عێراق ئەگەری هاتنی شەپۆلی کۆچ لەو ناوچانەوە بۆ هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات و مەترسی لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دروستدەکات، دوورنییە جارێکی دیکە مێژوو دووبارە ببێتەوە، وەک چۆن لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لەسەر چاڵە نەوتەکان کوردەکان هەڵکەندران و کۆچی زۆرەملێ بە کوردانی ئەو ناوچانە کرا[2]، بە هەمان شێوە بەهۆی سەرچاوە ئاوییەکانەوە هاوڵاتیانی هەرێم توشی هەمان مەترسی ببنەوە، چونکە هەمیشە ئاو وەک بەشێک لە ململانێی سیاسی ئەم ناوچەیە بەکارهاتووە، وەک ئامرازێکیش بۆ گۆڕینی دیموگرافیای بەشێکی ناوخۆی وڵاتان هەر لە زووەوە بەکارهێنراوە، بۆنمونە پرۆژەی ئاودێری حەویجە[3]، پرۆژەی ئاودێری کەرکوک ساڵی (١٩٥٧)، کە لادێکانی کەرکوک بێئاو دەکران و ئاوی زێی بچوکیش ڕەوانەی دەشتی دیالە وعوزێم و ناوچە عەرب نشینەکان دەکرا.[4]

سەبارەت بەو ئاوانەش کە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان، بەپێی بڕگەی هەشتەم لە ماددەی (١١٠) دەستوری عێراقدا "تێڕژانی ئاو بۆ ناو خاکی عێراق (کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لیی)، لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵە"[5]، واتا دانوستاندن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەپێناو پاراستن و تێڕژانی ئاو بۆ ناوعێراق و هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق، لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵە، بە هیچ شێوەیەک هەرێم ناتوانێت ڕاستەوخۆ دانوستاندن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سەبارەت بە بەشە ئاوی هەرێم لەو ڕووبارانە بکات، لەکاتێکدا نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە (تورکیا و ئێران) سەرچاوە دەگرێت، کە لە باسی دواتردا ڕوونیدەکەینەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ ئاسایشی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە بەردەم کۆمەڵێک ئاڵنگاریدایە، بەشێکیان سروشتین و پەیوەندی بە گۆڕانی کەشوهەواوە هەیە و بەشێکی دیکەیان مرۆیین و پەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئاو هەیە لە ناوخۆدا، کە بوونەتە مەترسی گەورە و ئاڵنگاری ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان؛ ئەمە جگە لەو

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٢- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێ باکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٩.
٣- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٤- خالد سلێمان، کۆلۆنیالیزمی ئاو، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٦-١٧.
٥- دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی (١١٠)، بڕگەی (٨).

سیاسەتە ئاوییەی کە هەریەک لە وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) پەیڕەویدەکەن لەسەر ڕووبارە هاوبەشاکانی نیوان هەرێم و هەریەک لەو وڵاتانە، کە لە باسی دواتردا بە ووردی تیشک دەخەینەسەری و ڕوونیدەکەینەوە.

## باسی دووەم : ئاڵنگارییە دەرەکییەکان (سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ)

ئاشکرایە ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی تاکە سەرچاوەی ئاوی سەر زەوییە، کە هەرێمی کوردستان سودی لێوەرگرتووە و دەتوانێت سودی لێوەربگرێت بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە و چالاکییە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی ئاوپێدانی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دابەشدەبێت بەسەر هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێراندا، کە دەتوانین بەشداری هەریەکەیان بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین، تورکیا بە ڕێژەی (٤٨,٤٥٪) و ئێران بە ڕێژەی (١١,٢٦٪) و هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٤٠,٢٨٪) بەشداری لە ئاوپێدانی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دەکەن.[1]

واتا نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و لە هەریەکە لە وڵاتی تورکیا و ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن و پاشان دەڕژێنە هەرێمی کوردستان وەک لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، لەبەرئەوە پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا و ئێران لەسەر ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی کاریگەریان هەبووە و دەبێت لەسەر بڕ و جۆری ئەو ئاوەی لەو ڕووبارانەوە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان، بۆیە بە پێویستی دەزانین لێرەدا سیاسەتی ئاوی هەریەکەیان و کاریگەریان لەسەر داهاتی ئاو و ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕوونبکەینەوە لە دوورتەوەردا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### تەوەری یەکەم/ سیاسەتی ئاوی وڵاتی تورکیا

تورکیا لە نێو دەوڵەتە سەرەکییەکانی بەشداربوو لە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە دادەنرێت، بە زۆرترین ڕێژە بەشداری لە داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دەکات، کە دەکاتە (٤٨,٤٥٪) و بە دەوڵەتی سەرچاوە دادەنرێت، چونکە خودی ڕوباری دیجلە بە تەواوی و بەشێک لە سەرچاوەی هەندێک لە ڕێژگەکانی خابور و زێی گەورەش لە بەشە ئاوزێڵی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن[2]، ئەوەش تایبەتمەندییەکی جوگرافی و ستراتیژی دەدات بە تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئاوی ڕووباری دیجلە و بێبەشکردنی وڵاتانی ڕێژگە، بەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەو ڕوانگەیەوە سیاسەتی ئاوی تورکیا بەرامبەر بە ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی کاریگەری گەورەی لەسەر داهاتی ئاوی ڕووبارەکە هەبووە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە بەهۆی ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە لەسەر ئەو ڕووبارانە پەیڕەویدەکات، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێش باسکردنی پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی کە لە خاکی تورکیادان و کاریگەریان لەسەر داهاتی ئاو و ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان هەیە، سیاسەتی ئاوی تورکیا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٤٨-١٤٩.

٢- د. ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩-١٥٠.

١- توركيا دان نانێت بەوەی کە ڕووباری دیجلە و فوڕات دوو (ڕووباری نێودەوڵەتی)* بن، بەڵکو پێیوایە دوو (ڕووباری سنوربڕن)(**)[١]، (ڕووباری نێودەوڵەتی) لای توركيا ئەو ڕووبارەیە، کە کەنارێکی دەکەوێتە چوارچێوەی وڵاتێکەوە و کەنارەکەی دیکەی دەکەوێتە ناو سنوری وڵاتێکی دیکەوە و هێڵی سنوریش بە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی ڕووبارەکەدا دەڕوات[٢]، هەروەها لێکدانەوەی توركيا بۆ (ڕووباری سنوربڕ) ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتێک سەروەری ڕەهای هەیە بەسەر ئەو بەشە ئاوەی کە دەکەوێتە خاکەکەیەوە[٣]، لەبەرئەوە پێیوایە ئەوە مافی خۆیەتی چۆنی بوێت مامەڵە بەو بڕە ئاوەوە بکات کە لە سنورەکانیەوە دەڕژێتە وڵاتانی دیکە، ئەم سیاسەتەی توركيا سەبارەت بەوەی کە دیجلە و فوڕات دوو ڕووباری سنوربڕن، لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی توركيادا دەبینرێت، وەک ئەوەی لە نوسراوی فەرمی سەفارەتی توركيا لە بەغداد بۆ حکومەتی عێراقی بە ژمارە (٩٦/١٧/٦٦٠٠) لە (٢/ کانونی دووەمی ١٩٩٦) کە ئاماژەی بە یاسای بەکارهێنانی ئاوە سنوربڕەکان کردووە[٤]. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

بە هەمان شێوە بۆ خۆدزینەوە لە پابەندبوونی بە نێودەوڵەتیبوونی ئەو ڕووبارانە، (سلیمان دیمریل) کاتێک سەرۆکی توركيا بوو، لە (١٢/ ئایاری ١٩٩٠) ڕایگەیاند " توركيا سەروەری بەسەر دەرامەتە ئاوییەکانیدا هەیە، چۆنی بوێت ئاوا ئەو ئاوەی لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت بەکاریدێنێت، هەروەها دەشڵێت کە بۆ وڵاتانی خوارووی ڕێڕەوی ئاوی (وڵاتانی ڕێژگە) نییە فێرمان بکەن چۆن سامانەکەمان بەکاربێنین، لەکاتێکدا وڵاتە عەرەبییەکان کە نەوتیان هەیە توركيا دەستێوەردان لە چۆنێتی بەکارهێنانی ناکات"، هەروەها لە ڕاگەیاندنێکی دیکەشدا دەڵێت "توركيا سەروەری بەسەر دەرامەتە ئاوییەکانیدا هەیە و پێویست ناکات ئەو بەنداوانەی کە لەسەر

---

*- ڕووباری نێودەوڵەتی "هەر ڕێڕەوێکی ئاوییە (ڕووبارێکە) کە بەشەکانی دەکەوێتە وڵاتە جیاوازەکانەوە". سەرچاوە: اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في الأغراض غير الملاحية لسنة (١٩٩٧)، ماددة ٢، ف ب.

**- توركيا بۆچوونە جیاوازەکانی سەبارەت بە لێکدانەوەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی قۆستۆتەوە، و چۆتەسەر لێکدانەوەی هەڵبژێردراوی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە چەمکی ڕووبارە سنور بڕەکان و وای دادەنێن ئەو ڕووبارانە ڕووباری نێودەوڵەتی نین، لە کاتێکدا لە ڕاپۆرتێکی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی، کە لە ساڵی (١٩٩٣) پێشکەشی کۆمەڵەی گشتتی کراوە، هاتووە: سەبارەت بە پێشنیاری بەکارهێنانی زاراوەی ئاوی سنوربڕ بەهۆی بەکارهێنانی لە ڕێکەوتنێکی ئەم دواییانەدا، ئەوە تەنیا بابەتی داڕشتنە و هیچ جیاوزییەکی بنەڕەتی لە نێوان ڕووباری سنوربڕ و ڕووباری نێودەوڵی بوونی نییە، واتا زاراوەی ڕووباری سنوربڕ و زاراوەی ڕووباری نێودەوڵەتی (ڕێڕەوی ئاوی نێودەوڵەتی) هیچ کاریگەرییەکی یاسایی بەدوای خۆیدا ناهێنێت. مصدر: د. هالة خالد حميد، إشكالية الأمن المائي في العلاقات التركية العراقية: دراسة في آليات التعامل الأمثل في قضية المياه، مجلة قضايا السياسية، جامعة بغداد/ كلية العلوم السياسية، العدد ٦٥، ٢٠٢١، ص٤٧٦. و د. محمد منذر جلال، السياسة المائية التركية – فی حوضي دجلة والفرات وتداعياتها على العراق، ط١، دار الفراهيدي للنشر والتوزيع، بغداد ٢٠١٤، ص٢٢٦.

١- د. رضا عبدالجبار سلمان، مصدر سبق ذكره، ص١١.

٢- فؤاد قاسم الأمير، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٥٦.

٣- د. فاضل عبد علي حسن الشويلی، مستقبل العلاقات التركية العراقية- أزمة المياه أنموذجا، مركز ذی قار للدراسات التأريخية والآثارية/ جامعة ذی قار، ٢٠١٩/٩/٢٣، ص١٤٨.

٤- نقلا عن: د. سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مصدر سبق ذكره، ص ص٧٧-٧٨.

ڕووباری دیجله و فورات دروستیان دەکات هیچ کێشەیەکی نێودەوڵەتی دروستبکات، دەشڵێت پێویستە هەمووان ئەوە بزانن کە ڕووباری دیجلە و فورات دوو ڕووباری نێودەوڵەتی نین، بەڵکو دوو ڕووباری تورکین (دوو ڕووباری نیشتیمانین)*"[١]، لەبەرئەوە تورکیا بە مافی خۆی دەزانێت چۆنی بوێت ئاوا ئاوەکانی ئەو دوو ڕوبارە بەکاربێنێت؛ لەسەر ئەو بنەمایە تورکیا ژمارەیەکی زۆر بەربەست و بەنداو و پرۆژەی ئاوی لەسەر ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دروستکردووە و هەوڵدەدات تا دوا ڕێژە ئاوەکانیان بەکاربێنێت[٢]، پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەش لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیدایە.

٣- تورکیا بە هەموو شێوەیەک بنەمای دابەشکردنی ئاو یان هاوبەشیکردنی ئاو ڕەتدەکاتەوە، لەجیاتی ئەوە بنەمای بەکارهێنانی ژیرانەی ئاو پێشنیاردەکات و ئامادەی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نییە دەربارەی دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، ئەوەش پێچەوانەی نۆرم و چارتەرە نێودەوڵەتییەکانە[٣]، هەروەها دان نانێت بە پرەنسیپی (مافە بەدەستهاتووەکان)** دا و ڕازی نابێت بە دانانی ئەم پرەنسیپە لە هەر خشتەیەکی کۆبوونەوەکانی لیژنە دووقۆڵی و سێقۆڵییەکاندا لەسەر ئاو، لەبری ئەوە دەستەواژەی (بەکارهێنانە هەنوکەییەکان) یاخود (بەکارهێنانە هەنوکەییە سود بەخشەکان) بەکاردەهێنێت[٤]، بۆ نمونە لە تەموزی ساڵی (١٩٦٤) وەفدێکی عێراقی چوون بۆ تورکیا و دانوستانێکی دووقۆڵیان ئەنجامدا، لەو دانوستانەدا عێراق جەختی لەوەکردەوە کە ناڕازی نابێت لە دروستکردنی بەنداوی کەبیان، بەمەرجێک تورکیا ڕێز لە مافە بەدەستهاتووەکانی عێراق بگرێت لە ئاوی فورات کە (١٨ ملیار م$^3$) بوو ساڵانە، بەڵام تورکیا لە وەڵامدا وتی ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە بەدەستهاتووە[٥]. ئەوەش دەردەخات کە تورکیا هیچ

---

*- ڕووباری ناوخۆیی (نیشتیمانی، هەرێمی)، بەپێی شیکردنەوەی یاسای نێودەوڵەتی "ئەو ڕووبارەیە کە بە تەواوی لە سەرچاوەکەیەوە بۆ ڕێژگەکەی (من منبعه ألی مصبه) و تەواوی ڕێژگەکانی دەکەوێتە سنوری هەرێمی وڵاتێکەوە، و بە ڕەهایی ملکەچی سەروەری ئەو وڵاتەیە، لەبەرئەوە دەوڵەتەکە مافی بەکارهێنانی تەواوی ڕووبارەکەی هەیە. سەرچاوە: هاني نبيل صبحي شراب، الأمن المائي العربي : نهر النيل نموذجا، مصدر سبق ذكره، ص٦٠.

١- د. سلمان شمران العيساوي، أزمة مياه الرافدين- بين أطماع الجوار الجغرافي والقانون الدولي، ط١، منشورات زين الحقوقية والأدبية، بيروت ٢٠١٦، ص٢١٤.

٢- د. هالة خالد حميد، مصدر سبق ذكره، ص٤٧٣.

٣- د. آزاد جلال شريف، مياه العراق-الواقع وسبل التنمية المستدامة، مجلة تكريت للعلوم الإدارية والإقتصادية، المجلد ٦، العدد ١٩، السنة ٢٠١٠، ص١٤٦.

**- مافە بەدەستهاتووەکان: بریتییە لەو بڕە ئاوەی کە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی بەشدار لە ڕووباری نێودەوڵەتی لە ڕابردوودا بەدەستیهێناوە لە ئاوی ڕووبارەکە، یەکێکە لە بنەما بنچینەییاکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕێکخستنی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان. سەرچاوە: د. عبد علي محمد سوادی، الحقوق المكتسبة للعراق فی مياه الأنهار الدولية التي تمر عبر أراضيها بموجب المعاهدات الدولية وقاعد القانون الدولي الأخرى، مجلة رسالة القوق، العدد الخاص ببحوث المموٴتمر القانونی السابع، كلية القانون/ جامعة كربلاء، ٢٠١٠، ص١٢.

٤- د. محمد منذر جلال، مصدر سبق ذكره، ص١٤٨.

٥- د. سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مصدر سبق ذكره، ص ص٧٧-٧٨.

کات نەیویستووە دان بە مافە بەدەستهاتووەکانی عێراقدا بنێت، هەمیشە لە دانوستانەکاندا خاوەخاویکردووە و پەتەکەشی بە تەواوی نەبڕیوە، ئەوش بە ئامانجی بەدەستهێنانی کات بووە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی تا دەبێتە ئەمری واقع.

٤- تورکیا ئەوە ڕەتدەکاتەوە چارەسەرکردنی پرسی ئاو لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش لە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە و فوڕات بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت، هەروەها ڕەتیدەکاتەوە ڕەزامەندی دەربڕێت لەسەر واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکان بۆ مەبەستی نا کەشتیوانی کە تایبەتە بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرواری (١٩٩٧/٥/٢١) پەسەندیکردووە[١]، ئەم سیاسیاسەتەشی لە ڕێگەی دان نەنان بە ڕووباری دیجلە و فوڕات و ڕێژگەکانیان وەک ڕووباری نێودەوڵەتی سەرچاوە دەگرێت، ئەوەش بە مەبەستی لابردنی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە پێدانی بەشە ئاو لەو ڕووبارانە بە عێراق و وڵاتانی دیکەی بەشدار لەو ڕووبارانە.

٥- ئاوی وەک چەکێک بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابورییەکانی، بۆنمونە پرسی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) لە تورکیا و بەستنەوەی بە مەلەفی ئاو، هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ عێراق و سوریاشدا لەسەر دابەشکردنی ئاوی دیجلە و فوڕات بە توندی گرێدەدات بە هەماهەنگی سیاسی لە نێوان ئەو سێ وڵاتەدا، هەڵبەت پرسی کورد کرۆکی هەر مامەڵەیەکە لەسەر ئاو[٢]، هەروەها دەیەوێت پرەنسیپی گۆڕینەوەی ئاو بە نەوت و گاز پەیڕەوبکات، وەک ئەوەی لە دانوستانەکانیساڵی (١٩٧١) کە پێدانی بەشە ئاوی بە عێراق گرێدابوو بە بەدەستهێنانی نەوت بە نرخێکی کەمتر، دەتوانرێت لە واقعدا هەست بەوەبکرێت کاتێک تورکیا لە ساڵی (١٩٨٨) بڕی (١٠,٥) ملیۆن تەن نەوتی هاوردەکرد، ڕێژەی (٦٣,٥٪) ئەو هاوردەیە لە عێراقەوە بوو[٣]، لەو بارەیەوە سەرۆکی پێشووی تورکیا (تورکوت اوزاڵ) لە ساڵی (١٩٩١) دەڵێت " ئەگەر عێراق (هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق) نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە هەنارده نەکات، ئەوا ئاو بۆ عێراق نییە"، بەوەش عێراقی ناچارکرد نەوتەکەی لە خاکی تورکیاوە هەنارده بکات[٤]، لە هەمان ساڵدا بە بیانوی پڕکردنی بەنداوی ئەتاتورک تورکیا ڕووباری فوڕاتی گلدایەوە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی نەوت و داوای زیادکردنی باجی هەر بەرمیلێک نەوتی دەکرد، کە بە گومرگی (٢,٧٣ دۆلار) لە خاکەیەوە هەنارده دەکرا بە زیادکردنی

---

١- د. صبحى فاروق صبحى، سياسة تركيا المائية حيال العراق، آثرها فى تطور العلاقات الثنائية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، كلية الكتاب/الجامعة/ قسم القانون، بدون سنة، ص٥١١، متوفر من ربط الآتى-
https://www.iasj.net/iasj/download/٧٣f٨dd٩٤٥٣da٤f٨e

٢- د. نجلاء مرعى، مصدر سبق ذكره، ص٩١.

٣- د. هالة خالد حميد، مصدر سبق ذكره، ص٤٧٧.

٤- د. یونس علی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩.

(٢,٣٠ دۆلار) دیکە بۆ هەر بەرمیلێک[١]، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت؛ تورکیا ئاو وەک کارتێکی فشار و چەکێک بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی، ئەوەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئاو یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێز و تورکیا خاوەنێتی و لە ئێستادا بەکاریدەهێنێت بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان، دەکرێت بەردەوامیش لە داهاتوودا بەکاریبهێنێت.

٦- تورکیا دەربارەی پرەنسیپی نەگەیاندنی زیانی گەورە بە دەوڵەتانی دراوسێ دەربارەی ئەو رووبارانەی سنوری زیاتر لە دەوڵەتێک دەبڕن، پێیوایە ئەوە ناگەیەنێت تورکیا واز لە پێداویستییە ئاوییەکانی خۆی بێنێت لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی وڵاتانی دراوسێ.[٢]

٧- سیاسەتی تورکیا پشت بە (تیوری هارمون)* دەبەستێت، ئەم تیۆرە پێیوایە دەوڵەت مافی ڕەهای هەیە بەسەر ئەو ڕووبار و ڕێڕەوە ئاویانەی کە دەکەوێتە هەرێمی دەوڵەتەکەیەوە و دەتوانێت چۆنی بوێت بەکاریبێنێت، لەبەرئەوە تورکیا پێیوایە ئەو بەشە ئاوەی دەڕژێتە عێراق و وڵاتانی ڕێژگە بەگشتی لە چاکەی خۆیەتی[٣]، لەم بارەیەوە سەرۆکی تورکیا ساڵی (١٩٩٢) دەڵێت "ئاو لە پرسە زۆر سەرەکی و سەروەرییەکانە و تورکیا مافی ئەوەی هەیە کە چی بوێت بەو ئاوە بیکات کە دەیەوێت و ئاوی تورکیا وەک نەوتی وڵاتان وایە، هەروەها دەڵێت دەکرێت بەشداربن لە بەرهەمهێنانی ئاو بەڵام مافی ئەوەتان نییە بەهی خۆتانی بزانن"[٤]. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت ئەگەر تورکیا بتوانێت ئەوا ڕێگری لە هەر ڕێژە ئاوێک دەکات کە لە خاکەکەیەوە دەڕژێتە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەبێ گوێدانە پێداویستییە ئاوییەکانی وڵاتانی ڕێژگە، لە ناویشیا عێراق و هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین؛ دروستکردنی (پڕۆژەی گاپ) کە دواتر

---

١- د. ثائر محمود رشيد العاني و علا علاء حسين، استخدام الموارد المائية في ظل تحديات الأمن المائي العراقي، مجلة العلوم الاقتصادية والإدارية، العدد ١٠٣، المجلد ٢٤، سنة ٢٠١٨، ص٢٨٤.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥١.

*- تیۆری هارمون لە بۆچوونی داواکاری گشتی ئەمریکی (جادسۆن هارمۆن) لە ساڵی (١٨٩٥) وەرگیراوە، بە تیوری سەروەری هەرێمایەتی ڕەها (نظرية السيادة الاقليمية المطلقة) ناسراوە، بەپێی ئەم تیۆرییە دەوڵەت ئازادی ڕەهای هەیە لە بەکارهێنانی ئەو ئاوەی بە ناو هەرێمەکەیدا تێپەڕدەبێت، و ئەو بەشەی ڕووباری نێودەوڵەتی کە بەناو هەرێمی دەوڵەتێکدا تێپەڕدەبێت وەک ڕووبارێکی نیشتیمانی ناوخۆیی، جگە لەوەی کە دەتوانێت مافی سەروەری ڕەهای خۆی لەسەر ئەو بەشەئاوەی ڕووەکە بەکاربێنێت کە بەناو هەرێمەکەیدا دەڕوات، ڕێگەش دەدات بەگۆڕینی ڕێڕەوی سروشتی ڕووبار، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لێکەوتەکانی وئەو زیانەی بەوڵاتانی دیکەی دەگەیەنێت و ئەو دەوڵەتەش مافی دەربڕینی نارەزایی نییە، بەپێی ئەم تیۆرییە، هەرچەند ئەم تیۆرییە بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم باو بوو، بەڵام ئەمڕۆ بووە بە یەکێک لە تیۆرییە بەسەرچووەکان وکەوتۆتە بەر ڕەخنە وڕەتکردنەوە؛ سەرچاوە: ئازاد وەلەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان – لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٥، ل ل٦٩-٧١.

٣- د. هالة خالد حميد، مصدر سبق ذكره، ص٤٧٣.

٤- د. یونس علی، پڕۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٩.

باسیدەکەین، لە سایەی ئەم سیاسەتەوە بووە کە تورکیا پەیڕەویدەکات لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات.

٨- تورکیا ڕەتیدەکاتەوە داواکارییەکانی عێراق و سوریا سەبارەت بە پێداویستییە ئاوییەکانیان لەبەرچاو بگرێت و بە زیادەڕەوی دەزانێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو ئاوەی دەگاتە عێراق و سوریا زۆر زیاترە لە پێداویستییە ئاوییەکانیان[1]، داوا لە هەریەک لە سوریا و عێراق دەکات چاوبخشێننەوە بە سیاسەتی ئاوی ناوخۆییان و ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاو، چونکە پێیوایە ئەو ئاوەی دەگاتە وڵاتانی ڕێژگە بەتایبەت عێراق زیاترە لە پێداویستییە ئاوییەکان، بەڵام بەفیڕۆدەدرێت و بەباشی بەکارناهێنرێت.[2]

٩- سیاسەتی تورکیا لەسەر بنەمای ئەنجامنەدانی ڕێککەوتن دامەزراوە، دەربارەی ئاوە هاوبەشەکان و دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی بەشدار، بەپاساوی ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی ناچاری ناکات بۆ ڕێکەوتن، لەم بارەیەوە سەرۆکی پێشووی تورکیا (سلیمان دیمریل) لە (٢٨/ ئاداری ١٩٩٦) وتی "یاسای نێودەوڵەتی وڵاتەکەی ناچارنەکردووە کە بگەنە جۆرێک لە ڕێککەوتن یاخود بەڵگەنامەیەکی نوسراو لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەربارەی دەرامەتە ئاوییەکان نییە"؛ تورکیا جەخت لەوە دەکاتەوە هیچ ڕێکەوتنێکی دوولایەن یان فرەلایەنی لەگەڵ عێراق یان سوریا گرێنەداوە بۆئەوەی بە ناچاری کێشە ئاوییەکان چارەسەر بکەن.[3]

هەربۆیە تورکیا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرترین سود لە سەرچاوە ئاوییەکانی وەربگرێت پشتبەست بەو سیاسەتە ئاوییەی کە خستمانەڕوو، لەم ساڵانەی دوایشدا کۆمەڵێک پڕۆژەی گەورەی بۆ جڵەوکردن و گلدانەوەی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات دروستکردووە[4]، کە خۆی لە (پڕۆژەی گاپ)* و چەندان بەنداوی دیکەی دەرەوەی ئەم پڕۆژەیەدا دەبینێتەوە، تورکیا هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو بەردەوامە لەسەر دروستکردنی ئەم جۆرە پڕۆژانە لەسەر تەواوی دۆڵ و کەناڵ و ڕێڕەوە ئاوییەکان، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەی دەکەونە نزیک سنورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەمەش هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئاوی

---

١- وەرگیراوە لە: د. سلیمان عبدالله، مصدر سبق ذکره، ص٨٢-٨٣.

٢- عمر عطار مصطفی، مصدر سبق ذکره، ص٦١.

٣- عمر عطار مصطفی، نفس المصدر السابق، ص٦٠.

٤- د. آزاد جلال شریف، میاه العراق-الواقع وسبل التنمیة المستدامة، مصدر سبق ذکره، ص١٤٦.

*- گاپ GAP: پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە ناودەبرێت بە گاپ (**GAP**)، لە (١٣) پڕۆژەی سەرەکی پێکدێت، (٧) یان دەکەوێتە ئاوزێڵی ڕووباری فوڕات و (٦) یان دەکەوێتە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە، پڕۆژەکە بە ڕێژەی (٨٠٪) پشت بە ئاوی فوڕات و بە ڕێژەی (٢٠٪) پشت بە ئاوی دیجلە دەبەستێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (١) د.ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، پڕۆژەی گاپ (GAP) وکاریگەریەتی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە وکوردستان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٣. (٢) د. سلیمان عبدالله اسماعیل، السیاسة المائیة لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها علی القضیة الکردیة، مصدر سبق ذکره، ص٧١ -١٢٦.

هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت[1]. ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو پڕۆژە ئاویانە وەردەگرین کە تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی ئەنجامیداوە، چونکە تەنیا ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دەڕژێنە هەرێمی کوردستان و پێیدا تێدەپەڕن و سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەرزەوین لە هەرێمی کوردستان، کە دەتوانێت سودیان لێببینێت و کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا.

هەرچەندە تۆبۆگرافیای ئاوزێڵی دیجلە بە جۆرێکە، کە قورسە دەرامەتە ئاوییەکانی سەر ئەم ڕووبارە بەتەواوی وەبەربهێنرێت لە تورکیادا، بەڵام سەرباری ئەوەش تورکیا دەرامەتی ئاوی ئەم ئاوزێڵەی لە (پڕۆژەی گاپ) دا وەبەرهێناوە، بەتایبەتی بە دروستکردنی پڕۆژەکانی لەسەر زەوییە دەشتاییەکانی[2]، هەوڵدەدات ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە بەتەواوی وەبەربهێنێت، تاوەکو ئێستا پڕۆژەکانی سەر ئەم ڕووبارە کە تەواوبوون دەتوانن (١٦,٨٧٣ ملیار م٣) ئاو گەنجینە بکەن، بۆیە مەترسی کەمبوونەوەی ئاوی ڕوباری دیجلە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەتەواوی دەرنەکەوتووە، بەڵام بەتەواوبوونی هەموو پڕۆژەکان و پڕکردنیان، لە ئایندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەکەونە ناو کارەساتێکی ئابووری و ژینگەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کە چارەسەرکردنیان قورس دەبێت[3]؛ ولە گرنگترین ئەو پڕۆژانەش بریتین لە:

١. پڕۆژەی دیجلە- کراڵ کزی: پڕۆژەیەکی فرە مەبەستە، کە لەسەر ڕووباری دیجلە دروستکراون، توانای گلدانەوەی (٩,٢ ملیار م٣) ئاویان هەیە.[4]

٢. پڕۆژەی باتمان: ئەم پڕۆژەیە دەکەوێتە سەر لقی باتمان، ئەم پڕۆژەیە بەنداو و پڕۆژەی کارۆئاوی و ئاودێری لاوەکی لەخۆدەگرێت، توانای گلدانەوەی (٧٣٨ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە.[5]

٣. پڕۆژەی باتمان-سیلفان: دەکەوێتە پارێزگای باتمان (دیاربکر)، پڕۆژەیەکی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە.[6]

٤. پڕۆژەی کارزان: ئەم پڕۆژەیە دەکەوێتە ئاوزێڵی ڕووباری کارزان نزیک ئاوزێڵی باتمان، ئەمیش پڕۆژەیەکی ئاودێری و بەرهەمێنانی وزەیە.[1]

---

١- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٩.

٢- د. سلیمان عبدالله اسماعیل، السیاسة المائیة لدول حوضي دجلة والفرات وانعکاساتها علی القضیة الکردیة، مصدر سبق ذکره، ص٩٧.

٣- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٠.

٤- د. سلمان شمران العیساوي، مصدر سبق ذکره، ص١٧٦.

٥- د. مدیحة صوفي، مشروع غاب الترکي و تأثیره علی الموارد المائیة والواقع البیئي في العراق، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة ٢٠١٦، ص ص١٠٧-١٠٨.

٦- د. سلمان شمران العیساوي، مصدر سبق ذکره، ص١٧٦.

٥. بەنداوی ئەلیسۆ: ئەم بەنداوە گەورەترین بەنداوی سەر ڕووباری دیجلەیە، بەرزیەکەی نزیکەی (١٣٥ م) و ڕووبەری بەنداوەکە زیاتر لە (٣٠٠ کم[٢]) دەبێت، توانای گەنجینەکردنی (١١,٤ ملیار م[٣]) ئاوی هەیە[٢]، توانایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەیە کە دەگاتە نزیکەی (٣٨٣٠ کیلووات) وزەی ساڵانە[٣]، بەپێی ڕاپۆرتەکانی حکومەتی عێراق، کە پێشبینیان کردبوو دوای تەواوبوونی بەنداوی ئەلیسۆ زیاتر لە نیوەی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە بۆ عێراق کەم دەکات، ئەوەش دەبێتە هەڕەشە لەسەر ڕووبارەکە و بەرەو مەرگی دەبات[٤]، هەربۆیە دوای ئەوەی پڕۆژەی ئەلیسۆ لە ساڵی (٢٠١٨) دەستیکرد بە گلدانەوەی ئاو لە ڕووباری دیجلە[٥]، بە شێوەیەکی مەترسیدار داهاتی ئاوی ڕووبارەکە کەمیکرد، بە جۆرێک لە ساڵی (٢٠٢١) تەنیا (٢ ملیار م[٣]) ئاو هاتۆتە هەرێمی کوردستان و عێراق وەک لە خشتەی ژمارەی (٤) لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا خستومانەتەڕوو.

بەشێک لە هۆکاری ئەم کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی ڕووبارەکە لەو ساڵەدا بەهۆی وشکەساڵی و کەمبارانییەوە بووە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا (ئازاد نەقشبەندی) دەڵێت "بەنداوی ئەلیسۆ بەو توانا زۆرەی لە گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە، هۆکاری سەرەکییە بۆ کەمبوونی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە بۆ ناو هەرێمی کوردستان و عێراق، چونکە هەرگیز لە هیچ کاتێکدا و تەنانەت لە ساڵە وشکەکاندا داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارە بەو شێوەیەی ئێستا کەمینەکردووە"[٦]، ئەو کەمبوونەی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە چەندین لێکەوتەی مەترسیداری دەبێت لەسەر دانیشتوانی خوارووی ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە و ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی گشتی دەخاتە مەترسییەوە.

بەهۆی فراوانی ڕووبەری بەنداوەکە و ئەو توانا زۆرەی لە گلدانەوەی ئاو کە هەیەتی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی*، هەر لە سەرەتای دروستکردنیدا گفتوگۆیەکی زۆری بەدوا خۆیدا هێنا،

---

١- د. سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مصدر سبق ذكره، ص٩٨.

٢- د. إسماعيل داود، المفاوض العراقي سد اليسو- وقراءة في اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في الأغراض غير الملاحية لعام ١٩ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ٢٠١٧، ص ص٤٨-٤٩.

٣- د. محمد منذر جلال، مصدر سبق ذكره، ص١٦٨.

٤- د. إسماعيل داود، مصدر سبق ذكره، ص٢٢.

٥- د. هەردی مهدی میکە، کوردستان لە سایەی جەنگێکی ڕانەگەیەنراوی ئاویدا (ئیلیسۆ بە نموونە)، گۆڤاری ئاینده ناسی، ژمارە ١١، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٦.

٦- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

*- پڕۆژەکە (بەنداوی ئەلیسۆ) لە ناوخۆ ودەرەوەی تورکیادا ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکی توند بوویەوە، لەلایەن ناوەندە تایبەتمەندەکانی پاراستنی ژینگە وپاراستنی کەلەپورە جیهانییەکان ورێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، چونکە پێیانوابوو دروستکردنی ئەم بەنداوە دەبێتەهۆی گۆڕانکاری بارودۆخی ژینگەیی ناوچەکە و لەناوبردنی کەلەپوری شارستانێتییە کۆنەکان وکۆچپێکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان، بەوهۆیەوە بەنداوەکە لە ساڵی (٢٠٠٩) وەستێنرا، بەڵام لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠) دەستکرایەوە بە کارکردن تێیدا و ساڵی (٢٠١٩) پڕۆژەکە تەواوبوو.

به درێژایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو و دژایەتییەکی زۆری کرا[1]؛ هەروەها بەهۆی ئەو توانا زۆرەی لە گلدانەوەی ئاو، دەتوانێت جڵەوی هەموو ئەو ئاوەی کە بۆ هەرێم وعێراقیش دێت بکات؛ ئەم بەنداوە بێگومان زیانی گەورەی بۆسەر کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی ووزەی کارۆئاوی و ئەو پیشەسازییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی دانیشتوانەوە دەبێت بەتایبەتی بۆسەر بەشەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق، ئەمە سەرباری تێکچونی ژینگەی عێراق کە خۆی لە وشکبوونی تەواوی زۆنگاوەکانی عێراق دەبینێتەوە[2]، سەرەڕای ئەوەی (بەنداوی ئەلیسۆ) کێشەی زۆری دروستکرد، بەڵام تورکیا لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢١) بەنداوی ئەلیسۆی کردەوە و نزیکەی (٦٠٪) ئاوی ڕووبارەکە کەمیکرد، لەکاتێکدا ئاوی دیجلە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بە ئاوێکی نێودەوڵەتی هەژماردەکرێت نەک ئاوی دەوڵەتی[3]، بەڵام تورکیا بە سود وەرگرتن لە جڵەوکردنی ئاو کاردەکات، بۆئەوەی ئامانجە سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەدیبێنێت، چونکە ئەم پڕۆژەیە زیاتر پەیوەندی بە پرسی گەشە و هێز و سەردەستی و دەسەڵاتەوە هەیە.

٦. پڕۆژەی جەزرە: پڕۆژەیەکی گەورەی ئاوی فرە مەبەستە و پێکدێت لە: پڕۆژەی بەنداوی جەزیرە، کە یەکێکە لە پڕۆژەکانی سەر ڕووباری دیجلە و لە دووری (٤ کم) باکوری شاری جەزرەیە، توانای گەنجینەکردنی (٢٠١ ملیۆن م$^{3}$) ئاوی هەیە، ئامانج لە پڕۆژەکە بۆ ئاودانی زەوییە دەشتاییەکان و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە[4]، سەبارەت بەم بەنداوە (ڕەحمان خانی) دەڵێت "دوای ئەوەی بەنداوی ئەلیسۆ دروستکرا و تەواوبوو، ئەگەر بەنداوی جەزرە تەواوبکرێت، ئەوا کارەسات ڕوو لە دیجلە دەکات و ئاوەکەی بەتەواوی کەم دەبێتەوە".[5]

ئەم پڕۆژەیە چەندین بەست و بەنداوی بچوکتر لەخۆدەگرێت، هەروەها چەند پڕۆژەیەکی ئاودێری وەکو: پڕۆژەی ئاودێری سلۆپی، پڕۆژەی ئاودێری نسیبین- جەزرە، لەخۆدەگرێت؛ سەرباری ئەوەی لەسەر دیجلە خرایە ڕوو، هەر لە چوارچێوەی (پڕۆژەی گاپ) دا، پڕۆژەی دروستکردنی ژمارەیەک بەربەست و ویستگەی کارۆئاوی لەسەر زێی گەورە لەناو خاکی تورکیادا دروستکراوە لەوانە: پڕۆژەی بەستەکانی بەرزایی زێ، پڕۆژەی بەنداوی سۆڵۆن،

---

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ١) د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي و تأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص ص١٠٧-١٠٨. ٢)، د. إسماعيل داود، مصدر سبق ذكره، ص٥١-٥٩.

١- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي و تأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص ص١٠٧-١٠٨.

٢- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٠.

٣- د. هەردی مهدی میکە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٦-٧.

٤- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي وتأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص١٠٧-١٠٨.

٥- دیدار لەگەڵ بەڕیز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

بەنداوی چاڵدێران، بەنداوی بانی باڵا و کۆمەڵێک ویستگە وەکو ویستگەی تبیان، دیزا، شیروان، بیستون ...وهتد[1].

به شێوەیەکی گشتی ئەو بەنداو و پڕۆژە ئاویانە لە ئێستادا بوونەتەهۆی کەمبونەوەی تێڕژانی ئاو بۆ ناو عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوەش دەتوانێت ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەو سیاسەتە لە ئێستادا ڕانگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر ناوچەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق لە بواری ئابووری، کشتوکاڵ و ژینگە، بەوپێیەی ئەو بەنداوانە بوونەتەهۆکاری بێبەشکردنی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ئاودان و پەکخستنی بەشێک لە ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، هەروەها خراپبوونی جۆرێتی ئاو و پیسبوونی، دەرەنجامی پاشەڕۆی بەکارهێنانە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان و زیادبوونی ڕێژەی سوێری ئاوەکان، ئەمە سەرباری کەمبوونەوەی سامانی ماسی و کۆچپێکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە و چەندەها گاریگەری نەرێنی دیکە، دەرەنجامی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات لە ناو عێراق و هەرێمی کوردستان[2]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە داهاتوودا مەترسییەکە زیاتردەبێت، چونکە کۆی ئەو پڕۆژانەی تورکیا لەسەر ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە دروستیکردووە، بە تەواوبوونیان تواناى گەنجینەکردنی (٣٨,٤٤ ملیار م$^3$) ئاویان هەیە[3]، ئەوەش ئاستی ئەو توانا گەورەیەی ئەو بەنداوانەمان بۆ دەردەخات لە گلدانەوەی ئاو لە تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی، بە جۆرێک توانای گلدانەوەی ئەو بەنداوانە زیاترە لە دوو ئەوەندەی تێکڕای تێڕژانی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی لە تورکیاوە بۆ ناو عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوەش هەڕەشەیەکی ئاشکرا و بەردەوامە بۆ سەر ئاسایشی ئاوی هەرێم و عێراق بەگشتی لە ئێستا و ئایندەدا، بە جۆرێک تورکیا دەتوانێت ڕێگری لە تێڕژانی ئەو ئاوانە بکات بۆ هەرێمی کوردستان، پێدانی بەشە ئاو لەو ڕووبارانە ببەستێتەوە بە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریی و نەتەوەییەکانی، واتا دەتوانێت وەک کارتێکی فشار دژی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت بەکاربهێنێت، وەک چۆن لە ڕابردوودا بەکاریهێناوە.

ئەگەرچی هەتا ئێستاش وەک پێویست نەتوانراوە سود لە ئاوی ئەو ڕووبارانە وەربگیرێت، بۆنمونە ڕووباری دیجلە کە بە درێژایی (١٣٨ کم) لە سنوری هەرێمدایە، هیچ پڕۆژەیەکی ئاوی گەورەی لەسەر دروستنەکراوە نە لەسەر ڕوباری دیجلە و نە لەسەر ڕێژگەکانی (زێی گەورە و خابور)، بەڵام کەمبوونەوەی بڕی داهاتی ئاوی دیجلە و ڕێژگەکانی کاریگەرییەکی وایدەبێت، کە

---

١- فؤاد قاسم الأمير، هاوسەنگی ئاوی لە عێراق وقەیرانی لە جیهاندا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٦٦-١٦٧.

٢- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي و تأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص١١١-١١٢.

٣- د. آزاد جلال شريف، مياه العراق- الواقع وسبل التنمية المستدامة، مصدر سبق ذكره، ص١٤٧.

ناتوانرێت لە ئایندەدا بەپێی پێویست سود لە ئاوی ئەو ڕووبارانە وەربگیرێت  بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان یان پیشەسازییەکان یان بۆ گەیاندنی ئاوەکەی بە شوێنە دوور و کەمئاوەکان.

لە هەمان کاتدا کاریگەری ناڕاستەوخۆشی دەبێت، چونکە کەمبوونی ئاوی ڕووباری دیجلە و فوڕات دەبێتەهۆی کۆچپێکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە پشت بە ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دەبەستن، کە لە خاکی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت بەهۆی کەمبوونی داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانەوە ناتوانن بەردەوام بن لە کشتوکاڵ و ئاودێری، بەوپێیەی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە؛ لەم بارەیەوە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە مانگی تەموزی ساڵی (٢٠٢٠) بڵاویکردۆتەوە، هۆشداریداوە لە مەترسی کۆچ بەهۆی بەردەوامی کێشەی کەمئاوی کە ڕووبەڕووی دانیشتوانی عێراق دەبێتەوە، بە جۆرێک کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە نزیکەی (٢١ هەزار) کەس لە ساڵی (٢٠١٩) لە (٩) پارێزگای ناوەڕاست و باشوری عێراق بەهۆی کێشەی کەمئاوی و لێکەوتەکانی لەسەر ئەوانەی پشت بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەستن کۆچیانکردووە[١]، بێگومان بەشێک لەو هاوڵاتیانە کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش دەبێتەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کە لە ئەنجامدا بەشی تاک لە ئاو کەم دەکات، لەلایەکی دیکەوە کۆچکردنی هاوڵاتیانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەری گۆڕینی دیموگرافی دانیشتوانی هەرێم زیاد دەکات، بە جۆرێک دەکرێت ژمارەی کورد لە هەرێمی کوردستان کەم بکات بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت عەرەب، لە ئەگەری بەردەوامی کۆچ لەو ناوچانەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق چەندین ڕێککەوتنامە و پرۆتۆکۆڵی هەیە لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی ڕووباری دیجلە و فوڕات، بەڵام تورکیا بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژە ئاوییەکانی بێ گوێدانە ئەو ڕێککەوتنامە و پەیماننامانەی نێوانیان، لە گرنگترین ئەو ڕێککەوتنامە و پرۆتۆکۆڵانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. پەیماننامەی لۆزان: لە (١٩٢٣/٧/٢٤) واژۆکراوە لە نێوان تورکیا و هەردوو وڵاتی ئینتیداب* (فەرەنسا و بەریتانیا)، لە دەقی ماددەی (١٠٩) پەیمانەکەدا هاتووە: لەپێناو پاراستنی ماف و بەرژەوەندی بەدەستهاتووی وڵاتانی بەشدار لە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە و فوڕات، پێویستە

---

١- وەرگیراوە لە: سەفا خەڵەف، قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عێراق هۆکاری کۆچ و ناکۆکی ناوخۆیی، و: بارام سوبحی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ ١١، کانونی دووەم ٢٠٢٢، ل٧٧.

*- مەبەست لە وڵاتی ئینتیداب ئەو وڵاتانەبوون کە وڵاتانی تریان لەژێر دەستدا بوو، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخاندنی دەوڵەتی، فەرەنسا و بەریتانیا ڕێککەوتنێکیان گرێدا بە ڕەزامەندی ڕوسیا کە ناسراوە بە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، بە پێی ڕێککەتنەکە عێراق بووە ژێردەستەی بەریتانیا و سوریاش بوو بە ژێردەستەی فەرەنسا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جوهر إبراهیم الرویس، اتفاقیة سایکس بیکو و موقف الهاشمیین منها وآثرها على العالم العربی، مجلة کلیة الدراسات الإنسانیة/ جامعة الملک سعود، کانون الثانی ٢٠١٧.

ڕێکەوتنی پێشوەختە بکرێت بۆ جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی ئاو کە زیان بە بەرژەوەندی وڵاتانی دیکە بگەیەنێت.[1]

٢. پەیماننامەی دۆستایەتی و دراوسێیەتی باش: لە بەرواری (١٩٤٦/٣/٢٩) لە نێوان تورکیا و عێراقدا واژۆکراوە، لە پرۆتۆکۆڵی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم پەیماندا جەخت لەسەر پێویستی ڕاوێژ و هاوکاری و هەماهەنگی دەکاتەوە لە نێوان تورکیا و عێراق سەبارەت بە هەر پرۆژەیەکی ئاوی، کە لەسەر ڕووباری دیجلە یان فورات جێبەجێبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج دادەنێت لەوەی کە تورکیا پێشوەخت عێراق ئاگاداربکاتەوە لەسەر هەر پرۆژەیەک کە دەیەوێت دروستیبکات لەسەر هەریەک لەو دوو ڕووبارە و ڕێژگەکانیان، بە مەبەستی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی هەردوولا[2]، بەڵام تورکیا بەردەوام پێشێلی ئەم ڕێکەوتنەشی کردووە، بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە ئاوییەکانی بەبێ پرس و ڕاوێژ بە لایەنی عێراق و زیانی بە بەشي ئاوی عێراق و هەرێم گەیاندووە لە ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی ڕێککەوتنەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

٣. لە ساڵی (١٩٨٠) پرۆتۆکۆڵێک لە نێوان عێراق و تورکیادا واژۆکرا و دواتر و لە ساڵی (١٩٨٣) سوریاش چووە ناویەوە، کە تێیدا هاتووە؛ دەبێت لیژنەی هونەری دروستبکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دابەشکردنی ئاوە هەرێمییەکانی نێوانیان، بە ئامانجی دیاریکردنی بڕی ئاوی گونجاو و دادپەروەر کە هەریەکەیان پێویستێتی لەو ڕووبارانە[3]، لەو بەروارەوە لیژنەکە (١٦) کۆبوونەوەی گرێدا، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی (عێراق، سوریا، تورکیا)، بۆ دیاریکردنی پشکی کۆتایی بۆ هەریەکەیان و نەیانتوانی پلانێکی کار دابنێن بەهۆی جیاوازی بۆچوونی لایەنەکان[4]، واتا ئەم ڕێکەوتنەش بە جێبەجێنەکراوی مایەوە.

٤. دوایین جار و لە ساڵی (٢٠٠٩) تورکیا و عێراق یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان دەربارەی ڕووباری دیجلە و فورات واژۆکرد، کە لە ساڵی (٢٠١٤) پەسەندکرا؛ لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١) (مهدی رشيد الحمدانی) وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق لە (کۆنگرەی ئاسایشی ئاو) لە بەغداد ڕایگەیاند "سەردانە بەردەوامەکانیان بۆ تورکیا بەرهەمی ئەرێنی هەبووە، لەوانە ئەو یاداشتە لێکتێگەیشتنەی کە لەگەڵ تورکیا لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجامیان دابوو کاراکرا، هەروەها باسی لەوەکرد کە لە گرنگترین بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیە ئەوەیە کە تورکیا پابەند دەکات بە پێدانی پشکێکی دادپەروەر و گونجاو بە عێراق لە ئاوی دیجلە و فورات، هەروەها لیژنەیەکی هاوبەش لەگەڵ تورکیا پێکهێنراوە کە بارەگاکەی لە بەغدادە بۆ

١- د. عادل محمد العضايلة، مصدر سبق ذكره، ص ص١٩٣-١٩٤.

٢- د. سلمان شمران العيساوي، مصدر سبق ذكره، ص١٢٥٥-٢٥٧.

٣- د. محمد منذر جلال، مصدر سبق ذكره، ص٥٨.

٤-أزمة المياه العراقية التركية.. صراع طويل بين (السيادة المطلقة) و (النهر الدولي)، منشور من موقع الالكتروني الحرة، ١٥/ ٧/ ٢٠٢٢، متوفر على ربط الآتي- https://www.alhurra.com/arabic-and -international/١٥/٧/٢٠٢٢. تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/٤

هەماهەنگیکردن دەربارەی پرسی ئاو[١]؛ هەر سەبارەت بەو یاداشتی لێکتێگەیشتنە، ڕاوێژکاری هونەری وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان (عون ذیاب) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە "یاداشتەکە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە پەسەندکراوە و چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئاماژەی بەوەدا ئەو یاداشتی لێکتێگەیشتنە بنچینەیەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بنچینەیی بۆ بەردەوامی گفتوگۆ هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی پشکێکی دادپەروەر و گونجاوی ڕووباری دیجلە و فورات بۆ عێراق"[٢]، بەڵام جگەلەوەی ئەم یاداشتە جێبەجێنەکرا، لە هەمان کاتدا وەک زۆرینەی ڕێکەوتنەکانی پێشوو وردەکاری و ڕێکاری هونەری و تەکنیکی جێبەجێکردنی بۆ دانەنراوە، وەک دیاریکردنی پشکێکی دیاریکراو لە ئاوی ئەو ڕووبارانە بۆ عێراق و شێوازەکانی چاودێریکردن، سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو وردەکاری و ڕێکارانە، بەشێک لە بەرپرسانی تورکیا ڕایانگەیاندوە وڵاتەکەیان ڕێککەوتنی لەو شێوەیە ڕەتدەکاتەوە و هەروەها دەشڵێن "تورکیا ڕێکەوتنێکی پابەندکەر لەسەر ئەو پرسە واژۆ ناکات".[٣]

هەربۆیە هەشت مانگ دوای ڕاگەیاندنی کاراکردنی ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان عێراق و تورکیا و واژۆکردنی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، (حاکم زاملی) جیگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق (خولی شەشەم)، لەسەر تەلەفزیۆن دەرکەوت و هەڕەشەی بە تاوان ناساندنی هەر لایەنێکی کرد کە بازرگانی لە نێوان عێراق و هەریەک لە ئێران و تورکیا بکات، بەهۆی پابەندنەبوون بە پێدانی بەشە ئاو لە ڕووبارە هاوبەشەکان بە عێراق لەلایەن ئەو وڵاتانەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەریەکە لە تورکیا و ئێران ئامادەنین بەشە ئاوی عێراق "هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق" بدەن لەو ڕووبارانە[٤]، و بەردەوامن لەسەر دواخستن و کات بەفیڕۆدان لەپێناو جیبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژە ئاوییەکانیان و بەدیهێنانی ئامانجە فراوانخوازییەکانیان لەو ڕیگەیەوە.

کەواتە لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە؛ سەرباری هەبوونی چەندین ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی ڕووباری دیجلە لە نێوان تورکیا و عێراقدا، بەڵام تورکیا پابەندی

---

١- مهدي رشيد الحمداني، وزير الموارد المائية العراقية، تصريح للموقع الالكتروني الجزيرة، ٢٠٢١/٩/١٨، متوفر على ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/٢. https://www.aljazeera.net/amp/news/politics/.

٢- عون ذياب، المستشار الفني لوزارة الموارد المائية العراقية، ٢٠٢١/١٠/٢٥، تصريح للموقع الالكتروني العربي الجديد، متوفر على ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/٤. https://www.alaraby.co.uk/economy/.

٣- نقلا عن: علاء علامي، مسؤلية تركيا و إيران عن مأساة تصحير العراق، ١٤/تموز/٢٠٢٢، منشور من موقع الألكتروني الأخبار، متوفر على ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣. https://al-akhbar.com/opinion/٣٤١١٢٦

٤- أزمة المياه العراقية التركية.. صراع طويل بين (السيادة المطلقة) و (النهر الدولي)، منشور من موقع الألكتروني ارفع صوتك، ١٥/تموز/٢٠٢٢، متوفر على ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣. https://www.alhurra.com/arabic-and-international/٢٠٢٢٠٧/١٥

ئەو ڕێکەوتنانە نابێت و ناشیانەوێت هیچ ڕێکەوتنێکی نوێ سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی واژۆبکات لەگەڵ عێراقدا، لەم بارەیەوە وەزیری پێشووی دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق (عبدالطيف جمال رشيد) ئاماژەبەوە دەدات، لە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنە بەردەوامەکانیاندا لەگەڵ هەر یەکە لە ئێران و تورکیا، هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێویستە پشکی دادپەروەر لە ئاو دابینبکرێت بۆ عێراق، بەڵام تائێستا هیچ ڕێکەوتنێک نەکراوە، هەروەها دەڵێت بۆمان ڕوونبووەتەوە کە لایەنی تورکی و ئێرانی سەرباری گفتوگۆ و کۆبوونەوە بەردەوامەکان لەگەڵیاندا ویستی ڕێکەوتنیان نییە، ئەوەی کە دەیڵێن تەنیا قسەیە و لە واقعدا هیچمان لێنەدیوە، بەڵکو تەنیا کات بەفیڕۆدانە و لە هەمان کاتدا بەردەوامن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی پێشوویان و ئاوەکانیان لە وڵاتەکانیاندا گلداوەتەوە و ئەوەشی دەگاتە عێراق و هەرێمی کوردستان سەرچاوەی سەرەکی پیسبوونی ڕووبارەکانە.[1]

لەلایەکی دیکەوە جگە لەوەی تورکیا ڕێز لە هیچ کام لەو ڕێککەوتننامانە ناگرێت کە لەگەڵ عێراق واژۆی کردووە سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی ڕووباری دیجلە، ناشیەوێت ڕێکەوتنی نوێ ئەنجامبدات لەو بارەیەوە، لە هەمان کاتدا ڕێز لە هیچ پێوانە و بنەمایەکی نێودەوڵەتیش ناگرێت لە ڕەچاوکردنی مافی وڵاتانی ڕێژگە، لەکاتێکدا پشتبەست بە پێدراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاساکانی ڕێکخستنی بڕی ئاو لە نێوان وڵاتانی بەشدار لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکاندا، هیچ پاساوێکی یاسایی نییە کە ڕێگە بە تورکیا بدات کە جڵەوی ئەو ئاوە بکات کە لە خاکەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت و بە وڵاتانی دیکەدا تێدەپەڕێت، بەو شێوازەی کە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافی وڵاتانی بەشدار تێیدا، بەتایبەت دوای جێگیرکردنی بنەماکانی یاسای بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان کە لە ساڵی (١٩٩٧) بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی پەسەندکرا[2]، کە تێیدا پێناسەی ڕێڕەوی ئاوی نێودەوڵەتی کردووە "بەو ڕێڕەوە ئاوییەی کە بەشەکانی دەکەوێتە وڵاتە جیاوازەکانەوە"، بەو شێوەیە ڕووباری دیجلە و فورات و ڕێژگەکانیان دەبنە ڕووباری نێودەوڵەتی، لەبەرئەوەی بەشەکانی دەکەوێتە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریاوە، هەروەها ناوەڕۆکی بڕگەکانی ئەم یاسایە مافەکانی هەموو وڵاتانی هاوبەش لە ڕووباری نێودەوڵەتی دەستەبەر دەکات و سود و بەشداریکردنی دادپەروەرانە و گونجاوی هەموو وڵاتان لەخۆدەگرێت ئەگەر پشتی پێببەسترێت[3]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی یاساکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

بەڵام وڵاتی تورکیا نەک هەر کارناکات بە بنەماکانی ئەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانە، بەڵکو دانیشی پێدانانێت، لەم بارەیەوە سەرۆکی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) لە دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق (حيدر عبادى) کە وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانیش (حەسەن

---

١- د. عبدالطيف جمال رشيد، الموارد المائية في العراق، مصدر سبق ذكره، ص١٧٧-١٧٨.

٢- هاني نبيل صبحي شراب، الأمن المائي العربي: نهر النيل نموذجا، مصدر سبق ذكره، ص٥٨.

٣- اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في الأغراض غير الملاحية لسنة (١٩٩٧).

جەنابی) ئامادەی بووە لە (تشرینی یەکەمی ٢٠١٧)، بە ئاشکرا بە وەفدە عێراقییەکەی وتووە کە تورکیا دان بە هیچ ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیدا نانێت لەبارەی ئاوەوە.[١]

هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە وڵاتان تەنیا بەشێوازی زارەکی بە بنەماکانی ئەو ڕێککەوتنانە پابەندن، هەروەها ناپابەندی و کەمکارابوونی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئاو، وەک ئامرازێک بۆ چارەسەر و ڕێکخستنی کێشەکانی ئاو و نەبوونی میکانیزمی جێبەجێکردن، کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە[٢]، هەربۆیە تورکیا هەمیشە ئاوی وەک چەکێک بەکارهێناوە دژی دانیشتوانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت، دەیەوێت لە ڕێگەی پرۆژە ئاوییەکانیەوە فشار بخاتە سەر وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی کوردستان و لە ڕێگەیەوە سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیان بەتایبەت هەرێمی کوردستان زەوت بکات[٣]، بەوپێیەی ئاو بنەمای سەرەکی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییە، چونکە ئاو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات هەیە، هەربۆیە جگە لە پرۆژەی گاپ تورکیا هەوڵی دامەزراندنی چەندین پرۆژەی دیکەی ئاوی دەدات بۆئەوەی بە بەردەوامی بیکاتە هێزێک دژی عێراق و هەرێمی کوردستان بەکاربێنێت.

شایەنی باسە لەگەڵ ئەوەی بەپێی دەستوری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) برگەی هەشتەم لە ماددەی (١١٠)ی دەستورەکەدا هاتووە کە ئەرکی حکومەتی ناوەندە "تێرژانی ئاو بۆ ناو عێراق (هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق)، لە سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی عێرقدا، مسۆگەربکات بەپێی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان"[٤]، بەڵام حکومەتی عێراق وەک ئەوەی کە دەستور دەسەڵاتی ڕەهای پێداوە بۆ بە مسۆگەرکردنی بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان، تا ئێستا نەیتوانیوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە و کێشەکە چارەسەر بکات و بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو سەرچاوانە مسۆگەر بکات.[٥]

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەتوانین بڵێین؛ پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا کە لەسەر ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە لە تورکیا جێبەجێیکردووە، پشت دەبەستێت بەو سیاسەتە ئاوییەی تورکیا کە لەسەر (پرەنسیپی هارمۆن) بنیاتنراوە، بە جۆرێک تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدا ڕەچاودەکات بەبێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکان، لە هەمان کاتدا حکومەتی فیدراڵ نەیتوانییوە تورکیا پابەند بکات بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنامانەی کە پێشتر واژۆی کردوون و نەشیتوانیوە تورکیا ناچاربکات بە واژۆکردنی ڕێکەوتنی نویی ئاوی پشتبەست بە بنەماکانی یاسای

١- وەرگیراوە لە: خالد سلیمان، گۆڕانی کەش وهەوا لە کوردستان: ئاڵەنگاری و ڕووبەڕوو بوونەوە، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٥٢.

٢- بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٥.

٣- د. یونس علی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٤.

٤- دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی (١١٠)، برگەی (٨).

٥- د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٣.

نێودەوڵەتی لەم بوارەدا، لەبەرئەوە تورکیا بەردەوامە لەسەر ئەو سیاسەتە و دەیەوێت ڕێگری لە هەر ڕێژە ئاوێک بکات کە لە وڵاتەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ ناو عێراق و هەرێمی کوردستان، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابوری و نەتەوەییەکانی.

**تەوەری دووەم/ سیاسەتی ئاوی وڵاتی ئێران**

وەکو پێشتر ڕوونمانکردەوە، لە پێنج ڕێژگەی سەرەکی ڕووباری دیجلە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان پێکدێنن، دوانیان کە سیروان و زێی بچوکە لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرباری کۆمەڵێک لقە ڕووباری بچوک کە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان؛ ڕێژەی داهاتی هەریەک لە ڕووباری (زێی بچوک و سیروان) لە ناوخاکی ئێران بە (٣٦٪ و٥٩٪) یەک لە دوای یەک خەملێندراوە، وەک ئەوەی لە بەشی پێشووی ئەم توێژینەوەیەدا خرایەڕوو. واتا سەرچاوەی بەشێک لە داهاتی ئاوی هەرێمی کوردستان لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوە لێرەدا بە پێویستی دەزانین سیاسەتی ئاوی ئێران لەسەر ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانە و کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێم لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

**یەکەم/** ئێرانیش وەک تورکیا پەیڕەوی سیاسەتی سەروەری ڕەها (پرەنسیپی هارمۆن) دەکات لەسەر ڕووبارە هاوبەشەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان[1]، دەستیکردووە بە دروستکردنی چەندین بەنداو بۆ گلدانەوە و گەنجینەکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە، بەبێ ڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق و بێگوێدانە پێداویستییە ئاوییەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان[2]، لە دیارترین ئەو پرۆژانەش کە لەسەر ڕووباری زێی بچوک و سیروان دروستیکردووە بریتین لە:

١. پرۆژەی بەنداوی بریسۆ: ئەم پرۆژەیە لەسەر ڕووباری زێی بچوک لە شاری سەردەشت دروستکراوە، دەتوانێت بڕی (١,١٨ ملیار م$^{3}$) ئاو گەنجینە بکات، توانای بەرهەمهێنانی (٧٠ میگاوات) کارەبای ساڵانەی هەیە.[3]
٢. پرۆژەی بەنداوی کرژاڵ: لەسەر زێی بچوک دروستیکردووە، توانای گەنجینەکردنی (١,٠٨ ملیار م$^{3}$) ئاوی هەیە، دەتوانێت بڕی (٤٠ میگاوات) کارەبای ساڵانە بەرهەم بهێنێت.[4]
٣. بەنداوی کۆڵەسەی لەسەر هەمان زێ دروستکردووە، توانای گەنجینەکردنی دەگاتە (٥٤٥ ملیۆن م$^{3}$) و توانای بەرهەمهێنانی (١٥٠ میگاوات) کارەبای ساڵانەی هەیە[1]، ئەم بەنداوە

---

١- د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧٨.

٢- خالد جاسم الحچیمی، سياسة إيران المائية تجاه العراق وانعكاساتها على نشاط الاقتصادي-دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة جورنال، العدد٦٣، كانون الأول ٢٠٢١، ص ٥٤٩-٥٥٠.

٣- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥٢.

٤- د. سليمان عبدالله اسماعيل، مصدر سبق ذكره، ص٢٣٢.

بووەتەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی ئەم ڕووبارە لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٨٠٪)[٢]، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵ لە شارۆچکەی قەڵادزێ، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (١٤٠ هەزار) کەسە.[٣]

لەم بارەیەوە (بەکر بایز) قایمقامی قەزای پشدەر دەڵێت "لە ساڵی (٢٠١٧) و دوای تەواوبوون و کارپێکردنی بەنداوی کۆڵەسە لە ئێران، کێشەیەکی بەردەوام بۆ ئاوی زێی بچوک و (پرۆژەی ئاوی خاس) دروستبووە کە ئاو بۆ نزیکەی (٩٥٪) دانیشتوانی شارۆچکەی قەڵادزێ دابینەکات، بە جۆرێک هەر کاتێک بەنداوی کۆڵەسە دەروازەکانی گرتەوە ئاستی ئاوی زێی بچوک ئەوەندە دادەبەزێت کە پرۆژەی ئاوی خاس ناتوانێت کاربکات"[٤]، لەلایەکی دیکەوە (محمد حەسەن) بەڕێوەبەری ئاوی قەڵادزێ سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەنداوەکانی ئێران کە لەسەر زێی بچوک دروستیکردووەن دەڵێت "ئەو بەنداوانە کاریگەری نەرێنیان دەبێت لەسەر ئاوی ژێرزەوی و سامانی ماسی و کەرتی کشتوکاڵ لە کە کەوتوونەتە سەر زێیەکە، لە هەمان کاتدا ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوی دووکان کەم دەکات کە لەسەر ئەم زێیە دروستکراوە، ئەوەش کاردەکاتە سەر دابینکردنی وزەی کارەبا، هەروەها ئاماژە بەوەدەدات کە ئێران بەنیازە لە ساڵانی داهاتوودا بەتەواوی ئاوی زێی بچوک وشک بکات"[٥]، چونکە ئەو تونێل و بەنداوانەی ئێران لەسەر ئەم زێیە دروستیکردووە، دەتوانێت (١٠٠٪) ئەو ئاوەی لەم زێیەوە دەرژێتە هەرێمی کوردستان وشک بکات، هەرچەند نەشیان شاردووەتەوە کە دەیانەوێت (٥٠٪) ئاوەکەی بگرنەوە، بۆیە لە کاتی گرتنەوەی ئاوی زێیەکەدا کەرتە جۆراوجۆرەکان کە کەوتوونەتە سەر ئاوزێڵی زێی بچوک بەتایبەت و هەرێمی کوردستان بەگشتی دەکەونە مەترسییەوە.[٦]

---

١- سەلام محمود ناصر و ڕزگار مصطفی محمد امین، گرتنەوەی ئاوی ڕووباری زێی بچوک و کاریگەری لەسەر قەزای پشدەر وچۆنێتی چارەسەر کردنی گرفتی کەم ئاوی، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا، ٢٠١٧، ل٢، بەردەستە لەم لینکە-

https://www.uor.edu.krd/news/recent-news/١٥٥٥-grtneway-zey-bchwk بەرواری سەردان ٢٠٢٢/١١/٧.

٢- د. ئەیوب سابیر گەلالی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣١.

٣- د. بنفشه كي نوش، الخلاف المائی بين إيران والعراق: أزمة داخلية متفاقمة ودبلوماسية خارجية غير كافية، مجلة دراسات الإيرانية (دراسات وأبحاث علمية متخصصة)، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، السنة الثانية-العدد الثامن-سبتمر ٢٠١٨، ص٩١.

٤- بەکر بایز، قایمقامی قەزای پشدەر، لە پێگەی ئەلیکترۆنی فەیسبووکی خۆی، ٥/ئەیلولی ٢٠٢١، بەردەستە لەم لینکە-

https://facebook.com/bakr.bayz/videos/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٦

٥- محمەد حەسەن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، ٢٣/ئایاری ٢٠٢٠، بەردەستە لەم لینکە-

**https://www.facebook.com/Rudaw.net/videos/.٢٠٢٢/٧/٢٦ بەرواری سەردان**

٦- سەلام محمەد ناصر و ڕزگار مصطفی محمد امین، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢-٥.

هەر لەبارەی کاریگەری بەنداوەکانی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان (عەبدولستار مەجید)* وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەریمی کوردستان دەڵێت "بەهۆی ئەو بەنداوانەی کە ئێران لەسەر زێی بچوک دروستیکردووە، بە شێوەیەکی بەرچاو ئاوی زێیەکە کەمیکردووە، هەروەها ئاماژە بەوەدەدات ئێران لە بەرنامەیدایە (١٠) بەنداوی دیکە لەسەر ئەو ڕووبارانە دروستبکات کە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان".[١]

بە هەمان شێوە لەسەر زێی سیروانیش ئێران چەندین پڕۆژەی ئاوی دروستکردووە لە گرنگترینیان:

١. بەنداوی داریان: ئەم بەنداوە توانای گەنجینەکردنی (٣١٦ ملیۆن $م^3$) ئاوی هەیە، مەبەست لەم پڕۆژەیە بۆ مەبەستی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە.[٢]
٢. بەنداوی گاوشان: توانای گەنجینەکردنی (٥٥٠ ملیۆن $م^3$) ئاوی هەیە، مەبەستی سەرەکی گواستنەوەی ئاوە لە ئاوزێڵی ڕووباری سیروان بۆ ئاوزێڵی ڕووباری کەرخە لە ڕیگەی تونێلێک، کە دەتوانێت بڕی (٢٦٠ ملیۆن $م^3$) ئاو بگوازێتەوە، ئامانجی سەرەکی پڕۆژەکە ئاودانی ڕووبەرێکی فراوانە لە زەویە کشتوکاڵییەکانی ئێران و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری کرماشان[٣]، ئەو پڕۆژەیە دەبێتەهۆی بێ ئاوکردنی ڕووبارەکە لە سنوری عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆی پێداویستی ئاوی دەبیت لەو ناوچەیە بە شێوەیەکی تایبەت و هەرێمی کوردستان بەگشتی.
٣. بەنداوی گاران: توانای گەنجینەکردنی (١١٠ ملیۆن $م^3$) ئاوی هەیە، بۆ مەبەستی پیشەسازی و ئاودێری و خواردنەوە سودی لێوەردەگیرێت، بە هەمان شێوە ئەم بەنداوە کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دەریاچەی دەربەندیخان و حەمرین و مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر ناوچەی گەرمیان بەتایبەت.[٤]
٤. بەنداوی ئازاد و پڕۆژەی گواستنەوەی ئاو: توانای گەنجینەکردنی (٣٠٠ ملیۆن $م^3$) ئاوی هەیە، هەروەها دەتوانێت بڕی (٢٥٠ ملیۆن $م^3$) ئاو بۆ دەشتەکانی قوروە و دێگۆلان

---

*- وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٥-٢٠١٩).

١- وەرگیراوە لە: بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٧.

٢- د. خلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦.

٣- ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان- لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٠.

٤- ئازاد وەڵدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان- لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

بگوازێتەوە، بۆ مەبەستەکانی خواردنەوە و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا سودی لێوەردەگیرێت.[1]

٥. بەنداوی قشڵاغ: توانای گەنجینەکردنی (٢١٥ ملیۆن م[3]) ئاوی هەیە، (٩٠٪) ئاوی خواردنەوەی سنە و ئاودێری زەوییەکانی دەوروبەری دابیندەکات.[2]

٦. بەنداوی ژاوە: توانای گەنجینەکردنی (١٧٢ ملیۆن م[3]) ئاوی هەیە، بۆ مەبەستی پیشەسازی و شارستانی و کشتوکاڵی سودی لێوەردەگیرێت.[3]

**دووەم/** سیاسەتی ئاوی ئێران تەنیا بە دروستکردنی بەنداو نەوەستاوە، بەڵکو ئاراستەی ڕێڕەوی ئەو ئاوانەی گۆڕیوە بۆ ناو خاکی ئێران واتا "سیاسەتی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکانی بۆ ناو خاکی ئێران" پەیڕەوکردووە، بۆنمونە گۆڕینی ئاراستەی ڕووباری کارون بۆ ناوخاکی ئێران دوای ساڵی (٢٠٠٣)، کە پێشتر دەڕژایە شەتولعەرەب، هەروەها لە ڕێگەی پڕۆژە ئاوییەکانییەوە کە لەسەر ڕووباری قۆرەتوو دروستیکردوون بە تەواوی ڕێڕەوی ئاوەکەی گۆڕیوە و ڕووبارەکە بووەتە ڕووبارێکی وەرزی، بەوهۆیەوە زیانێکی زۆری بە زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوان کەلار و خانەقین گەیاندووە.[4]

جگە لەوەی ئێران لە ڕێگەی بەنداوی گاوشانەوە هەڵساوە بە گواستنەوەی (٢٦٠ ملیۆن م[3]) لە ئاوی ئاوزێڵی ڕووباری سیروان[5]؛ لە ئێستادا دەیەوێت بە تەواوی ڕووباری سیروان لە ڕێگەی بەنداوی داریانەوە وشک بکات، چونکە دەتوانێت ساڵانە (١,٣٧٨ ملیار م[3]) ئاو لە ڕێگەی تونێلێکی ئاوی بە ناوی (نەوسود) بگوازێتەوە بۆ ناو ئێران، کە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پڕۆژە ئاودێرییەکانی سودی لێوەردەگرێت؛ ئەم پڕۆژەیە ئاستی ئاوی گەنجینەکراوی دەربەندیخانی زۆر دابەزاندووە و ڕووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی هەڵەبجە و گەرمیان لەدەستدراوە بەهۆی نەبوونی ئاوی پێویست بۆ ئاودێریکردنی ئەو زەویانە، ئەمە سەرباری خراپبوونی جۆری ئەو بڕە ئاوەی کە دەڕژێتە هەرێم، هەروەها بەهۆیەوە زیانێکی زۆریش بەر سامانی ماسی کەوتووە[6]، لەوبارەیەوە (عون ذیاب) جێگر و ڕاوێژکاری وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق ڕایگەیاندووە "ئەو ئاوەی کە لە ئێرانەوە دێتە ناو هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان (کە لەسەر ڕووباری زێی بچوک و سیروان) دروستکراون، گەیشتوتە (٧

---

١- ئازاد وەلەد بەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

٢- د. خلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٧.

٣- د. خلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

٤- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي و تأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص٧٧.

٥- ئازاد وەلەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان- لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٠.

٦- د. خلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٦.

م/چرکە)، لەکاتێکدا پێش ساڵی (٢٠٠٣) ئەو ئاوەی کە دەڕژایە ئەو بەنداوانە دەگەیشتە (٤٥ م/چرکە)، دەرەنجامی گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووبارە هاوبەشەکان بۆ ناو خاکی ئێران لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە".[١]

ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران بەتایبەت لە دوای ساڵی (٢٠١١) فراوان بووە، بە جۆرێک لە ناوچەی ئاوزێڵی ڕووباری سیروان و زێی بچوک لەدوای ساڵی (٢٠١١) ەوە (٩) بەنداوی دروستکردووە، هەروەها لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێران بە تەواوی ئاوی ئەو ڕووبارانەی گرتۆتەوە بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا[٢]، لەکاتێکدا هاوینان کە وەرزی بەردانەوەی ئاوە نەوەکو گرتنەوەی ئاو، وەک (سامان ئیسماعیل) بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت "لەم ساڵدا (٢٠٢٢) ڕێژەی داهاتی ئاوی سیروان کە هاتۆتە هەرێمی کوردستان بەراورد بە شەش ساڵی ڕابردوو تەنیا (٢١٪) ئەو داهاتەبووە کە پێشتر بۆمان هاتووە، دەشڵێت ڕۆژ بەڕۆژ ئەو ئاوەی کە دێتە هەرێمی کوردستان لە ڕووباری سیروانەوە کەم دەکات بە جۆرێک لە بەرواری (٢٠٢٢/٨/١٠) تەنیا ($٦م^٣$/چرکە) ئاو هاتۆتە بەنداوی دەربەندیخانەوە، ئەوش واتای ئەوەیە کە هیچ بڕە ئاوێک لە ئێرانەوە نەهاتۆتە بەنداوەکە، بەڵکو ئەوەی کە هاتووە لە سەرچاوەکانی ناوخۆوە بووە وەکو زەڵم و تانجەرۆ"[٣]؛ بێگومان ئەوش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان دەبێت و کەرتە جۆراوجۆرەکان دەخاتە بەر مەترسی، بەوپێیەی هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان سەرچاوەی سەرەکییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێم بەتایبەت بۆ خواردنەوە و وزە و بەشێک لە پێداویستییە کشتوکاڵییەکان پشت بە ئاوی ئەم بەنداوانە دەبەستێت، لەکاتێکدا سەرچاوەی داهاتی ئاویان بە زیاتر لە نیوە لە وڵاتی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەر کەمکردنێک لە داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی بۆ سەر ژینگەی سروشتی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی خوارووی عێراق، کە لەسەر ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانەن.

جگە لەو بەنداو و تونێلانەی کە لە ئێستادا وڵاتی ئێران دروستیکردوون، بەردەوامە لە دروستکردنی بەنداو و تونێلی نوێ بۆ گواستنەوەی ئاوی ئاوزێڵی ڕووباری سیروان و زێی بچوک، کە لە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێراندایە بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئێران[٤]، بە جۆرێک لە بەرنامەیدایە سیاسەتێکی ئاوی وا پەیڕەوبکات کە تەواوی ئەو ئاوەی دەڕژێتە عێراق و هەرێمی کوردستان چۆڕبڕ بکات، بۆنمونە لە پلانی پێنجەمی گەشەپێدانی نیشتیمانی

---

١- محمود الشمری، قەیرانی ئاو لە ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵکی دیالە، پێگەی ئەلیکترۆنی ئێران وایەر، ١/کانونی یەکەمی ٢٠٢١، بەردەستە لەم لینکە- https://iranwire.com/ku/features-١/٥٥٠٦٤/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٩/١٨.

٢- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، التحكم الإيراني بمياه العراق-خلفيات الأزمة ومستقبل الصراع، صحيفة الاستقبال، ٢٠٢٢/١/١١، ص٩-١٠

٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز سامان ئیسماعیل، سەرچاوەیەک پێشوتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٢٦-١٢٧.

ئێران بۆ ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٥) هاتووە، کە دەبێت ڕێبگیرێت لە تێرژانی ئاو بۆ وڵاتانی دراوسێ و ڕێڕەوی ئەو ئاوانە بگۆڕێت بۆ ناو خاکی ئێران.[١]

هەر لەم بارەیەوە لە کۆنگرەیەکدا لەسەر ئاو، کە لە مانگی شوباتی ساڵی (٢٠١٨) لە تاران بەسترا، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران (عەباس عێراقچی) بە ئاشکرا ڕایگەیاند، کە وڵاتەکەی ڕێگە لە دەرچوونی ڕووبارەکان دەگرێت و لەناو خاکی ئێراندا گلیاندەداتەوە[٢]، بێگومان ئەوەش تاوانێکی ڕاستەقینەیە نەک تەنیا دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو دژی سیستەمی ژینگەی ناوچەکە، چونکە هەر ڕووبارێک بۆخۆی لە ڕووی سروشتییەوە سیستەمێکی ژینگەیی تایبەت و تەواوی هەیە، بەڵام قەدەغەکردن و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکە دەبێتەهۆی لەناوبردنی ژیانی سروشتی و هەموو ئەو تایبەتمەندییە سروشتیانەی ئاوزێڵەکە پێکیهێناوە، هەروەها ئەو سیاسەتە بە ئاشکرا پێچەوانەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان[٣]، بەڵام ئێرانیش لەسەر هەمان ڕێچکەی تورکیا، ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان پشتگوێ دەخات و دانیان پێدانانێت.

بەهۆی ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران پەیڕەویدەکات لەسەر ئەو ڕێژگانەی ڕووباری دیجلە کە دەڕژێنە هەرێمەوە، بووەتەهۆی کەمکردنەوەی داهاتی ئاوی ئەو ڕێژگانە لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٦٠-٧٠٪)، لە ئێستادا ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی وشکییەکی وابوونەتەوە کە پێشتر شتیوایان بەخۆوە نەدیوە، دەرەنجامی ئەو سیاسەتە نایاساییانە و بە شکاندی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕووبارە هاوبەشەکان دادەنرێت، هەروەها وەکو جەنگێکی ڕانەگەینراوی ئاویش وایە[٤]، چونکە وڵاتی ئێران بە هیچ شێوەیەک گوێ بە پێداویستییە ئاوییەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت نادات.

بێگومان کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی ئەو ڕێژگانە کاریگەرییەکی نەرێنی زۆر دەکاتەسەر کۆی پێداویستییە ئاوییەکان و دەتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، چونکە بێ ئاوی جگەلەوەی کاریگەری خراپی لەسەر بژێوی ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەبێت، بەوپێیەی دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان کە سەرچاوەی بژێوی دانیشتوانی ناوچەکانی قەراخ ڕووبارەکەن، ناچار دەبن شوێنی نیشتەجێبوونیان

---

١- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، التحكم الإيراني بمياه العراق-خلفيات الأزمة ومستقبل الصراع، صحيفة الاستقبال، ٢٠٢٢/١/١١، ص٨-٩.

٢- خالد سلێمان، گۆڕانی کەش وهەوا لە کوردستان: ئاڵەنگاری و ڕووبەڕوو بوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٥٢.

٣- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي وتأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص٢١٤-٢١٥.

٤- خالد جاسم الحچيمی، سياسة إيران المائية تجاه العراق وانعكاساتها على نشاط الاقتصادي-دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة جورنال، العدد٦٣، كانون الأول ٢٠٢١، ص٥٥١.

جێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ سەرچاوەکانی ئاو، دەرەنجامی هەر کۆچێکی ناوخۆییش بەهۆی بێ ئاوییەوە ململانێی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

**سێیەم/** سەرباری هەبوونی چەندین ڕیککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵی ئیمزاکراوی نێوان عێراق و ئێران، کە تایبەت بوون بە ڕێکخستنی پشکی عێراق لە ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکانی نێوانیان، لەوانە:

١. پەیماننامەی ئەرزڕۆمی دوووم ساڵی (١٨٤٧)، پرۆتۆکۆڵی ئەستانە لە ساڵی (١٩١٣) و کۆمیتەکانی هێڵکاری سنور لە ساڵی (١٩١٤) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا، هەموویان جەخت لەسەر مافی عێراق لە ئاوی ئەو ڕووبارانە دەکەنەوە بە یەکسانی، هەرچەندە ئەو ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵانە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی فارسدا بووە، بە تەواوی و بەپێی پێویستییەکانی سەردەم نەیانتوانیوە کێشەی سنور و ڕێڕەوە ئاوییەکانی نێوان هەردوو وڵات چارەسەر بکەن، بەڵام دەوڵەتی نوێی عێراق کە لە ساڵی (١٩٢١) دامەزرا، تا ئەمڕۆش بۆ سەلماندنی ئەو مافە سنوری و هەرێمیانەی کە بۆی بەجێماون، پشت بە دەقەکانی ئەو پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵ و کۆنوسانە دەبەستێت[١]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران گوێی بە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەو ڕیککەوتننامانە نەداوە و بەردەوام بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووبارانە کردووە وەک ئەوەی خرایەڕوو.

٢. پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٧)، جەخت لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە دەکاتەوە کە لەو پرۆتۆکۆڵانەی ساڵی (١٩١٣ و١٩١٤) هاتووە.[٢]

٣. ڕێککەوتننامەی سنوری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتی باشی ساڵی (١٩٧٥)، ئەم ڕیکەوتننامەیە سێ پرۆتۆکۆڵی لێکەوتەوە کە لە بەغدا واژۆ کران، هەروەها لە بەرواری (١٩٧٥/١٢/٢٦) پێنج ڕێککەوتننامەی دیکە هاوپێچ بەو ڕێککەوتنامەیە لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆکران، تێیدا باس لە شێوازی یەکسان و سودوەرگرتنی باشتر و گەرەنتیکردنی ڕۆیشتنی سروشتی ئاوی ڕووبارەکان دەکات، هەر لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە کە هەردولا خۆببوێرن لە هەرجۆرە بەکارهێنانێکی ئەو ڕووبارانە کە ببێتەهۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی لایەنەکەی دیکە[٣]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێککەوتنەکە و هاوپێچەکانی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

بەڵام لایەنی ئێرانی بەبێ گوێدانە ئەو ڕیککەوتن و پەیماننامانە چەندین بەنداو و تونێلی لەسەر ڕێڕەوی ئەو ئاوە هاوبەشانە دروستکردووە، بێ گوێدانە پێداویستییە ئاوییەکانی عێراق و هەرێمی

١- ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٠١-١١٠.

٢- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي وتأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص٢١٥.

٣- ئازاد وەڵەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان – لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٥-١٢٨.

کوردستان، بەوهۆیەشەوە زیانێکی گەورەی بە بەشە ئاوی هەرێمی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی گشتی گەیاندووە، سەرباری داخوازی و نارەزایەتییەکانی عێراق دەربارەی مافە یاسایی و بەدەستهاتووەکانی لە ئاوی ئەو ڕووبارانە پشتبەست بەو ڕێککەوتنانەی کە لە نێوان عێراق و ئێراندا واژۆکراوە، بەڵام ئێران وەڵامی ئەو نارەزایەتی و داخوازییانەی نەداوەتەوە، بەڵکو درێژەی بەو بێ هەڵوێستییەی داوە و بەردەوامبووە لە جێبەجێکردنی پڕۆژە ئاوییەکانی.[١]

واتا هەموو ئەو پڕۆژە ئاوییانەی کە ئێران لەسەر ئەو ڕێژگانە دروستیکردوون، بەهیچ شێوەیەک ڕاوبۆچوونی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستانی وەرنەگرتووە، تاوەکو بیروبۆچوون بگۆڕدرێتەوە و لەبەرڕۆشنایی بەرژەوەندی ئاوی هاوبەش لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئەنجامی بدات[٢]؛ بەگشتی ئێران وا کاردەکات لەگەڵ ئەم کێشەیە وەک پرسێکی ناوخۆیی نەک هەرێمی[٣]، هەربۆیە ترسی ئەوە هەیە ئەم کار و پرۆژانەی ئێران لەسەر ئاوە هاوبەشەکان، عێراق بە تەواوی بێبەش بکات لەو بەشە ئاوە مێژوویەی کە دەرژایە عێراقەوە لە و ڕووبارانە[٤]، ئەگەرچی ئێران پێداگری دەکات کە نایەوێت مامەڵەی خراپ لەگەڵ عێراق بکات سەبارەت بە پرسی ئاو، بەڵام بەرپرسانی عێراق دەڵێن؛ ئێران پابەندی ڕێککەوتننامە و بنەما نێودەوڵەتییەکانی دابەشکردنی ئاو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی عێراقی هەوڵدەدات بگاتە چارەسەری هاوبەش لە ڕێگەی گفتوگۆوە، بەڵام کونسوڵی ئێران لە سلێمانی بانگەشەی ئەوەدەکات کە هیچ ڕێککەوتنێکی پابەندکەر لە نێوان ئەو دوولایەندا نییە، کە گفتوگۆی لەسەر بکەن، جگە لە ڕێکەوتنی بەکارهێنانی حەوت ڕووباری سنوربڕ کە لە ناویشیدا سیروان و زێی بچوکی تێدا نییە.[٥]

هەربۆیە دانوستانە ئاوییەکانی نێوان عێراق و ئێران گەیشتۆتە بنبەست، بەهۆی وەڵام نەدانەوەی ئێران بۆ داخوازییەکانی عێراق و بەردەوامبوونی ئێران لەسەر ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە زیانێکی زۆر بە عێراق و هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، هەر لەم بارەیەوە وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق (مهدي رشيد الحمداني) لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٢١) ڕایگەیاندووە "تا ئێستا لەگەڵ ئێران نەگیشتونەتە ڕێککەوتن دەربارەی بەشە ئاوی عێراق"[٦]، بە هەمان شێوە ڕاوێژکاری هونەری وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق (عون ذياب) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت "ئێران

---

١- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي وتعثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص ص٢١٤-٢١٥.

٢- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣-١٤.

٣- د. بنفشه كي نوش، مصدر سبق ذكره، ص٨٨.

٤- سلام عبدالقادر عبدالرحمن، جفاف نهر الزاب السفلى والنزاعات المائية المستقبلية بين إيران و إقليم كردستان والعراق، المجلة الدولية للدراسات البيئية، المجلد ٧٥، ٢٧/كانون الثانی/٢٠١٨، تأريخ الدخول ١٣/آب/٢٠١٨، ربط-http://cutt//us/٠d٦R٠.

٥- د. بنفشه كي نوش، مصدر سبق ذكره، ص ص٩١-٩٢.

٦- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، مصدر سبق ذكره، ص٢٠-٢١.

ڕەتیدەکاتەوە پشکی ئاوی عێراق لە ڕووبارە هاوبەشەکان دابینبکات"[1]، هەروەها (ڕەحمان خانی) بەڕێوەبەری گشتی بەنداوەکانی هەرێم دەڵێت " تائێستا ئێران ئامادەی هیچ ڕێککەوتن و دانوستانێک نییە لەگەڵ لایەنی عێراقی سەبارەت بە مافی بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان بە کرداری، هەربۆیە لە دواین کۆبوونەوەدا کە ناوبراو ئامادەی بووە، کە لە سەرەتای مانگی (٥) ئەمساڵدا (٢٠٢٢) ئەنجامدراوە و (مصطفى كاظمي) سەرۆک وەزیرانی عێراق خۆی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کردووە، بڕیاردراوە کە نارەزایەتییەک لە وەزارەتی دەرەوە بدرێتە ئێران وەکو نارەزایەتییەک بۆ ئەو ئاوانەی کە گیراوتەوە، دەشڵێت هەوڵەکان بەردەوامە تاوەکو لە ڕێگەی دانوستاندنەوە بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو ڕێککەوتنە نەکراوە".[2]

هەربۆیە (مهدی رشيد الحمداني) وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق دەڵێت "دەستیانکردووە بە تەواوکردنی ڕێکاری بە نێودەوڵەتیکردنی پرسەکە و سکاڵایان تۆمارکردووە دژی ئێران لە دادگای دادی نێودەوڵەتی، بەوپێیەی لەسەر ئەو سەرپێچیانە چەندین جار ئێرانیان ئاگادارکردۆتەوە بە شێوەیەکی فەرمی، بەڵام ئێران هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە" [3]، لەکاتێکدا ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران جێبەجێی دەکات لەسەر ڕێرەوی ئاوە هاوبەشەکان سەرپێچیکردنی یاسای نێودەوڵەتییە، کە بە دق ئاماژە بەوەدەدات کە ناکرێت ئاوی ڕووبارێکی نێودەوڵەتی بگوازرێتەوە بۆ ڕێرەوێکی دیکە لەلایەن وڵاتانی سەرچاوە و ناوەڕاستەوە، چونکە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە دانیشتوانی وڵاتانی خوارووی ڕێرەوە ئاوییەکە لە کورتمەودا و درێژمەودادا[4]. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە وڵاتی ئێران نە پابەندی ئەو ڕێککەوتنانە دەبێت کە پێشتر لەگەڵ عێراق گرێیداوە، نە ویستی ئەوەی هەیە کە ڕێککەوتنێکی نوێ تایبەت بە دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە واژۆ بکات، لە هەمان کاتدا بەردەوامیشە لەسەر ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە بەهۆیەوە زیانێکی زۆری بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە، چونکە کەمبوونەوەی داهاتی ئاو بەهۆی سیاسەتی ئاوی ئێران و پرۆژە ئاوییەکانییەوە چەندین لێکەوتەی نەرێنی هەبووە، لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەوپێیەی داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە سەرچاوەی سەرەکی پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێنن.

پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران، لەلایەک بە مەبەستی دەستەبەرکردن و دڵنیایی ئاسایشی خۆراکە، دوای ئەو سزایانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندی بەسەریدا بەتایبەت لە بواری فرۆشتنی نەوت، بەوەش ئێران زیاتر ڕووی لە سێکتەری کشتوکاڵ کردووە

---

١- براء الشمرى، أزمة المياه في العراق: تفاهمات مع تركيا وتوجه للتدويل مع إيران، ٢٥/تشرين الأول/٢٠٢١، منشور من موقع العربي، متوفر من ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣. https://www.alaraby.co.uk/economy

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشوتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، مصدر سبق ذكره، ص ص٢٠-٢١.

٤- د. سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مصدر سبق ذكره، ص٢٣٠.

بۆئەوەی تەواوی پێداویستییەکانی خۆی دابینبکات و بیکاتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات[1]، هەربۆیە بەشێک لە سیاسەتمەدارانی ئێران لەوانە (علی هاشمی رەفسنجانی و حەسەن ڕۆحانی) سەرۆک کۆمارانی پێشووتری ئێران پشتیوانی پلانەکانی گواستنەوەی ئاوی ڕووبارەکانی کارونیان کرد بۆ شارۆچکەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لەپێناو پرۆژە کشتوکاڵییەکان، چونکە بڕێکی زۆر ئاو کە نزیکەی (٩٣٪) سەرچاوەی ئاوی نوێبووەوەی وڵاتەکەیە لە پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاودێریدا بەکاردەبرێت[2]، بەوپێیەی ئاو سەرچاوەی سەرەکییە لەم بوارەدا و دیاریکەری ئەو ڕووبەرە زەویانەیە کە دەتوانرێت بکرێت بە کشتوکاڵ، لەبەرئەوە ئێران دەیەوێت ئاوی زیاتر دەستەبەر بکات، ئەوەش لەسەر حسابی کەمکردنەوەی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە بۆ بارودۆخی ناهەمواری ئێران دەگەڕێتەوە کە لە ئێستادا گیرۆدەی گرفتی کەمئاوی بووە، هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ئێران زیاتر ڕووبەڕووی قەیرانی ئاو دەبێتەوە لە داهاتوودا، ئەوەش بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەو وڵاتەدا، چونکە کاریگەری خراپی لەسەر دابینکردنی ئاو هەبووە لە ئێراندا، بۆیە توێژەران پێشبینی ئەوە دەکەن ئێران تووشی قەیرانی قوڵی ئاو دەبێت، کێشەی ئاو بووەتە هۆکاری کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی لە ئێران، ئەگەری هەیە تا ساڵی (٢٠٣٦) قەیرانی گەورەی ئاو لە ئێران دروستببێت، هەر بە وتەی (عیسا کەلانتەری) سەرۆکی بەڕێوەبردنی ژینگە، دەڵێت "بەهۆی کەمبوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکان تا ساڵی (٢٠٥٠) ڕێژەی (٧٠٪) ئێرانییەکان دەبێت وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن"، ئەوەش بوونی ئەو قەیرانە پشتڕاست دەکاتەوە[3]، کە وادەکات ئێران زیاتر دەست بە ئاوەوە بگرێت و هەوڵبدات زیاتر جڵەوی ئەو ئاوانە بکات کە دەڕژێنە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت.

لەبەرئەوە لە ئێستادا ئێران بە پلان خەریکی وەبەرهێنانی سەرچاوە ئاوییەکانە، بەهۆی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا بڕی باران بە ڕێژەی (٢٥٪) کەمیکردووە، بڕی ئەو ئاوەش کە دەکرا لە بەنداوەکانیدا گەنجینە بکرێت (٣٣٪) کەمیکردووە، واتا لە (٣٢ ملیار م$^3$)ەوە کەمیکردووە بۆ (٢٥ ملیار م$^3$)، بۆیە بەو بڕە ئاوە ناتوانێت بڕی دانەوێڵە و وزەی پێویست بەرهەم بهێنێت، ناچار لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاوی ڕووبارەکانەوە چارەسەری ئەم گرفتە دەکات. شارەزایانی بواری هایدرۆلۆژیا و کەشوهەوای ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە ئەگەر ئێران سەرچاوە ئاوییەکانی بە وردی وەبەرنەهێنێت ئەوا لەچەند ساڵی ئایندەدا نزیک بە کێشەی گەورەی بێئاوی دەبێت، لەبەرئەوە ئێران بەڕوونی لە (٢٠١١) دا بەعێراقی ڕاگەیاندووە، کە هەموو ئەو ڕووبارانەی لە ئێرانەوە دەڕژێنە عێراقەوە دادەخات، چونکە وڵاتەکەی بەدەست کێشەی

١- د. ئەیوب سابیر گەڵاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٢.

٢- د. بنفشه كي نوش، مصدر سبق ذكره، ص٨٦.

٣- بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٨.

کەمئاوییەوە دەناڵێنێت[1]. ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئێران ئەگەر بتوانێت لە داهاتوودا نایەڵێت هیچ برە ئاوێک لە سنورەکانیەوە بڕژێتە هەرێمی کوردستان، هەروەها ئاماژەیەکی ئاشکرایە بەوەی کە ئێران بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە پەیڕەویدەکات، بەهۆی پێویستی زۆری بە ئاوی ئەو ڕووبارانە.

بێگومان ئەوەش گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروستدەکات هەر لە دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان تا وشکبوونی (ڕووباری قۆرەتوو ئەڵوەند بەنمونە) ، کاریگەرییە خراپەکانی ئەمە لەسەر کشتوکاڵ و ژینگە دەرکەوتووە سەرباری کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و گۆڕانی ژینگەی ئاوزێڵەکان، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین؛ سیاسەتی ئاوی ئێران بە خراپی کاری لە سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان کردووە بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان، چونکە جگە لەو ڕووبارانەی کە لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن هیچ سەرچاوەیەکی گەورەی ئاوی دیکە لە ناوچەکەدا نییە، بێئەوەی هەرێمی کوردستان جوڵەیەکی وای هەبێت لە ئاستی ئەم مەترسییەدا بێت[2]، لەکاتێکدا بەگوێرەی نەخشەی ئاوی جیهانی کە بۆ ناوچە مەترسی لەسەرەکانی ئاو کراوە، هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی مەترسیدایە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا.

لەلایەکی دیکەوە ئێران دەتوانێت ئەو ئاوانە وەک چەکێکی سیاسی دژی هەرێمی کوردستان و عێراق بەکاربێنێت وەک لە ڕابردوودا بەکاریهێناوە، دەتوانێت لە داهاتووشدا ئەم ئامرازە بۆ فشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان و عێراق بەکاربێنێت، بۆنمونە گرتنەوەی ئاوی زێی بچوک لە هاوینی ساڵی (٢٠١٧) لە ڕێگەی پرۆژە ئاوییەکانییەوە کە لەسەر ئەو زێیە دروستیکردوون، توانی چەند ڕۆژێک ئاوی ئەو ڕووبارە بە تەواوەتی وشک بکات، بەپێی لێکدانەوەی چاودێران ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران کاردانەوەی بڕیاری ڕیفراندۆم بوو، کە لەلایەن سەرکردەی کورد (مەسعود بارزانی) یەوە درا، بە هەمان شێوە عێراقییەکان باوەڕیان وایە بڕیاری بڕینی ئاو و کارەبا لەلایەن ئێرانەوە بۆ یاریکردن بوو بە ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق کە لە (مایسی ٢٠١٨) بەڕێوەچوو، لەپێناو سەرخستنی پاڵێوراوی خوازراوی ئێران بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.[3]

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٦٠٪) پشت بەو سەرچاوە ئاویانە دەبەستێت کە لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەوەش بە خاڵێکی لاواز دادەنرێت لە ڕووی جیۆپولتیکەوە سەبارەت بە ئاسایشی ئاوی هەرێمی، لە هەمان کاتدا تورکیا و ئێران ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییەیان بە هەند وەرگرتووە لە ڕێگەی سیاسەتێکی ئاوی تاکلایەنە و لەسەر بنەمای (پرەنسیپی هارمۆن) بێگوێدانە پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕێسا و یاسا دوقۆڵی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاو، چەندین پرۆژەی ئاوی گەورەیان لەسەر

---

١- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدا، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣-١٤.

٢- د. خەلیل کەریم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤.

٣- د. بنفشه كي نوش، مصدر سبق ذكره، ص٩١-٩٢.

ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانە دروستکردووە، ئەوەش بووەتەهۆی کەمکردنەوەی داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە دەرکەوتووە بڕی ئەو ئاوەی کە دەگاتە هەرێمی کوردستان زۆر کەمیکردووە بەراوورد بە تێکڕای ساڵانی پێشوو، دەرەنجامی کار و سیاسەتی وڵاتانی تورکیا و ئێران، لەبەرئەوە چاوەڕیدەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆرێک لەو ڕووبارانە ببنە ڕووباری وەرزی، ئەوەش وادەکات هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم زیاتربێت، چونکە هەر کەمکردنێک لە داهاتی ئاو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی سێکتەرەکان (کشتوکاڵ، پیشەسازی، شارستانی، گەشتوگوزاری..وهتد) دەبێت، ئەمە سەرباری ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان کە لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا خرایەڕوو، کە پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە و بەڕێوەبردنێکی زانستی و باشتری دەرامەتە ئاوییەکان هەیە لە ناوخۆدا، بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ دۆخی ئێستای ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت، لەبەرئەوە ئەگەر ڕێکاری پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە نەگیرێتەبەر لەسەر ئاستی ناوخۆ و پاشان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، ئەوا شتێک بە ناوی ئاسایشی ئاو نابێت لە هەرێمی کوردستاندا؛ بۆیە لە بەشی دواتردا گرنگترین ئەو ڕێکارانە دەخەینەڕوو کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆچارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی هەریەک لەو ئاڵنگاریانەی کە بوونەتە مەترسی لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان.

## بەشی چوارەم : چارەسەری ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان

وەک لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵێک ئاڵنگاری ناوخۆیی و دەرەکیدایە، ئەو ئاڵنگاریانەش پێویستی بە چارەسەری گونجاوە تاوەکو بتوانرێت ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بپارێزرێت و لەو مەترسی و هەڕەشانە ڕزگاربکرێت، کە لە ڕاستیدا هەڕەشەکان ڕاستەقینەن و پێویستیان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و گونجاوە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی هێز و توانای خۆی (ماددی و مرۆیی) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسی و ئاڵنگاریانە بخاتەگەڕ، چونکە ئاسایشی ئاو پەیوەستە بە کۆی سێکتەرەکانی ژیان و پرسەکە پەیوەستە بە مان و نەمان، دەبێت کاتێک باسی ئاسایشی ئاو دەکرێت ڕابچڵەکێین و لە ئاست گرنگی و بایەخی پرسەکەدا بین. لێرەدا گرنگترین ئەو ڕێکارانە دەخەینەڕوو کە پێویستە بگیرێتەبەر لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگاریانە و بەدیهێنان و پاراستنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە ئێستا و داهاتوود؛ گرنگترین ئەو ڕێکارانەش لە ڕێگەی دوو باسی سەرەکییەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

### باسی یەکەم : چارەسەرییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ

لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا ئەوە ڕوونکرایەوە کە سەرچاوەی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٤٠٪) لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندایە و نزیکەی (٦٠٪) لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان (تورکیا و ئێران) ەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەو ئاوەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دەڕژێتە ناو هەرێم مسۆگەرنییە، لەبەرئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە هەرێمی کوردستان بتوانێت پشت بەو سەرچاوە ئاوییانە ببەستێت کە لە ناوخۆی هەرێمدایە، نەک ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە سەرچاوە دەگرن و هیچ دڵنیاییەکیان نییە، لە هەرکات و ساتێکدا بێت ئەو وڵاتانە ڕێگری لە تێرژانی دەکەن بۆ ناو هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو پلانانەی کە وڵاتانی دراوسێ هەیانە بەڕاستی پلانی مەترسیدارە، بە جۆرێک لە بەرنامەیاندایە کە نەیەڵن هیچ بڕە ئاوێک بڕژێتە ناو هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەسەڵاتیاندابێت، وەک لە بەشی پێشوودا ڕوونکرایەوە.

لەبەرئەوە پێویستە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو دەرامەتە ئاوییانە ببەستێت کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندان، چونکە چارەسەری بنەڕەتی ئاسایشی ئاو لە هەرێم لەناو هەرێمی کوردستانەوە دەبێت بکرێت نەک لە دەرەوە. ئەوەش دەکرێت لە ڕێگەی دانانی پلان و ستراتیژی ئاو بەدیبێت بۆ گەشەپێدانی دەرامەتە ئاوییەکان لە ڕووی بڕ و جۆرەوە؛ ستراتیژی ئاو بە واتای "بەکارهێنان و خستنەبەردەستی تەواوی ئامراز و تواناکانی گەشەپێدانی دەرامەتە ئاوییەکان دێت، ئەم ستراتیژە لەسەر دوو کۆڵەکەی بنچینەیی دەوەستێت ئەویش پارێزگاریکردنە

لە دەرامەتی ئاوی هەبوو و باش بەکارهێنانی و گەڕانە بەدوای سەرچاوەی ئاوی نوێدا"[1]، واتا ستراتیژی ئاو خۆیدەبینێتەوە لە دوو ئامڕازی بنچینەیی، کە ئەوانیش (بەڕێوەبردنی خواستە لەسەر ئاو، بەڕێوەبردنی خستنەڕووی ئاوە) کە هەریەکەیان کۆمەڵێک ئامڕاز دەگرێتەخۆ، وەک لەم دوو تەوەرەدا دەیانخەینەڕوو:

**تەوەری یەکەم/ بەڕێوەبردنی خستنەڕووی ئاو (إدارة عرض المياه)**

بەڕێوەبردنی خستنەڕووی ئاو؛ هەموو ئەو ڕێکار و بەرنامە و پڕۆژانە دەگرێتەخۆ کە پێویستە بۆ گەشەپێدان و بەکارهێنانی دەرامەتە ئاوییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی، هەروەها هەر کارێک کە دەبێتەهۆی باشکردنی جۆرێتی ئاو و زیادکردنی بڕەکەی[2]، کە ئەوەش دەکرێت لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەدیبێت، کە بریتین لە:

**یەکەم/ دروستکردنی بنکەی زانیاری**

سەرەتای هەر پلانێک بۆ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان پێویستی بە داتا و زانیاری ورد و پێویستە، بۆئەوەی ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی ئاو سەرکەوتووبێت و بتوانرێت بە باشی پلانەکان بەڕێوە ببرێت، واتا هەنگاوی یەکەمی بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتووی ئاو پێویستی بە داتای ورد و زانیاری پێویستە لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان، کە تائێستا لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە؛ واتا لە سەرەتادا پێویستە حکومەتی هەرێم بنکەی زانیاری دروستبکات، لە ڕێگەی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی دەرامەتە ئاوییەکان لە ڕووی بڕ و جۆرەوە، چونکە ئەم هەنگاوە بە ژێرخانی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ دانانی پلانی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان، لەبەرئەوەی بەبێ بوونی داتا و زانیاری پێویست لە هەر بوارێکدا ناتوانرێت پلانێکی سەرکەوتوو دابڕێژرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بوارە، بۆیە پێویستە هەرچی زووە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان هەستن بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:[3]

١. ئەنجامدانی ڕووپێوییەکی گشتی بۆ سەرجەم دەرامەتە ئاوییەکان، تاوەکو بزانرێت بڕی ئەو داهاتە ئاوەی کە هەیە (سەرزەوی، ژێرزەوی و دابارین) چەندە و چەندی لێ نوێدەبێتەوە، لە ڕێگەی دانانی ویستگەی پێوانەکردنی ئاو لە سەرجەم ڕووبارە هەمیشەیی و وەرزییەکان، هەروەها دانانی پێوانەکردن لەسەر بیرەکانی ژێر زەوی بەوپێیەی هەرێم زۆر هەژارە لە ڕووی داتاوە.

---

١- إلهام خزعلي ناشور، نحو إستراتيجية لتنمية الموارد المائية في محافظة البصرة، مجلة الغرى للعلوم الإقتصادية والإدارية، السنة العاشرة، المجلد السابع، العدد الثلاثون، ٢٠١٤، ص١٤.

٢- عطا فهد عبدالرحمن المناصير، الأمن المائي الأردني: التحديات والأخطار، قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في العلوم السياسية، جامعة الشرق الاوسط، كلية الآداب والعلوم/قسم العلوم السياسية، كانون الثاني ٢٠١٢، ص٧٤.

٣- عبدالرحمن ديدوج، مصدر سبق ذكره، ص ٥٧-٥٨.

٢. پێویستە ڕووپێوییەکی گشتی بکرێت بۆ پێداویستی ئاوی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا بۆ ئێستا و داهاتوو، بۆئەوەی بە وردی دۆخی ئاسایشی ئاو دیاری بکرێت و بزانرێت پێداویستی ئاوی لە سەرجەم سێکتەرەکان چەندە، واتا دەبێت بزانرێت ساڵانە چەند ئاو بەکاردێت بۆ هەر سێکتەرێک لەو سێکتەرانەی کە ئاو بەکاردێنن.

٣. پێدانی لەپێشەنە (ئەولەویەت) بە توێژینەوەی زانستی و پسپۆڕی لە بواری ئاودا و پێویستە پشتیوانی مادیی و مەعنەوی ئەو توێژینەوانە بکرێت کە لەم بوارەدا ئەنجامدەدرێت و دەرەنجامەکانی جێبەجێبکرێت.

٤. هەروەها پێویستە تۆڕێکی ڕێکخراو لە ویستگەی کەشوهەوا دروستبکرێت بۆ پێوانی ڕەگەزەکانی کەشوهەوا (پلەی گەرما، دابارین، بەهەڵمبوون) بەتایبەتی کە ڕۆڵیان هەیە لە هاوسەنگی ئاو[١]، بۆئەوەی بزانرێت کە ساڵانە لە هەر جێیەک چەند باران دەبارێت و پلەی گەرما چەندە و چەندی لێدەبێت بە هەڵم.

٥. دانانی سیستەمێکی چاودێری ورد و نوێکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بە بەردەوامی.

واتا ئەنجامدانی ڕووپێوییەکی زانستیانەی گشتگیر، بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو ئامار و زانیاریانەی پلانەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی، چونکە ئەنجامدانی ڕووپێوییەکی گشتگیر و تۆمارکردنی ئامار و زانیارییەکان و ڕاڤەکردنی زانستیانەیان بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت، کە بەبێ بوونی ناتوانرێت پلانێکی سەرکەوتوو داڕێژرێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان[٢]، بۆنمونە دەبێت بزانرێت چەند باران دەبارێت، ڕێژەی باران لە کوێ باشە و دەگونجێت بۆ چاندنی بەروبومە کشتوکاڵییەکان یان بۆ پێشخستنی پرۆژەکان، ئەوە دەبێتە پلانێکی سەرەکی بۆئەوەی بتوانرێت لەسەر داتای ئاو و پێداویستی ئاو پلانەکان دابڕێژرێت، چونکە دەکرێت پێداویستی زۆربێت بەڵام ئاو نەبێت، دەبێت بزانرێت چەندە ئاو هەیە و ئەو ئاوە بەشی چی دەکات، دەبێت توێژینەوە بکرێت لەوەی ئاو لە کوێ کۆبکرێتەوە لە کوێ بەکاربێت و لە کوێوە بگوازرێتەوە بۆ کوێ، تاوەکو بتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئاسایشی ئاو دابینبکرێت.

**دووەم/ دروستکردنی پرۆژەی بەنداو و کۆگای ئاو**

یەکێک لە پرۆژەکانی دیکەی پەرەپێدانی دەرامەتی ئاو، کە پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاو بریتییە لە دروستکردنی بەنداو و کۆگای ئاو بۆ کۆکردنەوەی ئاوی سەرزەوی بەتایبەتی ڕووبارەکان و دواتر سودلێوەرگرتنی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لەگەڵ ئەوەی دروستکردنی بەنداو کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ژینگەی سروشتی ئەو ڕووبارانەی کە لەسەری

١- د. آزاد جلال شریف، میاه العراق – الواقع و سبل التنمیة المستدامة، مصدر سبق ذکره، ص١٥١.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٧٥-١٧٦.

دروستدەکرێت و چەندین مەترسی دروستدەبێت بەهۆی دروستکردنی بەنداوەکانەوە بەتایبەت بەنداوی گەورە*، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاریکە و پێویستە جێبەجێبکرێت و ناکرێت پشتگوێ بخرێت[1]، بەهۆی سودی زۆری لە بواری پاراستنی ئاو و بەکارهێنانی بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا و ئاودێری و گەشتوگوزار و خواردنەوە و چەندان سودی دیکە.

دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستاندا بابەتێکە نەک هەر گرنگە بەڵکو پێویستییەکی هەنوکەییشە، بەوپێیەی کە سەرجەم ئەو بەفر و بارانەی کە لە وەرزی زستان و بەهاردا دەبارێت ڕۆدەچنە چەم و ڕووبارەکانەوە، کە تا ئێستا وەکو پێویست نەتوانراوە سودی لێوەربگیرێت[2]، دروستکردنی بەنداو باشترین ڕێگەیە بۆ ڕێگریکردن لە مەترسی لافاو و گلدانەوەی ئاوی ڕووبار و باراناو، بەتایبەت لەو کاتانەی باران بە لێزمە دەبارێت، دواتریش بەکارهێنانی لەکاتی پێویستیدا، لە ئێستادا ساڵانە (٥٠٠) بەنداوی گەورە و بچوک لە جیهاندا دروستدەکرێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان شوێنێک نەماوە کە شیاوی بەنداوبێت و لێیدروست نەکرابێت، بەدەر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و دواکەوتوو، کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو وڵاتانەی کە نەتوانراوە ئەم ڕێگەیەی تێدا بەباشی بەکاربهێنرێت.[3]

لەکاتێکدا ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان دابەشبووە بەسەر تەواوی هەرێمی کوردستاندا، واتا هەڵکەوتە جوگرافییەکەی بە جۆرێکە کە لە زاخۆوە دەستپێدەکات تا دەربەنیخان و خانەقین، ئەگەر وەکو پێویست بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارانە دروستبکرێت، دەتوانێت پێداویستییە ئاوییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان پڕبکاتەوە[4]، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دروستکردنی بەنداو گرنگە و پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاو، بەڵام دەبێت ڕەچاوی هەندێک خاڵ بکرێت لە دروستکردنی بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی باشترین خزمەت بە ئاسایشی ئاوی هەرێم بکات، لەوانە:

١. باشترە بەنداوەکان لە بەشی ژووری ڕووبارەکان دروستبکرێت، بەشی ژوورووی هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە شیاوە بۆ دروستکردنی بەنداو، چونکە دۆڵی قوڵی تێدایە کە دەتوانرێت بڕێکی زۆر ئاو کۆبکرێتەوە لە ڕووبەرێکی بچوکدا، بێئەوەی زیان بە زەوییە کشتوکاڵییەکان بگەیەنێت، لە هەمان کاتدا لەوێوە دەتوانرێت ئاو بۆ هەموو بەشەکانی خوارووتری هەرێمی کوردستان دابینبکرێت[5]، ئێستا کە بەنداوی دووکان و دەربەندیخان دروستکراون و ئاویان

---

*- لە دیارترین زیانەکانی بەنداوە گەورەکان بریتییە لە: (کۆچ پێکردنی هاوڵاتیانی ئەو شوێنانەی کە مەترسی ژێرئاو کەوتنیان هەیە، داپۆشینی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی کشتوکاڵی، کۆبوونەوەی چەندەها میکرۆب ڤایرۆسی زیان بەخش، تێکدانی شێوەی سروشتی ڕووبا ر و ناوچەکە... وهتد).

١- د. ثائر محمەد رشید العانی، مصدر سبق ذکرە، ص٢٨٨.
٢- د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٥٨.
٣- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی دووەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١١.
٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٥- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

تێدا گەنجینە کراوە، ناتوانرێت ئەو ئاوەی لە دووکان گلکدراوەتەوە سودی لێوەربگیرێت بۆ دەشتەکانی پشدەر، چونکە هەمیشە سودەکەی بۆ خوارووترە، بۆیە باشترین کار ئەوەیە بەنداوەکان لە بەشی ژووروری هەرێمی کوردستان دروستبکرێت.

٢. باشترین شت لەم کاتە بۆ هەرێمی کوردستان کە دەستوری عێراقیش ڕێگەدەدات، دروستکردنی بەنداوی بچوک بچوکە لە بەشی ژووروری ڕووبارەکان[١]؛ بەپێی ماددەی (١١٤/ بڕگەی حەوت) کە دەڵێت ئەو ئاوەی کە لە هەرێمی کوردستاندایە، ئەوە دەسەڵاتێکی هاوبەشە لە نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵدا[٢]، کەواتە ئێستا هەرێم بوارێکی بۆ ڕەخساوە بۆئەوەی بتوانێت ئەو ئاوەی کە هەیەتی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بەڕێوەی ببات، بەڵام بە ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵ، چونکە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ ناتوانێت بەنداوێکی گەورەی ستراتیژی دروستبکات بەبێ ڕەزامەندی ناوەند ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستا لە ڕووی داراییەوە ئەوەندە لە بارودۆخێکی باشدا نییە بتوانێت بەنداوی گەورە و ستراتیژی دروستبکات، کە پارەیەکی زۆر و تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتووی دەوێت، هەروەها دروستکردنی بەنداوی بچوک کاریگەری زۆر ناکاتە سەر ئاسایشی ئاوی عێراق کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستێت. لەبەرئەوە دروستکردنی بەنداوی بچوک لە بەشی ژووروری ڕووبارەکان دەتوانرێت سودێکی زۆرتری لێببینرێت بۆ ئاوی ژێرزەوی و ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی خواروو، هەروەها ئەو ناوچانە ناوچەیەکی زۆر جوانن و دەتوانرێت بۆ گەشتوگوزار سودی لێببینرێت و بەهۆیەوە گەشتیاری ناوچەکەی پێدەبوژێتەوە، لە هەمان کاتدا لەو ناوچانەدا بارانێکی زۆر دەبارێت هەتا ئەگەر ڕووبارەکەش ئاوی نەبێت باراناو پڕیدەکاتەوە.[٣]

٣. بەپێی ماستەرپلانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا (٢٥٠) شوێن لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراوە بۆ دروستکردنی بەنداو، بەتەواوبوونیشیان (٣٧ ملیار م[٣]) ئاو گل دەدرێتەوە[٤]، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان (٢٥٠) شوێن هەیە و شیاوە کە بەنداوی تێدا دروستبکرێت، بەڵام تەنیا (١٧) بەنداو دروستکراوە، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بەم پرسە ستراتیژییە بدات و هەنگاوەکانی خێراتربکات و بودجەی تایبەت تەرخانبکات بۆ تەواوکردنی لانیکەمی ئەو بەنداوانەی کە لە ئێستادا سەرجەم قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەیان بڕیوە و تەنانەت هەندێکیان بە ڕێژەی جیاواز کارکردن تێیاندا ئەنجامدراوە، بەڵام بەهۆی بێ بودجەییەوە کارکردن تێیاندا وەستێنراوە، لەبەرئەوە پێویستە کارکردن لەو بەنداوانەدا دەستپێبکرێتەوە و تەواوبکرێن، تاوەکو ببنە هۆکارێک بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئاو، چونکە دروستکردنی بەنداو بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو دادەنرێت، بەدیهێنانی ئاسایشی ئاویش بنچینەی

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢- بڕوانە: دەستوری کۆماری عێراق بۆساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی ١١٤، بڕگەی ٧.

٣- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

سەرەكی بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەییە، چونكە بەبێ بوونی ئاوی پێویست ناتوانرێت پێشكەوتن و گەشەكردن لە زۆربەی بوارەكاندا بەدیبێت، لەبەرئەوە پێویستە حكومەتی هەرێم تەواوكردنی ئەو بەنداوانە بكاتە لە پێشینەترینی كارەكانی، هەروەها پێویستە لێكۆڵینەوە لەو بەنداوانەی دیكە بكرێت تاوەكو بخرێنە بواری جێبەجێكردنەوە بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆچوونی ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی كوردستان، بەوپێیەی هەرێمی كوردستان ڕێژەیەكی زۆر لە ئاوی سەرزەوی و ڕێژەیەكی زۆر دابارینی ساڵانەی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەنداو زۆرینەی ئەو داهاتە ئاوانە بەفیڕۆدەچێت و وەك پێویست نەتوانراوە سودی لێوەربگیرێت، لەكاتێكدا ئەگەر ئەو بەنداوانە لە هەرێمی كوردستان دروستبكرێت لە ئێستا و داهاتوودا مەترسییەكانی سەر ئاسایشی ئاوی نامێنێت، لەكاتێكدا لە ئێستادا زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست قەیرانی كەمئاوییەوە دەناڵێنن، ئەمە جگەلەوەی بەردەوامیش هۆشداری دەدرێت لەسەر قەیرانی ئاو لە ناوچەكەدا لەوەی كە ململانێ و جەنگەكانی داهاتوو لەسەر ئاو دەبێت، كە هەرێمی كوردستانیش بەشێكە لە ناوچەكە.

**سێیەم/ چارەسەركردنی ئاوی پاشەڕۆ (ئاوی پلە دوو)**

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و دیاردەی بەشاربوون و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی وایكردووە خواست لەسەر بەكارهێنانی ئاو و خۆراك بەردەوام لە زیادبووندابێت، سەرەنجام ئەوەش دەبێتەهۆی زیادبوونی پاشەڕۆكان، فڕیدانی ئەو پاشەڕۆیانەش بۆ سەرزەوی و سەرچاوەكانی ئاو پیسكردنی سەرچاوەكانی ئاوی لێدەكەوێتەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتەش چارەسەركردنی ئاوی پاشەڕۆكان (ماڵان، پیسەسازی و كشتوكاڵی) ڕێگایەكە، كە لە ئێستادا لە بەشێكی زۆری وڵاتاندا سیستەمی چارەسەری ئاوی پاشەڕۆكان پەیڕەودەكرێت بەتایبەت لە وڵاتانی كەمئاو، پێویستە لە هەرێمی كوردستانیش پەیڕەوبكرێت و بخرێتە نێو پلان و بەرنامەی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەكان.

چونكە تائێستا لە هەرێمی كوردستان پاشەڕۆی شارەكان دەڕژێتە ڕووبارەكانەوە، بەبێ چارەسەركردن (rycycline)، لە ئێستادا ڕۆژانە نزیكەی (١ ملیۆن م$^{3}$) ئاوی پیسی شارەكان دەكرێتە نێو ڕووبار و ژینگەی سروشتی، كە هۆكارێكی سەرەكی پیسبوونی ئاوی ڕووبار و دەریاچەكانە لە هەرێمی كوردستاندا[١]، ئەگەر ئەو ئاوانە بەباشی چارەسەركرا دەتوانرێت دووبارە بەكاربهێنرێتەوە بۆ زۆر مەبەست، دووبارە بەكارهێنانەوەی ئاوی بەكارهاتوو (پاشەڕۆ) سودی زۆری هەیە، لەوانە: بۆ ڕزگاربوون لە كاریگەرییە خراپەكانی ئاوی پاشەڕۆ بۆ سەر ژینگە و ئاو و تەندروستی، هەروەها بەدستهێنانی سەرچاوەیەكی دیكەی مسۆگەری ئاوە.[٢]

ئەم پرۆسەی چارەسەركردنە، پرۆسەیەكی فیزیایی، بیۆلۆجی و كیمیایی یە؛ ڕێووشوێنی فیزیایی، پاڵاوتن و فڕێدانی ماددە ئەندامی و نا ئەندامی و خڵتەكان دەگرێتەوە؛ ڕێوشوێنی

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەك پێشووتر ئاماژەی بۆكراوە.

٢-هێلین بنیان، ڕۆڵی زانست و تەكنەلۆژیا لە چارەسەركردنی گیروگرفتی ئاودا، كتێبی دووەم- گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی ی كوردستان، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٢٣١.

بیۆلۆجی، بریتییە لە خۆدەربازکردن لە بەکتریا و قەوزە، ڕەنگە گرنگی چارەسەرکردنەکە بوەستێتە سەر سەرکەوتن لەم ڕێوشوێنەدا؛ ڕێوشوێنی کیمیاییش ئەگەرچی بۆ خاوێنکردنەوەی ئاوی پاشەڕۆی ماڵان بەکارنایەت، بەڵام ئەگەر مەبەست بەدەستهێنانی ئاوێکی زۆر پاک و خاوێن بێت کە ڕەنگە بەکەڵکی خواردنەوەش بێت، دەبێت بایەخێکی زۆر بەم ڕێوشوێنە بدرێت[١]، بەهۆیانەوە بڕێک لە ئاوی خاوێن دەستەبەردەبێت و دەکرێت لە زۆربەی بوارەکاندا بەکاربهێنرێت.

بۆنمونە لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا ئەگەر بتوانرێت ڕۆژانە ئاوی پاشەڕۆی شارەکان یاخود پیشەسازی یان کشتوکاڵی چارەسەر بکرێت، دەتوانرێت بەهۆیەوە هەزارەها دۆنم زەوی پێبەراو بکرێت ئەگەر نەگاتە ملیۆنەها دۆنم، هەروەها دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ ئاودانی سەوزاییەکان، بەو جۆرە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش و مسۆگەری داهاتی ئاو، مسۆگەرتر لەو ئاوەی لە دەرەوە دەڕژێتە هەرێمی کوردستان تەنانەت مسۆگەرتر لە ئاوی بارانیش؛ هەروەها لە زۆرێک لە وڵاتان زۆر بە باشی پاک دەکرێتەوە و دووبارە بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرێتەوە، بۆنمونە لە بەریتانیا لەم بارەیەوە قسەیەکیش هەیە کە دەوترێت "ئەو ئاوەی تۆ دەیخۆیتەوە پێش تۆ(٣٠) کەسی دیکە خواردویانەتەوە"[٢]، واتا ئەو ئاوەی کە کەسێک دەیخواتەوە و پاشان دەبێتە ئاوەڕۆ، ئەگەر بەباشی چارەسەر بکرێت دەکرێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە لەلایەن کەسانی دیکەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو ئاوانە بەباشی پاک نەکرێتەوە، نەک بۆ خواردنەوە شیاو نییە، بەڵکو ناکرێت بۆ ئاودانی کشتوکاڵ بەتایبەت سەوزاوات کە ڕاستەوخۆ دەخورێت بەکاربهێنرێت، چونکە دەبێت بە شێوەیەکی باش چارەسەر بکرێت ئینجا بەکاربهێنرێت، بەهۆی سروشتی ئەو ئاوانە کە پێکهاتەکەی ماددەکانی (ئاسن، ئەندامی، بیۆلۆژی) تێدایە، وایپێویست دەکات کە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زۆر ورد و هەستیاربێت و لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون چاودێرییکرێت، بۆئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری و ڕووبەڕووی هەر مەترسییەک بێتەوە کە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر بەکارهێنەرانی ئەو جۆرە ئاوانە[٣]، چونکە ئاوی ئاوەڕۆ کێشەی زۆر گەورەی هەیە ئەگەر بە تەواوی چارەسەر نەکرێت، چەندین ڤایرۆس و میکرۆبی تێدایە کە چارەسەرکردنیان قورسە و هەر دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە باشتروایە بۆ ڕووبەری سەوزی شارەکان بەکاربهێنرێت، لەلایەکی دیکەوە چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆکان هۆکارێکە بۆ ڕێگریکردن لە پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو، بۆنمونە ئاوەڕۆی سلێمانی کە دەرژێتە ڕووباری تانجەرۆ وەک پێشتر باسمانکرد، دەبێتەهۆی پیسبوونی دەریاچەی دەربەندیخان کە هەر لە سەیدسادقەوە خەڵک لە ئاوەکەی دەخواتەوە تا بەسرە، واتا ئەگەر چارەسەر نەکرێت تاوەکو ئەوێ نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو پەینەی کە بەجێدەمێنێت لە دوای چارەسەرکردنی ئاوی پلە دوو (ئاوی چارەسەرکراو)، دەتوانرێت

١-هێلین بنیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- د. ئەیوب سابیر گەڵاڵی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٧٣.

بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنرێت و سودێکی زۆری هەیە بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی و بەهێزیدەکات[1]؛ وڵاتێکی وەکو (ئوردن) بەنمونە (٧٠٠ ملیۆن م³) ئاوی هەیە و لە ناوچەیەکی وشکی بیاباندا دەژی و ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانیشی هەیە، بەڵام لە ڕێگای دانانی بەنداو و بە ڕێکخستنی ئاو و بە چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆکان، ئاوی پێویست بۆ دانیشتوانی دابیندەکات[2]، هەروەها (کوێت) (٤٠٪) ئاوەکانی خاوێندەکاتەوە و دووبارە بەکاریدەهێنێتەوە، بە هەمان شێوە (دوبەی) کە ڕێژەیەکی فراوان سەوزایی هەیە سود لە ئاوی چارەسەرکراوی پاشەڕۆکان دەبینێت بۆ ئاودانی سەوزاییەکانی.[3]

هەوڵدان بۆ دووبارە سودوەرگرتنەوە لە ئاوی بەکارهاتوو (دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پاشەڕۆ)، هەرچەندە کارێکی زۆر ئاسان نییە و پێویستی بە تێچوویەکی ماددیی زۆر هەیە، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی داهاتێکی ئاوی زۆر بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێتەهۆی ڕێگریکردن لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو کە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکانە بەتایبەت کۆلێرا، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زوویی دەستبکات بە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆکان، بەوپێیەی دەبێتە سەرچاوەیەکی مسۆگەری ئاو و دەکرێت لە زۆربەی بوارەکانی بەکارهێنانی ئاودا بەکاربهێنرێت، بەتایبەت بۆ ئاودانی سەوزاییەکان، بەوەش ڕێگری لە بەفیڕۆدانی ئاوی خاوێن دەکرێت، کە لە ئێستادا ئاوی خاوێن بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت.

**چوارەم/ گلدانەوەی ئاوی** باراناو

تەکنیکەکانی گلدانەوەی ئاو لە گرنگترین ئامراز و ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی خواستە لەسەر ئاو، کە دەکرێت بەهۆیەوە ئاو کۆبکرێتەوە بۆئەوەی سودی لێوەربگیرێت بۆ مەبەستە جۆراوجۆرەکان[4]، لەوانە: کشتوکاڵ و ئاودێری، دەوڵەمەندکردنی ڕووپۆشی ڕووەکی، پاراودانی ئاوی ژێرزەوی، هەروەها بۆ خواردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵیش دەکرێت بەکاربهێنرێت.

ئەوەش لە ڕێگەی دروستکردنی چەند بەربەستێک لە دۆڵ و کەند و شیوەکاندا دەبێت، دەشێ ئەو بەربەستانە بە خۆڵ دروستبکرێن و کەمێک گرنگیان پێبدرێت بۆئەوەی بە ئاسانی ڕانەماڵدرێن[5]؛ ئەم تەکنیکە گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەت لە ناوچەی وشک و نیمچە وشک، وەک ئەوەی لە بەشێک لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بەکاردەهێنرێت بۆ وەبەرهێنانی ئاوی باران و سودوەرگرتن لێی و پاراستنی لە بەهەڵمبوون و بەفیڕۆچوون، بە

١- شێخ نەجمەدین، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ١٢٥-١٢٧.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدلارحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- د. عاطف علي حامد الخرابشة و د. عثمان محمد غنيم، الحصاد المائي في الأقاليم – الجافة وشبه الجافة في الوطن العربي، ط١، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٩، ص٦٢.

٥-هێلین بنیان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٣٣.

هەمان شێوە بەشێک لە وڵاتانی دیکەش بەمەبەستی پەرەپێدانی دۆخی کشتوکاڵیان و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کەمئاوی پەنایان بردۆتە بەر گلدانەوەی ئاوی باران[1]، واتا دەکرێت ئەم سیستەمە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاو لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاوی باراناو، بۆنمونە لە وڵاتی میسر جوتیارەکان هەستاون بە گلدانەوەی ئاو لە دۆڵەکاندا لە ڕێرەوی ڕووبارە وشکەکاندا بەهۆی بەنداوی خۆڵی، بە هەمان شێوە لە (یەمەن و ئوردن) ژمارەیەکی زۆر بەنداوی لۆکاڵی بچوک دروستکراون لەسەر ڕێرەوە بچوکەکانی ئاو بۆ گلدانەوەی ئاوی باران[2]، هەروەها یابان یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی توانیوێتی بە باشترین شێوە سود لە ئاوی باراناو وەربگرێت، بە جۆرێک ئێستا لە یاباندا هیچ شوێنێک و دۆڵێکی بچوکیش نییە، کە پۆندێکی بچوکی تێدا دروستنەکرابێت.[3]

بە هەمان شێوە ئەم تەکنیکە لە هەرێمی کوردستان هەر لە کۆنەوە لە بەشێک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوکراوە و پێیدەوترێت (تەلان)، ئەوانە هۆکارێکن بۆئەوەی ئاوی باراناو نەچێتە ناو ڕووبارەکانەوە و کۆبکرێتەوە، بۆنمونە ناوچەی هەورامان ئەو شێوازەی تێدا زۆر ڕەچاوکراوە، ئەوە ڕێگەیەکی گرنگە کە ئاوی باراناو کۆدەکاتەوە و بۆ مەبەستە جۆراوجۆرەکان دەکرێت سودی لێببینرێت، بۆنمونە بارانێکی بەلێزمە دەبارێت و لافاوێک دروستدەکات و دەکرێت زیانێکی زۆر بگەیەنێت، ئەگەر بتوانرێت ئەو ئاوە کۆبکرێتەوە چەندین سودی دەبێت لەوانە: ڕێگریکردن لە دروستبوونی لافاو و ئەو زیانانەی بەدویدا دێت[4]، هەروەها دەتوانرێت لە وەرزە وشکەکاندا بۆ زۆربەی بوارەکان بەکاربهێرێت و ئاوی ژێرزەوی ئەو ناوچەیەشی پێپاراودەبێت، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی پاراودانی ئاوی ژێرزەویشە، کە بەهۆیەوە ئاوی کانی و کارێز و بیرەکانی پێدەبوژێتەوە، کە بە پاراودانی دەستکردی ئاوی ژێرزەوی ناودەبرێت، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵکەندنی چاڵ، حەفر، حەوز و بیری هەڵکەندراو ...و چەندین شێوازی دیکەوە دەبێت، کە دەکرێت بەهۆیانەوە ئاو کۆگا بکرێت لە ژێرزەویدا لە وەرزە تەڕ و باراناوییەکاندا و پاشان لە وەرزە وشکەکاندا بەکاربهێنرێت، بە مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییە ئاوییەکانی هاوڵاتیان. تێچوی هەریەک لە شێوازە جیاوازەکانی دروێنەکردنی ئاو جیاوزە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەڵام بەگشتی کەمترین تێچوویان هەیە بەراورد بە دروستکردنی بەندا و چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆ؛ بابەتی پاراودانی دەستکردی ئاوی ژێر زەوی گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەبی و باکوری ئەفریقیا وەکو (تونس،

---

١- سوسن صبيح حمدان، ادارة الموارد المائية في العراق والمشاكل والحلول المقترحة، وقائع المؤتمر العلمي السنوي الثالث لقسم الجغرافيا تحت شعار (الجغرافيا ودورها في اغناء المعرفة العلمية والتربوية)، مجلة كلية التربية الاساسية، جامعة المستنصرية، مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية/ قسم الدراسات الجغرافية، ٢٤-٢٥/ آيار ٢٠٢١، ص٢٨٠.

٢- زياد خليل الحجار، مصدر سبق ذكره، ص١٦٩.

٣- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٠٠.

٤- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، هەمان سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٥.

مەغریب، ئیمارات، سعودیە و سەڵتەنەی عومان)[1]، بەڵام تا ئێستاش لە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ نادەن بەم تەکنیکە، سەرباری سودە زۆرەکانی بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان و کەمی تێچووەکەی، لەکاتێکدا ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی ساکار و سادەییە، دەکرێت دووبارە ئەم تەکنۆلۆژیا نەریتیانە چالاک بکرێتەوە بۆ کۆکردنەوە و دابینکردنی ئاو لە تەواوی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە ناوچە وشک و نیمچە وشکەکاندا.

بەوپێیەی لە هەرێمی کوردستانیش ساڵانە ڕێژەیەکی باش باران دەبارێت، کە لە نێوان (٣٠٠-١٢٥٠ملم) دایە[2]، دەکرێت لە ڕیگەی سیستەمی دروێنەکردنی ئاو (بەربەست، پۆند، بەنداو) ەوە باراناو گلبدرێتەوە و دواتر بۆ کاتی پێویست و بێبارانی سودی لێوەربگیرێت، چونکە بارانبارین لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندییەکی وەرزی هەیە، بە جۆرێک ئەگەر هەرێم بەسەر دوو وەرزدا دابەشبکەین ئەوا وەرزێکیان وشکە و ئەوی دیکەیان باراناوییە[3]، شارەزایان لێکۆڵینەوەیان کردووە لە هەرێمی کوردستان دەیان شوێن هەیە بۆ دروستکردنی بەنداو و بەربەستی بچوک و گەورە کە گونجاون بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و بەفری تواوە، کە دواتر دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ چەندین مەبەست وەک گەشەپێدانی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزە و سامانی ماسی و گەشت وگوزار و خواردنەوە... وهتد.[4]

بۆنمونە هەندێک جار پۆندێک کە لە ناوچەیەکدا دروستدەکرێت و ئاوی تێدا گەنجینە دەکرێت، لە وەرزە وشکەکاندا سودیکی زۆر دەگەیەنێتە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، لەم بارەیەوە (کاروان حمە ساڵح) بەڕێوەبەری سەچاوەکانی ئاو دەڵێت "لە ئێستادا چەندین پۆند دروستکراون لە هەرێمی کوردستان ئەگەرچی لە ڕووی قەبارەی ئاوەوە زۆر گەورەنین، بەڵام سودێکی ئێجگار گەورەیان گەیاندووە بە دانیشتوانی ناوچەکە و بۆ بواری ئاودێری، ئاژەڵداری، خواردنەوە و کۆی پێداویستییەکانیان سودی لێوەردەگرن، بە جۆرێک دەتوانرێت بوترێت؛ ئەو پۆندانە بوونەتە فریادڕەسی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەتایبەتی ناوچەی کەلار و دەورووبەری کە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی وشکەساڵی یەک لەدوای یەک بوونەتەوە لەم یەک دوو ساڵەی دوایدا، چونکە ئەگەر ئەو پۆندانە نەبوونایە بەشێک لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەبوایە کۆچیان بکردایە بەهۆی بێ ئاوی و کەمبارانییەوە".[5]

لەبەرئەوە پێویستە لەپێناو دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ دانیشتوان بەتایبەت ناوچە گوندنشینەکان لە ناوچە وشک و نیمچە وشکەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە کۆچ بەهۆی

---

١- سوسن صبیح حمدان، مصدر سبق ذکره، ص٢٨١.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨١.

٣- د. ئازاد جلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٣.

٤ - Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region, OPcit, p١٨٧.

٥- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

بێ ئاوییەوە و گەشەپێدان بە ئابووری وڵات و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاوی باران و پاراستنی کۆگا ستراتیژییەکانی ژێرزەوی بۆ کاتی پێویست و ناچاری، پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوەکانی فراوان بکات لەم ڕووەوە، لە ڕیگەی دروستکردنی پۆند، گۆم، بەربەستی خۆڵی و چەندین شێوازی دیکە بۆ گلدانەوەی ئاو، تا دەگاتە دروستکردنی بەنداو بۆئەوەی بتوانرێت زۆرترین سود لە ئاوی دابارین و چەم و ڕووبارەکان ببینرێت، پاشان بەکارهێنانی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی دانیشتوانی هەرێم، تاوەکو ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەبێ دابینکردنی ئاسایشی ئاو ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆراک و پاشان ئاسایشی نەتەوەیی بەدینایەت، بەوپێیەی ئاسایشی ئاو کاریگەری لەسەر کۆی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە.

**پێنجەم/ بەشدارپێکردنی کەرتی تایبەت**

بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەت لە بواری ئاودا، بە یەکێک لە ئامڕازە ئابوورییەکان دادەنرێت کە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەڕێوەبردنی خستەڕووی ئاو، لە ڕێگەی هاندانی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەری ئاودا، بەشداریکردنی کەرتی تایبەت ئامڕازێکە بۆ گواستنەوەی بارگرانی و تێچووی پرۆژەکانی ئاو لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت، بێگومان ئەوەش پێویستی بە دانانی سیاسەت و سیستەمی یاسایی و کارگێڕی ڕوون هەیە بۆ پاراستنی بەکارهێنەران، دەوڵەت هەڵدەستێت بە پێدانی هەلی وەبەرهێنان بە کەرتی تایبەت لە سێکتەری ئاودا بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی دارایی و کارگێڕی، بەڵام لە هەمان کاتدا وازناهێنێت لە پلاندانان و دابەشکردنی ئاو و پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە سودی گشتیان هەیە، وەکو پاراستنی ئاو لە پیسبوون، چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ، ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی بەشدار لە ئاوزێڵی ئاوە هاوبەشەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی بەشە ئاو لەو ڕووبارانە[1]، چونکە ناکرێت وەبەرهێنانی لە بواری دەرامەتە ئاوییەکاندا بە تەواوی جێبهێڵرێت بۆ کەرتی تایبەت، بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی گرنگی ئاو لە سەقامگیریی سیاسی لە سایەی ئەوەی توخمی ئاو لە گرنگترین پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیانە.

لە ئێستادا کەرتی تایبەت لە زۆربەی وڵاتان پێیدەوترێت لایەنی سێیەم، ئەم لایەنە دەتوانێت ڕۆڵی زۆر گرنگ لە دابینکردنی ئاو و دەستبەرکردنی ئاسایشی ئاو لە وڵاتدا ببینێت، لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی تایبەت بە چارەسەرکردن و دابەشکردنی ئاو، کە دەتوانن پرۆسەی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە وڵاتدا بگرنە ئەستۆ، بەڵام دەبێت لەژێر چاودێری حکومەتدا بێت و نابێت هاوبەشی حکومەت یان کەسایەتییەکانی دەسەڵاتداری ناو حکومەت بن[2]، بۆئەوەی بتوانرێت بەباشی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و چاودێری تەواوی کارەکانیان بکرێت، لە هەمان کاتدا ئاو کە پێویستییەکی سەرەکی سەرجەم هاوڵاتیانە بە باشترین شێوە دابینبکرێت.

---

١- د. ثائر محمود رشيد العاني و الباحث علا علاء حسين، مصدر سبق ذكره، ص٢٩٠.

٢- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەرییەکان)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٢٣.

هەروەها دەکرێت هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ ڕێکخراوە نا حکومییەکان، ئەوانەی لە کەرتی ئاو و ئاژەڵداری و ژینگە و کشتوکاڵ کاردەکەن و هەروەها ڕێکخراوە بیانییەکان کە هاوکاری عێراق وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی کێشەی ئاویان هەیە و بەڕێوەبردنی ئاویان باش نییە و سەرچاوەی نەوتیان هەیە، ئەکرێت هاوکاری حکومەت بکەن بۆئەوەی کێشەی ئاو لەسەر بنەمایەکی زانستی چارەسەر بکەن[1]، لەبەرئەوەی لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی دارایی باشدا نییە و تەکنەلۆژیای پێویستی نییە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی لە بواری ئاودا، کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی سێکتەری ئاو، لەبەرئەوە دەکرێت لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بەشێک لە پڕۆژە ئاوییەکان ئەنجامبدات یاخود بە هاوبەشی لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتدا؛ بۆنمونە زۆرێک لە وڵاتان کە سەرمایەیان نەبووە لەکاتێکدا دەوڵەتیشبوون لەگەڵ کەرتی تایبەت گرێبەستیان کردووە بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی پێشکەوتووی ئاو، وەکو جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورەی ئاودێری یاخود دروستکردنی ژێرخانی پێشکەوتووی گەشتوگوزاری...وهتد، ئەوەش لە ڕێگەی پێدانی سود بە کۆمپانیاکان، بۆنمونە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بۆماوەیەک بۆنمونە (١٥) ساڵ بەشێکی داهاتی ئەو پڕۆژەیە بۆ کۆمپانیای جێبەجێکاربێت، دەکرێت لە هەرێمی کوردستانیش هەوڵبدرێت سەرمایەی ناوخۆیی و دەرەکی لەم بوارەدا بەشداریان پێبکرێت و هانبدرێن بۆ بەشداریکردن، لە ڕێگەی ئاسانکاریکردن بۆیان و یارمەتیدانیان، بۆئەوەی پڕۆژەی ستراتیژی لە بواری ئاودا جێبەجێبکەن.[2]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆئەوەی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە بواری ئاودا سەرکەوتوو و بەرهەمدار بێت، پێویستە ئەم ڕێکارانە جێبەجێبکرێت، لەوانە: ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێن و دڵنیاکردنەوەی وەبەرهێن بۆ دڵنیابوون لە ماڵ و داراییەکەی، هەروەها پێویستە بنەمای ئاشکرا دابڕێژرێت بۆ پلانی پارەدارکردن و گێڕانەوەی تێچووی پڕۆژەکان، دانانی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی ئاشکرا بۆ پەیوەندی لە نێوان لایەنە بەشدارەکاندا کە کەرتی گشتی و تایبەت و بەکارهێنەرانی ئاو دەگرێتەوە، بە جۆرێک دەستەبەری مافی سەرجەم لایەنەکان کرابێت[3]، کە لایەنی جێبەجێکار و هاوڵاتیانی سودمەند لەو پڕۆژانە دەگرێتەوە لەپێناو پاراستنی ئەرک و مافی هەردوولادا.

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین؛ لە ئێستادا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی باشی داراییدا نییە و ناتوانێت پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی لە بواری ئاودا دروستبکات، وەکو بەنداوی گەورە و پڕۆژەی گەورەی ئاودێری، دەکرێت هانی کەرتی تایبەت بدات بۆئەوەی بەشداری کارای هەبێت لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی لەم بوارەدا، ئەوەش لەڕێگەی ئاسانکاریکردن

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- د. محمد عبدالحميد داود، الأمن المائي العربي – نحو إدارة متكاملة و مستدامة للموارد المائية العربية، سلسلة بيئة تصدرها جائزة زايد الدولية للبيئة- دبي- الإمارات العربية، ٢٠٠٩، ص٢٥١.

و پێدانی دەستەبەری دڵنیایی بە کەرتی تایبەت کە لەم بوارەدا دەیەوێت کاربکات، چونکە دەکرێت لە ڕیگەی کەرتی تایبەت یاخود بە هاوبەشی لەگەڵیدا ژێرخانی پێشکەوتووی ئاو دروستبکرێت و ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ بوژاندنەوەی سەرجەم سێکتەرەکانی دیکە.

**شەشەم/ بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بە شێوەی تەناهیکراو**

لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کۆگایەکی باشی ئاوی ژێرزەوی هەیە لە زاخۆ تا دەگاتە سلێمانی و خانەقین و هەولێر وعەقرە و شێخان... وهتد، هەر کۆگایەک تایبەتمەندی جیۆلۆجی خۆی هەیە، لە ڕووی ئەو برە ئاوەی تێیدایە و ئەوەشی ساڵانە نوێدەبێتەوە، بەڵام تائێستا هەڵسەنگاندن بۆ هێچ کام لەو کۆگایانە نەکراوە بۆ زانینی بڕی ئەو ئاوەی لێی بەکاردێت و ئەوەشی نوێدەبێتەوە[1]، واتا تا ئێستاش ئاوی ژێرزەوی بە نازانستیترین شێوە بەکاردەهێنرێت و بەفیڕۆ دەدرێت، زیاد لەڕێژی (دەرهێنانی تەناهیکراو)* دەردەهێنرێت، ئەم کارە هەڕەشەیەکی زۆر ترسناکە بۆ ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان[2]، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەک پرسێکی ئایندەیی مامەڵە لەگەڵ دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێم بە گشتی و ئاوی ژێرزەوی بەتایبەت بکەن، بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەو بارەیەوە، لە گرنگترین ئەو ڕێکارانەش بریتییە لە:

١. هەڵسەنگاندنی وردبکرێت بۆ تەواوی کۆگاکانی ئاوی ژێرزەوی، بۆ زانینی بڕی ئەو ئاوەی لێی بەکاردێت و ئەوەشی ساڵانە نوێدەبێتەوە، بۆئەوەی بتوانرێت هاوسەنگی ڕابگیرێت لە نێوان بڕی دەرهێنراو و پاراوبوونەوەی ساڵانەی، تاوەکو ڕێگری لە دابەزینی ئاوی ژێرزەوی بکرێت، یان ڕێگری لە تێکچوونی جۆرێتی ئاوەکەی بکرێت و بپارێزێت. واتا گریمان ناوچەکە توانای نوێبوونەوەی ئاوی ساڵانەی (١٠ ملیۆن م$^{3}$)، ئەوکاتە دەبێت تەنیا ئەو برە یان کەمتر لەو بڕەی لێدەربهێنرێت.[3]
٢. پێویستە چاوخشاندنەوە بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەویدا بکرێت و سنورێک بۆ هەڵکەندنی بیری بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت دابنرێت، چونکە ئاوی ژێرزەوی بە دەرامەتێکی یەدەگ دادەنرێت کە پێویستە لەکاتی نەبوونی سەرچاوەی ئاوی دیکە بەکاربهێنرێت[4]، بۆنمونە لەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی لێنییە و زۆر دوورە، یان لەکاتی پیسبوون و

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

*- دەرهێنانی تەناهیکراوی ئاوی ژێر زەوی واتا دەبێت ئەو ئاوەی کە لە ژێر زەوی دەردەهێنرێت یەکسان بێت یان کەمتر لەو برەی کە ساڵانە نوێ دەبێتەوە، بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی.

٢- عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەرییەکان)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٨٦.

٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي وتأثيره علی الموارد امائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص٢٢٨-٢٢٩.

خراپبوونی سەرچاوە ئاوییە هەبووەکان، لەو شوێنانەدا دەکرێت ئاوی ژێرزەوی بەکار بهێنرێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیان لەو ناوچانەدا و لەو کاتانەدا بە ناچاری پێویستە هانا ببرێت بۆ لێدانی بیر بۆ ڕێگریکردن لە کۆچکردن.

٣. دەبێت هەموو بیرەکان ڕوپێوییەکی مەیدانیان بۆ بکرێت، بۆئەوەی بزانرێت ئامانجی بیرەکە بۆچییە و بۆچی بەکاردەهێنرێت، هەر بیرێک پێویستە پاسپۆرتێکی خۆی هەبێت و ئامانجەکانی لێدانی بیرەکەی تێدابێت، هەروەها پێویستە پێوانەی ئاو لەسەر هەموو بیرەکان دابنرێت، بۆئەوەی بزانرێت ساڵانە چەن ئاو بەکاردەهێنرێت و چەندی لێ پاراو دەبێت، بۆئەوەی بتوانرێت ڕیگری لە دابەزینی ئاوی ژێر زەوی بکرێت.[١]

چونکە بەهۆی درەنگ نوێبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی و ئەو بەکارهێنانە زۆرەی لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتی بەدیدەکرێت، بە دەیان ساڵی دیکە ئاوی ژێرزەوی پاراو نابێتەوە و ناچێتەوە شوێنی خۆی، بەڵام دەکرێت حکومەت چارەسەری ئەم دۆخە بکات لە ڕێگەی ڕێگریکردن لەو دەرهێنانە زۆرەی ئاوی ژێرزەوی و ڕاگرتنی لێدانی بیر و بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی، لەپێناو پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان دەرهێنان و پاراودانی[٢]، واتا دەبێت هەوڵبدرێت قۆناغ بە قۆناغ ئاوی ژێرزەوی ڕابگیرێت و بتوانرێت سود لە ئاوی باران بەتایبەت لافاوەکان وەربگیرێت لە وەرزی دابارین، لە ڕێگەی دروستکردنی بەربەست و پۆند و بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاوی سەرزەوی و باراناو بۆ پاراوکردنی کۆگاکانی ئاوی ژێرزەوی و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە زۆرەی بەر کۆگاکانی ئاوی ژێرزەوی کەوتووە، هەروەها بەکارهێنانی لە بوارەکانی دیکەدا.

٤. هەڵکەندنی بیر دەبێت لە هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت، دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ هەبێت پێش مۆڵەتدانەکە توێژینەوە بکەن کە ئایا ئەو شوێنە بیری پێویستە یاخود نەخێر؟ دەبێت توێژینەوە لە چەندێتی و چۆنێتی ئاوی بیرەکە بکرێت، شوێنێک کە ئاوی هەبێت پێویست ناکات بیری لێ هەڵبکەندرێت، هەر بیرێک کە لێدەدرێت دەبێت بزانرێت بۆچی مەبەستێک لێدەدرێت و بۆچی بەکاردەهێنرێت، لێدانی بیر لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان هەڕەمەکییە، بۆنمونە لە سلێمانی سەدان بیر هەڵکەندراوە، بەڵام کەسەکە بەس بۆ ماڵەکەی و ئاوی خواردنەوە بەکاریدەهێنێت، بە هەمان شێوە کەسێکی دیکە لەولایەوە (١٠ م) دوورە بیری دیکە لێدەدات، ناوچەی سیتەک لە پارێزگای سلێمانی بەنمونە هێندە بیر لێدراوە وەکو شەبەکەی لێهاتووە و کونکون بووە، لەکاتێدا زۆربەیان باخچەیەکی سادەی پێئاودەدەن[٣]، بۆیە ئەو شێوازە لە لێدانی بیر پێویستە ڕێکبخرێتەوە و سنوردار بکرێت و ڕێک بکرێتەوە.

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٤٥-١٤٦

٥. له ئێستادا دەبێت تا ئەوپەڕی ئاوی ژێر زەوی به هەموو شێوازە زانستی و مۆدێرنەکان بەکاربهێنرێت بەتایبەت له بواری ئاودێریدا، وەکو (قەترە و دڵۆاندن و پرژاندن) تاوەکو کەمترین ئاو بەفیڕۆبدرێت، بەو ڕێگایانە دەتوانرێت بە کەمترین ڕێژەی ئاو زۆرترین ڕووبەری زەوی ئاوبدرێت[1]، هەروەها دەکرێت لە ڕیگەی دروستکردنی پرۆژەی ئاودێریەوە، بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەو شێوازەی ئێستا بوەستێنرێت.

کەواتە دەکرێت بڵێین؛ بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی پێویستە بڕێکی سەلامەتی لێ بەکاربهێنرێت کە سەقامگیریی ئاستی ئاودێری و بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ دەستەبەر بکات بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، چونکە ئاوی ژێرزەوی تەنیا موڵکی نەوەی ئێستا نییە، بەڵکو مافی نەوەکانی داهاتووشی بەسەرەوەیە و پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و بە باشی بەکاربهێنرێت، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئاوی ژێرزەوی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەرامەتەکانی ئاو پێکدێنێت و دەتوانرێت بە شێوەیەکی ستراتیژی بۆ مەبەستی جۆراوجۆرەکان وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و بخرێتە خزمەتی کەرتە جۆراوجۆرەکان و گەشەیان پێبدرێت، تەنیا لەو کاتانەدا بەکاربهێنرێت کە هیچ سەرچاوەیەکی گونجاوی ئاوی سەرزەوی بەردەست نەبێت.

### تەوەری دووەم/ بەڕیوەبردنی خواست لەسەر ئاو (إدارة الطلب على المياه)

بەڕێوەبردنی خواست لەسەر ئاو جەخت لەسەر پارێزگاریکردن لە دەرامەتە ئاوییەکان دەکاتەوە، لە ڕیگەی باش بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی لەپێناو پارێزگاریکردن لە دەرامەتە ئاوییەکان[2]؛ واتا بەڕێوەبردنی خواست لەسەر ئاو لەڕیگەی باش بەکارهێنانی ئاوەوە دەبێت بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئامراز، وەک ئەوەی لێرەدا ڕوونیدەکەینەوە:

### باش بەکارهێنانی دەرامەتە ئاوییەکان

بیرۆکەی باش بەکارهێنانی دەرامەتە ئاوییەکان واتا بەفیڕۆنەدانی ئاو و سود وەرگرتن بە باشترین شێواز لە دەرامەتی ئاو، لەژێر سایەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ئاسایشی ئاو ڕووبەڕووی بووەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سنوری مەترسییەکانی ئێستا یان ئەوەی لە داهاتوودا چاوەڕێدەکرێت رووبدات، کە دەکرێت لە ڕێگەی چەندین شێوازی جیاوزەوە بێت لە هەموو ئاستەکانی بەکارهێنانیدا، چونکە بڕێکی زۆر لە دەرامەتە ئاوییەکان بە شێوەیەکی نازانستی لە بواری ئاودێری، شارستانی و پیشەسازیدا بەکاردەبرێت و بەفیڕۆدەچێت، بێگومان ئەوەش پێویستی بە دۆزینەوەی ئامرازی چالاکە بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەکارهێنانی و باش بەکاربردنی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا[3]. لە هەرێمی کوردستاندا سێکتەری کشتوکاڵ و ناوماڵ زۆرترین بڕی

---

١- شێخ نەجمەدین، لە کتێبی زێری سەوز (بەرگی یەکەم)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧
٢- عطا فهد عبدالرحمن المناصير، مصدر سبق ذكره، ص٧١.
٣- بوفاس الشريف، الأمن المائي في الوطن العربي : الواقع والتحديات، مصدر سبق ذكره، ص٨.

ئاویان تێدا بەفیڕۆدەچێت، بێگومان ئەوەش دەخوازێت دەرامەتی ئاو بە باشی بەکاربهێنرێت، چونکە باش بەکارهێنانی دەرامەتە ئاوییەکان بە توخمێکی گرنگی ئاسایشی ئاو دادەنرێت بەتایبەت لەو ناوچانەی هەژارن بە دەرامەتی ئاو، وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەرێمی کوردستانیش بە شێکە لێی؛ لێرەدا باش بەکارهێنانی ئاو لەم سێکتەرانەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە:

**یەکەم/ باش بەکارهێنانی ئاو لە بواری ناوماڵدا (شارستانی)**

باش بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو لە بواری ناوماڵدا لە ڕێگەی دەستگرتن بە ئاوەوە دەبێت، لە ڕێگەی بەفیڕۆنەدانی بڕێکی زۆر لە ئاو بە ئاودانی باخچە و شتنی ئۆتۆمبێل و خۆشۆردن، چونکە تێبینیکراوە ئەو ئاوەی کە دەدرێت بە ماڵان لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕێکی زۆری لێ بەفیڕۆدەچێت، لەکاتێکدا ئەگەر هۆشیاری هەبێت و ئامێر و ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئاو لە ماڵان چاکبکرێت، هەروەها نرخی پێویست دیاری بکرێت لەسەر بەکارهێنانی، ئەوا دەتوانرێت ڕێگری لە بەفیڕۆچوونی ئەو بڕە زۆرە بکرێت، لەو ڕێگەیەوە هەندێک وڵات توانیویانە بە ڕێژەی (٣٠٪) بەکارهێنانی ئاو لە ماڵان کەم بکەنەوە.[١]

لە هەرێمی کوردستانیش؛ لە ماڵاندا، لە قوتابخانەکاندا، لە دامودەزگاکاندا، لە شەقامەکاندا ئاو بەفیڕۆ دەدرێت، بەشێک لە هۆکاری ئەو بەفیڕۆدانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕۆشنبیری ئاو و ژینگە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو لەلایەن هاوڵاتیانەوە، کە ئەوەش پێویستی بە هۆشیارکردنەوە هەیە بۆئەوەی هاوڵاتیان لە گرنگی و بەهای ئەم سامانە سروشتییە تێبگەن، پێویستە ئەو ڕوشنبیرییە لەناو خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە لە ڕێگەی حکومەت، پڕۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ڕێگەگرتن لەو بەفیڕۆدانە زۆرەی ئاو[٢]، بەشێکی دیکەی ئەو بەفیڕۆدانە بەهۆی دانەنانی نرخی گونجاوە لەسەر بەکارهێنانی ئاو، کە دواتر وەک یەکێک لە ڕێکارە پێویستەکان بۆ باش بەکارهێنانی ئاو ڕوونیدەکەینەوە.

هەروەها بەشێکی دیکەی بەفیڕۆچوون لەم کەرتەدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆنبوون و خراپبوون و نۆژەندنەکردنەوەی تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی ئاو وەک لە بەشی پێشودا خرایەڕوو. ئەوەش هەم زیانێکە لە داهاتی ئاو دەدرێت و هەم زیانێکی مادییە لە ئابووری حکومەت، چونکە ئەو ئاوەی لەوێدا بەفیڕۆدەچێت بڕێک پارەی تێدا خەرج کراوە تا وایلێکراوە کە بەکەڵکی خواردنەوە بێت، لە هەمان کاتدا دەکرێت لە ڕێگەی ئەو کون و درزانەوە ئاوی پیس بچێتە ناو تۆڕەکان و بەکارهێنەران توشی نەخۆشی بکات، دەتوانرێت لە ڕێگەی گۆڕین و نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکان بە تێکڕایی نزیکەی (٢٠٪) ئاوی ناو تۆڕەکان لە بەفیڕۆچوون ڕزگاربکرێت[٣]، ئەمەش کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە بەشێکی زۆر لە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن کۆنن و

---

١- هێلین بنیان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٣٣-٢٣٤

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- هێلین بنیان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٣٣-٢٣٤

چاککردنیان پێویستی بە بودجەیەکی زۆرە، ڕەنگە لە دەرەوەی توانای ئێستای حکومەتی هەرێم بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە بودجەیەکی گونجاو بەفیڕۆدان بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمبکرێتەوە.

**دووەم/ باش بەکارهێنانی ئاو لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا**

دواکەوتوویی لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی ئاو وایکردووە بڕێکی زۆر لە ئاو لە بواری کشتوکاڵدا بەفیڕۆبچێت، بۆنمونە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بڕی ئەو ئاوەی کە لە وڵاتە عەرەبییەکان بەفیڕۆ دەدرێت لە بواری ئاودێریدا (٦٢٪)ە، لە کۆی بەکارهێنانی ئاو لەم بوارەدا[١]، لە عێراق ڕێژەی بەفیڕۆچوون لە بواری ئاودێریدا لەوە زیاترە و دەگاتە (٦٠-٧٥٪)[٢]، لەکاتێکدا بە بەکارهێنانی ئامڕەزە نوێکانی بواری ئاودێری دەتوانرێت ڕێگری بکرێت لە زیاتر لە (٥٠٪) ئەو ئاوە بەفیڕۆچووە، ئەمە و سەرباری زیادکردنی بەرهەم و کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان[٣]؛ لەبەرئەوە پێویستە شێوازی ئاودێری باشتربکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێکانی ئاودێری، تاوەکو بەوهۆیەوە ڕێگری لە بەفیڕۆچوونی بڕێکی زۆر لە ئاو بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەشی زۆری بەکارهێنانی ئاو لە بواری کشتوتوکاڵدایە و لە هەمان کاتدا بەشی زۆری بەفیڕۆچوونیش هەر لەم بوارەدایە[٤]، لە گرنگترین شێوازەکانی ئاودێری مۆدێرن کە دەکرێت لە هەرێمی کوردستان پەیڕەوبکرێت بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و باشترکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بریتییە لە:

١. ئاودێری دڵۆپاندن: ئاودێری دڵۆپاندن یەکێکە لە کارامەترین سیستەمەکانی ئاودێری، چونکە بڕێکی کەمی لێدەبێت بە هەڵم و کەمترین بڕی لێوندەبێت بەوەش ئاوێکی زیاتر بەدەستدێت، لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە دەتوانرێت جڵەوی بڕی ئاوەکە و کاتی ئاوەکەش بکرێت بەپێی ڕووەکی چێنراو لە ڕێگای سیستەمێکی کۆمپیوتەرییەوە، دەتوانرێت ئەم جۆرە سیستەمە لە هەر جۆرە زەوییەکدا بەکاربێت و پێویستی بە تەختکردن نییە، هەروەها بۆ زۆربەی بەروبوومەکانی وەکو باخی میوە و کێڵگەی سەوزە و دانەوێڵەش بەکاردەهێنرێت[٥]، کارامەیی ئەم سیستەمە لە نێوان (٨٠-٩٠٪) دایە. توێژینەوەیەک ئەوەی دەرخستووە کە ئاودێری بە دڵۆپاندن بە ڕێژەی (٢٥,٢٪) بە بەراورد بەشێوازەکانی دیکە ئاوەکە پاشەکەوت دەکات[٦]، پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش پەرە بەم سیستەمە بدرێت.

---

١- إيمان بكر أبو الهوى، مصدر سبق ذكره، ص٤٠.

٢- إلهام خزعلي ناشور، نحو إستراتيجية لتنمية الموارد المائية في محافظة البصرة، مجلة الغرى للعلوم الإقتصادية والإدارية، السنة العاشرة، المجلد السابع، العدد الثلاثون، ٢٠١٤، ص١٤.

٣- إيمان بكر أبو الهوى، مصدر سبق دكره، ص٤٠.

٤- خليل حسن محمد اسماعيل، کشتوکاڵ، چ١، چاپخانەی سارا، ٢٠١٩، ل٣١.

٥- د. سلمان شمران العيساوي، مصدر سبق ذكره، ص ٤٧٣-٤٧٦.

٦- بختيار صابر محمد، مصدر سبق ذكره، ص٢٠٥.

٢. ئاودێری پرژاندن: ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاودێری مۆدێرن تا ڕادەیەکی زۆر لە بارانبارینی سروشتی دەچێت، ئەوەش بە ئاودانی بەروبوومەکان لە سەرەوە کە ئاو دەپرژێنێت بەسەر بەروبومەکاندا[١]، ئەم سیستەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوە، هەروەها لە سعودیەش بۆ کشتوکاڵی سەوزە و دانەوێڵە بەکارهێنراوە[٢]، کارایی ئاودێری ئەم شێوازە دەگاتە نزیکەی (٧٥٪) و لە ئاودێریدا زۆر بەکاردێت و گونجاوە بۆ زەوییە ناڕێکەکان و بەکارهێنانی ئاسانە[٣]. کەواتە لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە دەتوانرێت سود لەم سیستەمەی ئاودێری ببینرێت، چونکە دەتوانێت خزمەتێکی زۆر بە کەرتی ئاو و کشتوکاڵی هەرێم بکات و ڕێگری لەو بەفیڕۆدانە زۆرەی داهاتی ئاو بکات لەم کەرتەدا.

٣. شێوازی ئاودێری تەواوکاری: بەکارهێنانی ئاودێری تەواوکاری، کارایی خۆی سەلماندووە لە کشتوکاڵی دێمیدا لە ڕووی ئابوورییەوە بەتایبەت لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ئاوی سنووردار بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک، دەکرێت بەرهەمهێنانی گەنم زیادبکرێت لە (١,٥ تەن) لە هەر هێکتارێک بۆ (٤ تەن) لە هەر هێکتارێک، سەرباری زیادکردنی ئاوی ئاودێری لە سنوری (٥٠-٢٠٠ ملم) لە وەرزێکدا، ئەوەش واتا بەرهەمهێنان دوو هێندە زیادیکردووە، جگە لەوەی بەرهەمهێنان لەم ئاستەدا جێگیربووە بەبێ ئەوەی خراپی دابەشبوونی بارانبارین کاریگەری هەبێت[٤]؛ لەبەرئەوەی زۆربەی کستوکاڵی هەرێم لە ئێستادا دێمییە و پشت بە دابارین دەبەستێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دووبارەبوونەوەی شەپۆلەکانی وشکەساڵی گۆڕانکاری لە بڕ و کاتی باران ڕوویداوە، ئەوەش کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری کردۆتە سەر بەرووبومی جوتیاران، لەبەئەوە دەکرێت پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لە ئاودێری تەواوکاری سودیکی زۆر بگەیەنێت هەم لە ڕووی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو هەم بۆ زیادکردن و دڵنیایی بەروبومی کشتوکاڵی، تاوەکو ڕیگری لە فەوتانی بەروبوومی جوتیاران بکرێت و لە هەمان کاتدا بتوانرێت ببێتە هۆکارێک بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک بەهۆیەوە.

هەموو ئەو سیستەمانە دەتوانرێت لەسەر بەرهەمی سەوزەیی و کێڵگەیی بەکاربهێنرێت، واتا بەکارهێنانی ئەو شێوازانە دەبێتەهۆی پاشەکەوتکردنی بڕێکی زۆر لە ئاو و زیادکردنی بەرهەم، کە بێگومان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک و پاشان ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەبێت، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری جوتیاران بکات، بە جۆرێک کە دەبێت پێداویستییە نوێکانی ئاودێریان بۆ دابینبکات، بۆنمونە ئێران هەر جوتیارێک بۆرییەک ئاو چۆتە سەر کێڵگەکەی بێبەرامبەر[٥]، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتی جوتیاران بکات، لە ڕێگەی دابینکردنی کەرەستەی نوێی ئاودێری

١- د. سلمان شمران العيساوي، مصدر سبق ذكره، ص ٤٧٣-٤٧٦.

٢- فؤاد قاسم الأمير، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٣٦٢.

٣- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمري و عباس حمزة علي الشمري، مصدر سبقذكره، ص٦٩.

٤- بختيار صابر محمد، مصدر سبق ذكره، ص٢٠٥.

٥- شێخ نەجمەدین، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١١٨.

بۆ برەودان بە سیستەمی نوێی ئاودێری لە ڕێگەی نرخی پشتیوانییەوە، واتا بەنرخێک کە حکومەت خۆی بەشێک لە تێچووەکەی لە ئەستۆ بگرێت تاوەکو هانی جوتیاران بدات بۆ بەکارهێنانی ئەو سیستەمە نوێیانە.

لەم بارەیەوە وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (حسێن حەمە کەریم) ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت "لە ئێستادا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کاردەکات بۆ دابینکردنی ئامێری نوێی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران لە پێناو برەودان بە سیستەمی ئاودێری نوێ، لەو بارەیەشەوە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئامێرانە کە دێتە هەرێم هیچ باجێکی گومرگی لەسەر دانەنرێت، بۆئەوەی کۆمپانیاکان بیهێنن و بە قەرزی درێژخایەن بیدەن بە جوتیاران، بە جۆرێک جوتیارەکە (٢٠٪) نرخی ئامێرەکە دەدات، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە قیستی درێژخایەن"[١]، ئەوە یەکێکە لەو ڕێکارانەی کە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پەلە لە جێبەجێکردنی بکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەلەبەرچاوگردنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو و ڕێگریکردن لە فەوتانی بەربوومی جوتیاران و زیادکردنی بەرهەم.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان، پێویستە لە بواری کشتوکاڵدا ئەو بەروبوومانە بچێنرێت کە پێویستی بە بڕێکی کەمترە لە ئاو و بەرگەی وشکییەکی زیاتر دەگرێت[٢]، بۆنمونە جۆ و گەنمی ئاسایی، کە لانیکەم پێویستی بە (٣٠٠ ملم) باران هەیە، هەروەها ئەو ڕووەکانەی کە توانای هەڵگرتن و کۆگاکردنی ئاویان هەیە لە گەڵاکان یان ڕەگەکانیاندا، هەروەها چاندنی ئەو ڕووەکانەی کە ڕەگی درێژیان هەیە و دەتوانن لەو ڕێگەیەوە سود لە شێداری چینە قوڵەکان وەربگرن، وەک داری زەیتون[٣]، هەروەها باشتروایە تەنیا لە ناوچەی بارانی مسۆگەر (لەو ناوچانەی کە لانیکەم (٣٥٠ ملم) باران دەبارێت ساڵانە) پشت بە ئاوی باران ببەسترێت، لە پێناو مسۆگەرکردنی بەرهەمی جوتیاران و ڕێگریکردن لە فەوتانی بەروبوومی جوتیاران.[٤]

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی نوێی کشتوکاڵی و ڕێگا نوێکانی ئاودێری و گۆڕانکاری لە جۆری بەروبومی چێنراو وەک ئەوەی ئاماژەمان پیدا، دەتوانرێت لەلایەک بڕی بەفیڕۆچوون کەمبکرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕێگری لە فەواتانی بەروبوومی کشتوکاڵی دەکرێت و لەهەمان کاتدا ئاوی زیاتر بەدەست دەهێنرێت و بەهۆیەوە ئەو ڕووبەرە فراوانەی زەوی هەرێم کە شیاوە بۆ چاندن و تا ئێستا سودی لێوەرنەگیراوە، دەتوانرێت بکرێتە کشتوکاڵ و سودی لیببینرێت، بەوەش بەرهەمی زیاتری بەرووبوومی کشتوکاڵی دەبێت و

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حمە کەریم، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە سالح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- خەلیل حەسەن محەمەد، سامانی ئاو، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٠-٢١.

٤- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

دەتوانرێت ڕێژەیەکی بەرزی ئاسایشی خۆراک لە ناوخۆدا مسۆگەربکرێت، بەوەش هەرێمی کوردستان دەتوانێت خۆی لە پاشکۆیەتی  وڵاتانی دیکە بپارێزێت و هەروەها توانای خۆڕاگری لەکاتی گەمارۆی ئابووری زیاتر دەکات، بەوەش یەکێک لە ڕەهەندە بنچینەییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەدیدێنێت کە بریتییە لە ئاسایشی خۆراک، کە لە ڕێگەی دابینکردنی ئاسایشی ئاوەوە دەبێت.

**سێیەم/ باش بەکارهێنانی ئاو لە بواری پیشەسازیدا**

ئاشکرایە پیشەسازی یەکێکە لە سێکتەرەکانی بەکاربەری ئاو، جگە لەوەش پاشەڕۆیەکی زۆر پیسی هەیە کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ژینگەی سروشتی بەتایبەت سەرچاوەکانی ئاو ئەگەربێتو خاوێن نەکرێتەوە پێش فڕێدانی بۆ ناو ژینگەی سروشتی و ڕێڕەوە ئاوییەکان، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆشیاری پاراستنی ژینگەی سروشتی و فراوانبوونی ئەو ناوچانەی کە ڕووبەڕووی کەمئاوی بوونەتەوە بەتایبەت لەم سەدەی دواییەدا، پرسی باش بەکارهێنانی ئاو لە بواری پیشەسازیدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن وڵاتان و ڕێکخراوە خۆجێی و نێودەوڵەتیەکانەوە، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە دەرامەتێکی ئاوی سنورداریان هەیە.

لە هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی بەکارهێنانی ئاو لە بواری پیشەسازیدا تائێستا سنوردارە و زۆر نییە، بەڵام ئەم شێوازەی ئێستای کاری پیشەسازی مەترسییەکی زۆری دروستکردووە بۆ سەر ژینگەی سروشتی و مرۆیی بەتایبەت بۆ سەر دەرامەتەکانی ئاو، لە هەرێمی کوردستان زۆربەی کارگە پیشەسازییەکان لە نزیک ڕووبارەکانی هەرێم دروستکراون و پاشەڕۆکانیان بێ چارەسەرکردن فڕێدەدەنە ناو ڕووبارەکانەوە، ئەوەش بووەتەهۆی پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو (سەرزەوی و ژێرزەوی) لەو ناوچەیەدا، کارگەکانی سنوری ڕووباری تانجەرۆ لە پارێزگای سلێمانی باشترین بەڵگەیە لەم ڕووەوە وەکو پێشتر خستمانەڕوو. لەبەرئەوە پێویستە لەهەرێمی کوردستان ڕێکاری توند و پێویست بگیرێتەبەر بۆ ناچارکردنی ئەو کارگانە کە پاشەڕۆکانیان فڕێنەدەنە ناو سەرچاوەکانی ئاو، لەسەر بنەمای (پیسکەر دەبێت پارە بدات)*، یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو پەیڕەودەکرێت و بەتەواوی جێبەجێدەکرێت[١]، لە هەرێمی کوردستانیش پێویستە ئەم بنەمایە جێبەجێبکرێت و بە یاسا ڕێگری بکرێت لە فڕێدانی پاشەڕۆکان بەتایبەت پاشەڕۆی پیشەسازی بۆ ناو ژینگەی سروشتی و سەرچاوەکانی ئاو، کە چەندین ماددەی ترسناکی تێدایە و مەترسی بۆسەر ژینگەی سروشتی و مرۆیی دروستدەکات، پێویستە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ جیبەجیکردن و پابەندکردنی کارگە پیشەسازییەکان پێوەی

---

*- واتا هەر کارگەیەکی پیشەسازی پاشەڕۆی پیسی هەبێت پێویستە ناچاربکرێت کە ڕێکاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی پاشەرۆکانی پەیرەوبکات، پێش فریدانیان بۆ ناو ژینگەی سروشتی (سەر زەوی یاخود ناو سەرچاوەکانی ئاو)، لەکاتی جێبەجێنەکردنی ڕێکاری پێویست لەو ڕووە وە بۆ چارەسەرکردنی پآشەڕۆکانی پێویستە سزای دارایی بدرێت.

١- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمری و عباس حمزة علی الشمری، مصدر سبق ذکره، ص٦٨.

لە پێناو پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە پیسبوون و لێکەوتە نەرێنییەکانی لەسەر ژیان و تەندروستی بەکارهێنەرانی لە نزیک و دوور مەودادا.

بێگومان باش بەکارهێنانی ئاو لە هەریەک لەو بوارانەدا پێویستی بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێکار هەیە، لە گرنگترین ئەو ڕێکارانەش بریتییە لە:

**١)** هۆشیارکرەدنەوەی هاوڵاتیان: هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە پێناو باش بەکارهێنانی ئاو لە سەرجەم بوارەکاندا زۆر پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت، پەروەردەی ئاو لە هەموو ئاستەکاندا پێویستی بە باشترکردن هەیە لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگاریانەی کە لە بەشی پێشوو خرایەڕوو، ئەم پرۆسەیە دەکرێت لە چەندین ڕێگەوە بەدیبێت، لە گرنگترینیان بریتییە لە: ڕاگەیاندن، پرۆسەی خوێندن و فێرکردن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئاینی و حیزبە سیاسییەکان... وهتد. لە ڕێگەی دروستکردنی هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاو و پیسکردنی و ڕوونکردنەوەی زیانەکانی لەسەر لایەنی ئابووری، ژینگە، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...وهتد.

- لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن: پێویستە ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و نوسراو، ئاراستە بکرێن دەربارەی ئەوەی کە پێویستە دەرامەتی ئاوی هەبوو بە باشترین شێواز بەکاربهێنرێت، بەوپێیەی کە بابەتی ئاو بابەتێکی بنچینەیی و ستراتیجییە لە بەڕێوەچوونی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا، لەبەرئەوە پێویستە لە پێشینەی سیاسەتی نەتەوەیی وڵاتدا بێت.
- دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەستە و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەفیڕۆدان و پیسکردنی ئاو لەئەستۆ بگرن و بەردەوامبن لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە و هەڵسەنگاندنی هەر پرۆژەیەک، کە لەم بوارەدا جێبەجێدەکرێت.
- مامۆستایانی ئاینی دەکرێت ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو بگێڕن لەم بوارەدا، لە ڕێگەی وتاری هەینییەوە دەتوانن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و سەبارەت بە گرنگی و بایەخی پاراستنی ئاو، وەک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) جەختیان لەسەر کراوەتەوە، وەک چۆن خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ((كلوا وأشربوا من رزق الله ولا تعثوا في الأرض مفسدين))[١]، واتا "بخۆن و بخۆنەوە لە ڕزق و ڕۆزی خوادا و تاوان و خراپە لەسەر زەویدا مەکەن"، ئەوەش واتای ئەوەیە ئاو بە موڵکی گشتی دەژمێردرێت، کە هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە سودی لێ ببینێت، بەڵام بۆی نییە زیانی پێبگەیەنێت، بە یەکێکە لە نیعمەتەکانی پەروەردگار دەژمێردرێت کە بە زیندەوەرانی بەخشیوە بۆئەوەی هەمووان لێی سودمەندبن، لە هەمان کاتدا فەرمانمان پێدەکات کە بیپارێزین و خراپی نەکەین، لە ڕێگەی پیسکردن و بەفیڕۆدان و چەندین شێوازی دیکە؛ بەوپێیەی زۆرینە خەڵی هەرێمی کوردستان مسوڵمانن و گرنگی بە

١- القرءان الكريم، سورة البقرة، الآية ٦٠.

جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیسلام دەدەن، لەبەرئەوە دەکرێت مامۆستایانی ئاینی ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی ببینن لەم ڕووەوە.

- پێویستە پەروەردەی ئاو بگاتە سەرجەم چین و توێژەکان بەتایبەت (مامۆستایانی ئاینی، دادوەران، پیشەییەکانی بواری ڕاگەیاندن، و بڕیار بەدەستان...وهتد)، لە ڕێگەی کردنەوەی خول و وۆرکشۆپ و سیمنار دەربارەی ئاو و گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی سەرجەم کەرتەکان، لە هەمان کاتدا خستنەڕووی مەترسییەکانی کەمئاوی، کە هەڕەشە دروستدەکات لەسەر ئاسایشی خۆراک و تەندروستی و لە دواجاریشدا دەتوانێت ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە، وەک ئەوەی لە ئێستادا بەرۆکی زۆرێک لە وڵاتانی گرتووە بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆئەوەی بتوانن بە باشی کاری لەسەر بکەن و بە شێوەیەکی وورد وکاریگەر بیگەیەننە هاوڵاتیان، لەپێناو پاراستنی ئاو و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدان و پیسکردنی لەسەر ئاستی کۆمەڵگای ناوخۆییدا.
- دەبێت پشتیوانی بەرزکردنەوەی تواناکانی خوێندنی باڵا بکرێت بۆ پرسی ئاو و پشتیوانیکردن و پێشخستنی ئەو کەسانەی لە بواری ئاودا کاردەکەن وەکو: زانایانی ئاو، ئەندازیاران، بەڕێوەبەران و داڕێژەرانی سیاسەت لە کەرتەکانی ئاودا، هەروەها پەرەپێدانی بەردەوامی ڕێنماییەکانی ئاو و بەرنامەکانی پەرەپێدانی پیشەیی نمونەیی و توێژینەوەی کەیسەکانی پەیوەست بە هۆشیاری ئاو لە پێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاودا.
- پێویستە جوتیاران هۆشیاربکرێنەوە لەپێناو باش بەکارهێنانی ئاو لە بواری ئاودێریدا، بەوپێیەی کشتوکاڵ بەکاربەری سەرەکی ئاوە، بۆ دوورکەوتنەوەیان لە فشارەکانی کەمئاوی لە ئێستا و ئایندەدا.
- ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەم ڕووەوە بەوپێیەی بەکاربەری سەرەکی ئاون لە ماڵاندا، لەبەرئەوە پێویستە ڕۆڵیان هەبێت لە کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو، ئەوەش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەیان دەبێت سەبارەت بە گرنگی ئاو و مەترسییەکانی کەمئاوی.
- پێویستە هاوڵاتیان بەگشتی ئەوە بزانن کە دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کەمئاوی، بە جۆرێک دەتوانن بەشداربن لە دواخستنی کێشەی ئاو کە لە ئێستادا سەرەتاکانی ئەم کێشەیە دەرکەوتووە و لەگەڵ خۆشیا چەندین کێشەی دیکە دروستدەکات.

**٢)** دانانی نرخ لە بەکارهێنانی ئاو:

یەکێکی دیکە لە ڕێکارەکان کە پێویستە بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاو، دانانی نرخە لەسەر بەکارهێنانی ئاو، چونکە ئەگەر بێبەرامبەر بێت ناتوانرێت بەڕێوەبردنی ئاو باش بکرێت، دەبێت ژمێرە بۆ ئاو هەبێت چۆن بۆ کارەبا هەیە بۆ تەلەفون و تەواوی شتەکانی دیکە، دەبێت بەکارهێنانی ئاویش بەو شێوازە بێت، بۆئەوەی ئاو بەفیڕۆ نەچێت[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نرخی ئاو لە ڕێگەی ئەو رسوماتانەی کە بەکارهێنەر دەیدەن یەکێکە لە ئامرازە پرمشتومڕاوییەکانی

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بێوار خەنسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

خواست لەسەر ئاو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە پێویستی بە دانانی ئامرازی نیمچە بازار هەیە بۆ پشتیوانیکردنی بەردەوامی و زیادکردنی سود و لە هەمان کاتدا بەرجەستەکردنی نرخێکی دادپەروەرانە بەتایبەت بۆ هەژاران.

مەبەست لە دانانی نرخ بۆ ئاو وەک ئەوەی لەلایەن بانکی جیهانییەوە پێناسە کراوە "بە واتای ئەو پرۆسەیە دێت کە بەهۆیەوە نرخێک بۆ ئاو دادەنرێت، کە هاوسەنگی لە نێوان دابینکردن و خواست بەدەستدەهێنێت و یەکسانە بە تێچووی ڕاستەقینەی دەرهێنانی بە لەبەرچاوگرتنی بەهاکەی لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا"، بەم پێیەش نرخی ئاو تێچووی گواستنەوە و چارەسەرکردنی ئاو، کارپێکردن و چاککردنەوە، تێچووی سەرمایە، تێچووی نەمانی دەرامەتی ئاو و زیانەکانی ژینگە دەگرێتەوە.[1]

لێرەدا پرسیارێکی بنچینەیی دروستدەبێت سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئاو و دانانی نرخ لەسەری، ئەویش ئەوەیە کە ئایا پێویستە دانبنرێت بەوەدا کە ئاو مافێکە لە مافە نچینەییەکانی مرۆڤ بۆ هەر کەسێک؟ یان دانبنرێت بەوەی کە ئاویش شتومەکێکە و پێویستە بازاڕ و نرخ و سیستەمی بازرگانی نێودەوڵەتی جڵەوی بکات؟ لەم بارەیە دوو بۆچوون هەیە، یەکەمیان پێیوایە پێویستە لەسەر حکومەت ئاوی پێویست لە ڕووی بڕ و جۆرەوە بۆ هاوڵاتیان دابینبکات، بەڵام بۆچوونی دووەم پێیوایە پێویستە هاوڵاتیان بەشێک لە تێچووی ئاو یان هەمووی لە ئەستۆبگرن.[2]

بە تێڕوانین لەو گرنگییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەییەی کە ئاو هەیەتی، ناکرێت پاراستنی تەنیا لە ڕێگەی هێزی بازاڕەوە بێت، لەم بارەیەوە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و گەشەپێدان کە لە ساڵی (١٩٩٢) گرێدرا، بە ئاشکرا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئاو وەک شتومەکێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەلایەکی دیکەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەستهێنانی ئاوی وەک مافێک لە مافەکانی مرۆڤ ڕاگەیاندووە، هەروەها لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە مافە ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان داوا لە وڵاتان دەکات کە ڕێز بگرن لە مافی تاک لە بەدەستهێنانی ئاوی پارێزرا و ئاوەڕۆی تەندروست و پێویستە ئەو مافە بپارێزن و بەدەستبێنن[3]، لەبەرئەوە واباشە بۆ پابەندبوون بەو بنەمایانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو وەک شتومەکێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، دەکرێت وڵاتان بڕێک لە ئاو لە بواری بەکارهێنانی ناوماڵدا بەخۆڕایی بدەن بە هاوڵاتیان، بۆنمونە (٣٠ لتر) بۆ هەر کەسێک لە ڕۆژێکدا، کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بنچینەییەکان وەکو (خواردنەوە، چێشتلێنان و پاککردنەوە)، بەڵام بڕەکەی دیکە لەبەرامبەر پێدانی نرخ بێت، بە جۆرێک تا زیاتر بەکاربێنێت نرخی زیاتر بدات، ئەوەش لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی هەرتاکێک لە ئاو لەلایەک، لەلایەکی

---

١- د. نجلاء مرعی، مصدر سبق ذکره، ٢٥٧.

٢- أنور عبد الزهرة شلش العتابي، مصدر سبق ذكره، ص١٠٧.

٣- الأمم المتحدة، اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الأسكو)، تقرير السكان والتنمية، ندرة المياه في العالم العربي، العدد ١، برنامج الأمم المتحدة الإنمائي، نيورك ٢٠٠٢، ص٢٧.

دیکە لەپێناو پاراستنی دەرامەتی ئاو لە بەفیڕۆدان، باشتروایە ئەو نرخەی دەدرێت بۆ بەکارهێنانی ئاو بۆ چاککردنی تۆڕەکانی ئاو و باشترکردن و دروستکردنی تۆڕی نوێ بەکاربهێنرێت.

هەروەها دەکرێت سود لە ئەزموونی وڵاتان و هەرێمەکانی دیکە وەربگیرێت بۆ دیاریکردنی نرخی ئاو بە شێوەیەک کە گونجاو بێت بۆ بەکارهێنەرانی ئاو بەپێی بوارە جیاجیاکان، ئەم کردارەش جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی تایبەت بە تێچوویی بەرهەمهێنانی ئاو و نرخی فرۆشتنی ئاو و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئاودا[١]، واتا دەکرێت لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە جڵەوی بەفیڕۆدانی ئاو بکرێت، واتا جڵەوکردنێکی ماددی، بۆنمونە مانگانە هەرماڵێک (چەند م[٣]) ئاو بەکاردێنێ ئەوەندە پارەی لێوەردەگیرێت.

لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاو گرێبەستی دانانی پێوەری ئاوی لەگەڵ کەرتی تایبەت خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام سەرئەنجام بووەهۆی دروستبوونی ناڕەزایەتییەکی زۆر لەلایەن هاوڵاتیانەوە، لەم بارەیەوە (لوقمان وەردی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "تا ئێستاش کەرتی تایبەت لە بواری پێوەری ئاو و کۆکردنەوەی داهاتی ئاو سەرکەوتوو نەبووە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان، چونکە تائێستاش ئەو ئاوەی دێتە ماڵان ڕاستەوخۆ و بەبێ پاڵاوتن دێت، بەوەش پێوەرەکان پیسدەبن و پاشان لەکاردەکەون، کە دواتر پێوەرەکان ناتوانن خوێندنەوەی دروست بۆ ئاو بکەن و بڕی ئاوی بەکارهاتوو نازانرێت بەوەش ناتونرێت نرخەکەی دیاری بکرێت".[٢]

هەروەها دەبێت ڕەچاوی کوالێتی ئەو ئاوە بکرێت کە دابیندەکرێت بۆ ماڵان، چونکە لە ئێستادا زۆربەی ماڵ لە هەرێمی کوردستان ئاو دەکڕن و متمانەیان بەو ئاوە گشتییە نییە، کە لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تۆڕە گشتییەکانی پێدانی ئاو بۆ ماڵان دابیندەکرێت، چونکە کە ئاو نرخی لەسەر دانرا دەبێت ئاوێکی فرێش و پاک بێت، واتا نابێت هاوڵاتیان دووجار ئاو بکڕن[٣]. بێگومان ئەم پرۆسەیە پێویستی بە دانانی یاساو ڕێسا و ڕێکخستنی تایبەت هەیە، بە جۆرێک کە بتوانرێت بەهۆی دانانی نرخەوە پارێزگاری لە بەفیڕۆدانی ئاو بکرێت و لە هەمان کاتدا پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکرێت بەتایبەت چینی کەمدەست و هەژاران، ئاوێکی فرێش و پاک بۆ هاوڵاتیان بە نرخێکی گونجاو دابینبکرێت، تاوەکو

---

١- د. یونس علی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٧-١٠

٢- لوقمان وەردی، سەرۆکی لیژنەی شارەوانی وگەشتوگوزار لە پەرلەمانی کوردستان، دیداری تەلەفزیۆنی لە کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢٢/٦/١٢، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/RudW.NET/VIDEOSL٧٠٠١٤٣٩٨٤٣٩٨١٩٦/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٥.

٣- شێخ نەجمەدین، لە کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٠٧.

پارێزگاری لە دەرامەتی ئاو بکرێت لەلایەک، لەلایەکی دیکە ئاوی پێویست و گونجاو بە هاوڵاتیان بدرێت.

هەروەها گرنگە کۆمەڵگەی مەدەنی و لۆکاڵی بە شێوەیەکی دیموکراسیانە بەشداری لە گفتوگۆی پرسی دارایی ئاودا بکەن و گرنگی ئاو بناسێنرێت، واتا بەشداریپێکردنی کۆمەڵگای لۆکاڵی پێویستە بەتایبەت کاتێک داوایان لێدەکرێت بەشداربن لە تێچووی ئاو، بۆنمونە لە تونس (٢٥٠) کۆمەڵەی ئاو هەیە کە بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە و ئاودێری بەڕێوەدەبەن وەک بەشێک لە بەرنامەی حکومی بۆ جێبەجێکردنی نا ناوەندی هەوڵەکانیان بۆ گواستنەوەی تێچووە بۆ سەر بەکاربەران، بێگومان کاتێک بەکاربەر بەشێک لە تێچووی ئاو دەدات پاراستنی ئاو زیاتر چالاک بێت.[١]

بە هەمان شێوە پێویستە نرخ دیاری بکرێت بۆ بەکارهێنانی ئاو لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا، لەبەرئەوەی بە یەکێک لە ڕێگە چارەکان بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو لە بواری کشتوکاڵدا دادەنرێت، تا ئێستا بەکارهێنانی ئاو تا ڕادەیەکی زۆر بەخۆڕاییە بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر نرخی بازاڕ لەسەر ئاو دابنرێت ئەوا جوتیاران قازانج لە بەروبوومەکانیان ناکەن بەتایبەتی بۆ دانەوێڵەیەک کە پێویستی بە بڕێکی زۆر لە ئاوە، ئەوەش دەکرێت ببێتەهۆی پەکخستنی کشتوکاڵ[٢]، بەڵام دەکرێت لە ڕێگای سود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان و هەرێمەکانی هاوشێوە بۆ دیاریکردنی نرخی ئاو کە گونجاوبێت بۆ بەکارهێنەرانی ئاو لە بواری ئاودێریدا، هەروەها لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی تایبەت بە تێچووی بەرهەمهێنانی ئاو و نرخی فرۆشتنی ئاو دەکرێت جێبەجێبکرێت[٣]. دانانی نرخ دەستەبەری ئەوەدەکات کە جوتیاران زیدەڕۆیی نەکەن لە ئاودێریدا و دەست بە ئاوەوە بگرن.

بێگومان ئەوەش سەرەتا پێویستی بە دانانی پێوەری ئاوە لەسەر کۆی بیرە کشتوکاڵییەکان، بۆ زانینی بڕی ئاوی بەکارهێنراو لە هەر ئاودێرییەک و لە هەر وەرزێکدا، چونکە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی پڕۆژەی گەورەی ئاودێری زۆربەی زۆری جوتیاران پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن لە ڕێگەی هەڵکەندنی بیرەوە، دانانی پێوەری ئاو لەسەر بیرە کشتوکاڵییەکان دەستەبەری زانینی بڕی ئاوی بەکارهێنراو دەکات و دەکرێت بەهۆیەوە نرخ دیاری بکرێت، ئەوەش ڕێگری دەکات لە بەفیڕۆدانی ئاو و پاشان دەزانرێت ساڵانە چەند ئاوی ژێرزەوی لەو بوارەدا بەکاردێت، چونکە تائێستا نازانرێت چەند ئاوی ژێرزەوی بەکاردەهێنرێت و چەندی لێ پاراودەبێتەوە، لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا بەتایبەت بۆ بواری ئاودێری.

---

١- أنور عبد الزهرة شلش العتابي، مصدر سبق ذكره، ص١٠٩.

٢- ئەندەرس یاگەرسگوک، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل٥٥.

٣- د. یونس علی، ئاو لەجیاتی نەوت چەکی جەنگ و ئاشتی هەرێمی کوردستان وەک نمونە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ ١٨-١٩، تشرینی یەکەم ٢٠١٧، ل٣٥.

دیاریکردنی بەهای ئابووری ئاوی ئاودێری لە ڕێگەی دانانی نرخ بۆ بەکارهێنان و چاککردنەوەی کەرەستەکانی ئاودێری کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر باش بەکارهێنانی ئاو لەم سێکتەرەدا، بەتایبەتی کاتێک سیاسەتی دانانی نرخ بەپێی ئاستی داهاتی سودمەندان دیاری بکرێت، بۆئەوەی لەلایەک مسۆگەری پاراستنی ئاو بکرێت لەلایەکی دیکە بە شیوەیەک نەبێت کە زیان بە داهاتی جوتیاران بگەیەنێت، ئەم ئامرازە لە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، وەکو ئامرازێکی ئابووری بەکارهێنراوە لەپێناو باش بەکارهێنانی ئاو، ئەوەش لە ڕێگەی دانانی پێوەر لەسەر تەواوی بەکارهێنانە جیاوازەکان ( ناوماڵ، ئاودێری، پیشەسازی) لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان کردووە لە دیاریکردنی نرخدا.[1]

**٣)** دانانی یاسا و ڕێسا

دانانی یاساکان ئامرازگەلێکی دادوەرین بۆئەوەی هاوڵاتیان و جوتیاران و پیشەوەران لە پیسکردن یان خراپ بەکارهێنانی ئاو و سەرچاوەکانی دووربکەونەوە[2]، یاساکان بریتیین لە "کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و دەقی یاسایی، کە بەکارهێنانی ئاو ڕێکدەخات لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا، بە ئامرازێکی چالاک دادەنرێت بۆ پاراستنی ئاو و دیاریکردنی مافی تاکەکان تێیدا".[3]

لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان لێرە و لەوێ کۆمەڵێک یاسا دەرکراوە لە پێناو پاراستن و باش بەکارهێنانی ئاو وەک ئەوەی لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، بەڵام هیچیان وەک پێویست جێبەجێنەکراون و نەتوانراوە ببێتە هۆکارێک بە ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی ئاو، بەوپێیەی تا ئێستاش پاشەڕۆی پیشەسازی و کشتوکاڵی و شارستانی بەبێ چارەسەرکردن فڕیدەدرێنە ناو ڕووبارەکان و سەرچاوەکانی ئاو، تا ئێستاش بیرهەڵکەندنی بێ مۆڵەت بەردەوامی هەیە، تا ئێستاش بڕێکی زۆر لە ئاو لە سەرجەم سێکتەرەکانی بەکارهێنانیدا بەفیڕۆدەدرێت؛ دوایین یاسا کە لە مانگی (٦) ئەمساڵدا (٢٠٢٢) دەرچوێنرا، یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٢٢) ە، لە تەواوی مادده و بڕگەکانیدا جەخت لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی دەرامەتە ئاوییەکان دەکاتەوە[4]، کە ئەگەر جێبەجێبکرێت دەکرێت هەرێمی کوردستان بگاتە قۆناغێک کە دەتوانرێت بوترێت؛ هەنگاوی گرنگ نراوە لەم ڕووەوە سەبارەت بە باش بەکارهێنانی ئاو و پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان، کە بە پێویستیی بنچینەیی دادەنرێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو، چونکە لەگەڵ ئەوەی دانانی یاساکان بە گرنگترین ئامرازەکانی پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئامرازی پێویست دیاری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بکرێت.

---

١- إلهام خزعلي ناشور، مصدر سبق ذكره، ص١٥.

٢- عطا فهد عبدالرحمن المناصير، مصدر سبق ذكره، ص٧٣.

٣- د. رضا عبدالجبار سلمان الشمري و عباس حمزة علي الشمري، مصدر سبق ذكره، ص٦٧.

٤- بڕوانە: یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٢٢)، یاسای بەڕێوەبردن وپاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢٨٤، ٢٠٢٢/٧/٧.

واتا دەبێت جەختبکرێتەوە لەسەر لایەنی کارگێری و بەهێزکردنی ئامرازەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و دانانی ئامراز و میکانیزمی پێویست لەپێناو هەماهەنگی لە نێوان ئەو لایەنە جیاوازانەی کە کاردەکەن لە بواری ئاودا و بەرپرسیارێتی هەر لایەنێک دیاری بکرێت بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە گەشەپێدان و بەڕێوەبردنی تەواوکار بۆ دەرامەتە ئاوییەکان؛ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەرجەم ئەو یاسایانەی کە دادەنرێت لەپێناو پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان، چالاک و کاریگەر نابێت ئەگەر بەدواداچوون نەکرێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بە بەردەوامی و ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی دانەنرێ، لەبەرئەوە دەکرێت جۆرێک لە پۆلیسی تایبەت دابمەزرێت لەپێناو پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان و گەشەپێدانی، کە ئەرکی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا و چاودێریکردن و بەدواداچوون بێت بۆ هەر کردارێک کە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە دەرامەتە ئاوییەکان و ڕێگریکردن لەو کردارانەی کە زیان بە دەرامەتە ئاوییەکان دەگەیەنێت.

جیبەجێکردنی هەموو ئەو ڕێکارانەش دەبێت لەلایەن ئەنجومەنێکی نیشتیمانی تایبەت بە ئاوەوە بێت، کە پێویستە بە زووترین کات دابمەزرێت، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و هەموو پرسەکانی پەیوەندیدار بە ئاوی هەرێم لە ئەستۆ بگرێت، چونکە لە ئێستادا بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێم بەسەر چەندین وەزارەت و دەستەدا دابەشبووە و جۆرێک لە پەرتەوازەیی هەیە لە بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەو ئەنجومەنە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها ئەم ئەنجومەنە یان هەر دەزگایەکی دیکە کە بەرپرس دەبێت لە ئاوی هەرێم دەبێت هەماهەنگی تەواویشی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق بۆ مسۆگەرکردنی بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووبارە نێودەوڵەییەکان[1]، لەبەرئەوەی ئەرکی حکومەتی فیدراڵە و لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانێتی، کە لە باسی دواتردا دەیخەینەڕوو.

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ ئاو دەرامەتێکی سنوردارە وڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە کاتێک بەهەڵە بەکاردەهێنرێت تێکدەچێت، بۆیە دەبێت بە وریایی و بە شێوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت بە جۆرێک کە دەستەبەری پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتووی هاوڵاتیان بکات، لەبەرئەوە پێویستە پارێزگاری لە دەرامەتەکانی ئاو بکرێت بە شێوەیەکی ژیرانە و بە باشی بەکاربهێنرێت و هەوڵی پاکڕاگرتنی سەرچاوەکانی بدرێت و پیس نەکرێت، هەروەها هەوڵبدرێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی ئاو و گەشە بەوانەی کە هەن بدرێت، لە ڕێگەی گرتنەبەری تەواوی ئەو ڕێکارانەی پێشتر خرایەڕوو، لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند کاربکرێت بۆ بەدەستهێنانی پشکی ئاوی هەرێم و عێراق لەو سەرچاوانەی کە لە وڵاتانی دراسێ (تورکیا و ئێران) ەوە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان، وەک لە باسی دواتردا بە وردی تیشکی دەخەینە سەرو و ڕوونیدەکەینەوە.

---

١- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٧٤-١٧٥.

## باسی دووەم : چارەسەرییەکان لەسەر ئاستی دەرەوە

وەک لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاو لەو سەرچاوە ئاوییانەوە سەرچاوەدەگرێت کە دەکەونە نێو خاکی تورکیا و ئێران، هەریەک لەو وڵاتانەش دەستیانکردووە بە دروستکردنی بەنداو و تونێل بۆ گلدانەوە و گۆڕینی ئاڕاستەی ئاوەکان بۆ ناو خاکی خۆیان، ئەوەش وایکردووە ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزێت، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە ناتوانێت ڕاستەوخۆ پرسی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ تاوتوێبکات، لەبەرئەوەی ئاو ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە و پەیوەندی بە سەروەری وڵاتانەوە هەیە.[١]

لە هەمان کاتدا لە (بڕگەی هەشتەم/ ماددەی (١١٠)) ی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) هاتووە "پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی لە دەرەوەی عێراقەوە دێن و مسۆگەرکردنی گەیشتنی بڕە ئاوی پێویست بۆ ناو عێراق بەگوێرەی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵە"[٢]، واتا ئەرکی پاراستن و تێرژانی ئاو لە سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی عێراقەوە بۆ ناوعێراق و هەرێمی کوردستان، لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت ڕاستەوخۆ دانوستاندن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بکات سەبارەت بە بەشە ئاوی هەرێم لە ڕووبارە هاوبەشەکان، بەڵکو دەبێت حکومەتی فیدراڵ ئەو کارە ئەنجامبدات.

واتا ئەوەی حکومەتی هەرێم دەتوانێت بیکات فشار خستنەسەر حکومەتی فیدراڵە بۆ ئەوەی بە کاری خۆی هەستێت وەک ئەوەی لە دەستور بۆی دیاریکراوە، لە ڕێگەی گرتنەبەری تەواوی ئەوئامرازانەی لە بەردەستیدایە کاربکات بۆئەوەی هەریەکە لە ئێران و تورکیا ڕازیبکات بە پێدان و بەردانەوەی ئاوی پێویست بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لەو سەرچاوە ئاویانەی لەو وڵاتانەوە دەڕژێنە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەندێک لەو ئامرازانە سروشتی دبلۆماسیان هەیە وەکو دانوستان، نێوەندگیری، سازان و لێکۆڵینەوە؛ هەندێکی دیکەیان سروشتی سیاسیان هەیە وەکو پەنابردن بۆ ئەو ئۆرگانانەی کە تایبەتمەندن بە پرسی ململانێ، لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە جیهانییەکان و هەرێمییەکان وەک: (ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگا نێودەوڵەتییەکان وەکو ناوبژیوانی نێودەوڵەتی یان دادگای نێودەوڵەتی کە خۆی دەبینێتەوە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی)[٣]. ئێمە لێرەدا گرنگترین ئەو ڕێکار و ئامرازانەی کە حکومەتی عێراق دەتوانێت بەکاریان بێنێت بۆ بەدەستهێنانی پشکی عێراق و هەرێم لەو ڕووبارە هاوبەشانە لە ڕێگەی دوو تەوەرەوە دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٢- دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، بڕگەی/٨ ماددەی (١١٠).
٣- د. حيدر أدهم، ملاحظات فى بعض جوانب دعوات لجوء العراق إلى المحافل الدولية بخصوص مشكلة المجاري المائية الدولية المشتركة، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠١٤، ص٣.

## تەوەری یەکەم/ بەکارهێنانی ئامرازە سیاسی و دبلۆماسییەکان

ڕووباری دیجلە و چوار ڕێژگەی سەرەکی (خابور، زێی گەورە، زێی بچوک، سیروان) کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان پێکدێنن، لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانەوە سەرچاوەدەگرن و دەڕژێنە هەرێمی کوردستان، هەریەک لەو وڵاتانەش پراکتیزەی سەروەری ڕەها دەکەن بەسەر ئەو ڕووبارانەدا، عێراق و هەرێمی کوردستانیان بێ بەشکردووە لە بەشە ئاوی ئەو ڕووبارانە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئاوییانە و لەپێناو بەدەستهێنانی بەشە ئاوی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێت ئامرازە سیاسی و دبلۆماسییەکان بەکاربهێنرێت، بەوپێیەی یەکێک لە چارەسەرەکانی کێشەی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەوڵە سیاسی و دبلۆماسییەکانە کە لە ڕێگەی دانوستاندنی ڕاستەوخۆ و دووقۆڵییەوە ئەنجام دەدرێت[1]، وەک لێرەدا ڕوونیدەکەینەوە:

### دانوستاندن:

پرسی سەرچاوە ئاوییەکان لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا یەکێکە لەو گرفتانەی کە پێویستە بەڕێگای دانوستان چارەسەر بکرێت، چونکە دانوستان سەرەکیترین و باوترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، کە دادگای دادی نێودەوڵەتی بە شێوازێکی دۆستانە و ڕاستەوخۆ ناوی دەبات و لەسەر ئاستی جیهاندا پەسەندکراوە[2]، هەروەها ڕێککەوتنامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی ساڵی (١٩٩٧) لە بەندی (٣٣/ب٢) دا داوا لە لایەنە ناکۆکەکان دەکات، ڕێگای دانوستان و ئاشتیانە بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.[3]

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ دانوستان یەکەم ئامرازی ئاشتیانەیە، کە حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دەتوانن بیگرنەبەر بۆ داواکردنی بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکانی نێوانیان، لە ڕیگەی دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئاستی باڵا لە بواری ئاودا کە حکومەتی هەرێمیش بەشداربێت تێیدا، بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆ و دانوستاندن بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆئەوەی پشکی عێراق و هەرێمی کوردستان دەستەبەربکرێت بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاو، بەوپێیەی ئەو ڕووبارانە ڕووباری نێودەوڵەتین و مافی عێراق و هەرێمی کوردستانیان بەسەرەوەیە؛ بەڵام هەریەک لە تورکیا و ئێران نکۆڵی لەو ڕاستییە دەکەن و ئامادەنین ڕێککەوتن بکەن لەسەر دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە سەرباری دانوستاندن و کۆبوونەوە و دانیشتنی بەردەوام، تائێستا نەتوانراوە بەشە ئاوی عێراق لەو ڕووبارانە بەدەستبێت[4]، لەبەرئەوە دەکرێت لە ڕێگەی لێدان لە

---

١- د. رضا عبدالجبار الشمري و عباس حمزة علي الشمري، مصدر سبق ذكره، ص٦٣.

[2]- ئازاد وەڵەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان – لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل٢٠٨-٢٠٩.

٣- اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في الأغراض غير الملاحية، لسنة (١٩٩٧)، المادة ٣٣/ف٢.

٤- د. عبدالطيف جمال رشيد، الموارد المائية في العراق، مصدر سبق ذكره، ص ص١٧٧-١٧٨.

بەرژەوەندییەکانی هەریەک لەو وڵاتانە کاربکرێت بۆ بەدەستهێنانی بەشە ئاوی عێراق و هەرێم[1]، یاخود بەکارهێنانی کارتی فشار لە دژیان، بەوپێیەی حکومەتی فیدراڵ چەندین کارتی لە دەستە و دەتوانێت لە دانوستاندنە دوو قۆڵییەکاندا لەگەڵیاندا بەکاریانبهێنێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ و مسۆگەر لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئاوی ئەو ڕووبارانە، چونکە پێویستە ئەو هێز و توانایەی کە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیانە بەکاربێنن لەپێناو پاراستنی پشکی ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو ڕووبارانە کە پێویستە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو، لەبەرئەوەی ئاسایشی ئاو بنچینەیی گەشەکردن و پێشکەوتن و مانەوە و بەردەوامییە، واتا ڕەهەندی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەییە، لەبەرئەوە پێویستە تەواوی ئەو ڕێکار و ئامرازانەی کە لەبەردەست عێراقدایە بەکاربێنێت؛ لەگرنگترین ئەو ئامرازانەش بریتین لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران و هەروەها بەکارهێنانی بەنداوەکانی هەرێم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی فیدراڵ تاوەکو بە ئەرکی خۆی هەستێت، وەک ئەوەی لێرەدا ڕوونیدەکەینەوە:

**١- پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان:**

هێزی ئابووری یەکێکە لەو ئامرازە ئابووریانەی کە وڵاتان بەکاریدێنن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بۆیە وڵاتان بە پەرۆشی مانەوە و فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانیانن لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا[2]؛ ئاشکرایە لە ئێستادا عێراق و تورکیا دوو هاوبەشی بنچینەیین لە جیۆپۆلتیک و ئابووری، هەردوو وڵات هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانیان بەهێزبکەن لە ڕێگەی فاکتەری ئابوورییەوە سەرباری کێشە بەردەوامەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا بە دیارترین مۆدێلەکانی پەیوەندیی دووقۆڵی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، بەوپێیەی لە ڕەهەندەکانیدا چەندین وێنەی لێکچوونی مێژوویی، کلتوری، ئایدۆلۆژی، ئاینی و تەنانەت سیاسیش هەڵدەگرن، ئەمە جگە لە لایەنی جوگرافی[3]، بەتایبەتیش فاکتەری ئابووری یەکێکە لە گرنگترین نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر بە عێراق، کە وەک یەکێک لە گرنگترین هاوبەشە بازرگانییەکانی سەریهەڵداوە لە ڕووی: بازرگانی زەمینی، غازی سروشتی، وەبەرهێنانەکانی تورکیا لە عێراق، کاری کۆمپانیاکانی بیناسازی...وهتد؛ هەروەها هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لە دەستەبەرییەکانی ئاسایشی وزەی تورکیا، بۆیە تورکیا بە پەرۆشە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق یاخود لانیکەم تێکنەدانی پەیوەندییەکانی، سەرەڕای فایلە مشتومڕاوییەکانی نێوان هەردوولا لەوانە (پارتی کرێکارانی کوردستان، کێشەی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان)، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تورکیا هەست بە گرنگی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەکات و بەردەوام هەوڵی

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٢- مصطفى السراي، العراق وتركيا.. علاقات اقتصادية و مشاكل مستمرة، منشور من موقع الألكتروني العالم العربي، ١٥/آب/٢٠٢٢، متوفر من ربط الآتي-

https://al-aalem.com/article/٥١٧١٣ تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣.

٣- د. محمد منذر جلال، مصدر سبق دكره، ص٢٤١.

پاراستنی پەیوەندییە دۆستانەکانی دەدات لەگەڵ عێراق، لەبەرئەوە لە ساڵی (٢٠٠٨) (ئەنجومەنی باڵای تورکیا و عێراق بۆ هاوکاری ستراتیژی هاوبەش) دامەزرا و بازرگانی دووقۆڵی لە نێوانیاندا گەشەیکرد، بە هەمان شێوە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش لە نزیکەوە گەشەیکرد.[١]

دەرئەنجامی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان زیادیکرد لە نزیکەی (٥) ملیار دۆلارەوە لە ساڵی (٢٠٠٨) بۆ نزیکەی (١١) ملیار دۆلار لە ساڵی (٢٠١٠)[٢]، بەو شێوەیە بەردەوام پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان لە گەشەکردندا بوو تا لە ساڵی (٢٠٢٠) قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان گەیشە زیاتر لە (٢٠) ملیار دۆلار؛ لە ئێستادا تورکیا بە دووەم گەورەترین هەناردەکار دەژمێردرێت بۆ عێراق لەدوای چین، چونکە لەو (٢٠) ملیارەی ئاڵوگۆڕی نێوانیان بەهای (٩) ملیار دۆلار هاوردەی شتومەکی تورکی بووە و (١١) ملیار دۆلاریش هەناردەی نەوتی عێراق بووە بۆ تورکیا[٣]، لەبەرئەوە پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەردوو وڵات بە کرانەوە وەسف دەکرێت، دەرەنجامی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان و گەشەی بەردەوامی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان، سەرباری پەیوەندییەکان لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا.

واتا تورکیا کاریگەرییەکی گەورەی لە بازاڕی عێراقدا هەیە نەک تەنیاش لە بواری بازرگانی، بەڵکو لە ڕووی گەشتیاریشەوە، بە جۆرێک گەشتیارانی عێراق ڕێژەیەکی زۆر لە گەشتیاران لە تورکیا پێکدێنن، بۆنمونە لە ساڵی (٢٠١٤) ژمارەی گەشتیارانی عێراق لە تورکیا گەیشتۆتە (٨٥٧) هەزار کەس، هەروەها باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغداد ئاماژەی بەوەداوە کە لە (٥/تەموزی ٢٠٢٢) بە نزیکەی (٧٠٠٠) فیزەی سەفەریان داوەتە عێراقییەکان، لەکاتێکدا بەپێی پۆلێندبەندی نێودەوڵەتی هەر گەشتیارێک نزیکەی (٧٠٠-١٢٠٠) دۆلار خەرج دەکات[٤]، لەو بارەیەوە بەڕیز (منار عوبەیدی) شارەزای بواری ئابووری دەڵێت "داهاتی تورکیا لە گەشتیاری عێراقی زیاتربووە لە (١٩٠) ملیۆن دۆلار لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١)"، بێگومان ئەوەش داهاتێکی گەورەیە بۆ بازاڕی تورکیا، بەتایبەت لە ئێستادا بەهۆی دابەزینی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر دۆلار.[٥]

---

١- مصطفى السراي، العراق وتركيا.. علاقات اقتصادية و مشاكل مستمرة، مصدر سبق ذكره.

٢- د. مني حسين عبيد، العلاقات العراقية- التركية واثرها في استقرار العراق، مجلة دراسات الدولية، جامعة بغداد، العدد الستون، ٢٠١٥، ص١٠٣.

٣- المبادلات التجارية العراقية: شبكة علاقات مع دول الجوار، منشور من موقع الالكتروني الخنادق، ٢٠٢٢/٥/٩، متوفر من الربط الآتي-

https://www/alkhanadeq.com/post.phd?id+٢٧٧٥ . تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٠.

٤- مصطفى السراي، العراق وتركيا.. علاقات اقتصادية و مشاكل مستمرة، مصدر سبق ذكره.

٥- نقلا عن: دلشاد حسين، خبراء عراقيون: الورقة الاقتصادية أفضل خيار للضغط على تركيا، منشور من موقع الالكتروني ارفع صوتک، ٢٣/تەموز/٢٠٢٢، متوفر من ربط الآتي-

لەبەرئەوە تورکیا بەردەوام هەوڵی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی دەدات لەگەڵ عێراق، لە کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٠) لەکاتی سەردانەکەی (مصطفى کاظمي) بۆ تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆک کۆماری تورکیا جەختی لەسەر پێویستی دروستکردنی زەمینەیەکی لەبارکردەوە کە پشگیری بەرزکردنەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات بکات، وەکو پێشنیاری ڕێککەوتنامەی هەڵوەشاندنەوەی باج بۆ هەردوولا و بەردەوامبوون لە پرۆژەکانی گەشەپێدان بەتایبەت کەرتی وزە، لەوانە بۆری نەوتی نێوان کەرکوک-جیهان[١]، بە هەمان شێوە سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەسازی و بازرگانان لە تورکیا و عێراق (نواف کليج) لە چاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی ئەنادۆڵ ڕایگەیاندووە، تورکیا هەوڵی بێسنووردەدات بۆ بەرزکردنەوەی قەبارەی بازرگانی لەگەڵ عێراق بۆ (٥٠) ملیار دۆلار لە (١٠) ساڵی داهاتوودا.[٢]

بە هەمان شێوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) و کەوتنی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حسین و پێکهێنانی حکومەتێکی شیعە مەزهەب، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران گۆڕانێکی گرنگی بە ئاڕاستەی لێکنزیکبوونەوە بەخۆوەبینی، لەو کاتەوە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵانەی نێوان عێراق و ئێران بەردەوام زیاد دەکات، ئامارە ئابوورییەکان ئەوە نیشاندەدەن هەناردەی ئێران بۆ عێراق بە بەردەوامی لە زیادبووندایە باتایبەت لەم دە ساڵەی دواییدا، بە جۆرێک هەناردەی نانەوتی ئێران بۆ عێراق لە ساڵی (٢٠٠٨) بە ڕێژەی (٢,٨) ملیار دۆلار بووە و لە ساڵی (٢٠١٩) گەیشتۆتە (٩) ملیار دۆلار، لە ساڵی (٢٠٢٠) بەرزبووەتەوە بۆ (١٣) ملیار دۆلار بە هەناردەی غاز و کارەبا ...وهتد، لە هەمان ساڵدا ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی گەشەپێدانی بازرگانی بۆ ساڵی (٢٠٢٠) ئاشکرایکردووە، کە عێراق هاوردەکاری سەرەکی شتومەکی ئێرانە و بە دووەم وڵات لە هاوردەی شتومەکی ئێرانی دادەنرێت، هەروەها سەرکردە و بەرپرسانی سیاسی هەردوو وڵات لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیاندا جەخت لەسەر پەرەپێدانی زیاتری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان دەکەنەوە، بۆنمونە سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێران بەڕێز (حەسەن ڕۆحانی) دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوتا عێراقییەکەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە هەوڵدەدەن قەبارەی بازرگانی ساڵانەی نێوانیان بگەیەننە (٢٠) ملیار دۆلار، ئەوەش بە قەبارەیەکی گەورەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دادەنرێت و دەتوانرێت بکرێتە کارت بۆ بەدیهێنانی بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دانوستاندنە دووقۆڵییەکانی نێوانیاندا، لەبەرئەوەی لە ئێستادا کە وڵاتی ئێران لەژێر گەمارۆی ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، زۆر پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتانی دراوسێ هەیە بەتایبەت عێراق،

---

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١١. https://www.irfaaswtak.com/iraq/٢٠٢٢/٠٧/٢٣

١- تركيا والعراق يبحثان زيادة حجم التبادل التجارى، منشور من موقع الالكترونى Anadolu Agency، ٢٠٢٢/٣/٣١، متوفر من ربط الآتى-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣. https://www.aa.com.tr/ar/

٢- وكالة الاناضول، سعى تركيا لرفع حجم التجارة مع العراق إلى ٥٠ مليار دولار، منشور من موقع الالكترونى الجزيرة، ٢٠٢١/٤/٢، متوفر من ربط الآتى-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣. https://www.aljazeera.net/amp/ebusiness/٢٠٢١/٤/٢/

دەیەوێت لە ڕێگەی فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەرفەتی پێشبڕکێی ئابووری لە سایەی سزاکانی سەری بڕەخسێنێت[1]، بۆیە هەر پاشەکشەیەک لە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئابووری ئەو وڵاتە.

جگە لە پەیوەندی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران، گەشتوگوزاری ئاینیی یەکێکی دیکەیە لە پەیوەندییە گرنگەکانی نێوانیان، ساڵانە نزیکەی (٦) ملیۆن گەشتیاری ئێرانی دەچنە عێراق و سەردانی مەزرگە ئاینییەکان دەکەن لە پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، سەلاحەدین و بەغدادی پایتەخت، بۆ ئەنجامدانی نەریتی ئاینی، لەکاتێکدا کرێی سەردانکەرانی ئێرانی (٤٠) دۆلارە، بەڵام لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەردوو وڵات هەڵوەشاندنەوەی کرێی فیزایان بۆ هاوڵاتیانی عێراق و ئێران لە (٢٠١٩/٤/١) ڕاگەیاند بەتایبەت بۆ سەردانکەرانی چلەی ماتەمینی (ئیمام حوسەین).[2]

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییە فراوانەی نێوانیاندا، دەکرێت حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی نێوانیان بەکاربهێنن و تورکیا و ئێران ڕازیبکەن بۆ ئەنجامدانی دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵیان سەبارەت بە پشکی عێراق و هەرێم لە ڕووبارە هاوبەشەکانی نێوانیان، لە سایەی ئەو پەیوەندییە فراوانەدا چارەسەری کێشە ئاوییەکانی نێوانیان بکەن و دەستەبەری دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئاوی ئەو ڕووبارانە بکەن، واتا دەکرێت ڕێککەوتن و پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان عێراق وهەرێمی کوردستان و هەریەک لەو دوو وڵاتە بەکاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی پشکی دادپەروەرانەی عێراق و هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاوە هاوبەشەکان، واتا بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە فراوانە ئابووری و بازرگانییەی نێوانیان وەکو کارتێکی فشار بۆ بەدیهێنانی پشکی عیراق و هەرێم لە ئاوی ڕووبارەکانی نێوانیان، بە بەکارهێنانی شێوازی دبلۆماسی ئابووری، وەکو: بایکۆتێکی هەمەلایەنەی شتومەکی تورکی و ئێرانی و وەستاندنی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵیان لەلایەن لایەنی فەرمی و جەماوەری لە کاتی وەڵامنەدانەوەی داواکارییەکانی عێراق لەم ڕووەوە.

لەکاتێکدا ئەو مامەڵەیە لە ئێستادا لەگەڵ تورکیا لە (٣٠) ملیار دۆلار و لەگەڵ ئێرانیش لە (٢٠) ملیار نزیک دەبێتەوە، بەپێی ئەو ژمارانەی کە چەند هەفتەیەک پێش ئێستا (تەمووزی ٢٠٢٢) لەلایەن سەرۆکی ژووری بازرگانی نێوان ئێران و عێراق (یحیا آل إسحاق) ڕاگەیاندراوە، لەبەرئەوە گرتنەبەری ئەم ڕێکارە زیانێکی زۆر بە هەریەکەیان دەگەیەنێت، بە سەیرکردنی

---

١- علی نجات، آفاق العلاقات الاقتصادية بين إيران والعراق، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢١، ص٥، متوفر من ربط الآتي-
تأريخ الزيارة https://www.bayancenter.org/wp-content/uploads/٢٠٢٢/٠١/٩ygv٢.pdf ٢٠٢٢/٩/١١.

٢- ميزان تبادل الزوار بين العراق وإيران مائل باتجاه الشرق.. إلغاء التأشيرات لمصلحة من؟، منشور من موقع الالكتروني ناس-NAS-، ٢٠١٩/٣/١٢، متوفر من ربط الآتي-
تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١١. https://www.nasnews.com/view.phd?cat+٨٩٣٢

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و هەریەک لەو دوو وڵاتە، کە ئاڵوگۆڕێکی ناکاری و یەک لایەنەیە، چونکە عێراق هەموو شتێک و بەتایبەتی خۆراک لە هەردوو وڵاتەوە هاوردە دەکات و نزیکەی هیچیان بۆ نانێرێت.[١]

هەروەها دەکرێت ڕای گشتی بجوڵێنرێت بە ئاڕاستەی بایکۆتکردنی شتومەکی تورکی و ئێرانی لە کاتی پێنەدانی بەشە ئاو بە عێراق و هەرێمی کوردستان، وەکو ئەو هەڵمەتەی کە ئەنجامدرا دژی ئەو هێرشە ئاسمانییەی ئەم دواییەی تورکیا بۆسەر ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دهۆک، کە بەهۆیەوە (٩) هاوڵاتی بوونە قوربانی و (٢٣) کەسی دیکەش بریندارببوون، بەوهۆیەوە توانرا ڕای گشتی بجوڵێنرێت بە ئاڕاستەی بایکۆتکردنی شتومەکی تورکی[٢]، هەرچەند سەرکردایەتی تورکیا پێیوایە لەبەرئەوەی عێراق خۆبژێوی نییە ناتوانێت بڕیاری بایکۆتی شتومەکی تورکی بدات[٣]، بەڵام سەرۆکی ژووری بازرگانی بەغداد (فراس الحمدانی) جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە عێراق جێگرەوەی هەیە بۆ شتومەکی تورکی، دەشڵێت عێراق سنوری هاوبەشی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتان هەیە و زۆر وڵات هەن بۆ جێگرەوەی شتومەکی تورکی وەکو (سوریا، لوبنان، کوێت، سعودیە و ئیمارات)، بەوپێیەی ئەو وڵاتانە پێشەسازییەکی پێشکەوتویان هەیە لە زۆر بواردا و دەتوانن بە نرخی گونجاو ڕکابەری بەرهەمەکانی تورکیا بکەن.[٤]

هەربۆیە بە زووترین کات وەزارەتی دەرەوەی تورکیا هاتە سەرخەت و ڕەتیکردەوە کە تورکیا ئەنجامدەری ئەو هێرشە بێت کە کرابووە سەر ناوچەیەکی گەشتیاری لە دهۆک، لە هەمان کاتدا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی عێراق بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ڕاستەقینەی ئەو کارە و بە تێکدەرانە وەسفیکرد.[٥]

هەر لەم بارەیەوە (ڕەمەزان حەمزە) شارەزای ستراتیژ و سیاسەتی ئاو و ئەندامی فاکەڵتی زانکۆی دهۆک دەڵێت "گرتنەبەری ڕێکاری بایکۆتکردنی شتومەکی تورکی ڕێگەیەکە بۆ

---

١- علاء اللامی، مسؤلیة ترکیا و إیران عن مأساة تصحیر العراق، منشور من موقع الألكترونی الأخبار، ١٤/تموز/٢٠٢٢، متوفر من ربط الآتی-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٣. https://al-akhbar.com/opinion/٣٤١١٢٦

٢- بعد قصف دهۆک.. غضب شعبي العراق ودعوات لمقاطعة البضائع التركية، منشور من موقع الالكترونى الحرة، ٢٠٢٢/٧/٢١، متوفر من ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٤.https://www.alhurra.com/arabic-and-international/٢٠٢٢/٠٧/٢١

٣- أحمد حسن علي، أزمة المياه في العراق-التحديات والحلول، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠١٨، ص١١.

٤- بعد دعوة المقاطعة.. تجارة بغداد تتحدث عن توفر البدائل للمنتجات التركية، منشور من موقع الالكتروني شفق نيوز، متوفر من ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٤.https://shafaq.com/ar//

٥- تركيا تصدر بيانا بشأن قصف دهۆک في العراق.. وتوجه دعوة إلى بغداد، منشور من موقع الألكتروني CNN، ٢٠٢٢/٧/٢١، متوفر من ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/١٤. https://arabic.cnn.com/amphtm/middle-east/article/

فشارخستنەسەر توركیا، لە هەمان كاتدا پێیوایە كە دەبێت نوسینگەكانی گەشتیاری عێراق گەشتەكانیان بۆ توركیا بوەستێنن، ناوبراو دەشڵێت بە تەنیا بەكارهێنانی بایكۆت و كارتی گەشتیاری بەس نییە، بەڵكو پێویستە فشاربكرێت بە ئاڕاستەی بەرزكردنەوەی گومرگ بۆ شتومەكی توركی"، بە هەمان شێوە (خطاب عمران الزامن) شارەزای ئابووری پێیوایە "سەپاندنی گومرگ لەلایەن عێراقەوە یان سنورداركردنی چەندێتی لەسەر هەناردەی توركیا، دەكرێت زیانی گەورە بە توركیا بگەیەنێت، بەهۆی فشارە ناوخۆییەكانییەوە كە خۆیدەبینێتەوە لە هەڵاوسان و چەقبەستوویی كە لە ئێستادا بەهۆیانەوە دەناڵێنێت"[١]، لەبەرئەوە ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگی و هاوكاری حكومەتی فیدراڵ بتوانێت كارتی ئابووری بەكاربێنێت دژی هەریەكە لە ئێران و توركیا، ئەوا دەتوانێت فشار بخاتەسەر حكومەتەكانیان، بە جۆرێك ئامادەبن بۆ دانوستان و گەیشتنە ڕێككەوتن و دوورخستنەوەیان لەو سیاسەتە ئاویەی كە لە ئێستادا پەیڕەویدەكەن لەسەر ڕووبارە هاوبەشەكان، كە بووەتەهۆی كەمبوونەوەی داهاتی ئاو لە هەرێمی كوردستان و عێراق بە شێوەیەكی گشتی، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی لە هەرێم و عێراق دروستكردووە.

واتا بایكۆتكردن یاخود سەپاندنی سیستەمی باج بەسەر شتومەكی هاوردە لە هەریەكە لە وڵاتی ئێران و توركیا، یەكێكی دیكەیە لە ڕێگەچارەكان سەبارەت بە كێشەی ئاوی نێوان عێراق و هەریەک لەو وڵاتانە، چونكە لە ڕێگەی سەپاندنی كۆتوبەندی گومرگی بەسەر شتومەكی توركی و ئێرانی لە دەروازە سنورییەكانی نێوانیان ڕێگەیەكە بۆ وەڵامدانەوەی داواكانی عێراق، هەروەها جێبەجێكردنی یاسای توند لەسەر كۆمپانیا توركییەكان و ئێرانییەكان كە لە عێراق كاردەكەن لە سەرجەم بوارەكاندا، كاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەریان؛ لەم بارەیەوە (عەبدولستار مجید) وەزیری پێشووی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوە و دەڵێت حكومەتی هەرێم و فیدراڵ دەتوانن كارتی فشار بەكاربێنن لە بەرامبەر ئێران و توركیا بۆ بەردانەوەی بەشە ئاوی عێراق و هەرێم، یەكێک لەو كارتانەش ڕێگریكردنە لە هاتنە ناوەوەی بەرهەمی ئێرانی و توركی بۆ بازاڕەكانی عێراق بە هەرێمی كوردستانیشەوە، لەم بارەیەوە ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات لە ساڵی (٢٠١٦) كاتێک ئێران لە مانگەكانی (تەموز و ئاب) ئاوی زێی بچوكی گرتوتەوە، بە لایەنی ئێرانیان وتووە كە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنادەن بەرهەمی كشتوكاڵی ئێران لە بازاڕەكانی هەرێم ساغبكرێتەوە ئەگەر ئاوی پێویست بۆ هەرێمی كوردستان بەرنەدەنەوە، سەرئەنجام لایەنی ئێرانی هاتوونەتە سەرخەت و دواتر ئاوەكەیان بەرداوەتەوە، لەبەرئەوە دەبێت حكومەتی عێراق و هەرێمی كوردستان كارتی فشاری ئابووری بەكاربێنن، چونكە عێراق بەگشتی باشترین بازاڕە بۆ ساغكردنەوەی بەرهەمی كشتوكاڵی ئەو دوو وڵاتە، دەتوانرێت لەكاتی پێنەدانی بەشە ئاو بە هەرێمی كوردستان قەدەغەی ئەو بەرهەمانە بكرێت و باجی زۆری لەسەر دابنرێت، لە هەمان

---

١- نقلا عن: دلّشاد حسين، خبراء عراقيون: الورقة الاقتصادية أفضل خيار للضغط على تركيا، مصدر سبق ذكره.

کاتدا دەشڵێت ئەوە ڕێگەیەکیشە بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ[١]. بێگومان ئەوەش پێویستی بەوەیە هەوڵبدرێت بۆ هەمەچەشنکردنی بەرهەمی ناوخۆ لە ڕێگەی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە ڕێگەی سیاسەتێکی واقعی و کارپێکراوەوە، بۆئەوەی پشتبەستن بە دەرەوە کەمبکرێتەوە بەتابەت بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان لە ناوخۆدا لانیکەم.

بە هەمان شێوە (ئازاد نەقشبەندی) جەخت لەسەر بەکارهێانی ئەم کارتە دەکاتەوە و دەڵێت "دەتوانرێت لە ڕێگەی لێدان لە بەرژەوەندییەکانی هەریەک لەو وڵاتانە کاربکرێت بۆ بەدەستهێنانی بەشە ئاوی عێراق و هەرێم، چونکە هەریەک لەو وڵاتانە بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و بازرگانیان هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر بزانن لە بەرژەوەندییەکانیان دەدرێت ئەوا ناچارن بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو ڕووبارانە دابینبکەن"[٢].

بەوپێیەی عێراق سێیەم هاوبەشی بازرگانی تورکیایە[٣]، هەروەها سەرچاوەی یەکەمی نەوتە و ئابووری تورکیا زۆر پشتی پێدەبەستێت، هەربۆیە پێویستییەکی زۆری بەو سەرچاوە و وزەیە هەیە کە عێراق و هەرێم خاوەندارێتی دەکەن، لەبەرئەوە دەکرێت عێراق ئەم پەیوەندییە وەک کارتی فشار بۆ بەدەستهێنانی بەشە ئاوی عێراق وهەرێم بەکاربێنێت[٤]، بۆنمونە لە تشرینی دووەومی ساڵی (١٩٧٧) عێراق هەناردەی نەوتی خۆی بۆ تورکیا ڕاگرت و داوایکرد کە تورکیا قەرزە نەوتییەکانی سەری کە (٣٣٠) ملیۆن دۆلار بوو بداتەوە و لەهاتنی ڕێژەی پێویستی ئاوی دیجلە و فورات بۆ عێراق دڵنیایی بدات، تا تورکیا ئەو مەرجانەی جێبەجێنەکرد عێراق هەناردەی نەوتی دەستپێنەکردەوە.[٥]

لە ئێستاشدا گواستنەوەی بۆرییەکانی نەوتی عێراق بە خاکی تورکیا، کە تورکیا جگەلەوەی کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پێداویستییە نەوتییەکانی خۆی لێوەردەگرێت، قازانجێکی گەورەشی لێدەکات وەکو کرێی گواستنەوە و هەناردەکردن، لەبەرئەوە پێویستە عێراق بیر لە پلانێک بکاتەوە کە وردەوردە هەناردەی نەوتی عێراق لە ڕێگەی هێڵی باکور (کەرکوک-جیهان) کەم بکاتەوە و هێڵەکانی دیکە چالاک بکات و گرنگی زیاتر بە پرۆژەی بەندەری فاو بدات و بەزووترین کات جێبەجێبیکات، هەروەها بۆری (بەسرە-یەنبەع) نۆژەندبکاتەوە کە بە سعودیەدا تێدەپەڕێت و هەروەها هێڵی بۆری (کەرکوک-بانیاس) کە بە سوریادا تێدەپەڕێت نۆژەندبکاتەوە و چالاکی

---

١- دیدار لەگەڵ بەڕێز عبدالستار مجید، وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کبینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پەرلەمانی کوردستان لە ئێستادا، هەولێر، ٢٠٢٢/٩/٥.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشوتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- أحمد حسن علی، مصدر سبق ذکره، ص١١.

٤- د. فاضل عبد علی حسن الشویلی، مصدر سبق ذکره، ص ص١٥٥-١٥٦.

٥- ئازاد وەڵەدبەگی، کاریگەری هایدرۆپۆلیتیکی تورکیا لەسەر عێراق، وتار لە پێگەی ئەلیکترۆنی ڕوداو، ٢٠٢٠/٨/٧، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٩/١٧.https://rudawrc.net/?p=١٠٨٣

بکات[١]، تاوەکو کارتی زیاتری لەبەردەست بێت بۆئەوەی لەکاتی دانوستان بتوانێت بەکاریان بهێنێت، بۆ گەیشتن بەڕێکەوتنێکی دادپەروەرانە، کە تێیدا پشکی عێراق (هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق) لە ئاوی ئەو ڕووبارانە دیاری بکرێت و وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە هەریەک لەو دوو وڵاتە پەیڕەویدەکەن.

هەروەها دەکرێت ڕێککەوتن لەگەڵ هەریەکەیاندا لەسەر بابەتی ئابووری یان بازرگانی ببەسترێتەوە بە ڕێککەوتن بۆ بەدەستهێنانی بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان، وەک چۆن ساڵی (٢٠٠٩) پەرلەمانی عێراق ڕەتیکردەوە ڕێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ تورکیا پەسەند بکات تا ئەوکاتەی بەشە ئاوی پێویست بە عێراق دەدات، بە هەمان شێوە (عبداللطیف جمال رشید) وەزیری پێشووی دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق پشتیوانی ئەو بۆچوونەی پەرلەمانە و پێیوایە کە پێویستە ڕێککەوتن لەسەر ئاو بخرێتەو ناو ئەو ڕێکەوتنانەوە کە لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و ئێران دەکرێت لە بوارەکانی دیکەدا و بکرێتە بەشێک لێی[٢] .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییە فراوانەی نێوان عێراق و هەریەک لە تورکیا و ئێران دەردەکەوێت؛ هەر ناتەواوی و گرفتێک لە پەیوەندی ئابووری نێوانیان زیان بە ئابووری هەریەک لەو وڵاتانە دەگات، چونکە بە سەیرکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی (عێراق-تورکیا ، عێراق-ئێران)، کە ئاڵوگۆڕێکی ناکاری و یەک لایەنەیە، بەوپێیەی عێراق هەموو شتێک لە هەردوو وڵاتەوە هاوردە دەکات، لەبەرئەوە تورکیا و ئێران ناتوانن واز لەو دەستکەوتانە بهێنن کە لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەستیان دەکەوێت، بۆیە هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا پەرەپێبدەن، هەروەها پێویستە لەسەر حکومەتی فیدراڵیش لایەنی تورکی و ئێرانی هانبدات بە هەموو ئامرازەکان کە دیارترینیان ئامرازە ئابوورییەکانە، بەوپێیەی بە یەکێک لە دەسەڵاتە کاریگەرەکان دادەنرێت کە دەوڵەت دەتوانێت لە ژینگەی ناوچەییدا پراکتیزەی بکات، چونکە لەگەڵ هەبوونی سەرچاوەی ئابووری گرنگترین شت ئەوەیە کە بتوانیت ئەو سەرچاوانە لە سیاسەتی دەرەوەدا بەکاربهێنیت، ئەوەش لە ڕێگەی دبلۆماسیەتێکی ئابووری سەرکەوتووەوە دەبێت، کەواتە لەبەرڕۆشنایی ئەو پێدراوانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە حکومەتی عێراق خاوەنی کارتی بەهێز و کاریگەرە بەتایبەت کارتە ئابووری و بازرگانییەکانی، کە ئەگەر بتوانێت بەکاریان بێنێت ئەوا دەتوانێت پشکی عێراق و هەرێم کوردستانیش وەک بەشێک لێی لەو ئاوە هاوبەشانە بەدەست بێنێت، چونکە شارەزایان پێیانوایە کارتی فشاری ئابووری بەهێزترین کارتە کە دەکرێت حکومەتی عێراق بۆ فشارخستنەسەر تورکیا و ئێران بەکاریبێنێت، بۆچوونە ناو دانوستانی ڕاستەقینە لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر کە بەرژەوەندی سەرجەم وڵاتانی بەشدار لەو ڕێڕەوە ئاوییە هاوبەشانە لەخۆبگرێت و مافی ئاوی هەریەکەیان دیاری بکرێت بەپێی ئەو بنەما و بنچینانەی کە یاسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان دیاریانکردووە.

---

١- علاء اللامي، مسؤلية تركيا و إيران عن مأساة تصحير العراق، مصدر سبق ذكره.

٢- د. عبداللطيف جمال رشيد، الموارد المائية في العراق، مصدر سبق ذكره، ص١٧٨.

٢- بەکارهێنانی بەنداوەکانی هەرێم وەک کارتێکی فشار:

بەوپێیەی تێڕژانی ئاو لە سەرچاوەکانی دەرەوەی عێراق بەپێی دەستور لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوی بەنداوەکان بگرێتەوە و وەک کارتێکی فشار لەسەر حکومەتی فیدراڵ بەکاربێنێت، بۆئەوەی حکومەتی فیدراڵ بە ئەرکی خۆی هەستێت وەک لە مادەی (١١٠) بڕگەی/٨ ی دەستوری عێراق (٢٠٠٥) بۆی دیاریکراوە، لە پێناو دابینکردنی بەشە ئاوی پێویست بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، تاوەکو حکومەتی فیدراڵ تەواوی ئەو ڕێکار و ئامرازانەی کە لەبەردەستێتی بیگرێتەبەر بۆ فشارخستنەسەر ئەو وڵاتانە، لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ بەدەستهێنانی پشکی عێراق و هەرێم لە ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکانی نێوانیان[1]، چونکە حکومەتی هەرێم خۆی ئەو مافەی نییە و ناتوانێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دانوستاندن یاخود ڕێککەوتن و بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم پرسە بگرێتەئەستۆ، بەڵکو وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەپێی دەستور لە دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵە و پێویستە حکومەتی فیدراڵ بەو کارەهەستێت.

لەلایەکی دیکەوە گرتنەوەی ئاوی ئەو بەنداوانە؛ ڕێگەیەکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئاوی ئاو وڵاتانە لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی سنوری ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانە، وەک چۆن ناکۆکییەکانی پێشووی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند دەربارەی بودجە وایکرد حکومەتی هەرێم ئاوی بەنداوەکانی گرتەوە بەڕووی ناوچە شیعییەکاندا[2]، واتا پێشتریش حکومەتی هەرێم ئەم کارتەی بەکارهێناوە و دەتوانێت لە ئایندەشدا بەکاریبێنێت، بۆئەوەی لەلایەک حکومەتی فیدراڵ بە ئەرکی خۆی هەستێت، لەلایەکی دیکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی سیاسەتی ئاوی ئەو وڵاتانەیە لەسەر هەرێم.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە (کاروان حمە ساڵح) بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لەم بارەیەوە دەڵێت "لە فەرهەنگ و سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا نییە هەرگیز ئاو وەک چەکێکی سیاسی بەکاربێنێت، چونکە دژی پرنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ژینگە و مافی مرۆڤە، هیچ کاتێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستیوەردانی لە پرسی ئاو نەکردووە تەنانەت لە کاتەکانی گرژی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمیشدا، پرسی ئاوی جێهێشتووە بۆ کەسانی تایبەتمەندی ئەم بوارە و تێگەیشتنی هەرێم بۆ پرسی ئاو ئەوەیە، کە دەبێت حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان تەواوکاری یەکبن، ناکرێت لایەک تێر و لایەک برسی بێت، لەو کاتەدا هیچکامیان ناتوانن بە خۆشی بژین، لەبەرئەوە حکومەتی هەرێم دەخوازێت وڵاتانی دراوسێش هەمان تێڕوانینیان بۆ پرسسی ئاو هەبێت، بە جۆرێک کە هەماهەنگی و تەواوکاری لە نێوان

---

١- بابان ئەلیاسی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٨.

٢- د. بنفشه کي نوش، مصدر سبق ذكره، ص ص٩٢-٩٣.

وڵاتانی دراوسێ و کۆی وڵاتانی جیهاندا هەبێت، بۆئەوەی بتوانرێت سودی هاوبەش بەیەک بگەیەنرێت".[1]

بە هەمان شێوە (ڕەحمان خانی) بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت "هیچ کات هەرێمی کوردستان ئاوی بەنداوەکان وەک فشار دژی هیچ لایەنێک بەکارناهێنێت، چونکە هەرێمی کوردستان لەناو وڵاتێکدایە کە ناوی عێراقە، عێراق لە ئێستادا (٢٠٢٢) گەورەترین کێشەی کەمئاوی هەیە، لە ئێستادا لە عێراق لەخوار (٥٠٪) وە کشتوکاڵ دەکرێت و بەشێکی زۆری هۆرەکان خەریکە وشکدەکەن و کێشەیەکی ژینگەیی زۆر دروستبووە، ئێستا کۆچکردن بەهۆی کەمئاوییەوە لە ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەستییێکردووە بۆ سەرچاوە ئاوییەکان، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە خوارووی بەنداوەکان کوردن و پشت بە ئاوی ئەو ڕووبارانە دەبەستن، لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان هیچ کات نەیویستووەو نایەوێت ئاوی بەنداوەکان وەک کارت بەکاربهێنێت، چونکە ئەگەر وڵاتێک تەواوی پێویستییە ئاوییەکانی دابینکردبێت و وڵاتێکی دیکە لەخوارەوە پێویستی بە ئاوی خواردنەوە بێت کارەساتی گەورە دروستدەبێت، ئەمە بۆ وڵاتانی دراوسێش ڕاستە، کە ناکرێت تەنیا پێداویستییە ئاوییەکانی خۆیان لەبەرچاوبگرن".[2]

ئەمە لەکاتێکدا (عەبدولستار مەجید) وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (کابینەی هەشت) دەڵێت "لە ساڵی (٢٠١٧) کاتێک ئێران ئاوی زێی بچوکی گرتەوە بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا، لەبەرامبەردا ئێمەش ئاوی بەنداوەکانمان گرتەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو کە زۆرینەیان شیعە نشینن، هەربۆیە لەوکاتەدا ئێران هاتە سەرخەت و ئاوی زێی بچوکی بەردایەوە"، واتا وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێیوایە دەکرێت هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گرتنەوەی ئاوی بەنداوەکانەوە فشار لە وڵاتانی دراوسێش بکات بۆ بەردانەوەی بەشە ئاوی پێویست بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتی ئێراندا.[3]

کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی خرایەڕوو دەتوانین بڵێین؛ یەکێکی دیکە لەو ئامرازانەی کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەکاریبێنێت لە کاتی پێنەدانی بەشە ئاوی پێویست لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، بریتییە لە گرتنەوەی ئاوی بەنداوەکان بەڕووی ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقدا، چونکە لەکاتێکدا وڵاتانی دراوسێ گوێ بە پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێم نەدەن و بەردەوامبن لەسەر سیاسەتی گلدانەوەی ئاوی ئەو ڕوبارانە و حکومەتی فیدراڵیش ئەرکی خۆی جێبەجێنەکات، پێویستە حکومەتی هەرێم ئاوی ئەو بەنداوانە بەکاربهێنێت وەک چۆن لە ڕابردوودا بەکارهێنراوە دەکرێت لە داهاتوشدا بەکاریبهێنێت، ئەوەش لەلایەک لەپێناو

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.
٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز عبدالستار مجید، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

فشارخستنەسەر حکومەتی فیدراڵ بۆئەوەی بە ئەرکی خۆی هەستێت، کە بریتییە لە دانوستان و ڕێککەوتن دەربارەی ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکان وەک لە دەستوردا بۆی دیاریکراوە و بەکارهێنانی ئەو کارتانەی کە لەبەردەستێتی لەوپێناوەدا، لەلایەکی دیکە ڕێگەیەکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت ئێران لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

**تەوەری دووەم/ ئامرازە یاساییەکان**

دەتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی ئاوی نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) ، پەناببرێت بۆ ئامرازە یاساییەکان و بەکارهێنانی بۆ بەدەستهێنانی پشکی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئاوی ئەو ڕووبارە هاوبەشانە، گرنگترین ئامرازە یاساییەکانیش بریتین لە ڕێککەوتنامە و پەیماننامە دووقۆڵییەکانی تایبەت بە ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی لەگەڵ هەریەک لەو دوو وڵاتە و بە نێودەوڵەتیکردنی پرسەکە پشت بەست بە یاسا و بنەما نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاو، وەک ئەوەی لێرەدا ڕوونیدەکەینەوە:

**یەکەم/ ڕێککەوتننامە و پەیماننامە دووقۆڵییەکان**

پێشتر کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە کراوە لە نێوان عێراق و هەریەک لە تورکیا و ئێران، هەربۆیە بەشێک لە توێژەران پێیانوایە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنانە دەتوانێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێ بکات و دەکرێت بکرێنە یەکێک لە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئاوییەکانی نێوانیان وەک لەم تەوەرەدا ڕوونیدەکەینەوە، لەبەرئەوە لێرەدا بە پێویستی دەزانین گرنگترین ئەو ڕێککەوتننانە بخەینەڕوو، تاوەکو بزانین دەتوانێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانی (تورکیا و ئێران) بکات یاخود نا.

لە سەرەتادا ڕێککەوتننەکانی نێوان عێراق و تورکیا تاوتوێ دەکەین پاشان ئێران، بەم شێوەیە:

**١. ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و تورکیا:**

حکومەتی عێراق چەندین ڕێکەوتننامە وپرۆتۆکۆڵی هەیە لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی ڕووباری دیجلە وفورات وەک لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا ڕەتیدەکاتەوە ئەو ڕێککەوتنانە جێبەجێبکات بە پاساوی ئەوەی ڕووباری دیجلە و فورات دوو ڕووباری نیشتیمانین و نێودەوڵەتی نین، ئەو ئاوەشی لەو دوو ڕووبارە دابینیدەکات بۆ سوریا و عێراق پابەند نییە بەپێی ئەو ڕیککەوتنانە، بەڵکو قوربانیدانە بە مافی خۆی، بەڵام واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنانە خۆی لە خۆیدا پاساوێکی یاسایی پێکدێنێت، چونکە تەنیا واژۆکردنی دان پێدانانێکی ئاشکرایە سەبارەت بە نێودەوڵەتیبوونی ئەو دوو ڕووبارە و دان نانە بە مافی عێراق لە ئاوی ئەو ڕووبارانە، بەتایبەت کە ئەم ڕێککەوتننانە دان بە بنەمای دابەشکردنی ئاودا دەنێت و بنەمای ڕاوێژ و هاوکاری و ڕێککەوتن لەسەر پڕۆژە ئاوییە

هاوبەشەکان دەچەسپێنێت، هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیاری بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی سێ لایەنە (عێراق، تورکیا، سوریا) دووپات دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەروەری تورکیا بەسەر ئەو بەشانەی بە خاکەکەیدا تێدەپەڕن بەرپرسیارێتی زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندی وڵاتانی دیکە لانابات[1]، واتا تورکیا پابەند دەکات بە دان نان بە مافی عێراق لە ڕووباری دیجلە و فورات و ڕێژگەکانیان، لەبەرئەوە دەکرێت حکومەتی فیدراڵ ئەوە پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات کە تورکیا بەردەوام پێشێلی بڕگە و بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنامانەی نێوانیانی کردووە.

لەلایەکی دیکەوە پشتبەست بە بنەمای (هاوئاهەنگی یاسایی لەگەڵ خۆت)، کە لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا دانی پێدانراوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پابەندکەرە، تەنانەت لە تورکیا خۆشی لە ڕێگەی دان نانی بە تایبەتمەندی نێودەوڵەتیبوونی ژمارەیەک ڕووباری هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دراوسێی، لەوانە: پەیمانی تورکی- یۆنانی، کە جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە پرۆژەکانی هەردوولا دەکاتەوە، هەروەها پەیماننامەی تورکیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو، کە باس لە ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوە سنوورییەکانی ڕووباری ئاراس لە نێوان هەردوولادا دەکات؛ هەروەها پەیمانی تورکی-بولگاری، کە تایبەتە بە ڕووبارە یەک لەدوای یەکەکانی نێوانیان و ڕێکخستنی ئەو پرۆژانەی دروستکراون یان بە نیازە دروستبکرێت لەسەر ڕێڕەوی ئەو ڕووبارانە[2]؛ گرنگی ئەم ڕێککەوتننامانە لەوەدایە کە تورکیا بە ئاشکرا دانی ناوە بە نێودەوڵەتی بوونی ئەو ڕووبارانەی کە بە دوو وڵات یان زیاتردا تێدەپەڕن و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بەسەریاندا جێبەجێدەبێت، کە ئەوەش دژیەکییەک لە هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە ڕووباری دیجلە و فورات و ئەو ڕووبارانەی دیکە دروستدەکات، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی فیدراڵ فشاربکات لە تورکیا بۆئەوەی وایلێبکات وەک چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووبارانە کردووە بە هەمان شێوە مامەڵەش لەگەڵ ڕووباری دیجلە و فورات و ڕێژگەکانیان بکات و بە دوو ڕووباری نێودەوڵەتی بیانناسێنێت.

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین؛ لەگەڵ ئەوەی گەڕانەوەی عێراق بۆ ڕێککەوتننامەکانی پێشووی لەگەڵ تورکیا بە هەمان شێوەی ئێران ناتوانێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوانیان بکات، بەوپێیەی لە هیچ کام لە ڕێککەتننامەکانی پێشوویاندا هیچ بڕێک لە ئاوی ئەو ڕووبارانە بە شێوەیەکی ڕوون دیاری نەکراوە سەبارەت بە پشکی عێراق لەو ڕووبارانە بەتایبەت ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی، هەروەها تورکیا بەردەوام پێشێلی ئەو ڕێککەوتنانە دەکات ئەوەش بەهۆی دیارینەکردنی ئامرازی گونجاو لەناو ڕیککەوتننامەکاندا بۆئەوەی لەکاتی پابەند نەبوون و پیشێلکردنی پەنای بۆ ببرێت، لەوانە: داداگای دادی نێودەوڵەتی کە بڕیارەکانی ئەم دادگایە پابەندکەرە بۆ لایەنە ناکۆکەکان لەکاتی هانابردن بۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرێدانی ڕێککەوتنی لەو شێوەیە خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی ئاشکرای نێودەوڵەتیبوونی ئەو ڕووبارانەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم فشار

---

١- د. عادل محمد العضايلة، مصدر سبق ذكره، ص١٩٣-١٩٤.

٢- د. سليمان عبدالله اسماعيل، مصدر سبق ذكره، ص٣٤٢-٣٤٣.

بکاتەسەر حکومەتی فیدراڵ بۆئەوەی تورکیا هانبدات بۆ گرێدانی ڕێکەوتنێکی نوێ کە تێیدا پشکی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی لەو ڕووبارانە دەستەبەر بکات.

هەروەها پێویستە حکومەتی فیدراڵ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە بەغدادی پایتەخت بە ئامادەبوونی نوێنەر و نێردەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ساز بکات، تاوەکو لە ڕێگەیەوە بە جیهان نیشانبدات کە تورکیا پابەندی ئەو ڕێککەوتن و پەیمانانامانە نابێت کە لەگەڵ عێراق کردوویەتی و کێشەی ئاوی نێوانیان بکاتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی.

**٢. ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و ئێران:**

لە بەشی پێشووی توێژینەوەکەدا ئەوە خرایەڕوو، کە لە نێوان عێراق و ئێراندا چەندین ڕێککەتننامە واژۆکراوە، کە تایبەتن بە پرسی ئاوە هاوبەشەکان، لە گرنگترینیان بریتییە لە ڕێککەوتننامەی سنوری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتی باش ساڵی (١٩٧٥)، کە بە (ڕێککەوتننامەی جەزائیر)* ناسراوە، ئەم ڕیککەوتننامەیە سێ پرۆتۆکۆڵی لێکەوتەوە کە لە بەغدا واژۆکران، هەروەها لە ڕێکەوتی (١٩٧٥/١٢/٢٦) پێنج ڕێککەوتننامەی دیکە هاوپێچ بەو ڕێککەوتننامەیە لە نێوان هەردوو لادا واژۆکران، ئەم ڕێککەوتنە تا ئێستا گرنگترین ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتە، کە لە پێشەکییەک و هەشت بەند پێکهاتووە، یەکێک لە هاوپێچەکانی ڕێککەوتنەکەدا کە لە (١٩٧٥/١٢/٢٦) لە نێوان هەردوولادا واژۆکراوە، دەربارەی سودوەرگرتنە لە ڕێڕەوە ئاوییە سنورییەکان و شێوازی سودوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتیەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕێکدەخات، بەوپێیەی لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنەدا باس لە شێوازی یەکسان و سودوەرگرتنی باشتر و گەرەنتیکردنی ڕۆیشتنی سروشتی ئاوی ڕووبارەکان دەکات، هەروەها لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە کە هەردوولا خۆببوێرن لە هەرجۆرە بەکارهێنانێکی ئەو ڕووبارانە کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی لایەنەکەی دیکە[1].

لەم بارەیەوە (ئازاد وەڵەدبەگی) پسپۆڕی یاسای گشتی و توێژەر لە بواری ڕێڕەوە ئاوییەکاندا پێیوایە، عێراق دەتوانێت بە پشتبەستن بەو ڕێککەوتنە داوای مافەکانی بکات لە ڕێڕەوە ئاوییە

---

*- ساڵی (١٩٧٥)، (محمد ڕەزا پەهلەوی) شای پێشووی ئێران و (ئەحمەد حەسەن بەکر)، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق، ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتیان واژۆکرد، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە دەبووایە ناکۆکییەکانی نێوانیان سەبارەت بە سنور چارەسەر بکەن و شەتولعەرەب بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوانیاندا دابەشبکرێت، ئێرانیش لە بەرامبەردا کۆتایی بە پشتیوانی لە شۆڕشی کوردەکان بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفای بارزان) لە باشوری کوردستان بهێنێت، بەڵام ئەم ڕێککەوتنامەیە زۆری نەخایەند عێراق تاکلایەنە ڕێکەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە، و بەهۆیەوە شەڕێکی هەشت ساڵە لە (١٩٨٠-١٩٨٨) ڕوویدا. سەرچاوە: محمود الشمری، قەیرانی ئاو لە ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵکی دیالە، پێگەی ئەلیکترۆنی "ئێران وایەر"، ١/کانونی یەکەمی ٢٠٢١، بەردەستە لەم لینکە-

https://iranwire.com/ku/features-١/٥٥٠٦٤/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٩/١٨.

١- ئازاد وەڵەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان – لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٥-١٢٨.

سنورییەکانی لەگەڵ ئێران و دەکرێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوانیان بکات، بەوپێیەی تا ئێستاش ڕێککەوتننامەکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەرکارە، چونکە ڕێککەوتنێک کە باس لە سنوری نێودەوڵەتی بکات هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت تاکلایەنە هەڵیبوەشێنێتەوە مەگەر بەڕێککەوتنی هەردوولایەن، لەبەرئەوە ڕێککەوتنەکە لە ڕووی یاساییەوە ڕێکەوتنێکی بەرکارە.[١]

ئەمە لەکاتێکدا پێشتر (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری پێشووتری عێراق، لە لێدوانێکیدا بۆ (ڕۆژنامەی الحیاة) لە بەرواری (٢٠٠٧/١٢/٢٤) ڕایگەندبوو، کە لە ڕوانگەی عێراقەوە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا هەڵوەشاوەتەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە دابوو، کە لە سەردانێکیدا بۆ تاران ڕەتیکردۆتەوە دان بە ڕێککەوتننامەکەدا بنێت، چونکە ڕێککەوتنەکە لە نێوان (سەدام حسێن) و (محەمەد ڕەزا شا) دا واژۆکراوە، نەک لە نێوان گەلانی عێراق و ئێراندا، بەڵام هەر بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران قسەکانی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ڕەتکردەوە و وتی "هەر بۆچوونێک دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە"؛ دوابەدوای ئەوەش سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە ڕاگەیاندراوێکیدا لە بەرواری (١٢/٢٧) هەمان ساڵدا ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر لێدوانەکەی (سەرۆک تاڵەبانی) بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، مەبەستی (سەرۆک تاڵەبانی) ئەوەنییە کە ڕێککەوتننامەکە هەڵوەشاوەتەوە، بەڵکو ڕێککەوتنەکە تائێستا بەرکارە و هیچ لایەنێک ناتوانێت یەکلایەنە هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام تێبینی لەسەر هەندێک لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە هەیە و ئەوە بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتنی هاوبەش لە نێوان هەردوولا دەهێڵرێتەوە.[٢]

هەر لەم بارەیەوە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق لە نوسراوێکیدا بە ژمارە (ق/٢/٤/١١/٤٢/١٣٠٠) لە بەرواری (٢٠٠٨/٦/١١) کە گشتاندنی پێکردووە بۆ سەرجەم وەزارەتە عێراقییەکان و دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی جەزائیر گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی ئێرانی مەکەن"[٣]، بە هەمان شێوە بەڕێوەبەری گشتی بەنداوەکانی هەرێم دەڵێت "عێراق کاتی خۆی یەکلایەنە ڕێککەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشاندۆتەوە و تەنانەت شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) هەر لەسەر ئەوە دروستبووە، بۆیە هیچ کەس لە عێراق ئامادە نییە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی جەزائیر دانیشتن لەگەڵ لایەنی ئێرانی بکات، چونکە ئێران پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکە دەکات و دەڵێت ئامادەم بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتنامەی جەزائیر کە لەگەڵ عێراق لەسەر شەتولعەرەب و تەواوی سنور و ئاو کردوومە لەگەڵی دانوستان بکەم، بۆیە ئەوە وەکو گرفتێک ماوەتەوە تاوەکو ئێستا".[٤]

---

١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد وەڵەدبەگی، پسپۆڕی یاسای گشتی و توێژەر لە بواری ڕێڕەوە ئاوییەکاندا، ٢٠٢٢/٩/٢٢.

٢- وەرگیراوە لە: ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل ل١٢١-١٢٢.

٣- وەرگیراوە لە: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٢-١٢٣.

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان خانی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

لەلایەکی دیکەوە (مهدی رشید الحمدانی) وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق داوادەکات "پێویستە عێراق و ئێران بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەشەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە لە ساڵی (١٩٧٥) لە نێوان هەردوولادا واژۆکراوە، کە تایبەتە بە دابەشکردنی ئاوی ڕووبارە سنورییەکانی نێوانیان، لەپێناو چارەسەرکردنی کەمی تێرژانی ئاو لە ئێرانەوە بۆ عێراق"[١]، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەدات بەشێکی سەرەکی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە و بابەتی سنووری تێدایە، لەبەرئەوە دەیانەوێت پرسی ئاو لە بابەتە سیاسییەکە جیابکەنەوە[٢]، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت عێراق دەیەوێت بە شێوەیەکی بژاردەیی مامەڵە لەگەڵ ڕێککەوتنەکەدا بکات.

لەم بارەیەوە (ئازاد نەقشبەندی) پسپۆڕ لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی عێراق نییە دانوستاندن لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بکات و نابێتە چارەسەر بۆ کێشەی ئاوی نێوان عێراق و ئێران، بەوپێیەی بەشێکی ڕێککەوتننامەکە سیاسی بووە و لەسەر ئەو بنەمایە بەشیک لە خاکی عێراق دراوە بە ئێران، ئەمە جگەلەوەی (هێڵی تالوگ) لە ڕووباری شەتولعەرەب دیاریکراوە کە زیاتر لە نیوەی ڕووبارەکە دەداتە ئێران و تا بێت خاکی عێراق بەهۆیەوە لەدەست دەچێت و دەچێتە سەر خاکی ئێران، بۆیە بەهیچ شێوەیەک گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە دەستەبەری مافی ئاوی عێراق لەو ڕووبارانە ناکات"[٣]، بە هەمان شێوە (شێخ نەجمەدین سدیق) شارەزای بواری بەڕێوەبردنی ئاو، دەڵێت "ڕێککەوتنامەی ساڵی (١٩٧٥) نێوان عێراق و ئێران زۆر فاشلە و زۆر زیانی بۆ عێراق تێدایە".[٤]

هەرچەند ئێران جەخت لەسەر بەرکاربوونی ڕێککەوتننامەکە دەکاتەوە، بەڵام ئێرانیش بە شێوەیەکی بژاردەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بە جۆرێک ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بێت هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، وەک چەسپاندنی هێڵی تالوگ لە ڕووباری شەتولعەرەب، عێراق بیەوێت پێشێلکارییەک بکات یەکسەر نارەزایەتی دەردەبڕێت، ئەوەشی لە قازانجی نەبێت

---

١- مهدي رشيد الحمداني، وزير الموارد المائية العراقية، تصريح للموقع الالكتروني الجزيرة، ٢٠٢١/٩/١٨، متوفر على ربط الآتي-

تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/٢. https://www.aljazeera.net/amp/news/politics/

٢- مەهدی ڕەشید ئەلحەمدانی، وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق، ماڵپەری سەرەکی گوڵان میدیا، ٢٧/کانونی یەکەمی ٢٠٢٠، بەردەستە لەم لینکە-

بەرواری سەردان https://www.gulanmedia.com/so/story/١٨٨٥٥٤/١٦٢١٥٥٥٥٥٤-٨٩٥٢٩ ٢٠٢٢/٩/١٧.

٣- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- شێخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، کتێبی زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم)، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٣٤.

پشتگوێی دەخات، وەک پابەندنەبوونی بە ڕێککەوتنی هەردوولا دەربارەی سودوەرگرتن لە ڕووبارە سنورییەکانی نێوانیان.[1]

کەواتە لیرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی؛ لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە توێژەران پێیانوایە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامەکانی پێشوو بەتایبەت ڕێککەوتننامەی جەزائیر و پاشکۆ و هاوپێچەکانی، دەتوانێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق و ئێران بکات و لەسەر ئەو بنەمایە عێراق داوای بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات بەوپێیەی ڕێککەوتننامەکە تائێستاش بەرکارە، بەڵام ئەوەی لە واقعدا دەبینرێت ئەوەیە کە لایەنی عێراقی بە هیچ شێوەیەک نایەوێت گفتوگۆ و دانوستان لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بکات و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەی ئێران داوای جێبەجێکردنی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەکات، بەڵام تەنیا دەیەوێت ئەو بەشەی جێبەجێبکات کە لە بەرژەوەندی خۆیەتی و ئەوەی کە پەیوەستە بە دابەشکردنی ئاوی ڕێڕەوە سنورییەکانی نێوانیان پشتگوێی دەخات، بۆیە دەکرێت بڵێین؛ گەڕانەوە بۆ ڕیکەوتننامەکانی پێشوو بەتایبەت ڕێککەوتنامەی جەزائیر بە هیچ شێوەیە ناتوانێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق و ئیران بکات، بەڵکو پێویستە ڕێککەوتنامەی نوێ بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاریەکانی ئێستا و بارودۆخی سروشتی و مرۆیی هەردوو وڵات.

بە هەمان شێوە (عەبدولستار مەجید) وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، دەڵێت "گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامەکانی پێشوو ناتوانێت چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا بکات، بەڵکو دەبێت لە ئێستادا ڕێککەوتنی نوێ بکرێت لەگەڵیاندا، لەبەرئەوەی بارودۆخ گۆڕاوە لە ڕووی پێداویستی ئاو و داهاتی ئاو لە ناوخۆی عێراق و هەرێم و بە هەمان شێوە لە وڵاتانی دراوسێش، لەبەرئەوە پێویستە ڕێککەوتنی نوێ بکرێت بە شێوازو میکانیزمی نوێ، بە جۆرێک هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی تێدا ڕەچاوبکرێت لەپێناو دابینکردنی پشکێکی دادپەروەرانە بۆ سەرجەم وڵاتانی بەشدار لەو ڕووبارانە لەژێرڕۆشنایی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاوە هاوبەشەکان".[2]

## دووەم/ بە نێودەوڵەتیکردنی پرسی ئاو پشتبەست بە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

هەر لەکۆنەوە وڵاتان هەوڵیانداوە سەروەری خۆیانیان هەبێت بەسەر ئاوەکانیاندا، بۆیە لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یاسای نێودەوڵەتیان دامەزراند، بۆئەوەی جڵەوی ئەوە بکەن کە ئاو لەلایەن وڵاتێک لە وڵاتانی هاوبەش لە ڕێڕەوی ئاوی بەکارنەهێنرێت، بۆنمونە ڕووباری دیجلە و فورات، ڕووباری نیل، ڕووباری ئوردن کە زیاتر لە وڵاتێک بەشداری لە ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانە دەکەن، پرۆسەی ڕێکخستنی ئاوی نێودەوڵەتی ملکەچە بۆ یاسای نێودەوڵەتی نوسراو و

---

[1]- ئازاد وەڵەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، سەرچاوەیەک پێشوتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٢٥.

[2]- دیدار لەگەڵ بەڕێز عبدالستار مجید، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

عورفی نێودەوڵەتی؛ ڕێکخستنی ئاوی نێودەوڵەتی گەشەیکردووە لە (بنەمای هارمۆن) کە بەپێی ئەم بنەمایە دەوڵەت سەروەری ڕەهای هەیە بەسەر ئەو بەشە ئاوەی کە بەناو خاکەکەیدا دەڕوات، بۆ کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە نیویۆرک لە ساڵی (١٩٥٨) و ڕێساکانی هلسنکی ساڵی (١٩٦٦)، بەپێی بنەماکانی ئەو یاسایانە دەسەڵاتی وڵاتان لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکان سنوردار دەکات و بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارەکان پێویستە بەوشێوە بێت کە زیان بەو وڵاتانەی دیکە نەگەیەنێت کە ئاوەکەیان پێدادەڕوات[1]، دوواینیشیان (ڕێککەوتنی یاسای ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٩٧) بۆ مەبەستی نا کەشتیوانی)، کە بە گرنگترین یاسای نێودەوڵەتی دەربارەی ئاو دادەنرێت تائێستا، ئەم ڕێککەوتنە بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان گرێدراوە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەوپێیەی لە ماددەکانیدا زۆرینەی بنەما عورفی و یاسا نێودەوڵەتییەکانی چەسپاندووە، لە گرنگترین بنەماکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە بریتین لە:[2]

١. سودبینین و بەشداریکردنی گونجاو و دادپەروەرانە؛ لە گرنگترین هۆکارەکانی پەیوەست بەم بنەمایەوە کە پێویستە ڕەچاوبکرێت بریتییە لە:

أ. فاکتەری جوگرافی و هایدرۆگرافی و هایدرۆلۆجی و کەشوهەوایی و سیستەمی ژینگەیی و فاکتەرە ژینگەییەکانی دیکەیە.
ب. پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕێڕەوە ئاوییەکە.
ت. ئەو دانیشتوانەی کە پشت دەبەستن بەو ڕێڕەوە ئاوییە لە هەریەک لە وڵاتانی ڕێڕەوە ئاوییەکەدا.
ث. کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکە لەلایەن وڵاتێکەوە لەسەر وڵاتانی دیکەی ڕێڕەوە ئاوییەکە.
ج. بەکارهێنانەکانی ئێستای ڕێڕەوە ئاوییەکە.
ح. پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکانی ڕێرەوە ئاوییەکە و پاراستن و گەشەپێدانی ئابوورییانەی بەکارهێنانی و تێچووی ئەو ڕێکارانەی کە لەم ڕووە دەگیرێتەبەر.
خ. توانای بەردەستبوونی سەرچاوەی دیکە بۆ بەکارهێنان لە ئێستا و داهاتوودا.

٢. پابەند بوون بە نەگەیاندنی زیانی بەرجەستە.

٣. ئاڵوگۆڕکردنی ڕێکخراوی داتا و زانیارییەکان.

هەروەها ڕێکەوتنەکە ئامڕازەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەخۆگرتووە و ئەو چوارچێوەیەی دیاریکردووە کە وڵاتان پێیهەڵدەستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەپێی ئەم ئامڕازانە؛( ڕاوێژ

---

١- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي و تأثيره على الموارد المائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص١٩

٢- عمر عطار مصطفى، مصدر سبق ذكره، ص١٠٧.

و دانوستاندن، پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، نێوەندگیری و چارەسەری دادگەریانە، لە ڕێگەی پەنابردنەبەر دادگای دادی نێودەوڵەتی)

پشتبەست بە پێدراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکانی ساڵی (١٩٩٧) بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی، هیچ پاساوێکی یاسایی نییە کە ڕێگە بە تورکیا بدات کە کۆنترۆڵی ئەو ئاوە بکات کە لە زەوییەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت و بە وڵاتانی دیکەدا تێدەپەڕێت، بەوەی کە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافی وڵاتانی خوارووی ڕێڕەوەکە[١]، بە هەمان شێوە ئێرانیش بە هیچ شێوەیەک ئەو مافەی نییە کە بەو شێوازەی ئێستا مامەڵە لەگەڵ ڕووبارە هاوبەشەکان بکات و عێراق و هەرێمی کوردستانی لێ بێبەشبکات.

لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین؛ پەیماننامە و ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکانی ساڵی (١٩٩٧) بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی، کۆمەڵێک بنەما و بنچینەیی یاسایی خستۆتە بەردەست، کە پشتیوانی و پشتگیری مافە ئاوییەکانی عێراق دەکات لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان و بنەمایەکی بنچینەییە بۆ عێراق بۆ داواکردنی مافی بەشە ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی فیدراڵ پشت بەو بنەما و بنچینانە ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی مافی بەشە ئاو بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، کە ڕێگەیەکی ئاشتیانەیە و دەکرێت بەهۆیەوە چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق و وڵاتانی هاوسێی بکات، بێگومان ئەوەش سەرەتا پێویستی بەوەیە کە هەریەک لە تورکیا و ئێران ببنە ئەندام لەو ڕێککەوتننامەیە، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی فیدراڵ بە بەکارهێنانی ئەو کارتانەی لە دەستێتی هانی تورکیا و ئێران بدات بۆ واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە و بوون بە ئەندام تێیدا، بۆئەوەی پابەندی بنەما و برگەکانی بن، هەرچەند عێراق بەپێی یاسای ژمارە (٣٩) ساڵی (٢٠٠١) بووەتە ئەندامی ئەم ڕێککەوتنامەیە[٢]. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

بەڵام تائێستاش تورکیا نەبووەتە ئەندامی ڕێککەوتننامەکە، لەبەرئەوە ناچارکردنی تورکیا لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەوەی کە ئاوی پێویست بەربداتەوە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، چارەسەرێکی زۆر لاوازە[٣]، بە هەمان شێوە ئێرانیش تائێستا نەبووەتە ئەندام لەم ڕێککەوتنامەیە، لەبەرئەوە عێراق ناتوانێ ئێران ناچاربکات

---

١- د. قاسم بلشان كاظم التميمي، التنمية المستدامة للمياه في العراق-المشاكل-التحديات-المعالجات، مصدر سبق ذكره.

٢- د. ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی، ئامرازەکانی چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی عێراق وئێران لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا، گۆڤاری ئایندەناسی. ژمارە (١٣)، ٢٠٢٢، ل١٩.

٣- قارەمان موحەمەد حەسەن، ئاسایشی ئاو لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی KCCRC، ٢٠١٧/٩/٦، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.kurdistanc.com/political/details.aspx?jimare=١٢٣٠ سەردان بەرواری ٢٠٢٢/٩/١٨.

بەوەی کە پابەندی ئەو ئامرازانە بێت کە ڕێککەوتنەکە دیاریکردووە[1]، چونکە ئەو وڵاتانەی ئەندام نین لەم ڕێککەوتننامەیە پابەندنین بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێکار و ئامرازانەی کە بنەماکانی ڕێککەوتنەکە دیاریکردووە.

لەکاتێکدا وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق (مهدی رشید الحمدانی) لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٢١) ڕایگەیاند "پەنابردن بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی کارتێکە و لەبەردەستدایە لەگەڵ ئێراندا، چونکە دەوڵەتانی سەرچاوە مافی ئەوەیان نییە ئاو گلبدەنەوە بە جۆرێک کە ئاو نەیەتە ناو خاکی عێراق"[2]، هەروەها دەڵێت " کە وەزارەتەکەیان داوایکردووە لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە و سێ سەرۆکایەتییەکەوە (کۆمار، وەزیران، پەرلەمان)، سکاڵایەکی فەرمی لە دادگای دادی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران تۆمار بکرێت، لەپێناو وەڵامدانەوە و پێدانی بەشە ئاوی عێراق".[3]

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی خرایەڕوو دەردەکەوێت، کە هەنگاوەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەبەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی بنەمایەکی یاسایی نییە و ناتوانێت چارەسەری کێشەکە بکات، بەهۆی ئەوەی لە هیچ کام لەو ڕێککەوتنانەی کە عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران سەبارەت بە ڕێڕەوە ئاوییەکان واژۆیکردووە، تێیدا دادگای دادی نێودەوڵەتی دیارینەکردووە وەک ڕێکارێک بۆ پەنابردن بۆی، لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی هەریەکە لە تورکیا و ئێران تا ئێستا نەبوونەتە ئەندامی ڕێککەوتننامەی یاسای ڕێکخستنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی (١٩٩٧)، بۆیە ناتوانرێت ئەم یاسایەش بکرێتە بنەمایەک و پشتی پێببەسترێت بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای دادی نێودەوڵەتی پشتبەست بە بناماکانی یاساکە، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی فیدراڵ کارەکانی بە ئاراستەی ئەوەبێت تورکیا و ئێران هانبدات بۆ ئیمزاکردن و چوونە ناو ئەو ڕێککەوتننامەیە، تاوەکو بتوانێت پشتبەست بە بنەما و ئامرازەکانی کە لەو ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە پشکی عێراق و هەرێم لەو ڕووبارانە دەستەبەربکات.

بەڵام ئەوەی لە ئێستادا عێراق دەتوانێت سەبارەت بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم پرسە بیکات ئەوەیە، کە بەپێی ماددەی (٣٤ و ٣٥) لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەتوانێت ئەو ناکۆکییەی کە هەیەتی لەگەڵ ئێران و تورکیا لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکان بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش[4]، بەوپێیەی ئەنجومەنی ئاسایش ئۆرگانی سەرەکییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئاشتی و ئاسایشی

---

١- د. ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی، ئامرازەکانی چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی عێراق وئێران لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا ، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە، ل١٩.

٢- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، التحكم الإيراني بمياه العراق-خلفيات الأزمة ومستقبل الصراع، مصدر سبق ذكره، ص ص٢١-٢٢.

٣- مهدي رشيد الحمداني، وزير الموارد المائية، ٢٠٢١/١٠/٢٥، تصريح من الموقع الالكتروني العربي الجديد، متوفر على من ربط الآتي-

https://www.alaraby.co.uk/economy/. تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٩/٤.

٤- ينظر إلى المادتين (٣٤ و ٣٥) من ميثاق الأمم المتحدة، مصدر سبق ذكره.

.

نێودەوڵەتی دەپارێزێت، لەبەرئەوە دەتوانێت ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر وەک چۆن میسر پەنای بۆ برد سەبارەت بە کێشەی بەنداوی نەهزە لەگەڵ ئەسیوبیا لەساڵی (٢٠٢١)، بەڵام دەرئەنجامەکەی بۆ میسر دڵخۆشکەرنەبوو، بەوپێیەی ئەنجومەن پرسەکەی ئاڕاستەی یەکێتی ئەفریقا کرد، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات، لەبەرئەوە پێشبینیدەکرێت عێراقیش بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی کە میسر پێیگەیشت[١]، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت ڕاسپاردە دەربکات و ڕاسپاردەکانیش دەوڵەتان پابەندنین پێوەی، تەنیا بەهایەکی ئەدەبی هەیە و هەڵوێستی عێراق بەهێزتردەکات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؛ لەگەڵ ئەوەشدا (ئازاد وەڵەدبەگی) پێیوایە دەبێت حکومەتی فیدراڵ ئەم هەنگاوەش بگرێتەبەر، چونکە پێویستە دەوڵەت هەموو ئەو ئامڕازانەی لەبەردەستێتی و لە توانایدایە بەکاربێنێت، بەڵام ئەگەر بەکارینەهێنێت ئەوە بەڕاستی حکومەتی عێراق کەمتەرخەمە.[٢]

هەروەها حکومەتی عێراق دەتوانێت لە کۆمەڵگەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وتاری خۆی تەرخان بکات بۆ پرسی ئاو، شەرمەزاری ئەو جۆرە سیاسەتە بکات کە لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە سەبارەت بە ئاوە هاوبەشەکانی نێوانیان پەیڕەویدەکەن[٣]، بۆئەوەی پەستان بخاتەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان تاوەکو بەشداربێت لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و پیشەیی بەرامبەر گەلی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو کاریگەرییە وێرانکەر و مەترسیدارەی کە بەسەریهاتووە[٤]، لەلایەن هەریەک لە ئێران و تورکیاوە و بە بەڵگە و دیکۆمێنت ڕاستییەکان بخاتەڕوو، پشتبەست بە داتا و زانیاری دروست، بۆ سەلماندنی کاریگەری نەرێنی سیاسەتی ئاویان و خستنەڕووی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

بێگومان ئەوەش پێویستی بە دروستکردنی ناوەندێکی چاودێری هەمیشەیی هەیە بۆ چاودێریکردنی ڕووبارەکان لە سنورە نێودەوڵەتییەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران، لەژێر چاودێری فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانەکانی تایبەت بە ئاو، ژینگە، خۆراک و کشتوکاڵ، کە ئەرکیان تۆمارکردن و بەڵگەنامەکردنی بڕی ئەو سەرچاوە ئاوانەیە کە بەڕاستی دەڕژێنە ناو عێراقەوە و شیکردنەوەی کوالێتی ئەو ئاوە و دابینکردنی کۆپی ڕاپۆرتەکانی ئەو ناوەندانە بۆ دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم ڕێگەیە داواکاری عێراق بۆ مافە ئاوییەکانی لە بەردەم جیهاندا بەهێزدەکات، لەوانەش گەلانی ئێران و تورکیا و ئۆرگانە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان و وادەکات قورس بێت تورکیا بەردەوام بێت لە نکۆڵیکردن و دووبارەکردنەوەی لێدوانەکانی و ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی خۆی لە پیسبوون یان دەستبەسەرداگرتنی پشکی

---

١- د. حيدر أدهم، مصدر سبق ذكره، ص٣.

٢- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. ئازاد وەڵەدبەگی، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالرحمن عبدالقادر ، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٤- د. مديحة صوفي، مشروع غاب التركي وتعثيره علٰى الموارد امائية والواقع البيئي في العراق، مصدر سبق ذكره، ص٢٢٨-٢٢٩.

عێراق لە ئاوی ئەو ڕووبارانە[١]، بەوش جۆرێک لە ڕای نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و کاریگەری بۆ سەر ناوبانگی هەریەک لەو وڵاتانەش دەبێت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

بە هەمان شێوە (عەبدولستار مجید) پێیوایە، بە نێودەوڵەتکردنی مەلەفی ئاو لەلایەن عێراقەوە یەکێکە لەو ڕێکارانەی کە پێویستە بە زووترین کات بگیرێتەبەر، پشتبەست بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئاماژە بەوە دەدات ئەو ڕێککەوتن و یاسا نێودەوڵەتیانەی کە لە بواری ئاودا گرێدراون لە بەرژەوەندی ئەو گەل و وڵاتانەن کە ئاویان کەمە و وڵاتی ڕێژگەن، بەوپێیەی لە بنەماکانیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت ئاو وەک چەکێک دژی وڵاتانی دیکە بەکاربهێنرێت و سودبینی وڵاتانی سەرووی ڕووبارەکان بە شێوەیەک بێت کە زیان بە وڵاتانی ڕێژگە نەگەیەنێت، لەبەرئەوەی عێراق و هەرێم وڵاتی ڕێژگەن بۆیە بە نێودەوڵەتیکردن لە بەرژەوەندی عێراق و هەرێمی کوردستاندایە.[٢]

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین؛ پێویستە عێراق بەبێ دوودڵی بەردەوام داوا لە تورکیا وئێران بکات بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە گشتی و تایبەتەکان کە خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوولا دەکات، تەواوی کارتە فشارەکانی بەکاربهێنێت لەپێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنێک کە مسۆگەری بەشە ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات لە ئاوی ئەو ڕووبارانە، چونکە ئاو بنچینەی ژیان و پێشکەوتنە لە سەرجەم بوارەکاندا، هەروەها پێویستە هانی وڵاتانی دراوسێ بدات بە بەکارهێنانی تەواوی ئەو ئامرازانەی کە لەبەردەستێتی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانیساڵی (١٩٩٧)، بەوپێیەی کۆمەڵێک بنەما و بنچینەیی یاسایی خستوتە بەردەست کە پشتیوانی و پشتگیری مافە ئاوییەکانی عێراق دەکات لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان و بنەمایەکی بنچینەییە بۆ عێراق بۆ داواکردنی مافی بەشە ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران)، تاوەکو بتوانێت ئەو ئامراز و میکانیزمانەی کە ڕێککەوتنامەکە دیاریکردووە بەکاربێنێت، لە دیارترینیان پەنابردنەبەر دادگای دادی نێودەوڵەتییە کە بڕیارەکانی پابەندکەر و کۆتاییە بۆ وڵاتان[٣]، هەروەها ڕێگەیەکی ئاشتیانەیە و دەکرێت بەهۆیەوە چارەسەری کێشەی ئاوی نێوان عێراق و وڵاتانی هاوسێی بکات.

کەواتە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە، کە هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی نییە کە دانوستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی بکات سەبارەت بەو ئاوانەی کە لە دەرەوەی سنورەکانیەوە دەڕژێنە هەرێم، ئەوەی کە هەرێم دەتوانێت بیکات ئەوەیە فشاربکاتە سەر حکومەتی فیدراڵ بۆئەوەی بە

---

١- علاء اللامی، مسؤلية تركيا و إيران عن مأساة تصحير العراق، مصدر سبق ذكره.

٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز عبدالستار مجید، سەرچاوەیەک پێشووتر ئاماژەی بۆکراوە.

٣- ينظر إلى (المادة ٩٤-١ من المثاق الأمم المتحدة، والمادة ٦٠ من النطام الأساسى للمحكمة العدل الدولى)، متوفر على ربطين الآتى-

-https://www.un.org/ar/about-us/un-charter/full-text.
-https://www.un.org/ar/about-us/un-charter/statute-of-the-international-court-of-justice.

ئەرکی خۆی هەستێت و ئاوی پێویست لەو سەرچاوانەی کە لە دەرەوە دەڕژێنە عێراق و هەرێم مسۆگەر بکات، بە بەکارهێنانی سەرجەم ئەو ئامرازانەی کە لە بەردەستێتی وەک لە توێژینەوەکەدا خرایەڕوو.

**کۆتایی :**

پشتبەست بەو زانیاریانەی لە توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، بە پێویستی دەزانین لێرەدا سێ سیناریۆ بۆ ئایندەی ئاسایشی ئاو لە هەرێم بخەینە بەردەست بەبێ بەکارهێنانی سەرچاوە تییدا، بەوپییەی ئەو زانیاریانەی لێرەدا دەیخەینەڕوو و پشتی پێدەبەستین پێشتر و لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بە سەرچاوەکەی دراوە.

**سیناریۆی یەکەم/** دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا وەک ئەم دۆخەی ئێستای دەبێت، واتا نە باشتر و نە خراپتر.

وەک لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک هەنگاویان ناوە بە ئامانجی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمدا، لەوانە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ تەواوکردنی چەند بەنداوێک، هەروەها دەستیکردووە بە دروستکردنی پۆند و ڕێنمایی نویی بۆ ئەو مەبەستە دەرکردووە کە ڕێگە دەدات هاوڵاتیان خۆیان لە ناوچەکانیاندا پۆند دروست بکەن، لە هەمانکاتدا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەوڵی دابینکردنی کەرەستەی نوێی ئاودێرییە بۆ جوتیاران بە نرخی پشتیوانی.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی شارەوانی پرۆسەی دانانی نرخی لە بواری بەکارهینانی ئاو لە ماڵاندا خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە پێناو کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو لەو بوارانەدا، لەهەمانکاتدا پەرلەمانی کوردستان یاسای گرنگی بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان دەرکردووە لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو، کە دەکرێت بەشێک لەو یاسایانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە ئێستادا کە لە هەرکاتێکی دیکە زیاتر هەستی پێدەکرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام خواست لەسەر ئاو و مەترسییەکانی سەری لەزیادبووندان، لەبەرئەوەی بەردەوام ژمارەی دانیشتوان لە زیادبووندایە کە وادەکات خواست لەسەر ئاو لە زیادبووندا بێت، ئەمە سەرباری کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کە چاوەڕی دەکرێت زیاتر ببێت و لە هەمانکاتدا وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) زیاتر دەست بە ئاوەوە دەگرن و حکومەتی هەرێمیش لەبەرئەوەی دەوڵەت نییە ناتوانێت دانوستان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات لەوبارەیەوە، بۆیە پێدەچێت وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) بەردەوام بن لەسەر ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە لە ئێستادا پەیڕەوی دەکەن.

بە سەرنجدان لەو زانیاریانەی خرایەڕوو و بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە داهاتوودا و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم کە پێی هەستاوە لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو دەردەکەوێت ئەو هەنگاوانە ئەوەندە نین کە بتوانێت دۆخی ئاسایشی ئاو باشتر بکات،بەڵکو تەنیا ئەوەندەن کە دۆخی ئاسایشی ئاو خراپتر نەبێت و لانی کەم وەک ئێستا بهێڵرێتەوە.

**سیناریۆی دووەم/** دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا باشتر دەبێت

پشتبەست بەو زانیاریانەی لە ناوەڕۆکی تووێژینەوەکەدا خرایەڕوو، دەکرێت دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێم باشتر ببێت، لەبەرئەوەی هەریمی کوردستان لە ڕووی دەرامەتی ئاوەوە بە هەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر دابارین بەخۆوە دەبینێت، ئەمە سەرباری ڕووباری دیجلە و پێنج ڕێژگەی سەرەکی کە بەهەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، لە هەمانکاتدا هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێم بە جۆرێکە کە شیاوە بۆ دروستکردنی بەنداو بە جۆرێک لە هەرێم (٢٥٠) شوێن دەستنیشانکراوە کە شیاوی دروستکردنی بەنداوە، لە هەمان کاتدا چەندین بەنداو و لە هەرێم دروستکراون و بە نیوەناچڵی بەجێهێڵراون، بۆیە چاوەڕی دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە ئێستا و ئایندەدا و گرنگی ئاسایشی ئاو لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و نەتەواییدا، حکومەتی هەرێم تەواوکردنی پڕۆژەکانی دروستکردنی بەندا و پڕۆژەکانی ئاودێری بکاتە لە پێشینەی کارەکانی، بودجەی پێویست بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە تەرخان بکات.

لە هەمان کاتدا لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان یاسای گرنگی لە بواری پاراستن و پەرەپێدانی ئاو دەرکردووە، کە دەستەبەری بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو دەکات لە ئێستا و ئایندەدا ئەگەر جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوە دەکرێت حکومەتی هەرێم بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئاو و مەترسییەکانی سەری کار بۆجێبەجێکردنی ئەو یاسانە بکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەوپێیەی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاسایشی ئاوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بۆیە چاوەڕیدەکرێت حکومەتی فیدراڵ ئەو بەنداوانە دروست بکات کە بەشێکیان دەکەونە هەرێمی کوردستان، وەک لە پلانی ستراتیژی (٢٠١٥-٢٠٣٥)ی حکومەتی فیدراڵ ئاماژەی پێدراوە، کە تێیدا چەندین بەنداو دەستنیشانکراون و بەشیک لەو بەنداوانە دەکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستان، بێگومان جێبەجێکردنی ئەو پلانە ستراتیژییە و دروستکردنی ئەو بەنداوانە لە هەرێم کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسایشی ئاو دەبێت لە هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەو ئاوانەش کە لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانەوە دەڕژێنە عێراق و هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵ چەندین کارتی سیاسی و ئابوری لەدەستە کە دەکرێت بەکاریان بێنێت لە پێناو بەدەستهێنانی پشکی ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو سەرچاوە ئاوانەی کە دەکەونە ئەو وڵاتانە، بەوەش ڕیگری لە کەمبوونەوەی تێرژانی ئاو بۆ ناو هەرێمی کوردستان عێراق بەگشتی دەکرێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو.

لەبەرئەوە ئەگەر حکومەتی هەریمی کوردستان سود لەو دەرفەتانە وەربگرێت و ئەو هەنگاوانە جێبەجێبکات و حکومەتی فیدراڵیش بە ئەرکی خۆی هەستێت وەک لە دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) ماددەی ١١٠/ برگەی ٨، بۆی دیاریکراوە، ئەوا دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان باشتر دەبێت.

**سیناریۆی سێیەم/** دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا خراپتر دەبێت.

وەک لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا خرایەڕوو، بەردەوام بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە دابەزین کردووە، لە ئەنجامی کۆمەڵێک ئاڵنگاری سروشتی و مرۆیی، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەوە، هەروەها پێشبینیکراوە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا زیاتر دەبێت، بەوەش ڕێژەی دابارین و شەپۆلەکانی وشکەساڵی زیاتر دەبن، ئەمە سەرباری خراپی لە شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئاو لە ناوخۆدا، کە وایکردووە نەتوانرێت سود لەو دەرامەتە ئاوە ببینرێت کە هەیە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان و لە هەمان کاتدا زۆرینەی سەرچاوەکانی ئاو لەژێر هەڕەشەی پیسبوون و بەفیڕۆداندان، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی هەرێم بەردەوام زیاد دەکات کە لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی زیادبوونی پێداویستییە ئاوییەکان لە ناوخۆدا ئەمە لەلایەک.

لەلایەکی دیکەوە چاوەڕێ دەکرێت وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) زیاتر دەست بە ئاوەوە بگرن، بەوەش ئەو سەرچاوانەی کە ڕاستەوخۆ دەڕژانە عێراق، بە تەواوی کەمدەکات و بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی خەڵکی عێراق ناکات، لە ئەنجامدا هاوڵاتیانی ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق ناچاردەبن بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو ڕووبارانە ببەستن کە لە هەرێمدایە، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی عێراق و پێداویستیە ئاوییەکانیان زۆر زیاترە لە هەریم و بەردەوامیش ڕوو لە زیادبوون دەکات، بەوەش فشار لەسەر دارامەتە ئاوییەکان و ئاسایسی ئاوی هەرێم زیاتر دەبێت.

ئەوە لە کاتێکدا تائێستا حکومەتی فیدراڵ نەیتوانییوە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا واژۆ بکات بۆ بەدەستهێنانی پشکێکی دادپەروەرانە لە ئاوی ئەو ڕووبارانە و چاوەڕێ ناکرێت لە داهاتوشدا بتوانێت بگاتە ڕێککەوتن، لە هەمان کاتدا بەردەوام هۆشداری دەدرێت لە جیهاندا کە قەیرانی ئاو زیاتر دەبیت بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، هەرێمی کوردستانیش بەوپێیەی دەوڵەت نییە ناتوانێت ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات بۆ بەدەستهێنانی پشکی هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکان و لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت بەر بەو مەترسیانە بگرێت و بتوانێت ئاسایشی ئاو دابین بکات، لەبەرئەوە چاوەڕێ دەکرێت دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا خراپتر ببێت و زیاتر بکەوێتە بەر مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە دەریشەو.

- دوای خستنەڕووی هەریەک لەو سیناریۆیانە، ئێمە پشتیوانی سیناریۆی سێیەم دەکەین و پێمانوایە دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا خراپتر دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێم لە ئێستا و ئایندەدا و بە تێڕوانین لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە ناوخۆدا لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و بێتوانایی ودەستەوەسانی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی دەرەوە بەوپێیەی دەوڵەت نییە ، لەبەرئەوە پێمانوایە دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا خراپتر دەبێت.

## دەرئەنجام و پێشنیازەکان

### أ- دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە بەو دەرئەنجامەی، کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەرامەتی ئاوەوە بە هەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، بەوپێیەی هەر تاکێک زیاتر لە (٢٠٠٠ م٣) ئاوی بەردەکەوێت، ئەوەش بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەرێمێکی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو دەژمێردرێت و ئاسایشی ئاوی پارێزراوە، واتا ئاوی پێویست بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی تیۆرییەوە لە بەردەستدایە، بەڵام بەهۆی خراپی لە شێوازی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئاو لە ناوخۆدا نەتوانراوە بە باشی سود لەو دەرامەتە ئاوە وەربگیرێت و بخرێتە خزمەت کەرتە جۆراوجۆرەکان ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) لەسەر ئەو سەرچاوانەی لەوێوە سەرچاوە دەگرن، وایکردووە ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بکاتەوە، هەموو ئەوانەش بوونەتە ئاڵنگاری ڕاستەقینە بۆ ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکەمان ڕەتدەکاتەوە و گریمانەی دووەم دەسەلمێنێت وەک لە سەرەتادا خرابووەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بە کورتی دەخەینەڕوو:

١. ئاسایشی ئاو لە ئێستادا بووەتە ڕەهەندێکی بنچینەیی ئاسایشی نەتەوەیی و زۆرینەی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن ئەم سەدەیە سەدەی جەنگ و ململانێی ئاو دەبێت، بەهۆی گرنگی ئاو لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکەلێی، ئەوەش دەخوازێت هەرێمی کوردستان گرنگی و بایەخی زیاتر بەم پرسە بدات، بۆئەوەی لە ئێستا و داهاتوودا لەو مەترسیانە دوور کە سەرچاوەکەی ئاوە.

٢. لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لەڕووی داهاتی ئاوەوە لە دۆخێکی باشدایە، بەڵام بەهۆی خراپی لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، نەتوانراوە وەک پێویست سود لە دەرامەتە ئاوییەکان بەتایبەتی ئاوی سەرزەوی وەربگیرێت و بخرێتە خزمەت کەرتە جۆراوجۆرەکان و بکرێتە هۆکارێک بۆ بەرەو پێشبردن و بوژاندنەوەی سەرجەم کەرتەکان، بەوپێیەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان هاوڵاتیان گرفتی دابینکردنی ئاویان هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بنچینەییەکانیان لە ڕووی بڕ و جۆرەوە، هەروەها نەتوانراوە هیچ پڕۆژەیەکی گەورەی ئاودێری دروستبکرێت لەسەر ئەو ڕووبارانەی کە دەکەونە هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا دەتوانرێت بەهۆیانەوە وڵاتێکی گەورەیان پێ بەڕێوەببرێت، ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستان بەرەو لەناوچوون دەچێت، تا ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە جڵەوی ئاوی ڕووبارەکانی بکات و بە باشی بەکاریبێنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ئاوییەکانی دانیشتوانی هەرێم، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە ئاوی ژێرزەوی بەستووە، بەوهۆیەوە لە ئێستا

بەردەوام ئاوی ژێرزەوی دادەبەزێت و ڕەنگە نەتوانرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا سود لە ئاوی ژێرزەوی ببینرێت ئەگەر بەم شێوازەی ئێستا ئاوی ژێرزەوی بەکاربهێنرێت، لە ئەنجامدا یەکێک لە گرنگترین دەرامەتەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان لەناودەچێت و ناتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، کە ئەویش ئاوی ژێرزەوییە، لەکاتێکدا ئاوی ژێرزەوی سامانێکی ستراتیژییە و تەنیا موڵکی نەوەی ئێستا نییە، بەڵکو مافی نەوەکانی داهاتووشی بەسەرەوە، لەبەرئەوە پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و لە ناچاریدا نەبێت بەکارنەهێنرێت.

٣. گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە کەمبوونەوەی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان (سەرزەوی و ژێرزەوی)، بەوپێیەی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان دابارینە، چونکە ئەو گۆڕانکاریانە بوونەتەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی دابارین و زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی، ئەوەش وایکردووە کاریگەریەکی نەرێنی زۆر بکاتە سەر بەرهەمی کشوکاڵی هەرێم، بەوپێیەی کشتوکاڵی هەرێم زیاتر لە (٨٥٪) دێمییە و پست بە دابارین دەبەستێت، هەروەها بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە زۆرینەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو بوونەتەوە و بەرەو بیابانبوون چوون و مەترسی لەسەر چۆڵبوونی زۆرێک لە گوندەکانی کوردستان دروستبووە، ئەوەش واتای ئەوەیە گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبووە و لەکاتی بەردەوامبوونی لێکەوتەی سیاسیشی دەبێت، واتا گۆڕانی کەشوهەوا تەنیا هەڕەشە و مەترسی لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان دروستنەکردووە، بەڵکو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خۆراک و کۆمەڵایەتی و مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی دروستکردووە، بە شێوەیەکی گشتی ئاسایشی ئاوی لە هەرێم خستۆتە مەترسییەوە.

٤. بەفیڕۆدانی دەرامەتەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا یەکێکە لە مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو، لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا ئاو بەفیڕۆدەدرێت، ئەوەش لەلایەک بەهۆی نەبوونی هۆشیاری پێویست دەربارەی گرنگی سامانی ئاو و دانەنانی نرخی گونجاو لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا، لەلایەکی دیکە بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستە و ئامڕازی کۆن لە بواری ئاودێری و کۆنبوون و کونبوونی بۆرییەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ شار و شارۆچکەکان، بەهۆیەوە زیاتر لە (٥٠٪) ئاوی بەکارهێنراو لەسەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا لە هەرێمی کوردستان بەفیڕۆدەچیت، کە بێگومان مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆسەر داهاتی ئاو و ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان،

٥. پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو یەکێکی دیکەیە لە مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بەوپێیەی زۆرینەی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان (سەرزەوی و ژێرزەوی) لەژێر مەترسی پیسبووندان، لە ئەنجامی تێکەڵکردنی پاشەڕۆی شارستانی، کشتوکاڵی، پێشەسازی و تەندروستی...وهتد، لە ناوخۆ و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، هەربۆیە لە ئێستادا کەلێنێکی دیکەی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان پرسی جۆری ئاوی خواردنەوە و نەخۆشییە گوازراوەکانە بەهۆی ئەو پیسبوونە زۆرەی سەرچاوەکانی ئاوەوە.

٦. نەبونی سەروەری یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی لەلایەک پێویستە هەرێمی کوردستان لەکاتی دارشتن و بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە ناوخۆی هەرێمدا ڕەچاوی بەشە ئاوی ناوچەکانی دیکەی عێراق بکات، لەلاکی دیکەوە بە هیچ شیوەیەک هەرێمی کوردستان مافی دانوستان و گفتوگۆی نییە لەگەڵ وڵاتانی دراسێ (تورکیا و ئێران)، سەبارەت بەو ئاوانەی لە دەروەی هەرێم سەرچاوەدەگرن، لەکاتێکدا زیاتر لە نیوەی داهاتی ئاوی سەرزەوی هەرێم لە هەریەکە لە (تورکیا و ئێران) وە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە تا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نەبێت ناتوانێت سەروەری بەسەر سامانە سروشتییەکانی خاکەکەیدا هەبێت، بەڵکو کەسانی دی لەجیاتی بریار لەسەر ئاو و نەوت...وهتد، دەدات.

٧. سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر بڕ و جۆرێتی ئەو ئاوەی دەڕژێتە هەرێمی کوردستان و بووە بە بەربەست لە بەردەم پلانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، چونکە هەریەک لەو وڵاتانە پەیڕەوی سیاسەتی سەروەری ڕەها دەکەن بەسەر ئەو ئاوانەی کە دەکەوێتە وڵاتەکانیانەوە، بێ گوێدانە ڕێکەوتننامە دووقۆڵی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ئاوە هاوبەشەکان، هەرێمی کوردستان و عێراقیان بە شێوەیەکی گشتی بێ بەشکردووە لە ئاوی ئەو ڕووبارانە، هەروەها وەک کارتێکی سیاسی دژی هەرێمی کوردستان بەکارهێناوە و دەتوانن لە داهاتووشدا بەکاریبێنن لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان.

٨. لە توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک ڕێکار و میکانیزم دیاریکراوە، کە دەتوانرێت لەسەر ئاستی ناوخۆ بگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسیانەی لەسەر ئاستی ناوخۆدا ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، کە دەکرێت بەهۆیانەوە پەرە بە دەرامەتە ئاوییەکان بدرێت وپارێزگاریان لێبکرێت لە بەفیڕۆدان و پیسکردن و زێدەڕۆییکردن؛ هەروەها گرنگترین ئەو ئامرازە سیاسی و یاساییانەش دیاریکراوە، کە پێویستە لەسەر ئاستی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بگیرێنەبەر بۆ بەدەستهێنانی پشکی ئاوی عێراق و هەرێم لەو سەرچاوە ئاویانەی کە لە دەرەوە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان و عێراق.

**ب- پێشنیازەکان**

١. پێویستە هەرچی زووە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم، تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی ئاو لە (بەنداو و پرۆژەی ئاودێری) کە لە ئێستادا بەشێک لە کارەکانیان تەواوبووە بەڵام بەهۆی بێ بوودجەیی کارکردن تێیاندا وەستێنراوە، بکاتە لەپێشینەی کارەکانی بوودجەی پێویستیان بۆ تەرخان بکات، بە سەرنجدان لە گرنگی ئاسایشی ئاو بۆ سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەی و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئاو.

٢. لەپێناو ڕێگریکردن لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و لێکەوتە مەترسیدارەکانی بۆ سەر ژینگە و بەکارهێنەرانی، بەفیڕۆنەدانی دەرامەتی ئاوی خاوێن، پێویستە حکومەتی هەرێم بە زووترین کات دەستبکات بە پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆکان، سەرجەم کارگەکان، شتنگەی ئۆتۆمبێل و ئەشیای ناوماڵ، هەموو ئەو شوێنانەی ئاوەڕۆی پیسیان هەیە و ئاوێکی زۆر بەکاردێنن، پابەند بکات بە چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆکانیان.

٣. هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە گرنگی سامانی ئاو و ئەو مەترسیانەی کە دەکرێت بەهۆی کەمئاوییەوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوەش لەڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتایی، هەروەها لە ڕێگەی پرۆگرامی تەلەفزیۆنی و وتاری هەینی و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان...وهتد.

٤. پێداچوونەوە بە پرۆسەی دانانی پێوەری ماڵاندا بکرێت و نرخێکی گونجاو بۆ سەرجەم بەکارهێنانەکانی ئاو دیاری بکرێت، بەجۆرێک کە دەستەبەری پێدانی ئاو بە هاوڵاتیان بکات بە نرخێک کە گونجاوبێت بۆسەرجەم بەکاربەران لەلایەک، لەلایەکی دیکە هۆکارێک بێت بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاو.

٥. سنورێک بۆ هەڵکەندنی بیری بەمۆڵەت و بێمۆڵەت دابنرێت، بۆ ئەوەی چیتر ئاوی ژێرزەوی دانەبەزێت، پێویستە ئاوی ژێرزەوی وەک سامانێکی ستراتیجی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و تەنیا ئەو کاتەنە بەکاربێت کە هیچ سەرچاوەیەکی گونجاوی ئاوی دیکەی لێنەبێت.

٦. دروستکردنی پۆند لە تەواوی ناوچەکان ، بەتایبەت ناوچە وشک و نیمچە وشکەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاوی دابارین و دواتر سود لێوەرگرتنی لە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکاندا.

٧. پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی خۆی هەستێت، چاودێری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بکات کە بۆ پەرەپێدان و پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان دەریکردووە، فشاربخاتەسەر حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە.

٨. پێویستە حکومەتی هەرێم فشاربکات لە حکومەتی فیدراڵ بۆئەوەی بە ئەرکی خۆی هەستێت، لەگەڵ وڵاتی تورکیا و ئێران بگاتە ڕێککەوتن سەبارەت بەو سەرچاوە ئاوییانەی لە هەریەک لەو وڵاتانەوە دەڕژێنە عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆ دابینکردنی پشکی عێراق و هەرێم لەو ئاوانە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

**یەکەم/** دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥).

**دووەم/ پەرتوکەکان**


١) د. ئازاد جلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، کتێبی سەنتەری برایەتی (٣)، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ٢،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر-١٩٩٩.

٢) د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر-٢٠٢١.

٣) د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، پرۆژەی گاپ (GAP) وکاریگەریەتی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە وکوردستان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٣.

٤) د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وکاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٨.

٥) د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠١٣.

٦) ئازاد نەقشبەندی،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی ٣، چ٢، هەولێر ١٩٩٩.

٧) ئازاد وەڵەد بەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان – لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٥.

٨) د. ئەحمەد جەلیل ئیسماعیل و پ.ی.م. محمەد زاهیر کوێخا صادق، جوگرافیای کشتوکاڵ، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٢٠.

٩) ئەندەرس یەگەرسکوگ، ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی کێشە یان هاوکاری؟، و:غازی علی خورشید، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک- ٢٠١٠.

١٠) د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، قەیرانی ئاو شەڕێک لەبەر دەرگامان، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر-٢٠٢٠.

١١) د. ئومێد نوری حمە ئەمین، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کتێبی یەکەم)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی-٢٠٠٣.

١٢) جمس ئاڕ. لی، جیۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا (گۆڕانکاری ئاووهەوا و ململانێی چەکداری جەنگی گەرم وسارد، و:د. هاوڕێ یاسین محمد امین، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٤.

١٣) خالد سلێمان، کۆلۆنیالیزمی ئاو- ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکاری دیموگرافی وتەعریبی کەرکوکدا، چ١، دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤.

١٤) خەلیل حەسەن محەمەد، سامانی ئاو، چ١، چاپخانەی سارا، ٢٠٢٠.

١٥) خليل حسن محمد اسماعيل، كشتوكاڵ، چ١، چاپخانەی سارا، ٢٠١٩.
١٦) د. دیاری عەلی محەمەد ئەمین، سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی ٢٠١٤.
١٧) د. ڕێزان عومەر رەشید ولەلا ئیبراهیم فەقێ ساڵح، کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک لەسەر ژینگەی ناوچەیەی تانجەرۆ (لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق)، چ١، لە زنجیرە چاپکراوەکانی ئەنیستیوتی نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەو، سلێمانی- ٢٠١٤.
١٨) سلێمان عبداللە ئیسماعیل، باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، چ١، کتێبی سەنتەری برایەتی، هەولێر ١٩٩٨.
١٩) د. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی-٢٠٠٦.
٢٠) سەرمەد ئەحمەد، ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشی خۆراک، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەلێر ٢٠٠٧.
٢١) شیروان عومەر رشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی وگەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ٢٠٠٧.
٢٢) عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەر)، چ١، بی شوێنی چاپ، ٢٠٢٠.
٢٣) د. عمر احمد قدور، ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشی دەوڵەت، و:ئازاد گڕاوی، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر-٢٠٠٩.
٢٤) فریدون منصور جاف، زێڕی سەوز (بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم)، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٢٢.
٢٥) د. فەرەیدون کاکەیی، داهات وئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، کتێبی گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کتێبی یەکەم)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٣.
٢٦) فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، و: د. خلیل کریم محمد ومامۆستا احمد علی احمد، چ١، ناوەندی غەزەل نوس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٦.
٢٧) کاروان ئەحمەد حمە صاڵح، کاریگەری ئاو لەسەر دۆزی کورد لەعێراق، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، ٢٠٠٤.
٢٨) میقداد عەلی ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە ناحیەی سیروان، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی-٢٠١٢.
٢٩) ناهیدە جەمال تالەبانی، دەرامەتی سەرچاوە ئاوییەکان، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨.
٣٠) هاوڕێ یاسین محمد أمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی سلێمانی، ٢٠١١.

(٣١) هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، دیاردەی بەبیابانبوون لە ناوچە نیمچە شاخاوییەکان(قەزای چەمچەماڵ وەک نمونە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی- ٢٠١١.
(٣٢) د. هەڵەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی-٢٠١٧.
(٣٣) هێلین بنیان، ڕۆڵی زانست و تەکنەلۆژیا لە چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئاودا، کتێبی دووەم- گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی- ٢٠٠٣.
(٣٤) هەژار موکریانی، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کوردی فارسی، چ١، تهران ١٩٩٠.
(٣٥) د. یونس عەلی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ وقەیرانەکان، زنجیرە ٢٠، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠١٨.

**دووەم/ تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر:**

١. بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان- عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان، هەولێر ٢٠٢٠.
٢. ڕزگار خضر طە، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق- لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا، ئازاری ٢٠١٧.
٣. غانم کریم محمد، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگەژەکانی عێراق (تەنگەژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٨ وەک نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی زانستەسیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان، تشرینی دووەم ٢٠٢٠.
٤. نەجات عەلی ساڵح، ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ٢٠٠١، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان، تشرینی یەکەم ٢٠٢٠.
٥. هێمن ئەمین جەلال شوانی، مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە نموونە (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر)، نامەی ماستەر، زانکۆ سەلاحەدین ، کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر ٢٠١٣.

**سێیەم/ توێژینەوەکان:**

١. د. ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی، ئامرازەکانی چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی عێراق وئێران لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا، گۆڤاری ئایندەناسی. ژمارە (١٣)، ٢٠٢٢.

٢. د. ئازاد محەمەد ئەمین کاکەشێخ نەقشبەندی، پێگەی ئاویی (هەرێمی کوردستان) لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وئەو بەرەنگاری وهەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گۆڤاری شرۆڤە،ژمارە ٣٠، کانونی دووەمی ٢٠٢٠.
٣. د. ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە ٢٨، ئەیلولی ٢٠١٨.
٤. بابان ئەلیاسی، ژیۆپۆلتیکی ئاووەک ئامرازی سیاسی، گۆڤاری تیشک،ساڵی بیست ودووەم، ژمارە ٥٦، هاوینی ٢٠٢٠.

